# کۆکۆرۆ

رۆمانێکی ژاپۆنییە

نووسینی : ناتسومی سوسیکی

پاچڤەی: حەمە کەریم عارف

*- كۆكۆرۆ

*- رۆمانێكی ژاپۆنییە

*- نووسینی: ناتسومی سۆسیكی

*- وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمە كەریم عارف

*- پیتچنین: حەمە كەریم عارف

*- هەڵەچن:ئەحمەد مەحمود

*- دیزاینی ناوەرۆك:زانا كەمال

*- تیراژ:٥٠٠

*- زنجیرە:٤٤٢

*-چاپخانە:كارۆ

*-چاپ:چاپی یەكەم

*- ژمارەی سپاردن: (٢٠٠٦) ساڵی (٢٠١٣) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی كتێبخانە گشتییەكانی پێ دراوە

پێرست:

*- ناتسومی سوسیکی............حەمەکەریم عارف
*- بەشی یەکەم: من و مامۆستا
*- بەشی دووەم: من و باوکم
*- بەشی سێیەم: مامۆستاو وەسێتنامەکەی
*- فەرهەنگۆك
*- ژینامەی وەرگێڕ

# ناتسومی سوسیکی
## ١٨٦٧-١٩١٦

ژاپۆن وەکو نەتەوەیەکی مۆدێرن، زیاتر لە قۆناغی میجیەتدا، واتە لە نێوان ساڵانی ١٨٦٧-١٩١٦دا دەرکەوتووەو ناوی کەوتووەتە ناو ناوان، جا ڕۆمانی ژاپۆنی، وەکو ژانرێکی ئەدەبی لە دوا قۆناغەکانی سەردەمی ناڤبریدا بە تەواوەتی پەرەی سەندووەو پوختەبووە، وێرای ئەوەی لە بنەڕەتدا ژانرێکی ئەدەبی رۆژئاواییە، مامۆستای گەورە لەو بوارەدا هەڵکەوتوون کە دیارترین وفرە بەهرەم ترینیان ناتسومی سوسکییە.

سوسکی لە ساڵی ١٨٦٧دا لە شاری تۆکیۆ، کە هێشتا بەناوە کۆنەکەیەوە (یەدۆ) دەناسرا، لە دایك بووە. ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە (زانستگەی ئیمپراتوریەت) دا خوێندووە. لە ساڵی ١٨٩٦دا بووە بە مامۆستا لە ناوچەی (کومامۆتۆ). لە ساڵی ١٩٠٠دا لەسەر حیسابی حکومەت، بە زەماڵە دەچێت بۆ ئینگلتەراو لە ساڵی ١٩٠٣دا بۆ ژاپۆن دەگەڕێتەوەو لە مانگی چواری هەمان ساڵدا لە شوێنی (لافکادیوهیرن) دەبێ بە مامۆستای ئەدەبیاتی ئینگلیزی لە (زانستگەی ئیمپراتوریەت)و دەرسی ڕۆمانی (سایلاس مارنەر) دەڵێتەوە، بەڵام ناتوانێ وەکو پێویست خوێنکارەکان رازی بکات، بەتایبەتی کە لە دوای مامۆستا (لافکادیوهیرن) هاتبووە ئەو شوێنە، کە خوێنکارەکان زۆریان خۆش دەویستو کاتێ بە شێوازە ڕوونو ڕەوانو ناسکەکەی خۆی باسی شیعری (تینیسون)ی بۆ دەکردن هەر حەزیان دەکرد گوێی لێبگرن. بۆیە سوسکی لێبڕا واز لە کاری مامۆستایەتی بینێ. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٠٧دا وازی هێناو خۆی بۆ ڕۆمانو نووسین تەرخان کرد. خۆشبەختانە لەو سەرو بەندەدا وەکو ڕۆماننووس لە هەرەتی شۆرەتو نێوبانگدا بوو، بە تایبەتی کە چەند ڕۆمانێکی سەرکەوتووی بڵاوبوو بوونەوە لەوانە: (من پشیلەم، ١٩٠٥-١٩٠٦)، (ئاغا چکۆلە، ١٩٠٦)، (بالیفی گیا، ١٩٠٦).

سوسکی ڕۆمانی (کۆکۆرۆ=جەوهەری شتان)ی لە ساڵی ١٩١٤دا، واتە بە دوو ساڵ پاش مردنی قەراڵ میجیو بە دوو ساڵ پێش مردنی خۆی نووسیوە، کە بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییەکانی دێتە ژماردنو شەقڵێکی فەلسەفی ئاشکرای پێوە دیارە. سوسکی، کۆکۆڕی لە هەرەتی پوختەیی ئەدەبی خۆیدا نووسیوە. لەم ڕۆمانەدا، وەکو هەموو ڕۆمانە گرینگەکانی دیکەی، بایەخێکی زۆری بە ترسو تەنیایی بەشەر لە جیهانی مودێرندا داوەو سەبارەت بە (مامۆستا)ی شاقارەمانی رۆمانی (کۆکۆرۆ) مردن تەنیا ڕێگەی نەجاتە لە تەنیاییو ترسی تەنیایی. هەڵبەتە

هەڵوەستە کردن لەسەر خۆ کوژییەکەی جەنەڕاڵ (نوگی) کە لە هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەمی ڕۆمانی کۆکۆرۆدا ئاماژەی بۆ کراوە، یارمەتییەکی زۆری خوێنەر دەدات کە هەم لە ڕۆمانەکەو هەم لە سوسکی باشتر بگات. ئەم ڕووداوە لە کاتی خۆیدا هەراو هەنگامەیەکی زۆری ناوەتەوە. جەنەڕاڵ نوکی‌و ئەدمیراڵ تۆگۆ بەنێو بانگترین پاڵەوانی ناسراوی جەنگی روسی- ژاپۆنی بوون. کە جەنەراڵ نۆگی هێشتا ئەفسەرێکی گەنج دەبێت، لە (یاخیبوونەکەی ساتسوما)دا لە هەنبەر دژمندا شکست دێنێ‌و، دوای ئەوە بە سی‌و پێنج ساڵ‌و، پاش مردنی قەڕاڵ میجی، یەکسەر خۆی دەکوژێت. یانی ئەو هەموو ساڵە، تا ئەو رۆژەی کە قەڕاڵەکەی لە دنیا دەردەچێ‌و ئیدی هیچ دەرفەتێکی بۆ خزمەتی قەڕاڵەکەی نامێنێ، چاوەڕوانی کرینەوەو بە دەست هێنانەوەی ئابڕووی خۆی دەکات...

سوسکی جگە لە ڕۆمان کۆمەڵێك وتارو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیشی هەن، لەوانە: تیۆری فۆرم لە ئەدەبی ئینگلیزیدا، تیۆری ئەدەب، و رەخنەی ئەدەبی..

هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە کاریگەری‌و باندۆری ئەدەبیاتی ئینگلیزی چ وەکو نێوەرۆك‌و چ وەکو فۆرم بەسەر کارە ڕۆمانە وانییەکانی سوسکییەوە دیارە. و سوسکی بە حوکمی هونەریەت‌و تایبەتمەندی هونەریی رۆمانەکانی‌و بە هۆی پاچڤەی دروست‌و باشی کارەکانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لە وڵاتانی ئەورووپادا زۆر ناسراوە..

لە دوای مردنی بە پێنج ساڵ رۆمانێکی بە ناو نیشانی (روناکی‌و تاریکی) ٢٦/٥-١٤/ك١/١٩١٦ بە سەدو هەشتاو هەشت ئەڵقە لە گۆڤاری (ئاشی)دا بڵاودەکرێتەوە کە ئەمە درێژترین رۆمانیەتی، بەڵام تەواو نەکراوە..

کۆکۆرۆ، لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بە زمانی یەکەم کەسەوە هاتووەتە گێڕانەوە، ئەمەش مۆرك‌و شەقلێکی جوان‌و بەڕواڵەت سادەی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە، کە ئومێدەوارم لە دەقە کوردیەکەدا ڕەنگی دابێتەوەو زۆر کاڵ نەبووبێتەوە...بە ئومێدی خوێندنەوەیەکی بە سوودو پڕ لەزەت بۆ خوێنەرانی هێژا..

ح. ك. ع

## بەشی یەکەم: من و مامۆستا

هەمیشە هەر "مامۆستا"م پێگوتووە، بە نازناوی مامۆستا بانگم کردووە. بۆیە لێرەش بە دواوە بە نازناوی "مامۆستا" نێوی دەبەم نەك بە نێوە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە. جا ئەمەم لەبەر ئەوە نەبووە کە ئەو نازناوە نیشانەی زانایییە، بەڵکو لەبەر ئەوەم بوو کە بە ئاساییم دەزانی. کە بە یادگەی خۆدا دەچمەوە، خۆبەخۆ بیر لە نازناوی "مامۆستا" دەکەمەوە. جا نها کە قەڵەمم بە دەستەوە گرتووە ناتوانم بە شێوەیەکی دی دەربارەی بنووسم.

یەکەمجار لە (کاماکورا) دا، لە پشووی هاویندا، تووشی مامۆستا بووم. هەنگێ خوێندکارێك بووم لە تافی لاویدا. چوونم بۆ ئەم شوێنە لەسەر داوای هاوڕێیەکم بوو کە بەتەمای مەلە بوو. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم کەوتمە ڕەزیلی تا پارەی خەرجی و مەسرەفی ئەو سەفەرە پاشەکەوت بکەم. پاش ئەوەی گەییمە "کاماکورا" بە سێ ڕۆژ، هاورێکەم بروسکەیەکی لە کەسوکارەکەیەوە پێگەیی، داوایان لێدەکرد کە بزڤڕێتەوە. بە گوێرەی نێوەڕۆکی بروسکەکە دایکی نەساغ بوو. لێ هاوڕێکەم باوەڕی نەکرد. دایك و بابی ماوەیەك بوو کیژێکیان بۆ دوزی بووەوە، دەیانویست بیهێننە ڕەدا کە بەبێ ویستی خۆی ئەو کیژە بخوازێت. جا بە گوێرەی نۆڕینی تازەی مە، کوڕە هێشتا منداڵ بووو، وەختی ژن هێنانی نەبوو. ئەمە جگە لەوەی حەزی لە کیژەکە نەبوو. جا بۆ وەی خۆی لەو هەڵوێستە ناڕەحەتە بدزێتەوە، لێبرا لە بری ئەوەی وەکو جاران بڕواتەوە بۆ ناو کەسوکارەکەی، ڕوو بکاتە هاوینە هەوارێکی نزیکی تۆکیۆو پشووەکەی لەوێندەر بەسەر بەرێت. بروسکەکەی نیشاندام و لێی پرسیم چ بکات باشە. نەمزانی چی بڵێم، چ ڕێیەکی نیشان بدەم. هەڵبەتە، ئەگەر بەراستی دایکی نەخۆش بێ دەبێ بۆ لای کەسوکارەکەی بگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ، قرێری دا بگەڕێتەوە. من کە ئەو هەموو ڕێگەیەم لەبەر خاتری ئەو بڕی بوو، بە تاقی تەنیا مامەوە. ئیدی دوو ڕێگەم لەبەردەم بوو: یان لە "کاماکورا" وەمێنم یان تا پشووەکە تەواو نەبووەو دەوامی خوێندن دەستی پێنەکردووەتەوە، بۆ لای کەسوکارەکەم بگەڕێمەوە. بڕیارم دا بمێنمەوە. هاوڕێکەم لە خێزانێکی دەوڵەمەندی هەرێمەکانی ناوەڕاست بوو، هیچ کێشەو گرفتێکی دارایی نەبوو. بەڵام چونکە خوێندکارێکی گەنج بوو، ئاستی ژیانی هەر وەکو من بوو. بۆیە کە بە تەنێ مامەوە، بە پێویستم نەزانی جێگەی مانەوەکەم بگۆڕم.

ئوتوتێلە چکۆلەکەم کەوتبووە شوێنێکی دوورە دەستی "کاماکورا"وە. بۆیە ئەگەر پیاو ویستبای خۆی بە هەندێ گەمەی باوی وەکو بلیاردەوە مژوول بکات، یان تۆزێ بەستەنی و

ساردەمەنی بخوات، دەبوایە بە پێیان بە نێو مەرەزەو برنجە جاڕان بکەوێو رێیەکی زۆر ببڕێت. خۆ ئەگەر بە گالیسکە روییشتبا، بیست سەنتێك دەکەوت. وێڕای دووریو چەپەکی دەڤەرەکە، ماڵباتانی دەوڵەمەند بۆخۆ، خانووی بچووکیان تیا دروست کردبوو. هەڵبەتە ناوچەکە لە دەریاوە نزیك بوو، بۆیە بە دڵی مەلەوانانی وەکو من بوو. هەموو رۆژێك بە نێو کوختەو کەپری دوکەڵاویاندا بەرەو دەریا دەچووم. کەناری دەریاکە هەمیشە لە پیاوو ژناندا جمەی دەهات. هەندێجار، سەری دەریاکە لە سەرانی ڕەشدا ڕەش دەچووەوە، دەتگوت گەرماوی گشتییە، زۆرجار سەرم لەوە سوڕدەما چۆن ئەو هەموو خەڵکە، ئەوانەی کە بۆ بەسەربردنی پشوو هاتبوون، توانی بوویان خۆ بخزێننە شارێکی چکۆلەی واوە، جا بەندە لە نێو ئەم قەرەباڵغییە پڕ هەراو هەنگامەو شادییەدا، بە تاقی تەنیا هەرجارەی بە جۆرێ خۆم سەرگەرم دەکرد، جارێ لە سەر کەنارەکە ڕادەکشام، جارێ خۆم وەبەر پریشکی ئاوەکە دەدا.

لە گەرمەی ئەم هەراوهەنگامەیەدا مامۆستام بینی. ئەو زەمانە دوو چاخانە لە کەنارەکەدا هەبوو. من لە خۆوە هاتوچۆی یەکێکیانم دەکرد. رێك بە پێچەوانەی ئەو خەڵکانەوە کە خانووی خۆیان لە ناوچەی "هاسی"دا هەبووو حەوزو حەمامی تایبەتی خۆیان بۆ مەلە هەبوو، ئێمە لەو بەشەی کەنارەکەدا، ناچاربووین لەم چاخانانەدا جلەکانمان داکەنین. مەلەوانان، لەوێندەر چایان دەخواردەوەو جلی مەلەوانییان دەشتو بەدەنی خۆیان لە خوێاوکان پاك دەکردەوەو بەبێ خەمو ترس شەپقەو چەترەکانیان لای خودان چاخانەکان بەجێدەهێشت. من کەلوپەلو جلی تایبەتی مەلەم نەبوو، وێڕای ئەوەش دەترسام دزیم لێبکرێت. بۆیە هەمیشەو بەر لەوەی بچمە ئاوەکەوە شتومەکەکانم لە چاخانەکە دادەنا.

*

"مامۆستا" تازە جلەکانی داکەندبوو، خەریك بوو بەرەو رووبارەکە دەچوو، کە بۆ یەکەمجار لە چاخانەکەدا چاوم پێی کەوت. من لە مەلە بووبوومەوە، هێشتا لەشم تەڕ بوو، شنەبایەکی فێنکی دەهات، خۆم دابووە بەر شنەکە. کۆمەڵە سەرێکی ڕەش کەوتە نێوانمانەوە، من لە حاڵی خاو بوونەوەیەکی زەینیدا بوومو کەنارەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات، باش بوو کابرایەکی رۆژاوایی دەگەڵ بوو، دەنا لەو ئاپۆڕایەدا نەمدەتوانی بیدۆزمەوە. ئەو پیاوە رۆژاواییە. کەسێکی زۆر سپی بوو، پێشترو پێشی ئەوەی بگەمە ناو چاخانەکە سەرنجی ڕاکێشا بووم. بە پێوە وەستا بوو، روو لە دەریاکە، هەردوو بازووی، ڕاستو چەپ لەسەر سینگی تێك ئاڵاند بوو. جلەکانی، کە دەستە جلکێکی هاوینەی ژاپۆنی بوو، بەبێ موبالاتیەوە، لەسەر تەختێکی تەنیشتییەوە توڕدابوو. تەنیا دەرپێ قوتەیەکی وەکو ئەوانەی ئێمە لەبەری دەکەین، لەبەر بوو. جلەکانیم. ئەم جلەییم پێ سەیر بوو. دوو رۆژ لەوە پێش چوو بووم بۆ "یوگاهاما" لەسەر گردۆلکە لمێکی نزیکی دەروازەی پشتەوەی ئوتێلێکی شێوە رۆژاوایی ڕۆنیشتم،ماوەیەکی زۆرم بە تەمەشاکردنی ئەو رۆژاواییانەوە بەسەر برد کە مەلەیان دەکرد. هەر هەموویان پشتو باسكو بازووو ڕانیان بە باشی داپۆشی بوو. ژنەکانیان تەوازوعێکی زۆریان دەنواند. زۆربەیان شەپقەی پلاستێکی رەنگاو ڕەنگی بریقەداریان لەسەر بوو کە لە دوورەوە دەبینران چۆن بەدەم شەپۆلو پێلانەوە

دەڕەقسینو سەمایان دەکرد. دوای دیتنی ئەم بەرجەوەنو دیمەنە، ئاسایی بوو ئەم پیاوە ڕۆژاواییەی کە بەنیمچە رووتی لە نیوانماندا وەستابوو، بە ڕاستی سەیر بێتە بەرچاو.

بەدەم تەماشاکردنەوە دیتم، سەری بەلایەکدا وەرگێڕاو چەند قسەیەکی کەمی دەگەڵ ژاپۆنیەکدا کرد، ئەم ژاپۆنیە دانەوی بووەوە تا ئەو خاولیە بچووکە هەڵگرێتەوە کە کەوتبووە سەر ئەرزەکە. پاش ئەوە یارۆی ژاپۆنی خاولییەکەی لەسەری پێچاو بەرەو دەریاکە وەڕێ کەوت. ئا ئەم پیاوە "مامۆستا" کەی لەمەڕ من بوو.

وەکو لاپرەسەنیو فزوڵیەت ڕاوەستامو کەوتمە چاودێرییو تەمەشای ئەو جووتە پیاوە کە شان بە شانی یەکدی بەرەو دەریاکە دەچوون. بەمتمانەوە خۆیان بە ئاوەکەدا کرد،و بە نێو قەرەباڵغیەکەدا رۆییشتن، تا گەییبنە شوێنێکی ئارام قووڵی دەریاکە. ئەوسا بەدەم مەلەوە بە ناو دەریاکە کەوتنو لە مەلە نەوەستانەوە تا سەری هەردووکیان لە چاوم ون بوو، دوای ئەوە بەرە بەرە، بەرەو کەنارەکە کەوتنە زڤڕینەوە. لە چاخانەکەدا کەوتنە خۆ وشك کردنەوە بێئەوەی بە ئاوی زولاڵی بیرەکە خوێاوکەکەی سەر لەشیان بشۆن. بەپەلە خۆیان گۆڕیو لەوێندەر ڕۆییشتن.

پاش ئەوەی ڕۆییشتن، دانیشتمو جگەرەیەکم پێکرد، لە خۆڕا کەوتمە پرسیاران لەمەڕ "مامۆستا". هەستم دەکرد، پێشتر ئەم مامۆستایەم لە شوێنێکدا دیتووە، بەلام هەر چیم کردو کۆشا نەچوومەوە سەری و، نەمزانی لە کوێو کەی دیتوومە. بۆ سبەینێ لەبەر بێتاقەتیو بێ ئیشی، رێك لە هەمان کاتدا، بەو ئومێدەی جارێکی دی مامۆستا بدینمەوە، چوومەوە بۆ چاخانەکە. ئەمجارەیان بە تەنیا، بێ هاوڕێ ڕۆژاواییەکەی پەیدا بووەوە، شەپقەیەکی پووشی لەسەر کرد بوو. پاش ئەوەی بە کاوەخۆو بەوریاییەوە عەینەکەکەی لەسەر مێزێکی نزیك داناو خاولیە دەستیەکەی لەسەری پێچا، بەلەز بەرەو کەنارەکە چوو. کە دیتم خۆی بە ئاوەکەدا کردو دڕی بە قەرەباڵغیە جەنجاڵەکە داو بەتاقی تەنیاو بەدەم مەلەوە بەرەو قولایی دەریاکە رۆیی، لەپڕ هات بە سەرما کە دوای بکەوم. خۆم بە تەنکاوەکەی دەورو بەرمدا کرد، وردە وردە بەرەو قولایی ئاوەکە چوومو بەدەم مەلەوە بەرەو لای مامۆستا چووم. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی منەوە، مامۆستا، بە هێڵێکی کەوانەیی نەك بەهێڵێکی ڕاستەوخۆ، بەرەو کەنارەکە کەوتە زڤڕینەوە. کاتێ بەرەو چاخانەکە گەڕامەوەو ئاو بە سەراپامدا دەچۆڕایەوە، هێندەی دی ئومێد بڕ بووم: مامۆستا لە خۆ گۆڕین بوو بووەوەو بەڕێوەبوو کە دەرچێتو بڕوات.

*

بۆ ڕۆژی دوایی کە لە هەمان کاتدا چوومەوە بۆ کەنارەکە، دیسان مامۆستام بینی. هەروەها لە ڕۆژی دواتریشدا بینیمەوە. بەلام دەرفەتی قسەکردنو تەنانەت سلاوی ڕەوتەنیشمان بۆ نەڕەخسا. وادیاربوو کەسێکی دوورە پەرێزو تەریکە خەڵکە. بەلام بە وەعد دیار بوو، لە هەمان کاتدا دەهاتو لە دوای مەلە کردن لە هەمان کاتدا دەڕۆیی. هەمیشە تەریكو دوورە پەرێز بوو، ئاپۆڕاکە چەند شادو بە کەیف بوایە، ئەو هەقی بە سەرەوە نەبوو، تێکەڵ نەدەبوو، گوێی بە

دەوروبەری خۆی نەدەدا. ئەو پیاوە رۆژاواییەی کە یەکەمجار لەگەڵیا بوو، ئیدی هەرگیز دەرنەکەوتەوە. مامۆستا هەمیشە بە تەنیاو هەر خۆی بوو.
بە هەرحاڵ رۆژێك مامۆستا، لە دوای مەلەی رۆژانە، خەریك بوو جلە هاوینەکەی لەبەر دەکرد، جلەکانی لەسەر تەختەکە دانابوو، کە بینی جلەکانی تۆزاوی بوون، هەڵیگرتن‌و تەکاندنی، عەینەکەکەی کە لە ژێر جلەکانیەوە دانرابوو، کەوتە سەر عاردی وادیار بوو هەستی پێنەکرد، کە لە بەستنی قایشەکەی بووەوە، کەوتە گەڕان لە عەینەکەکەی، خێرا خۆم گەیاندێ، دانەویمەوەو عەینەکەکەیم لە ژێر تەختەکە هەڵگرتەوە، کە وێمدایەوە گوتی: "سوپاست دەکەم" .
بۆ رۆژیی دوایی بەرەو دەریاکە دوای مامۆستا کەوتم‌و لە دوایەوە کەوتمە مەلە. کاتێ دوو سەد گەزێکمان بڕی‌و کەوتینە قوڵاییەوە، مامۆستا ئاوڕی دایەوەو قسەی دەگەڵ کردم. کەسمان لێوە نزیك نەبوو، هەر چوارنکالمان دەریای شین بوو. تا چاو بڕدەکات ئاوو چیاکان نقومی تیشکی هەتاو بوو. سەراپام نقومی هەستی ئازادی‌و شادی بوو، هێندە چوست‌و چالاك دەست‌و لاقم دەکوتان، ئاوەکە بە هەر چوار دەورمدا دەپرژا. مامۆستا لە جوڵە وەستا، بە ئارامی کەوتە سەر پشت. منیش چاوم لەو کردو خۆم خستە سەر پشت. پرشنگی شینباوی جوانی ئاسمان دای لە دەموچاوم، وام هەستکرد ریزێك تیری چکۆلەی بریقەدار بەر چاوم دەکەوێت. بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: "ئەڵڵا لەم خۆشییە، تەحا لەم لەزەتە!"
دوای ماوەیەکی کەم ، مامۆستا خۆی ڕاست کردەوەو گوتی: "بگەڕێینەوە ؟" وەکو گەنجێکی پڕ هێزو شنگان پڕ بە دڵ حەزم دەکرد بەردەوام بم، بەڵام رەزامەندی‌و ئامادەگی تەواوم بۆ گەڕانەوە دەربڕی‌و گوتم: "بەڵێ، با بگەڕێینەوە." بە دوو قوڵی بۆ کەنارەکە گەڕاینەوە.
ئەوە سەرەتای دۆستایەتی‌و ناسیاوییەکەمان بوو. هەنگێ نەمدەزانی مامۆستا لە کوێ دەژی.
پێموایە عەسرێکی ڕۆژی سێیەمی دوای مەلە کردنە دوو قۆڵیەکەمان بوو، کە لە چاخانەکەدا یەکەمان گرتەوە، لە پڕ لێی پرسیم: "بەتەمای زۆر لە کاماکورا بمێنیتەوە؟" ئەوەی راستی بێ بیرم لەوە نەکردبووەوە زۆر لە کاماکورا بمێنمەوە، بۆیە گوتم: "نازانم." مامۆستا پۆزخەنێکی بۆ کرد، لە پڕ پەشۆکام و، لەبن لێوانەوە گوتم: "ئەدی تۆ مامۆستا؟" ئەو کاتە بۆ یەکەمجار نازناوی"مامۆستام" لێنا. ئەو ئێوارەیە سەردانی مامۆستام کرد.
ئاکنجی ئوتێلێکی چکۆلەی ئاسایی نەبوو، بەڵکو لە بەشێکی ئاپارتمانێکدا بوو کە کەوتبووە چوار چێوەی سنووری موڵکی پەرستگەیەکی گەورەوە. هەستم کرد هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دەگەڵ خەڵکەکەی تری ناو ئەپارتمانەکەدا نییە. کە بینی سوورم لەسەر ئەوەی بە "مامۆستا" بیدوێنم، بزەیەکی تەوسامێزی بە ڕووا دام، بۆیە ناچار بووم بۆی روون بکەمەوە کە بەندە عادەتم وایە خەڵکانی لە خۆم گەورەتر بەو نازناوە بدوێنم. پرسیاری کابرا رۆژاواییەکەم لێکرد، گوتی هاورێکەی لەوێ ڕۆییوە. وەکو بۆی باسکردم، ئەو هاوڕێیەی کەسێکی هەندێ نەشازو ناسازگار بوو. پاشان هەندێ شتی دیکەی دەربارەی یارۆی رۆژاوایی بۆ گێڕامەوەو تێی گەیاندم کە بەینی دەگەڵ ئەم پیاوە فەڕەنگییەدا زۆر خۆش بووە، هەرچەندە دۆست‌و بناژۆی لە نێو هاونەژادە ژاپۆنیەکانی خۆیدا کەمە. ئەنجام پێش ئەوەی بڕۆم، بە مامۆستام گوت واهەست دەکەم پێشتر،

له شوێنێکی دیدا دیتوومه، لێ بیرم ناکەوێتەوه له کوێو کەی. که ئەم قسەیەم کرد، پیاو ڕاست بلێ، بەتەما بووم ئەویش هەمان هەست دەربڕێت. کەچی مامۆستا، پاش کەمێك ڕامان، گوتی: "بیرم نایەت قەت تۆم دیتبێ. تۆ دڵنیایت که هەڵەنیت ؟" هەستێکی تازەو قووڵی پڕ له نائومێدی سەرو دڵی گرتم.

*

له کۆتایی مانگدا بۆ توکیۆ گەڕامەوه. مامۆستا له مێژ بوو، هاوینەوارەکەی بەجێ هێشتبوو. لێ بەر لەوەی لێکدی جیاببینەوه لێم پرسی: "ئاساییه ناو به ناو بێم بۆ ماڵتانو سەردانت بکەم؟" زۆر ئاسایی وەڵامی دایەوه: "هەڵبەته ئاساییه." ئەو کاته وام هەست دەکرد دوو دۆستی گیانی به گیانین، بۆیه چاوەڕوانی وەڵامێکی گەرمتر بووم. ئەوەندەی بیرم بێتەوه، متمانەم بەخۆم لەق بوو.

زۆر جار دەگەڵ مامۆستادا تووشی ئەم جۆره هەڵوێسته ساردو سڕانه دەبووم. جاری وا هەبوو هەستم دەکرد به ئانقەست ئەزیەتم دەداتو جاری واش هەبوو لەوه دەچوو نەزانێت. هەرچەنده زۆرجار خەفەتم بەو ورده شتانه دەخوارد، بەڵام هەرگیز هەستم بەوه نەدەکرد که حەزبکەم له مامۆستا دووربکەمەوه. ڕاستت دەوێ چەند ساردی دەنواند، ئەوەنده زیاتر ئارەزووی دۆستایەتیم دەکرد. وام بیردەکردەوه تا زیاتر لێی بچمه پێشێو پتر دۆستایەتی بکەم، ئاسانتر ئەو شتانەم لێی دەست دەکەوێ که عەوداڵیان بووم. ڕاسته من کەم تەمەن بووم، بەڵام پێموایه بەو سادەییه تەواوه ڕەفتارم دەگەڵ خەڵکانی دیدا نەدەکرد. ئەوسا نەم دەزانی بۆچی تەنیا دەگەڵ مامۆستادا بەو ئاوایه ڕەفتارم دەکرد، لێ ئێستا، که مامۆستا مردووه، بۆم روون بووەتەوه. مامۆستا له سەرەتاوه نەیدەکورهاندم. دیاره شێوازه زبرو ساردو سڕەکەی دەگەڵ مندا به مەبەستی ئەوه نەبوو کینەو بوغزی خۆی له هەنبەر من بنوێنێ، بەڵکو به پێچەوانەوه، بەو مەبەسته بوو که ئاگادارم بکاتەوه که ئەو بۆ من هاوڕێو دۆستێکی گونجاوو لەبار نییه. هۆیەکەشی بوغزاندنی خودی خۆی بوو، که به دڵێکی کراوەوه، خۆشەویستیو دۆستایەتی خەڵکانی دیکەی قەبووڵ نەدەکرد. جا من بەڕاستی دڵم به حاڵی دەسووتا.

هەڵبەته لێبڕام هەرکه بۆ توکیۆ گەڕامەوه، سەردانی مامۆستا بکەم. بەدوو هەفته بەر له دەست پێکردنەوەی دەرسو دەوام، وام بەباش دەزانی سەری بدەم. بەڵام دوای گەڕانەوەم به چەند ڕۆژێکی کەم، هەستم دەکرد ئەو مەیلەی جارانم نەماوه. کەشو هەواو هاماجی ئەم شاره گەورەیه کاری تێکردمو هەندێك بیرەوەریانی لازندوو کردمەوه. هەر جارێ خوێندکارێکم له شەقامەکاندا دیتبا، هەستم دەکرد به پەرۆشەوه چاوەڕوانی ساڵی تازەی خوێندن دەکەم، به هەستێکی تێکەڵ له هیواو هەڵچوونەوه ، چاوەڕوان دەکەم. له گەرمەی ئەو حاڵەدا مامۆستام هەر لەبیر نەما.

پاش دەست پێکردنی دەرسو دەوام به مانگو شتێك، هەستم به خاوبوونەوەو سستیەکی زۆر کرد. له هەمان کاتدا به بێزاریو بێتاقەتیو توڕەیی کەوتمه پیاسەو گەڕان به شەقامەکاندا،

وەکو یەکێك هەست بە کێماسییەکی ژیانی خۆی بکات بەو ئاوایە دەمڕوانییە ژوورەکەم. کەوتمە بیر کردنەوە لە مامۆستا، هەستم کرد بیری دەکەم، گەرەکمە جارێکی دیکە بیدینم.

که یەکەمجار بۆ ماڵەکەی چووم، نەمبینی. لە بیرمە کە یەك شەممەی دواتریش چوومەوە بۆ ماڵی. رۆژێکی جوان بوو، ئاسمان شین دەچووەوەو، دڵم زۆر خۆش بوو. جاری دووەمیش نەمبینی. کاتێ کە لە کاماکورا بووین مامۆستا پێی راگەیاندم کە زۆربەی کات هەر لە ماڵەوەیە. بە ڕاستیش لە چوونە دەرەوە بێزاربوو. کە ئەوەم بیرکەوتەوە، زۆر پەست بووم لەوەی کە نەمدەتوانی بیدینم. بۆیە بە خاوە خاوو نە بە دڵی لە ژووری دانیشتنەکە، کە لە پێشەوە بوو، وەدەرکەوتمو ڕوانیمە کارەکەرەکە کە پێی گوتم ئاغای لە ماڵ نییە. پێدەچوو سەردانەکەی جاری پێشوومو ئەو کارتەی کە لەنك وی بەجێم هێشتبوو، بیر کەوتبێتەوە. داوای لێکردم بوەستمو خۆی وەدەرکەوت. دوای ئەوە خانمێکی جوان هات کە بە مەزەندەی من خانمی ماڵێ بوو.

بە لوتفێکی زۆرەوە، شوێنی مامۆستای پێ گوتم. ئیدی بۆم دەرکەوت کە مامۆستا کردوویەتی بە عادەت کە هەموو مانگێك لەم رۆژەدا، چەپکێك گوڵ دەگەڵ خۆی دەبات و سەردانی قەبرێکی تایبەتی لە "زوشیگایا" دەکات. خانم بە پۆزشەوە گوتی: "بەر لە دە دەقیقەیەك ڕۆیی". سوپاسم کردو رۆییشتم. بەر لەوەی بگەمە ناو جەرگەی قەرەباڵغییەکەی شار، لە دڵی خۆدا گوتم چوون بەرەو زوشیگایا پیاسەیەکی خۆشە. ئەمە جگە لەوەی لەگینە تووشی مامۆستاش ببم. هەنگێ بامدایەوەو بەرەو "زوشیگایا" وەڕێکەوتم.

لە کێڵگەکەی دەستە چەپەوە خۆم وە گۆڕستانەکەدا کرد، بە ڕێگەیەکی پاندا کە ئەم بەرو ئەو بەری دارکاژ بوو، وەڕێکەوتم. لە کۆتایی ڕێگەکەدا گازینۆیەك هەبوو، کەسێکی لێ هاتە دەرێ هەر لە مامۆستا دەچوو. بەرەو رووی چووم، تیشکی هەتاو لەسەر چوارچێوەی عەینەکەکەی عەکس دەبووەوە. بە دەنگی بەرز بانگم کرد "مامۆستا" لە جێی خۆی وەستاو بینیمی. گوتی: "عەجایەب..." دووبارەی کردەوە:"عەجایەب..." وام هەست کرد وشەکانیو دووبارەکردنەوەیان کپیو بێدەنگی ئەو عەسرە ئارامەیان شڵەقاند. نەمزانی چ بڵێم.

"دوام کەوتبووی؟ چۆن..؟"

سستیو خاوی پێوە دیار بوو، دەنگی ئارام بوو. لێ گۆڕانێکی گۆنگ نیشتە سەر سیمای. بۆم گێڕایەوە کە چۆن چووم بۆ ماڵیانو پێیان گوتم کە چووە بۆ سەر قەبران.

"باشە ژنەکەم پێی گوتی سەری کام گۆڕە دەدەم؟"

"نا! نەخێر."

"چاکە. پێموایە هەق نییە شتی وابکات. بەهەرحاڵ، ئەمە یەکەم دیداریەتی لەگەڵ تۆدا. نا، هەڵبەتە نا. پێویست ناکات پێت بڵێت."

ئەنجام جۆرە ڕەزامەندییەکی پێوە دەرکەوت. لێ من پەیم بەهۆی ئەو قسانەی نەبرد. بەنێو کێڵە قەبرەکاندا بەرەو دەرێی گۆڕستانەکە وەڕێکەوتین. کێڵەکان بە جۆرەها وشەو دەستەواژەی وەك: "ئیزابیلای فلانی فلانی.."و "لوگینی خزمەتکاری خودا" نەخشێنرا بوون، لە پاڵ ئەو وشانەشدا زۆر وشەو دەستەواژەی بووزی وەك: "هەموو شتە زندووەکان لە ناخی خۆدا روحی

بووزایان هەڵگرتووە." بەسەر کێلەکانەوە بەرچاودەکەوتن. لە بیرمە دەستەواژەی "سەفیری فلانی فلان"ش لەسەر یەکێك لە کێلەکان نەخشێنرا بوو. لە هەنبەر کێلێکی چکۆڵەدا وەستامو ئاماژەم بۆ ئەو سێ پیتە چینییە کرد کە بەسەرییەوە بووو لە مامۆستام پرسی: "پیاو چۆن دەتوانێ بیخوێنێتەوە؟"

"پێموایە بە ئاندرو دەخوێنرێتەوە." مامۆستا بەدەم وشکە پێکەنینێکەوە ئەوهای گوت.

پێ نەدەچوو مامۆستا هەستی بەو جیاوازی داب‌و نەریتە کردبێت کە بەکێلەکانەوە دیار بوو، بە ڕاستی ئەم جیاوازیە جۆرە سوکنایی‌و مفارەقەیەکی سەیری دەوڕوژاند، پێنەدەچوو ئەوەی من هەستم پێدەکرد، مامۆستاش هەستی پێ بکات. کە بەرێوەو بەدەم قسانەوە ئاماژەم بۆ ئەم یان ئەو کێل دەکرد، ئەو بەبێدەنگی گوێی لێدەگرتم. لێ ئاقیبەت ئاوڕی لێدامەوەو گوتی: "تۆ هەرگیز بە جدی بیرت لە حەقیقەتی مەرگ نەکردووەتەوە، وانیە؟" بێدەنگ بووم‌و مامۆستاش تاقە وشەیەکی تری نەگوت.

درەختێکی جنکەی زەلامی چینی پڕ لق‌و پۆپی چڕە سێبەر لە کۆتایی گۆڕستانەکەدا بەرز بوو بووەوەو تەقریبەن بەری ئاسمانی گرتبوو. مامۆستا چاوی هەڵبڕی‌و نیگای بڕییە ترۆپکی درەختەکەو گوتی: "بەم زووانە ئێرە دەبێ بە شوێنێکی جوان. ئەم درەختە یەکپارچە لە ڕەنگی زەردا هەڵدەکشێت، مافوری زێڕینی گەڵای ڕژاو، ئەرزەکەی ژێری دادەپۆشێت." بە قسەکەیدا ئەوەم بۆ بەدیارکەوت کە هەموو مانگێك بەلای ئەو درەختەدا دەڕۆیی. پیاوێك لە نێو گۆڕستانەکەدا، لە نزیکی ئێمەوە، خەریك بوو لایەکی لە ئەرزە لێژو سەختەکە هەموار دەکرد. ئەوجا وەستا، خۆی بەسەر دەسکی بێڵەکەیدا داو چاوی بڕییە ئێمە. پاشان بە دەستی چەپا باماندایەوە، گەییشتینە جادە گشتیەکە. جا چونکە هیچ بەرنامەو ئامانجێکی دیاریکراوم نەبوو، بەگەڵ مامۆستا کەوتم. مامۆستا لە بنەڕەتدا پیاوێکی سوێرە قسان نەبوو. بەهەرحاڵ، هەستم بە پەشێوییەکی زۆر نەکرد. بێئەوەی خۆم شێلو بکەم، و گوێ بە هیچ بدەم بەگەڵی کەوتم.

"تۆ بۆ ماڵ دەچیتەوە؟"

"بەڵێ، هیچ کارێکی ترم نیە بیکەم."

بەرەو باشوورو، بە بێدەنگی بە گردەکەدا داگەڕاین. جارێکی دیکەش بێدەنگیەکەم شڵەقاندو پرسیم:

"ئێرە ئارامگەی ماڵباتەکەتە؟"

"نەخێر."

"ئەدی گۆڕی کێیە؟ گۆڕی خزمێکتە؟"

"نەخێر."

لەوە زیاتری نەگوت. بڕیارم دا چیتر لەو بارەیەوە پرسیاری لێنەکەم.

بەڵام پاش ئەوەی سەد شەقاوێکی بڕی، لە پڕ هاتەوە قسە.

"برادەرێکم لێرە نێژراوە."

"هەموو مانگێك سەری گۆڕەکەی دەدەی؟"

"بەڵێ."

مامۆستا، ئەمڕۆ لەوەندە زیاتری نەگوت.

*

لەم ڕۆژە بە دواوە، ناو بە ناو، لەوەختێکی دیاریکراودا، سەری مامۆستام دەدا. هەمیشە لە ماڵەوە بوو. تا زیاتر سەرم دەدا، پتر تامەزرۆی ئەوە دەبووم هەمدیس سەری بدەمەوە. لێ سەرباری ئەم هەموو سەردانەش گۆڕانێکی گەورە لە ڕەفتاری مامۆستا بەرانبەر بە من رووی نەدا. هەمیشە ئارام بوو. هەندێجار لە ڕادەبەدەر هێمنو ئارام بوو، ئەمەم بە زادەی ترسو تەنیایی ئەو دەزانی. هەر لە سەرەتاوە خەسڵەتێکی سەیرم تیا بینی، خۆی لە قسە کردن دوور دەگرت. وێڕای ئەوەش، لە هەمان کاتدا، لە کانگای دڵەوە حەزم دەکرد زیاتر لێی نزیك ببمەوە. ڕەنگە من تاقە کەس بووبم کە ئەم هەستەم بەرانبەری لەلا دروست بووبێ. ڕەنگە کەسێك هەڵبکەوێو بڵێی من گەوج یان ساویلکە بووم. بەڵام نها هەست بە شانازیو شادی دەکەم کە خۆ بەخۆو بەو جۆرە دڵبەندی مامۆستا بوو بووم. لە کاتێکا مامۆستا لەو پیاوانە نەبوو بە ئاسانیو لە ناخی دڵەوە خۆشەویستیو دڵبەندی کەسانی دی قەبووڵ بکات.

وەکو پێشتریش گوتم: مامۆستا هەمیشە هێدیو هێمن بوو، پێدەچوو لەگەڵ خودی خۆیدا ئاشتو تەبابێ. بەڵام هەندێجار سێبەرێکی ڕەوتەنیم بەسەر سیمایەوە دەبینی، وەکو سێبەری تەیرێك لە پەنجەرەیەکەوە دەرفڕتێ، بەو ئاوایە خێرا ئاوادەبوو. یەکەمجار کاتێ کە لە گۆڕستانی "زوشیگایا" قسەم دەگەڵیدا کرد، ملاحەزەی ئەو جۆرە سێبەرەم بەسیمایەوە کرد. لە بیرمە ئەوسا، بۆ ساتێکی تیژتێپەڕ، هەستم بەشتێکی قورس لەسەر دڵم کرد. بەڵام زوو بە زوو ئەو یادەوەرییە ڕەوییەوەو نەما. کەچی لە ئێوارە وەختێکی کۆتایی هاوینێکی هندیدا، لە پڕو بەدەر لە تەسەور هەمان بیرەوەری سەری هەڵدایەوە.

لە کاتێکا کە قسەم دەگەڵ مامۆستادا دەکرد، نازانم بۆ بیرم چووە سەر ئەو دار جنکە زەلامەی کە پیشانی دام. بیرم کەوتەوە کە تەنیا سێ ڕۆژی ماوە بۆ سەردانی مانگانەی گۆڕی هاوڕێکەی. کە بیرم کەوتەوە ئەم سەردانە ڕێکەوتی ئەو ڕۆژە دەکات کە دانی بەیانی دەرسەکانم تەواو دەبنو تا ڕادەیەك دەستم بە تاڵ دەبێت، ئاوڕم لە مامۆستا دایەوەو گوتم: "مامۆستا! پرسیارێك: ئاخۆ ئێستا هەموو گەڵاکانی دار جنکەکەی زوشیگایا رژاون ؟"

"باوەڕناکەم ئێستا بە تەواوەتی ڕژابن."

مامۆستا بەوردی لێی دەڕوانیم. بەلەز گوتم:

"دەتوانم، کە ئەمجارە چوویتە سەردانی گۆڕەکە،دەگەڵتدا بێم؟ حەزدەکەم پیاسەیەکی ئەوێندەرت دەگەڵ بکەم."

"بەڵام بە خۆت دەزانی، من بۆ سەر قەبران دەچم نەك بۆ پیاسە".

"بەڵام خۆ دەتوانین پیاسەیەکیش بکەین."

مامۆستا کەمێك بێدەنگ بوو، ئەوسا گوتی: "باوەڕبکە سەردانی قەبرەکە بۆ من مەسەلەیەکی بەڕاستی گرینگە."

وام هاتە بەرچاو کە سوورە لەسەر ئەوەی جیاوازی لە نێوان سەردانی قەبرو پیاسەو گەڕانی ئاسایی بکات. لە دڵی خۆدا دەمگوت ڕەنگە بیەوێ بەم هەنجەتە دەگەڵ خۆیم نەبات. ئەوسا وام زەن دەبرد کە کەسێکی یەجگار مێمڵ تەبیعەتە. بەڵام لە بیرمە کە من هەر کۆڵم لێی نەداو سوور بووم لەسەر داواکەی خۆم. گوتم:

"کەواتە، ڕێم بدە با لەگەڵتا بێم بۆ سەردانی گۆڕەکە."

راستت دەوێ، هەڵوێستەکەی مامۆستام تا ڕادەیەك بە ناماقووڵ حسێب کرد. چاوەکانی لە سایەی برۆکانیدا پرشنگێکی غەریبیان دا. هەرچیم دەکرد، گوزارشتی دەموچاویم بۆ هەڵنەدەهات: نەمزانی بێزاری بوو یان ترس یان ڕق؟ ئیدی هەر چییەك بوو، نیگەرانیەکی کوشندەم لە ژێریدا بەدی دەکرد. لەپڕ ئەو ڕۆژەم وەبیر کەوتەوە کە لە زوشیگایا بانگیم کرد، بیرم کەوتەوە کە چ حاڵێکی بەسەرهات. مامۆستا گوتی:

"ناتوانم بڵێم لەبەرچی. بەڵام لەبەر هۆیەکی ماقوول حەزدەکەم بە تەنیا بچمە سەر ئەو قەبرە تا ئێستا ڕێم نەداوە ژنەکەشم لەگەڵمدا بێت."

*

وام بە خەیاڵدا هات کە ئەم ڕەفتارەی نامۆیە. بەڵام من بۆ ئەوە هاتوچۆی مامۆستام نەدەکرد کە لە کەسێتی وی بکۆڵمەوە، بۆیە لێبڕام خۆم بەو مەسەلەیەوە مژوول نەکەم. ئەمە جگە لەوەی هەڵوێستی ئەوسام دەرهەق بە مامۆستا، ئەوەندەی بیرم مابێ، تا ڕادەیەك مایەی شانازیم بوو. پێموایە هەر لەبەر ئەوەش بوو توانیمان ببین بە دۆستی گیانی بە گیانی. خۆ ئەگەر کەسێکی فزوڵی بامو ویستبام کەسێتی وی بخەمە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە، هەرگیز ئەو دۆستایەتیەمان نەدەما، هەڵبەتە ئەوسا ئەقڵم بەمەدا نەدەشکا. حەزناکەم بیر لەوە بکەمەوە کە ئەگەر ڕەفتارێکی پێچەوانەم کردبا، چ دەبوو. بە درێژایی پەیوەندی دەگەڵ مندا، هەمیشە لەوە دەترسا، بەر هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی ساردو سڕ بکەوێ. ئەو سەردەمانە مانگی دوو سێ جار سەری مامۆستام دەدا. ڕۆژێك، کە مامۆستا هەستی بە دووبارە بوونەوەی سەردانەکانم کرد، لە پڕێکا گوتی:

"چ شتێك هانت دەدا ئەم هەموو وەختە دەگەڵ کەسێکی وەکو مندا بەسەر بەریت ؟"

"هیچ هۆیەکی تایبەتیم پێ شك نایە.. چما بە کەسێکی چارەگرانم دەزانی ئەزبەنی؟"

"من شتی وام نەگوتووە."

لە ڕاستیدا هەرگیز بە کەسێکی خوێنتاڵ و چارەگرانی نەدەزانیم. دەمزانی ژمارەی ناسیاوانی کە من. تەنانەت هاوڕێیانی هاوپۆلو زانکۆشی هەر کەم بوون، ژمارەیان لە توکیۆدا، لە دوو سێ کەس تێنەدەپەڕی. هەندێجار لە ماڵەکەیدا هەندێ لەو خوێندکارانەم دەبینی کە خەڵکی هەمان دەڤەرو دێهات بوون کە ئەوی لێوە هاتبوو، کەچی ئەوەندەی بەینی دەگەڵ مندا خۆش بوو، دەگەڵ هیچ یەکێك لەواندا خۆش نەبوو. مامۆستا گوتی: "من پیاوێکی تەنیام. بۆیە شادم بەوەی سەردانم دەکەی. بەڵام پیاوێکی ڕەشبین و بەدگومانیشم. بۆیە گەرەکمە بزانم بۆچی حەز بە سەردانم دەکەی؟"

"باشه بۆچی ئەو داوایەم لێدەکەی؟"

مامۆستا وەڵامی نەدایەوە. لە جیاتی ئەوە نیگایەکی کردمو گوتی: "عەمرت چەندە؟"

ئەو گەنگەشەیەم بەلاوە بێهودە بوو. بێ ئەوەی لەوەی پتر بەتانیا بچم هەستامو ڕۆییشتم. دوای چوار ڕۆژان جارێکی دی چوومەوە بۆماڵی. هەرکە مامۆستا دەرکەوت دەستی بە پێکەنین کرد. گوتی: "هەم هاتیتەوە."

"بەڵێ، هاتمەوە."

بەدەم ئەو قسەیەوە، منیش گوێ بە گوێی ئەو پێکەنیم.

ئەگەر کەسێکی دی بەو شێوەیەی دواندبام، پەست دەبووم. بەڵام مامۆستا جیایە. لە جیاتی قەڵس بم، شاد بووم.

ئەو ئێوارەیە جارێکی دی دووبارەی کردەوە: "من پیاوێکی تەنیام. یانی ڕێی تێناچێت تۆش تەنیا بیت ؟ من تەمەنێکم هەیە، پیرم، دەتوانم بە ئارامی دەگەڵ تەنیایی خۆدا هەڵبکەم. بەڵام تۆ منداڵی. زەحمەتە تەحەمولی تەنیایی بکەیت، دەبێ جارجار بەگژیا بچیتەوە، بەربەرەکانی بکەیت."

"بەڵام من هەرگیز تەنیا نیم"

"گەنجاتی لە هەموو قۆناغەکان تەنیاترە. دەنا بۆچی زۆرجار دێی بۆ ماڵی من؟" مامۆستا لەسەری ڕۆیی: "هەڵبەتە کە دەگەڵ منیشدا دەبیت، ناتوانی خۆت لە تەنیاییەکەت دەرباز بکەیت. ئەوە لە بیر خۆت ببەوە من بتوانم یارمەتیت بدەم. بچۆ لە شوێنێکی دی بۆ شتی وا بگەڕێ، شتێ کە سێبوریت پێ ببەخشێت. ئیدی زوو بە زوو بۆت دەردەکەوێ کە چیتر پێویستت بە هاتوچۆی من نییە."

مامۆستا دوای ئەو قسەیە زەردەخەنەیەکی خەمینی کرد.

*

خۆشبەختانە، مامۆستا هەڵە بوو. جا چونکە من لەو سەردەمەدا کەم ئەزموون بووم، نەمدەتوانی پەی بە بایەخی ئاشکرای ئاماژەکانی مامۆستا ببەم. وەکو جاری جاران هاتوچۆی مامۆستام دەکرد. دوای ئەوە بە ماوەیەکی کورت، وام لێهات ناو بە ناو شیوم دەگەڵ دەخوارد. ئەنجام چارم نەما دەبوایە دەگەڵ ژنەکەی مامۆستاشدا قسان بکەم. وەکو هەر گەنجێکی دیکە جۆرە حەزێکی مێبازیم تیابوو. بەڵام چونکە گەنجو کەم ئەزموون بووم هێشتا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسابوو، هیچ جۆرە تەماسو پەیوەندییەك دەگەڵ ئافرەتێکدا بگرمو پەیدا بکەم. هەموو مێبازییەکی من بریتی بوو لە تەمەشاکردنی ئەو ئافرەتانەی نەمدەناسین. یانی لە چاوبڕکێ تێنەپەڕی بوو. کە بۆ یەکەمجار خێزانەکەی مامۆستام لە ژوورەکەی پێشەوە، یانی لە ژووری دانیشتندا بینی، بەلامەوە جوان بوو. دواتریش کە دەمبینی هەر هەمان بۆچوونی یەکەم جارم لەمەڕ جوانیەکەی هەبوو. بەڵام لە سەرەتاوە، هەستم کرد هیچ شتێکی گرینگ نیە لەگەڵیا باسی بکەم.

جا له جیاتی ئەوەی بڵێین هیچ خەسڵەتێکی ئەوتۆی نەبوو کە مایەی سەرنج بێت، دروست تر ئەوەیە بڵێین هەلی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوت خەسڵەتەکانی خۆی بنوێنێ. هەمیشە هەستم دەکرد بوونی لە ژیانی مامۆستادا لەوە زیاترە تەنیا رەگەزێکی پێویست بێتو هیچی تر. ئەویش لەلای خۆیەوە، هەڵبەتە لە رووی نیازپاکییەوە، بە خوێندکارێکی دەزانیم کە بۆ قسە کردن دەگەڵ مێردەکەیدا هاتوچۆیان دەکەم. جگە لەو پەیوەندییەی کە دەگەڵ مامۆستادا هەمبوو، هیچ جۆرە هاوسۆزییەکم دەگەڵ ئەو ژنەدا نەبوو. هیچ یادەوەرییەکم لەمەڕ یەکەم تەعاروفم دەگەڵ ئەو ژنەدا لە بیر نەماوە جگە لە جوانییەکەی.

شەوێك مامۆستا دەعوەتی کردم کە پێکێك "ساکی" دەگەڵ بخۆمەوە. ژنەکەی مامۆستا هاتو خزمەتی کردین. مامۆستا لە جاران شادو بە کەیفتر دیاربوو. پەرداخە بەتاڵەکەی بۆ ژنەکەی درێژ کردو گوتی:

"تۆش تۆزێ ساکی بخۆوە."

"نا. حەز ناکەم.."

بەدەم ئەو قسەیەوەو دوای کەمێك، ملی داو پەرداخەکەی بە نە بەدڵی لێوەرگرت. بە ئاستەم برۆی وێکهێنانەوەو پەرداخەکەی، کە تا نیوە تەژی کردبوو، بۆ دەمی برد. دوای ئەوە رووی دەمی کردە مێردەکەی: "ئەمە ئاسایی نییە. تۆ کەی داوات لە من کردووە ساکی بخۆمەوە".

"چونکە تۆ حەز لە ساکی ناکەیت. بەڵام ئەگەر جارجارێك بیخۆیتەوە باشە. نەشئەت پێدەبەخشێت."

"وانییە. نەك نەشئەم پێنابەخشێت، بەڵکو پەستم دەکات. بەهەرحاڵ، هەرچەندە زۆرت نەخواردووەتەوە، بەڵام پێدەچێ خەیاڵ بێت."

"بەڵێ پێدەچێ هەندێجار خەیاڵم بکات. لێ خۆت دەزانی هەموو جارێك وانییە."

"ئەدی ئەمشەو چۆنی هەست بەچیدەکەی؟"

"ئەمشەو! زۆر باشم، هەست بە خۆشی دەکەم."

"کەواتە لە ئێستا بەداوە هەموو شەوێ کەمێکی لێ بخۆوە".

"ناتوانم."

"تکات لێدەکەم بە گوێم بکە. با ئەم پەستیەت بڕەوێتەوە."

هەر هەردووکیانو کارەکەرەکەیان لەوماڵەدا بوون. هەر جارێ کە دەچووم بۆ ئەوێندەر، ماڵەکەیان زۆر کڕوکپ بوو. قەت گوێم لە دەنگی پێکەنینێك نەدەبوو. هەندێجار وام دەهاتە بەرچاو کە تەنیا منو مامۆستا لە ماڵەوەین.

مامۆستاژن پێی گوتم: "چەند خۆش بوو منداڵمان هەبوایە."

وەڵامم دایەوە: "بەڵێ. چما منداڵتان نین؟" بەڵام هەستم بە هیچ هاوسۆزییەکی ڕاستەقینە بەرانبەری نەکرد. من لەو تەمەنەدا، منداڵم بە جۆرە سەریەشەیەکی ناپێویست دەزانی.

"ئافرەت چۆنە منداڵێك هەڵگرینەوە؟"

"ئۆ، نەخێر. منداڵی خەڵکی؟" بەدەم ئەو قسەیەوە سەیرێکی منی کرد. مامۆستا گوتی: "بەڵام خۆت چاك دەزانی، ئێمە هەرگیز منداڵمان نابێت، نابین بە خاوەنی منداڵی خۆمان."

مامۆستاژن بێدەنگ بوو. پرسیم: "بۆچی؟"

"سزایەکی پیرۆزەو تەواو" مامۆستا بەدەم ئەو وەڵامەوە بە دەنگێکی نیمچە بەرز پێکەنی.

*

وام دەهاتە بەرچاو کە مامۆستاو ژنەکەی دڵبەندی یەکترن. بەڵام چونکە یەکێك نەبووم لە خێزانەکە، نەمدەزانی چۆن بیر لە یەکتر دەکەنەوە، هەستیان بەرانبەر بەیەکدی چۆنە. لێ هەر جارێك چووبامە لای مامۆستا، ئەگەر پێویستی بەشتێك بوایە لە جیاتی کارەکەرەکەیان بانگ بکات، ژنەکەی بانگ دەکرد. ژنەکەی ناوی (شیزۆ)بوو. مامۆستا ئاوڕی لای دەرگاکەی دەدایەوەو بانگی دەکرد: "شیزۆ". هەر جارێ بانگی کردبا، سۆزو مەحەبەت لە زاری دەڕژا. شیزۆش کە دەردەکەوت، بەرەفتار نیشانی دەدا هەمیشە ئامادەی خزمەتو گوێڕایەڵییە. هەر جارێ کە بە ڕێزەوە بۆ شام گازیان دەکردمو بە دوو قۆڵی لەسەر خوانم دەبینین، لەو بۆچوونە باشەی خۆم دڵنیا دەبوومەوە کە ئەم دووە زۆریان یەك خۆش دەوێ.

مامۆستا، هەندێجار ژنەکەی بۆ کۆڕی مۆزیك یان بۆ شانۆ دەبرد. لە بیرمە، لەو ماوەیەدا کە من ناسیاویم دەگەڵ پەیدا کردن، بەلای کەمەوە دوو سێ جاران، هەر جارەی بۆ ماوەی هەفتەیەك بە دوو قۆڵی چوونە سەفەران. ئێستاش ئەو کارتەم هەڵگرتووە کە لە (هاکونی)یەوە بۆیان ناردبووم. هەروەها لە بیرمە کاتێ سەفەری (نیکو)یان کرد، نامەیەکیان بۆ ناردبووم کە گەڵایەکی دار کاژیان (قیقب) تێ خستبوو.

بە هەرحاڵ، تەنیا یەك ڕووداو هەیە، کە بڕێك دڕدۆنگی کردمو ڕای دەربارەی ژیانی هاوسەرێتی ئەو دووانە، گۆڕیم. ڕۆژێك، وەکو هەمیشە لە ژوورەکەی پێشەوەیان، یانی لە ژووری دانشتنەکەیاندا وەستا بوومو خەریك بوو لە هاتنی خۆمیان ئاگادار بکەمەوە، گوێم لە چەند دەنگێك بوو کە لە ژوورێکی ناوەوە دەهات. لەوە دەچوو گەنگەشە نەك گفتۆگۆیەکی ئاسایی، لە ئارادا بێت. ژوورەکەی ناوەوە ڕێك بە تەنیشت ژووری دانشتنەکەوە بوو، ئیدی ئەوەم بۆ ساغ بووەوە کە ئەمە قەرە قەشەو دەمەقاڵەیە، ئەو دەنگەی کە ناو بە ناو بەرز دەبووەوە دەنگی مامۆستا بوو. بەڵام دەنگەکەی دی لە دەنگی مامۆستا نزمتر بوو، نەمتوانی بزانم دەنگی کێیە. پاشان بۆم دەرکەوت دەنگی ژنەکەیەتی. لەوە دەچوو بگری. تاوێك لە ژوورەکەدا وێستام، نەمدەزانی چ بکەم. پاشان وەدەرکەوتمو بۆ ماڵەکەی خۆم گەڕامەوە.

دڵە ڕاوکێیەکی توندم تووش بوو. ویستم شتێك بخوێنمەوە، بەڵام نەمدەتوانی تەرکیزبکەم. دوای سەعاتێك، گوێم لە دەنگی مامۆستا بوو کە لە خوارەوە، لە ژێر پەنجەرەکەوە بانگی دەکردم. بەسەرسامی لە پەنجەرەکەوە سەرم کێشایە دەرێ. گوتی: "وەرە با بچینە پیاسەو گەڕان." تەمەشای سەعاتەکەمم کرد، سەیرم کرد لە هەشت لایداوە. جا چونکە لە گەڕانەوەکەم دا جلەکانم دانەکەند بوو. یەکسەر لە ژوورەکەم وەدەرکەوتم.

ئەو شەوە، بە دوو قۆڵی، منو مامۆستا بیرەمان خواردەوە. مامۆستا لە خواردنەوەدا خاو نەبوو لەو کەسانەش نەبوو ئەگەر تێری خۆی خواردباوەو خەیاڵ نەبوایە، هی دی بخواتەوە. مامۆستا بەدەم بزەیەکی وشکەوە گوتی:

"ئەم شەو، نامگرێ".

دڵم بە حاڵی سووتا، گوتم:

"هەست بە شادی ناکەیت؟".

هەرچیم کرد نەمتوانی ئەو مشتو مڕەی ئەمڕۆیان لە بیربکەم. زۆر پەست بووم، دەتگوت ئێسکی ماسیم لە گەرو گیراوە. تیا مابووم لێی بپرسم یان نا. مامۆستا هەستی بە نیگەرانیەکەم کرد. گوتی: "ئەمشەو نیگەران دیاریت. جا ڕاستت دەوێ، من بەخۆیشم ئاسایی نیم. یانی هەست ناکەیت؟"

نەمتوانی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە.

"ئەوەی ڕاستی بێ تۆزێ لەوەپێش دەگەڵ ژنەکەمدا بەشەڕ هاتم. ئیدی جڵەوم بۆ خۆ شل کردو پیس هەڵچووم، زۆر گەوجانە هەڵچووم.

"باشە بۆچی..؟"

ئەوەم گوت، بەڵام نەمتوانی ڕێ بەخۆ بدەمو بڵێم: "بە شەڕ هاتیت".

"گوێ بگرە، ژنەکەم هەندێجار گومانم لێدەکات، یان خراپ لێم حاڵی دەبێت، کە دەمەوێ ئەوەی بۆ روون بکەمەوە گوێم لێناگرێت. بۆیە ئەمرۆکە بە خۆم نەوەستامو جڵەوم لە دەست بەر بوو."

"باشە لە چ شتێکدا لێت تێناگات یان گومانت لێدەکا مامۆستا؟"

مامۆستا وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوە. بەڵام گوتی: "ئەگەر لەو پیاوانەش بام کە ئەو وێنایان دەکات، هەر نەیسە، زۆرم ئازار پێوە نەدەچەشت."

چۆنی ئازار پێوە چەشتبوو؟ خەیاڵو ئەقڵی ئەوسام پەی بەمە نەدەبرد.

لە گەڕانەوەماندا، ماوەیەکی کەم بە بێدەنگی ڕێمان کرد. ئەوسا دووبارە دەستی بە قسان کردەوە.

"کارێکی قۆڕم کرد. نەدەبوو بەم توڕەییەوە لەماڵ وەدەرکەوم. بێگومان ژنەکەم هەنووکە نیگەرانی منە. کە پیاو بیری لێدەکاتەوە، هەست دەکات ژنان خەڵقەندەی کلۆڵو داماون. بۆ نموونە ژنەکەی من، لەم دنیایەدا جگە لە من کەسی دی شك نابات پشتی پێ ببەستێت.

کەمێك بێدەنگ بوو. پێدەچوو چاوەڕوانی هیچ وەڵامێکی من نەبێت. ئەوجا لەسەری ڕۆیی:

"هەڵبەتە، ئەم سەرنجەی دواییەم وات لێدەکات وا بزانی مێرد پشت بە خۆی دەبەستێت. باوەڕی بە خۆیەتی. ئەمە مایەی پێکەنینە. دەیسا پێم بڵێ: چۆن دێمە بەرچاوت؟ بە پیاوێکی بە هێز یان لاوازم دەزانی؟"

وەڵامم دایەوە: "مامناوەندیت.." پێدەچوو چاوەڕوانی ئەم وەڵامە نەبێت. جارێکی دی زاری چووە کلیلەو درێژەمان بە ڕێگەی خۆدا.

ئەو ڕێگەیەی دەچوو بۆ ماڵی مامۆستا ڕێك بە نزیکی ماڵەکەی مندا دەڕۆیی. کە گەییشتینە پێچی شەقامەکەو لەزگ بوو خودا حافیزی لێبکەم، هەستم کرد هەق نیە بە تاقی تەنیا لەو ڕێگەیەدا بە جێی بێڵم. گوتم: "بتگەیەنمەوە ماڵێ؟". بە ئاماژەیەکی خێرا وەڵامی دایەوە کە نەء . "باشتر وایە بڕۆێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆت. شەو درەنگە. منیش دەبێ بڕۆمەوە بۆ ماڵی خۆم‌و لەبەرخاتری ژنەکەم..."

ئەو وشانەی دوایی مامۆستا "لەبەر خاتری ژنەکەم..." دڵی فێنك کردمەوە. ئەو شەوە بە هۆی ئەو وشانەوە خەوێکی خۆش‌و ئارامم کرد. ئەو وشانە "لەبەر خاتری ژنەکەم..." تا ماوەیەکی زۆر بە زندوویەتی لە بیرو یادگەمدا مانەوە.

پاشان زانیم کە ئەو ناکۆکی‌و شەڕە دەنووکەی نێوانیان هیچ نەبووە، سووکە دەمبۆڵەیەك بووە، نەبووە. لێیان سارد نەبوومەوە، بە بەردەوامی هاتوچۆم دەکردن، ئیدی بۆم دەرکەوت کە دەمبۆڵەکەیان شتێکی ڕیزپەڕ بووە. ئەمە جگە لەوەی متمانەی بە من کردو ڕۆژێك پێی گوتم: "لە هەموو دنیادا تەنیا یەك ئافرەت شك دەبەم، کە وەکو ئافرەت وروژاندبمی، ئەویش تەنیا ژنەکەی خۆمەو بەس. سەبارەت بە ژنەکەشم، هەموو پیاوی دنیا بە لایەك‌و من بە لایەك، تاقە پیاوی دڵخوازی ئەوم. جا لەو ڕووەوە دەتوانین شادمانترین ژن‌و مێرد بین."

ئێستاش بە تەواوەتی بۆم دەرنەکەوت بۆ ئەو شتەی بە من گوت. ئێستاش لە بیرمە کە بەشێوەیەکی زۆر جددی‌و ئارام ئەو شتەی پێ گوتم. سەرم لە کۆتایی قسەکەی سوڕما: "..دەتوانین شادمانترین ژن‌و مێردبین." بۆچی گوتی: "دەتوانین؟" ئەدی بۆ نەیگوت: "ئێمە شادمانترین ژن‌و مێردین"؟ ئایا مامۆستا بە ڕاستی شاد بوو؟ هیچم لەدەست نەدەهات تەنیا پرسیار نەبێت. لێ بەلەز هەموو گۆمانێکی خۆم لەمەڕ شادمانی مامۆستا وەلانا.

ڕۆژێکیان، بۆ یەکەم جار دەمەتەقێیەکی خۆشم دەگەڵ هاوسەرەکەی مامۆستادا کرد. داوام لە مامۆستا کردبوو کە گەنگەشەو باسی کتێبێکم دەگەڵدا بکات، بە سینگێکی فراوانەوە بە دەنگمەوە هات‌و دەعوەتی کردم کە لەو ڕۆژەداو بۆ ئەو مەبەستە بچمە ماڵیان. بە گوێرەی وەعدەکەمان، سەعات نۆی بەیانی گەییمە ماڵی ئەوان. مامۆستا لە ماڵەوە نەبوو، ئیدی زانیم کە هاوڕێیەکی مامۆستا سەفەری لە بەرەو لە ڕێگەی دەریاوە لە "بوکوهاما"وە بۆ "شیمباشی" دەچێت تا سەفەر بکات. مامۆستا چووە بۆ شیمباشی تا بە ڕێی بکات. ئەو سەردەم‌و ڕۆژگارە قیتار لە سەعات هەشت‌و نیوی بەیانیدا، "لە شیمباشی"یەوە بۆ "یوکوهاما" دەردەچوو. مامۆستا کاغەزێکی لە ماڵەوە بۆ بەجێ هێشتبووم کە چاوەنۆڕی بکەم، چونکە بەلەز دەزڤڕێتەوە. بۆیە بەدەم چاوەڕوانی مامۆستاوە، دەگەڵ ژنەکەیدا کەوتمە دەمەتەقێ.

*

ئەوسا خوێندکاری زانکۆ بووم. هەستم دەکرد لەوەتای یەکەم سەردانی ماڵی مامۆستام کردووە پوختە تر بووم. زیاتریش هۆگری ژنەکەی مامۆستا بووم. بۆیە کە خۆم بەتەنێ دەگەڵ مامۆستا ژندا بینییەوە، بە هیچ کلۆجی نە پەشۆکام‌و نە شەرمم کرد. ئیدی وردە وردە کەوتینە دەمەتەقێ. خۆ ئەگەر لە دەمەتەقێیەکەدا، نەچووباینە سەر مەسەلەیەك کە مایەی بایەخی

تایبەتی من بوو، ئەو دەمەتەقێیەم هەر بیریش نەدەکەوتەوە. جا بەر لەوەی کرۆکی ئەو مەسەلەیە بگێڕمەوە، حەزدەکەم چەند خاڵێکی کەم دەربارەی مامۆستا باس بکەم.

مامۆستا دەرچووی زانکۆ بوو. هەر لە هەوەڵەوە ئەمەم دەزانی. بەڵام پاش ئەوەی لە کاماکوراوە بۆ توکیۆ گەڕامەوە، بۆم دەرکەوت کە هیچ کارێکی دیاریکراو ناکات. ئەو سەردەمانە سەرم لەوە سوڕدەما کە چۆن دەژی.

ژیانی مامۆستا زۆر ئاڵۆزو گۆنگ بوو. جگە لە من هیچ کەسێك هیچی دەربارەی خوێندن‌و هزرو هزرینی مامۆستا نەدەزانی. زۆرجار ناڕاستەوخۆ پێم دەگوت، کە ئەمە شتێکی خراپە. بەڵام گوێی نەدەدامێ. جارێکیان پێی گوتم: "سەبارەت بە کەسێکی وەکو من هیچ پێویست ناکات بە ئاشکرا گوزارشت لە هزرو بیری خۆی بکات." وامدەزانی لە رووی خۆشکێنیی‌و تەوازوعەوە ئەو قسەیە دەکات، لە دڵی خۆدا دەمپرسی تۆ بڵێی ئەمە زادەی بێزاری بێ لە خەڵکی، لە دنیای دەرەکی. بە ڕاستی هەندێجار زۆر بەتوندی زەمی هاوپۆلەکانی خۆی دەکرد، بەتایبەتی ئەوانەی کە دوای دەرچوون، شۆرەت‌و نێوبانگێکیان بۆخۆ پەیداکردبوو. هەڵوێستێکی سەیری هەبوو، هەڵوێستێکی هەڤدژ لە نێوان تەوازوع‌و رق‌و بێزاری، هەم کەسێکی خاکی بوو هەم ڕکوونی. جارێکیان بەوپەڕی ڕاشکاوی ئەوەم بە ڕوویدا دا. هەڵبەتە بە شێوەیەك نا کە بهاڕوژێ. گلەییم لەو دنیایە کرد کە هیچ ئاوڕێکی لەو مامۆستایە نەداوەتەوە کە من زۆر دڵبەندیم. بە دەنگێکی زۆر ئارام بەرسڤی دامەوە: "پێت وانییە خەتایەکی خۆمانیشی تێدا بێ. هەقی ئەوەم نییە چاوەڕوانی هیچ شتێك بم لە دنیا." کە ئەو قسەیەی کرد، سیمای بە جۆرێ گۆڕا کە دڵم بە تەواوەتی پڕبوو، بەڵام پەیم بە جەوهەری ئەو گۆڕانە نەبرد: نەمزانی ئایا نیشانەی نائومێدی یان پەژیوانی یان خەمبارییە ؟ ئیدی نەوێرام هیچی تر بڵێم.

کە دەگەڵ مامۆستا ژندا دانیشتم‌و کەوتینە دەمەتەقێیان، هاتینە سەر باسی مامۆستا. لێم پرسی: "باشە بۆچی مامۆستا بەناو ژیان ناکەوێ‌و کارێکی پڕ بە پێستی بەهرەی خۆی نادۆزێتەوە، لەوە باشتر نییە هەموو وەختی خۆی لەماڵەوەو بە لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەوە بەرێتە سەر ؟"

"دەترسم بڵێم: فایدەی نییە. بەخۆی حەزی لەوە نییە."

"وابزانم پێی وایە ئەوە کارێکی بێهودەیە."

"چونکە من ئافرەتم، نازانم. بەڵام بە گومانم لەبەر ئەوە بێت، یانی ئەوە هۆیەکەی بێت. ئەوەی ڕاستی بێ من دڵنیام حەزدەکات کارێك بکات. بەڵام لەبەر شتێك ناتوانێت. زۆر خەفەتی بۆ دەخۆم."

"خۆ سیحەتی باشە، وانییە؟"

"بەڵێ بەڵێ، عەیبی نیە، لە گوێزی ساغ ساغترە."

"دەیسا کەوایە، بۆچی کار ناکات؟"

"خۆزگە دەمزانی، ئەگەر زانیبام منیش نیگەران نە دەبووم. من خەفەت لەو دەخۆم."

هاوسۆزییەکی فرە بەتۆنی دەنگییەوە دیاربوو. وێڕای ئەوەش، بزەیەکی کاڵ کەوتە سەر لێوی. سەرباری رواڵەتی دەرەوەی هەر یەکێکمان، پێدەچوو من لە ناخا لەو (مامۆستاژن) نیگەرانتر بم. بە کرِیو سەنگینی دەگەڵیدا دانیشتم. ئەوسا وەکو ئەوەی لە ناکاو شتێکی بیرکەوتبێتەوە چاوانی هەڵێناو گوتی: " دەزانی؟ لە گەنجیدا وەکو ئێستا نەبوو. زۆر جیاواز بوو. فرە گۆڕاوە."
پرسیم:
"کەی جیاواز تر بوو؟"
"ئۆ.. لە رۆژانی خوێندنو قوتابییەتیدا".
"یانی لە رۆژانی خوێندکارییەوە دەتناسی؟"
جۆرە شەرمێك بە سیمای مامۆستا ژنەوە دەرکەوت.

*

ئافرەتێکی خەڵکی توکیۆ بوو. خۆیو مامۆستاش، پێشتر ئەوەیان پێ گوتبووم. بابی خەڵکی ناوچەی "توتوری" بوو، بەڵام دایکی لە "ئیچگایا" لە دایك بوو بوو، ئەو کاتە توکیۆ بە نێوی "یدو" ناسرابوو. بۆیە جارێکیان بە نیمچە سوعبەتەوە پێی گوتم: "لە ڕاستیا من دوو ڕەگم".
بەڵام مامۆستا خەڵکی دەڤەری "نیگاتا"بوو. بۆیە زانینی زاگەو زێدەکەی هیچ بەرچاو روونییەکی لا دروست نەکردم کە چۆن مامۆستای لە قۆناغی خوێندکاریدا ناسیوە. بەڵام کە دیتم وەختێ باسی یەکتر ناسینیان لە کاتی گەنجیدا هاتە پێشێ، لە شەرمدا سوور هەڵگەڕا، ئیدی لەسەر پرسیارەکەم نەڕۆشتم.
بەدرێـژایی ئـەو ماوەیـەی کـە مامۆسـتام ناسـی تـاکو مـرد، تـوانیم زۆر شـت دەربـارەی بـیرو بیرکردنـەوەو هەسـتو سـۆزی وی بـزانم، بـەڵام هـیچ شـتێکی ئـەوتۆی دەربـارەی چـۆنیەتی ژن هێنـانو زەماوەنـدی خۆی پێنـە گوتم. هەنـدێجار ئـەم پارێزکارییـەی مامۆسـتام بـە شـتێکی چاك دەژماردو لـە دڵـی خۆدا ستایشم دەکرد. وام لێکدەدایـەوە کـە زۆر ئاسـاییە مامۆسـتا باسـکردنی یەکـەم دڵـداری خـۆی بـۆ گـەنجێکی وەکـو مـن بـە جـوانو بـە ئـاقڵی نـەزانێ. بـەڵام هەنـدێجار ئـەم پاریزکارییـەیم بـە زەرەری ئـەو لێکدەدایـەوە. ئەوسـا وای بـۆ دەچـووم بۆیـە خـۆی لـە بـاسو موناقەشەی ئەو مەسەلەیە دوور دەگرێت، چونکە سـەر بەنەسـلی کۆنـەو دابو نـەریتی کـۆن ڕێـی ئەوەی نادات. بۆیە لە مبارەیەوە خۆم لە مامۆستاو ژنەکەی بە کراوەترو لیبراڵتر دەزانی. جا بیرو بۆچوونی من دەربارەی پارێزکاری مامۆستا هـەر چیەك بوو بێ، تـەنیا بـاری سـەرنجو بۆچوون بووو هیچی تر. بەڵام لە پشت ئەو سەرنجو بۆچوونانەوە ئەگەرو تەسەوڕێکی هەمیشـەییم هـەبوو کە زەماوەندەکەیان زادەو بەرەنجامی دڵداریو ئەڤیندارییەکی جوان بووە.
ئەم تەسەورەم لە ڕاستی بەدەرنەبوو. بەڵام وام خەیاڵ دەکرد کە بەشێکی بچووکی ئەم حەقیقەتە لە پشت پەردەی چیرۆکی دڵدارییەکەیانەوە پەنهانە. نەمدەتوانی تەسەوری ئەوە بکەم کە کارەساتێکی ترسناك لە ژیانی مامۆستادا هەیەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە خۆشەویستی وی بۆ ژنەکەی. هەروەها ژنەکەیشی پەی بەو نەدەبرد کە ئەم کارەساتە چەند ژیانی لێ تاڵ کردووە،

تووشی چ کڵۆڵییەکی کردووەو، تاکو ئەمڕۆش بەمە نازانێت. مامۆستا مردو گریی دڵی بۆ نەکردەوە. بەر لەوەی شادمانی ژنەکەی تەفرتونا بکات خۆی تەفروتونا کرد.

جا لێرەدا باسی کارەساتی ژیانی مامۆستا ناکەم. وەکو پێشتر ئاماژەم کردێ، نە مامۆستاو نە ژنەکەی شتاقیان باسی پەیوەندی دڵداری خۆیان بۆ نەکردم، ئەو دڵدارییەی کە واشکایەوە ببێت بە هەوێن و ماکی کارەساتەکە. ژنەکەی مامۆستا لە رووی تەوازوعەوە شتێکی کەمی لە بارەوە گوت. بەڵام سەبارەت بە بێدەنگیو باس نەکردنی لەلایەن مامۆستاوە، هۆیەکی زۆر قووڵتر هەبوو.

ڕۆژێك کە وەرزی تەمەشاکردنی گوڵان بوو، منو مامۆستا چووین بۆ (یوئینو). ئەو رۆژەم باش لە بیرە، وادەزانم ئێستایە، کە لەوێ پیاسەمان دەکرد، بەدەم پیاسە کردنەوە ژنو پیاوێکی پۆشتەو پەرداخمان لە ژێر درەختە پرشکۆفەکاندا بینی کە تەواو بە پاڵ یەکەوە بوون. پێدەچوو زۆریان یەکدی خۆش بوێت. شوێنەکە شوێنێکی گشتی بوو، بەڵام بۆ هەندێ لە خەڵکەکە لە خودی گوڵەکان سەرنج راکێشتربوون. مامۆستا گوتی: "پێدەچێ تازە بووكو زاوابن."

"پێدەچێت شەیدای یەکدی بن، وانییە؟" بە دەنگێکی پڕ شادمانی ئەوەم گوت. کەچی کەمترین ماکی بزە بەرووی مامۆستاوە دەرنەکەوت. کەوتەوە ڕێ، بە ئانقەست لەوان دوورکەوتەوە. ئەوجا پێی گوتم:

"قەت ئاشقێنیت کردووە ؟" وەڵامم دایەوە نەخێر.

"ناتەوێ خۆشەویستی بکەیت؟" هیچ وەڵامێکم نەدایەوە.

"نەك لەبەر ئەوەی خۆت ناتەوێ خۆشەویستی بکەیت، وانییە؟"

"نەخێر."

"گاڵتەت بەو ژنو مێردەهات، وانییە؟ بەڵام لە ڕاستیدا وەکو کەسێك هەرچەندە ویستویەتی خۆشەویستی بکات بەڵام نەی توانیوە، نا رازی هاتیتە بەر چاوم."

"وا هاتمە بەر چاو؟"

"بەڵێ. کەسێك خۆی کەوتبێتە داوی خۆشەویستییەوە، بە تەحەمولتر دەبێتو سۆزێکی زیاتری دەربارەی ئەو ژنو مێردە دەبێت. بەڵام.. باشە نازانی خۆشەویستی جۆرە تاوانێکیشی تیایە؟ یانی لە مەبەستم حاڵی هەیت."

سەرم لە قسەکەی سوڕماو ورتەم نەکرد.

*

ئاپۆڕایەکی زۆرمان بە دەورە بوو، شادمانی لە روویان هەڵدەقوڵا. ئیدی دەرفەتی قسەمان بۆ نەڕەخسا تا گەیشتینە ئەو لێرەوارانەی کە نە گوڵیان تیابوو نە خەڵکی. لە ناکاو لێم پرسی: "باشە بە ڕاستی خۆشەویستی تاوانی تیایە؟"

"بەڵێ، بێ سوعبەت." مامۆستا وەکو جاران، بەو پەڕی متمانەوە ئەو وەڵامەی دایەوە.

"بۆچی؟"

"بـەو زووانــە بـۆت دەردەکـەوێو پـەی پێدەبـەیت. ڕاسـتت دەوێ دەبوایـە ئێسـتا بتزانیبـا. خۆشەویستیو ڤیان ماوەیەکەو تا ئێستا دڵی نیگەران کردوویت.

لە دڵی خۆدا بۆ وەڵام گەڕام، بەڵام بێهودە. گوتم: " بەڵام چ کەسێك نییە بتوانی ناوی ڤیانو ئەڤینداری منی لێ بنەیت. لە کاتێکا من هیچ شتێکم لە تۆ نەشاردووەتەوە، مامۆستا!"

"تۆ بۆیە نیگەرانی چونکە چ کەسێکی دیاریکراو نییە کە ڤیانو دلبەری تۆ بێت. خۆ ئەگەر بکەوتبایتە داوی خۆشەویستی کەسێکی دیاری کراوەوە هەنگێ نیگەران نە دەبوویت."

"من ئێستا نیگەران نیم."

"باشە کە هاتوچۆی من دەکەی لەبەر ئەوە نییە هەست بە بۆشاییەك دەکەی؟ هەست بەوە دەکەی لە شتێکت کەمە ؟"

"بەڵێ، بەڵام هاتنی من بۆ لای تۆ، بەو مانایە نییە کە پێویستم بەوەیە بکەومە داوی ڤیانەوە."

"بەڵام هەنگاوێکە بەرەو ڤیانو خۆشەویستی. لە ڕاستیدا ئەو هاورێیەتیەی لە مندا بۆی دەگەڕێی، خۆی لە خۆیدا خۆ ئامادەکردنە بۆ ئەو ڤیانو خۆشەویستیەی لە ئافرەتدا بۆی دەگەڕێی."

"پێموایە ئەم دوو شتە زۆر جیاوازن."

"نەخێر، جیاواز نین. بەڵام بەو حوکمەی ئەو ئینسانەم کە دەمناسیت، ناتوانم یارمەتیت بدەم کە ئەو کێماسییە، لە دڵت دەر بکەم. ئەمە جگە لەوەی من بە هـۆی زروفێکی تایبەتییـەوە زیاتربووم بـە کەسـێکی بێکـەڵك تـا بـە هـاوڕێ. بـە ڕاسـتی بەداخـەوەم. خـۆ ئەگـەر لـە ئەنجامـدا پەناوەبـەر کەسێکی غەیرەز من بەریت، کەسێك لە من زیاتر سێبوریت پێی بێت، هەقی خۆتـە، دەبێ قەبوڵم بێت. تەنانەت تۆش دەبێ قەبووڵت بێ. بەڵام.."

هەستم بە جۆرە کەسەرێکی سەیر کرد.

"مامۆستا! ئەگەر وات بە خەیاڵ دێت کە من واز لە تۆ دێنم، لە تۆ دوور دەکەومەوە نەك هەر نیازی وام نییە، بەڵکو تا ئێستا شتی وام بە بیردا نەهاتووە."

مامۆستا گوێی لێنەگرتمو لەسەری ڕۆیی:

"بەڵام دەبێ وریا بیت. دەبێ ئەوەت لە بیربێت کە ڤیانو خۆشەویستی جۆرە تاوانێکی تیایە. نابێ زۆر لەم دۆستایەتیەمان رازی بیت، هەرچەندە بەلای کەمەوە لە هەر ئازارو ئاسیوێك بە دەرە. دەزانی کە پیاو بە پرچێکی درێژی رەشەوە ببەسترێتەوە چ دەگەیەنێ؟" وام هاتە خەیاڵ کە لە مەبەستی مامۆستا حاڵی بووم، بەڵام لەبەر کەم ئەزموونی، وشەکانی واقعیان لەلام بەرجەستە نەکرد. ئەمە جگە لەوەی هیچ سەرم لەوە دەرنەکرد کە مەبەستی لە وشەی "تاوان" چییە. چییە. هەستم بە جۆرە ناڕەزاییەك کرد.

"مامۆستا! یا زیاترم بۆ روون بکەوە کە مەبەستت لە تاوان چییە. یان بێزەحمەت با جارێکی دی موناقەشەی ئەو مەسەلەیە نەکەین، تا بە خۆم مانای تاوان دەدۆزمەوە."

"خەتای منە. دەمویست لە هەندێ حەقیقەتی دیاریکراوت ئاگادار بکەم. کەچی لە جیاتی ئەوە قەڵسم کردیت. خەتای من بوو."

منو ماموٚستا، به دوو قوٚلی، به پشتی موزەخانەکەدا، بەکاوەخوٚ بەرەو (یوگیئی سودانی) پەل بووینەوە. له کەلێنانی حەسارەکەوە ئەو دەوەنە حەیزەرانانەمان دەبینی که به چڕی لەلایەکی باخەکەوە ڕوا بوون. بێدەنگیو کپییەکی قووڵ باڵی بەسەر دیمەنەکەدا کێشابوو.

"دەزانی بوٚچی هەموو مانگێك دەچمە سەردانی گوٚڕی هاوڕێکەم له زوشیگایا؟"

ئەو پرسیارەی ماموٚستا هەرگیز چاوەڕوانکراو نەبوو. هەڵبەتە دەبوایە بزانێ که نازانم. بێدەنگ بووم. پاش ئەوە، وەکو ئەوەی ژێوان بێ لەو قسەیەی که نها کردی، ماموٚستا لەسەری ڕوٚیی:

"دیسان هەڵەم کرد. دەمویست سەرنجەکانی هەوەڵی خوٚمت بوٚ ڕوون بکەمەوە، چونکه پێموایه قەڵسم کردیت. بەڵام وا هەست دەکەم ئەم هەوڵەم بێسوودە، دووبارە قەڵست دەکەمەوە. جا با بەردێکی بخەینه سەرو تەواو. بەڵام له بیرت نەچێت که خوٚشەویستی جوٚرە گوناحێکی تیایە. هەروەها ئەوەشت بیر بێت که ڤیان شتێکی پیروٚزیشی تیایە."

ئەم قسەیەی ماموٚستا هێندەی دی سەری لێ شێواندم. بەڵام لەوە دوا هەرگیز وشەی "ڤیان"م لێ نەبیست.

*

جا لەبەر ئەوەی گەنج بووم، زیاتر مایلی ئەوەبووم خوٚم بوٚ یەك ئامانج تەرخان بکەم. دیارە بەلای کەمەوە وا هاتبوومە بەر چاوی ماموٚستا. من قسەو گەنگەشەکانی ماموٚستام له دەرسو محازەرەکانی زانکوٚ پێ سوودمەندتر بوو. ڕاو بوٚچوونەکانی ماموٚستام، له ڕاو بوٚچوونی ماموٚستایەکانی خوٚم پتر به هەند دەگرت. ماموٚستام، که پیاوێکی تەریكو کەم دوو بوو، زوٚر لەو ماموٚستا به ناوبانگانەی که له تریبوٚنانەوە محازەرەیان پێ دەگوتمەوە، پێ گەورەتر بوو. جارێکیان ماموٚستا پێی گوتم:

"هەقە له ڕاو بوٚچوونەکانتدا دەرهەق به من، میانڕەوتر بیت."

"ئێ چیبکەم، من ئاوام."

بەدەنگی بەرزو به متمانەوە ئاوهام گوت. ماموٚستا زوٚری بەهەند نەگرتم.

"توٚ له پیاوێك دەچیت تای لێهاتبێ، هەر که تایەکەت نیشتەوەو ڕەوییەوە، جوٚشو خروٚشو حەماسەتەکەت دەگوٚڕێت، دەبێ به نەفرەتو بێزاری.

ئەم ڕایەی ئێستات دەربارەی من، پەستم دەکات. که بیر لەوە دەکەمەوە، له ئایندەدا ئەم خەیاڵ پڵاوەت دەڕەوێتەوە، هەست به داخێکی زوٚر دەکەم.."

"یانی بەبێ ئەقڵم دەزانی؟ پێت وانیه جێی متمانەبم؟"

"به کورتیەکەی، بەداخەوەم بوٚت."

"من شایانی سوٚزی توٚم نەك متمانەت. ئەوەت مەبەست نیه ماموٚستا ؟"

به پەستیەوە ڕووی بوٚ لای باخەکە وەرگێڕا. پێش ماوەیەکی کەم باخەکە یەکپارچە گوڵی کامیلیا بوو. لێ ئێستا، ئەو گوڵانەی به ڕەنگی سووری توٚخی خوٚیان، ڕەونەقو پڕشنگیان به دیمەنەکە بەخشی بوو، پاکیان نەمان.

ماموٚستا عادەتی وابوو له پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەری دەکێشاو تەمەشای دەکردن.

"ئەوە نەبێ متمانەو باوەڕم بە خودی تۆ نەبێت، نا، بەڵکو باوەڕو متمانەم بە تێکڕای تیرەی بەشەر نییە."

لە کۆڵانەکەی ئەو دیوی، حەساری دەوەنەکانەوە، گوێم لە بانگی ماسی فرۆشەکە بوو. هیچ دەنگێکی دیکە نەبوو. ماڵەکە لە ڕێگا سەرەکییەکەوە دووربوو، بێدەنگییەکی تەواو باڵی بە سەردا کێشابووین. وەکو هەمیشە، هەموو شتێکی ناو ماڵەکە کڕو کپ بوو.

دەمزانی ماموٚستا ژن لە ژوورەکەی تەنیشتەوەیە یان خەریکی دورمانە یان خۆی بە کارێکی دیکەی لەو جۆرە کارانەوە مژول دەکات. دەمزانی ئەگەر قسە بکەین، گوێی لە قسەکانمان دەبێت. بەڵام لەو ساتەدا ئەوەم لە بیرچووو گوتم:

"کەواتە متمانەت بە ژنەکەشت نییە ؟"

ماموٚستا کەمێك شپرزە بوو. خۆی لە بەرسڤی ڕاستەو خۆی پرسیارەکەم دزییەوە.

"من متمانە بەخویشم ناکەم، کە متمانەم بە خۆم نەکرد، ئەستەمە متمانە بە خەڵکانی دی بکەم. هیچم لە دەست نایەت تەنیا ئەوە نەبێ نەفرەت لە خۆم بکەم."

"ماموٚستا، وادیارە زۆر بە جددی بیر لەو شتانە دەکەیتەوە."

"مەسەلە ئەو شتە نییە کە بیری لێدەکەمەوە. بەڵکو ئەو کارەیە کە کردوومەو ئەم هەستەی لا دروست کردووم. ئەم کارە لە سەرەتادا تووشی شۆکی کردم. پاشان هەستم بە ترسێکی حەیا بەرە کرد."

حەزم دەکرد درێژە بە قسەکانمان بدەین، لێ دەنگی ماموٚستاژن کە لەو دیو دەرگاکەوە بانگی مێردەکەی کرد، قسەکانی پێ بڕین. ماموٚستا گوتی: "چیت گەرەکە؟"

ژنەکەی گوتی: "دەتوانی دەققەیەك تا ئێرە بێیت؟"

هێشتا لە سێ و دووی ئەوەدا بووم کە بۆچی بانگیان کرد، گەڕایەوە. لە سەری ڕۆیی و گوتی:

"بەهەرحاڵ، زۆر متمانەم پێ مەکە. دەنا ژێوان دەبیتەوە. ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەستت کرد من ئەوەنیم کە تۆ تەسەورت کردبوو، هەنگێ دڵت ڕەش دەبێت و، کینە سەر دەژنێتە دڵت."

"مەبەستت چیە؟"

"ئەگەر جارێ لە جاران ئەو متمانەیەت بیربکەوێتەوە کە بە منت بەخشی بوو، لە خۆت وەڕەز دەبیت و بە پەشیمانی و شەرمەزارییەوە دەکەویتە ئەوەی لە پایەی من کەم بکەیتەوە. بۆیە دڵبەندی و ئیعجابی ئێستاتم ناوێ، تا گلەیی و تانەو تەشەری سبەینێتم نەیەتە سەر. من بۆیە ئێستا پەنام وەبەر تەنیایی بردووە، تا لە تەنیایی گەورەتری سالانی داهاتوو دووربم. بە خۆت دەزانی، تەنیایی باجی ئەوەیە کە لەم سەردەمە تازەیەدا، لەم سەردەمە پڕ لە ئازادی و سەربەخۆیی و خۆپەرستیەدا، لە دایك بووین."

هیچم بە بیردا نەهات کە بیڵێم.

*

لەو رۆژە بە دواوە، هەر جارێ ژنەکەی مامۆستام دەبینی لە دڵی خۆدا دەمپرسی بڵێی هەڵوێستی مامۆستا بەرانبەر بە ژنەکەی، رەنگدانەوەی بیرە پەنهانەکانی بێت، ئەگەر مەسەلەکە ئاوهایە، ئاخۆ ئەو "ژنەکە" بەو حاڵەی خۆی ڕازییە.

بەڵام هیچ رازی بوون‌و نا رازی بوونێکم لە رەفتاریدا بەدی نەدەکرد. هەڵبەتە من ئەوەندە لەو ژنەوە نزیك نەبووم تا ماهیەتی هەستە ڕاستەقینەکانی بزانم. من مەگەر بە دەگمەن، دەنا قەت بە تەنیا نەمدەبینی، هەمیشە دەگەڵ مێردەکەیدا دەمبینی. ئەمە جگە لەوەی رەفتاری لە حوزوری منداو بەرانبەر بە من، هەمیشە رەفتاری خانە خوێیەکی ئاسایی بوو.

ئەو هەستەی مامۆستام، بەرانبەر بەتیرەی بە شەر پێ سەیر بوو. لە دڵی خۆمدا دەمگوت تۆ بڵێی ئەم هەستە زادەی خوێندنەوەیەکی بێ لایەنانەی خودی خۆی‌و دنیای هاوچەرخی دەورو بەری بێت؟ ئەگەر هەرکەسێك هەمان ڕامان‌و زیرەکی‌وگۆشەگیری مامۆستای هەبێت‌و هەمان ڕێچکەی ئەو بگرێت، دەگاتە هەمان ئەنجام؟ بە هەرحاڵ ئەو پرسیارانە کە بەرۆکی زەینیان گرتبووم، تینویەتیان نەشکاندم. هەستم دەکرد، پێناچێت بیرو بۆچوونەکانی مامۆستا زادەی ڕامانێکی یەکگرتوو بن. هەروەها لە هەیکەلی خانوویەکی بەردینش نەدەچوو، کە ئاگر دیوی ناوەوەی سووتاندبێ‌و وێرانی کردبێت. لەوە زندووترن. دروستە مامۆستا وەکو من دەمناسی بەر لە هەر شتێك هزرڤان بوو، بەڵام بیروبۆچوونەکانی لەسەر بناغەی بتەوی هەستکردن بە واقیع ڕۆنرا بوو. زۆربەی ئەم هەستکردنەش بە واقیع، زیاتر هەڵقوڵاوی ئەزموونی تایبەتی خۆی بوو تا دیتن‌و خوێندنەوەی ئەزموونی خەڵکانی دی بێت.

بەهەرحاڵ، ئەو سەرنجانەم کردیانە کارێك زیاتر لە مامۆستا بگەم. ئەوەی ڕاستی بێ، مامۆستا بە خۆی زەمینەی بۆ خۆش کردم کە بگەمە ئەو قەناعەتەی تەبیعەتی ئەزموونەکەی، ئەو بیرانەی بەسەردا سەپاندووە. هەڵبەتە هەر وەکو ئاماژە ئاماژەی بۆ کرد، بەڵام ئاماژەکانی وەکو گەواڵە هەورێکی ترسناك، بەسەر سەرمەوە وەستابوو، هەرچەندە ئەم گەواڵە هەورە وەکو شێوە گۆنگ‌و نادیاربوو، بەڵام ترسناك بوو. وێڕای ئەوەش ترسێکی ڕاستەقینەم لە ناخدا بوو.

لە دڵی خۆدا هۆی ئەم بۆ چوونەی مامۆستام دەرهەق بە ژیان، دەگەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە لە گەنجیدا تووشی پەیوەندییەکی دڵداری توند بووبێ– هەڵبەتە دەگەڵ ژنەکەیدا – و رەنگە پاشتریش تووشی پەشیمانی بووبێت. بە خەیاڵی خۆم لەبەر ئەمە بوو کە مامۆستا گوناح‌و ڤیانی پێکەوە گرێ دەدا، چەندم حەزدەکرد وابێ. بەڵام وا دەرنەچوو، مامۆستا ئیعترافی بۆ کردم کە هێشتا ژنەکەی خۆش دەوێ. کەواتە هۆی رەشبینی‌و نائومێدی مامۆستا ئەمە نیە.. مامۆستا بە خۆی بۆی باس کردم کە ڕقی لە تیرەی بەشەرە، لە بەشەران بێزارە، بەڵام وادیارە ئەم ڕق‌و بێزارییەی بە شێوەیەکی گشتی لە دنیای مۆدێرنە، نەك لە ژنەکەی.

ناو بەناو، سەردانی گۆڕەکەی گۆرستانی زوشیگایام وەبیردەکەوتەوە. زۆر چاك دەمزانی کە ئەم گۆڕە لەلای مامۆستا مانایەکی قووڵی هەیە. ئیدی مامۆستام لێ بوو بە مەراق، جگە لە شتێکی کەم هیچی ترم دەربارەی نەدەزانی، بەڵام وام خەیاڵ دەکرد ئەم گۆڕە، بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشێکی ژیانی وی لە خۆگرتووە. بەڵام کێی تیا نێژرابوو، بۆ من‌و لەلای من مردوویەك بووو

نەیدەکردە هیچ، دەشمزانی ئەم گۆڕە ئەو کلیلە نییە کە من دڵی مامۆستای پێ بکەمەوە، پیاو ڕاست بڕوات، ئەم گۆڕە لەمپەرێکی هەمیشەیی بوو لە نێوان منو ئەودا. لەو کەینو بەینەدا دەرفەتم بۆ هەڵکەوت قسان دەگەڵ هاوسەرەکەی مامۆستادا بکەم. ئەمە لەو وەرزەی ساڵدا بوو کە ڕۆژ کورت دەبێتو پیاو لە هەموو شوێنێ هەست بە چالاکی بەردەوام دەکات. جاران کزەیەکی ساردی هەبوو. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا، زنجیرە دزییەك لە دەوروبەری ماڵی مامۆستادا رووی دا. هەر هەموو ئەو دزییانە لە ئێوارە وەختایەکی زوودا کرا. لێ چ شتێکی بە نرخو گرانبەها نەدزرا. وێڕای ئەوەش حورمەتی ماڵەکان پێشێل دەکرا. ژنەکەی مامۆستا نیگەران بوو، بۆ نەگبەتی، ئێوارەیەك مامۆستا بە ناچاریو بۆ کارێکی پێویست لە ماڵ وەدەردەکەوێ. برادەرێکی بۆ تۆکیو هاتبوو، خەڵکی هەمان گوندو دێهاتێن زاگەو مەفتەنی مامۆستا بوو، ئەم برادەرە لە خەستەخانەیەکی ناوچەییدا دکتۆرو پزیشك بوو. مامۆستا ئەو ئێوارەیە دەگەڵ دوو سێ برادەری دیدا ڕێکەوتبوو کە دکتۆر بۆشیڤ لە خوارنگەیەکدا دەعوەت بکەن. مامۆستا پاش ئەوەی مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە، داوای لێکردم تا دەگەڕێتەوە لە ماڵی وان، لەلای ژنەکەی بمێنمەوە. بە کەماڵی ئارەزوو داوایەکەیم قەبووڵ کرد.

*

ئێوارەیەکی درەنگ گەییمە ماڵی وان. مامۆستا پیاوێکی بە وەعد بوو، بەر لە گەییشتنی من رۆیی بوو.

"پیاوەکەم حەزی نەدەکرد دوا بکەوێ. دەققەیە لەمە پێش ڕۆیی."

مامۆستاژن، بەدەم ئەو قسەیەوە بۆ ژووری کارو نووسینگەکەی میردەکەیی بردم.

نووسینگەکە پۆشتەو ئاوەدان بوو، هەندێ لە کەلو پەلەکانی مۆدی رۆژاوایی بوو، مێزێكو چەند کورسییەکی تێدا بوو. لە جامی کتێبخانەکەیەوە، کۆمەڵێك کتێبی زۆر دیاربوو، کە زۆر بە جوانی جزوبەند کرابوون. ژنەکەی مامۆستا خوڵکی کردم کە لەسەر قالیچەیەکی نزیك ئاگردانەکە دانیشم.

"ئێرە کتێبێکی زۆری لێیە، ئەگەر حەزدەکەی دەتوانی بۆ خۆت بخوێنیتەوە."

بەدەم ئەو قسەیەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت.وەکو میوانێکی کاتی چاوەڕێی گەڕانەوەی خانەخوێ بێت. هەستم بە جۆرە پەشێوییەك دەکرد. بێ جوڵە لە جێی خۆم دانیشتم، دەستم بە جگەرە کێشان کرد. گوێم لە دەنگی مامۆستاژن بوو کە لە ژووری قاوەڵتیدا، قسەی دەگەڵ کارەکەرەکەیاندا دەکرد، ئەو ژوورە کەوتبووە سەر هەمان ڕاڕەوو داڵانەوە کە نووسینگەکەی لێ بوو. بەهەرحاڵ نووسینگە لە سەرپەڕی داڵانەکەدا بوو، یانی کەوتبووە ئارامترین بەشی ماڵەکەوە. کە مامۆستاژن لە قسەکانی بووەوە، بێدەنگیەکی تەواو تێم ئالا، چونکە پێشبینی ئەوەم دەکرد دزەکە لە هەر ساتێکدا پەیدا ببێت، بە کڕی دانیشتمو بە دیقەت گوێم بۆ هەر دەنگێکی گومانئەنگێز هەڵخست.

دوای نیو سەعاتێك مامۆستاژن هاتە بەردەرگاو گوتی: "ئێ". کە بینی وەکو میوانێکی بێگانەو غەریب، ڕەق لە جێی خۆ دانیشتووم، شادیو سەرسامی نیشتە سەر سیمای. گوتی: "لەوە ناچێت زۆر ئاسوودە بیت."

"نا، نەخێر، زۆر ئاسوودەم."

"دیارە بێتاقەتی."

"نا، نەخێر، بڕێك شپرزەم ،چونکە چاوەڕێی دزەکەم. بێتاقەت نیم.

کوپێك چای ئەورووپی بە دەستەوە بوو، هەر بەو دەقەوە لە جێی خۆی وەستا، پێکەنی. گوتم:

"ئەم ژوورە چەپەکە، بۆ ڕوانگە زۆر لە بارو نموونەیی نیە."

"باشە، کەواتە، ئەگەر حەزدەکەی، وەرە ژووری قاوەڵتی. چام بۆ هێناویت، وامزانی بێتاقەتی. دەتوانی بێی لەوێندەر بیخۆیتەوە."

لە نووسینگەکە وەدەرکەوتمو شوێنی مامۆستاژن کەوتم. لە ژووری قاوەڵتیدا، کترییەکی تەنەکە لەسەر مەقەڵییەکی درێژکۆلەی جوان دانرا بووو گیزە گیز دەکولا. لەوێ چایەکی پڕ ڕەنگو کێکی دامێ. بەڵام خۆی بەبیانووی ئەوەی خەوی دەزڕێ، چای نەخواردەوە. پرسیم:

"مامۆستا زۆر جاران بۆ شیڤ دەچێتە دەرێ؟"

"نا، ماوەیەکە پێدەچێ حەزی لە دیتنی خەڵکی نەبێ."

هیچ جۆرە نیگەرانییەك بەو قسانەی مامۆستا ژنەوە دیار نەبوو، بۆیە زیاتر زاتم پەیدا کردو پرسیم: "دیارە تۆ تاقە کەسی کە مامۆستا حەزدەکات لەگەڵت بێ."

"نا، هەرگیز. لە چاوی ئەودا وەکو هەموو خەڵکی دیکەم."

گوتم:

" ئەمە ڕاست نییە. بە خۆت چاك دەزانی ئەمە ڕاست نییە."

"مەبەستت چیە؟"

"پێموایە، هێندە هۆگرو دڵبەندی تۆ بووە، خەڵکی تری لەبەرچاو کەوتووە."

"هەست دەکەم، خوێنەواری بەرز، وای لێکردویت لەزەت لە گەنگەشەی نەزۆك ببینی. دەبوایە بیر لەوە بکەیتەوە کە ناشێت هۆگری من ببێت، چونکە من بەشێکم لەو جیهانەی کە ڕقی لێیەتی."

"ئەمە ڕاستە. بەڵام لەم حاڵەدا هەق بەوە."

"با واز لە گەنگەشە بێنین. خێڵی پیاوان بەو پەڕی لەزەتو جددییەوە موناقەشەی هەموو شتێك دەکەن. زۆرجار لە خۆم پرسیوە ئێوەی خێڵی پیاوان، چۆن دەتوانن، ئەوەندە بە دیار پەرداخە ساکی بە تاڵەوە دانیشنو بێزار نەبن."

هەستم کرد قسەکانی هەندێ ڕەقن. بەڵام هیچ خراپەیەکیان بۆ من تیا نەبوو. مامۆستاژن ئەوەندە مۆدێرن نەبوو کە لەزەت لە نمایشی تواناو بەهرە ئەقڵییە زاڵەکانی بدینێ. زۆری ستایشی ئەو شتە شاراوەیەی کانگای دڵی بەشەری دەکرد.

*

حەزم دەکرد بەتانی قساندا بچم. لێ دەترسام بە یەکێك لە پیاوە گەنگەشەکارو سوێرە قسەکانم بزانێ، بۆیە بێدەنگ بووم.
"چای دیکە دەخۆیت."
مامۆستا ژن کە بینی، گەوجانە دەڕوانمە کوپە بە تاڵەکە، بەو پەڕی نەزاکەتەوە ئەو قسەیەی کرد. خێرا کوپەکەم دایە دەستی.
"چەند کلۆ؟ یەکێ؟ دووان؟"
لە کاتێکا بەدەم ئەو قسەیەوە تێی دەڕوانیم بە ئامێرێکی غەریب کلۆیەك شەکری هەڵگرت. پیاو ڕاست بڵێ، هەوڵی نەدەدا ڕەزامەندی من بە دەست بێنێ، بەڵام هەوڵی دەدا بە ڕەفتاری جوانی، کاریگەری‌و باندۆری قسە ڕەقەکانیم لە دڵ بسڕێتەوە.
بە بێدەنگی چایەکەم خواردەوە. کە لە خواردنەوەی چایەکەش بوومەوە هەر بێدەنگ بووم.
گوتی: "لەوە دەچێ قسەت پێ نەمابێ."
"چ بکەم. نامەوێ لە سەر قسان سەرکۆنە بکرێم."
"دەی. دەی گوێ مەدەیە."
دووبارە کەوتینەوە قسان. قسەیەك لێرەو قسەیەك لەوێ، هاتینەوە سەر باسی مامۆستا. گوتم: "ڕێم دەدەی قسەکانی پێشووم تەواو بکەم؟ ڕەنگە وا بزانی لە زیادە ئەو قسانە دەکەم، هەر بۆ فشە ئەو قسانە بکەم. بەڵام نا، باوەڕبکە، زۆر بە جددی‌و بە ڕاستیم بوو."
"دەیسا باشە."
"پێت وانییە، ژیانی مامۆستا بەبێ تۆ وەکو ئێستا دەبێ؟"
"ئەلهەقی نازانم. بۆچی لە مامۆستا خۆی ناپرسیت؟ باشترو دروستر وایە لە خۆی بپرسیت."
"تکایە من زۆر بە جددیمە. خۆت لە پرسیارەکەم مەبوێرە. خۆزگە ڕاستیت پێدەگوتم."
"بەڵام من بە ڕاستمە، باوەڕبکە نازانم."
"کەواتە با پرسیارێکت لێبکەم کە وەڵامەکەی بە تۆیە نەك بە مامۆستا. تۆ زۆر مامۆستات خۆش دەوێ؟ وانیە؟"
"بێگومان، ئەمە پرسیارێکە پێویستی بە کردن نییە!"
"یانی مەبەستت ئەوەیە وەڵامەکەی ئاشکرایە؟و پرسیارەکەی من گەوجانەیە؟"
"تەقریبەن".
"باشە مامۆستا ئەگەر لە پڕ هاوڕێیەکی دڵسۆزی وەکو تۆ لە دەست بدات چی بەسەر دێت؟ پێدەچێ لەزەتێکی کەم لەم دنیایە بدینێ. بەبێ تۆ چی دەکات؟ من نەمگەرەکە بزانم چ وەڵامێکی ئەم پرسیارە دەداتەوە.دەمەوێ بزانم تۆ چۆن بیردەکەیتەوە، پێتوایە شادمان دەبێت یان کۆڵەوارو خەمبار؟"
"ئەوەی ڕاستی بێ من وەڵامەکە دەزانم. هەرچەندە مامۆستا پێی وایە نازانم، مامۆستا بەبێ من هەڵناکات، کۆڵەوارو داماو دەبێت. بەڵێ! بەبێ من، ڕەنگە هەر ئارەزووی ژیانیشی نەمێنێ، بەبێ من هەڵناکات. ڕەنگە ئەمە وەکو جۆرە بەخۆ فشینێکی من بێتە بەرچاو. بەڵام بە ڕاستی باوەڕم

وایە کە لەم دنیایەدا هیچ کەسێك ناتوانێ وەکو من شادی بکات. یانی شادی ئەو بە منەوەیە. ئەگەر ئەم قەناعەتەم لە لا نەبوایە هەرگیز بەم شێوەیەی ئێستا لە خۆم ڕازی نەدەبووم"

"هەڵبەتە دەبێ مامۆستا بەم قەناعەتەی تۆ بزانێت."

"ئەمەیەیان مەسەلەیەکی ترە."

"هێشتاش سووری لەسەر ئەوەی مامۆستا ڕقی لێتە، دەتبوغزێنێ؟"

"ئۆ، نا، هەرگیز بۆ ساتێکیش ئەوەم بە بیردا نەهاتووە کە ڕقی لێم بێت، یانی بمبوغزێنێ. هیچ هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ڕقی لێم بێتەوە. بەڵام وەکو بە خۆت دەبینی لەوە دەچێت هەندێ بێتاقەتو بڕێك لەم دنیایە بێزار بێت. ڕاستت دەوێ، مامۆستا ماوەیەکە لە خەڵکی بێتاقەتو بێزارە. کاتێ کە دەبینم منیش یەکێکم لە بوونەوەرانی ئاکنجی ئەم دنیایە، باوەڕناکەم من لەم هاوکێشەیە بپەڕێنێ. ڕەنگە بە هەمان چاو سەیری منیش بکات."

لەوەوە، کەوتمە ئەوەی باشتر لە مامۆستاژن بگەم.

*

بە ڕاستی توانایەکی سەیری هاوسۆزیو تێگەییشتنی هەبوو. هەروەها ئەوەشم زۆر بەدڵ بوو کە بە گوێرەی مۆدو باوی ئەو ڕۆژگارە، خۆی ڕادەستی بەکارهێنانی وشەو زاراوەی (مودێرن) نەکردبوو، هەرچەندە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی، ڕەفتاری ژنە ژاپۆنییەکی محافەزەکار نەبوو.

من گەنجێکی تا ڕادەیەك سادەو ساویلکە بووم، بۆ نموونە، لە دنیای مندا ژن نەبوو، زۆر بێگانەو نامۆ بوون. دروستە، من وەکو پیاو، بە غەریزە ئارەزووی ئافرەتم دەکرد، بەڵام ئارەزوویەکی ئاڵۆزو گۆنگی خەون ئاسا، وەکو چۆن پیاو کاتێ هەورێکی جوان بە ئاسمانێکی بەهارییەوە دەبینێ، ئارەزوویەکی ئاڵۆزی لە دڵو دەروون دەگەڕێت. کە ڕوو بەڕوو خۆم دەگەڵ ئافرەتێکدا دەبینییەوە، لە پڕ ئەو ئارەزووەم دادەمرکایەوە. بەڵام دەگەڵ مامۆستا ژندا وانە بووم. کە دەگەڵ ئەودا دەبم، تەنانەت هەست بەو بۆشاییە زەینییەش ناکەم کە بەزۆری پیاوانو ژنان لێکدی جیا دەکاتەوە. پیاو ڕاست بڵێ زوو بەزوو ئەوەم بیرچووەوە کە ئەمە ژنە، وام لێهات بە بەشێکم لەو تاقە کەسە دەزانی کە دەمتوانی گرێی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە، بیکەم بە شەریکی ڕازی ڕاستگۆیانەی خۆم، هاوسۆزی دەگەڵ بکەم، واتە بە بەشێکم لە مامۆستا دەزانی. گوتم: "بیرتە جارێکیان لێم پرسیت کە مامۆستا بۆچی لە دنیای دەرەکی دوورە پەرێزە، وەڵامت دامەوە کە جاران وانەبوو؟"

"بەڵێ بیرمە، و بەراستیش دوورە پەرێزو گۆشە گیر نەبوو."

"ئەدی چۆن بوو؟"

"کەسێك بوو بە دڵی تۆ، بە دڵی من. گەشبینو پڕ هیواو ورە بەرز."

"ئەدی بۆچی لە ناکاو گۆڕا ؟"

"گۆڕانەکەی لە ناکاو نەبوو. بەرە بەرە ڕووی دا."

"بە درێژایی ماوەی گۆڕانەکە تۆ لەگەڵی بوویت؟"

"ئەی مانای چی. من ژنی بووم."

"کەواتە بێگومان هۆی گۆڕانەکەی دەزانی."

"بۆ نەگبەتی، نەخێر. من کە ئەمە دەڵێم دەپەشۆکێم، چەند بیردەکەمەوە، سەردێنم و سەردەبەم، پێناچێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدۆزمەوە. تەسەور ناکەیت چەند جار لێی پاڕاومەتەوە هۆی ئەو گۆڕانەیم پێ بڵێ."

"کە پرسیاری لێدەکەی چیت جواب دەداتەوە؟"

"دەڵێت هیچی پێ نییە تا پێم بڵێت، و پێویست بەوە ناکات نیگەران بم. هەروەها دەڵێت شتێك لە تەبیعەت و سروشتیدا هەیە لە خۆڕا و بەو جۆرە دەگۆڕێت."

من هیچی ترم نەگوت و ماموستاژن بێدەنگ بوو.هیچ دەنگێك لە ژووری کارەکەرەکەشەوە نەهات. دزەکەم هەر لە بیریش نەما. لە ناکاو لێی پرسیم:

"بەڕای تۆ ئەمە خەتای منە؟" گوتم: "نەخێر." گوتی: "تکام وایە بە ڕاستی رەئی خۆتم پێ بڵێیت. حەزناکەم ژێراو ژێرو لە دڵی خۆتا من بە خەتابار بزانیت. تکایە ئەوە بزانە کە من ماموستام خۆشدەوێت و بە خەیاڵی خۆم، بۆ یارمەتی دانی ئەو دریغی لە هێچ شتێك ناکەم."

گوتم: "من دڵنیام ماموستا بەوە دەزانێت، تکایە خۆت شپرزە مەکە. باوەڕم پێبکە ماموستا بەوە دەزانێت."

پشکۆکانی نێو مەقەڵییەکەی ڕێکخستەوەو سوارحییەکی هەڵگرت و هەندێ ئاوی لە کتری سەر مەقەڵییەکە کرد، کترییەکە لە گیزە گیز وەستا.

"ئاخری خۆم پێنەگیراو، داوام لێکرد بە ڕاشکاوی پێم بڵێ ئاخۆ من هیچ هەڵەیەکم کردووە. پێمگوت، ئەگەر هەڵەکانی خۆمم پێ بڵێت، بەپێی توانا هەوڵدەدەم ڕاستیان بکەمەوە. وەڵامی دامەوە کە من هیچ هەڵەو قسورێکم نییە، بەڵکو ئەم بە خۆی جێگەی گلەییە. بە وەڵامەکەی زۆر خەمگین بووم. وەڵامەکەی هێنامیە گریان، کردیە کارێك داوای لێبکەم هەر هەڵەیەکم کرد، یەکسەر ئاگادارم بکاتەوە."

کە چاوم هەڵبڕی دیتم ماموستا ژن بەدەم ئەو قسانەوە ڕوندك زاییە چاوانی.

*

بۆ یەکەمجار، هەستم کرد ماموستا ژن، ئافرەتێکی زیرەکە. بەڵام بەرە بەرە شێوازی قسە کردنەکەی گۆڕا، سەیرم کرد نەك هەر زەین و مێشکم بەڵکو دڵ و دەرونم دەوڕوژێنێ.

هیچ دڕدۆنگییەك لە نێوان ماموستاژن و ماموستادا نەبوو. لە راستیدا هیچ هۆیەکیش بۆ دڕدۆنگی لە ئارادا نەبوو. بەڵام وێڕای ئەوەش جۆرە ساردییەك لە نێوانیاندا هەبوو، ماموستا ژن هەرچی دەکرد و دەکۆشا، هۆی ئەم ساردییەی بۆ لە بنج و بناوان نەدەکرا. بە کورتی ئەوەی لێ بوو بوو بە مەراق. بۆیە وای تەسەورو وێنا دەکرد مادامێکی ماموستا لە دنیا تۆراوەو زۆری ڕق لە دنیا هەستاوە، بێگومان ئەویش وەکو بەشێك لە خەڵك وخوا، مایەی ئەم ڕق و بوغزەی ماموستایە. یانی لە ڕقی ماموستا بەدەر نییە. بەڵام بەیدەتوانی قەناعەت بە دروستی ئەم لێکدانەوەیەی خۆی بکات. جا ئەم خانمە بەرێزو بەلەنگازە نەشی دەتوانی خۆی لەو هزرینەش ببوێرێ کە رەنگە پێچەوانەی ئەو لێکدانەوەیە دروست بێت، مەبەستم ئەوەیە: کە ماموستا بە

هۆی ئەوەوە لە دنیا تۆرا بێ، دنیای لەبەرچاو کەوتبێ. بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نەبوو کە ئەم گومانەی خۆی بسەلمێنێ. ڕەفتاری مامۆستا دەگەڵیا، ڕەفتاری مێردێکی میهرەبان بوو. لەگەڵیا نەرمو نیانو بە نەزاکەت بوو، ڕێزی هەموو مافێکی دەگرتو زۆری مدارا دەکرد. کەواتە ئەمە ئەو رازە بوو کە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، بەدەم خەمو پەژارەیەکی ئاساییەوە، لە دڵی خۆیدا هەڵی گرتبوو، ئەو شەوە بۆ منی هەڵڕشت. گوتی:

"تۆ چۆنی دەبینی؟ بە هۆی منەوە وای لێهاتووە یان بە هۆی رەئی خۆیەوە بەرانبەر بە ژیان؟ تکایە، هیچ شتێکم لێ مەشارەوە."

بەنیاز نەبووم هیچ شتێکی لێ وەشێرم. بەڵام چونکە هەموو رازێکی ژیانی مامۆستام نەدەزانی، نەم دەتوانی دڵی مامۆستا ژن خۆش بکەمو ئاسودەی بکەم.

گوتم: "ئەوەی ڕاستی بێ من نازانم."

جۆرە نائومێدییەك نیشتە سەر سیمای، زۆرم بەزەیی پێیدا هاتەوە. بەلەز گوتم: "بەڵام دەتوانم دڵنیات بکەم کە مامۆستا ڕقی لێت نییە. ئەمە قسەی خۆیەتیو من وەکو خۆی پێتی دەگەیەنم. بە خۆتیش دەزانی مامۆستا لە ملی بدەی درۆ ناکات." مامۆستاژن ورتەی لێوە نەهات، دوای ماوەیەکی کورت، دووبارە دەستی بە قسان کردەوە.

"شتێکم بیرکەوتەوە.."

"مەبەستت ئەو شتەیە کە لەگینە هۆی ئەم گۆڕانەی مامۆستای پێ لێك بدرێتەوە؟"

"بەڵێ، ئەگەر ئەو شتە هۆی گۆڕانەکەی بێت، ئەوا ئەو شتە لەو کاتەدا پەیوەندی بەمنەوە نەبووە. خۆ ئەگەر لەو شتە دڵنیا بوایەم، هەنگێ بەلای کەمەوە دڵم کەمێك ئاسوودە دەبووو دەهێوری."

"پێم ناڵێی ئەو شتە چییە؟"

دەستەکانی لە باوەشیا تێك ئاڵا بوون، کەمێك سڵەمییەوەو ڕوانییە دەستەکانی. گوتی:

"با پێت دەڵێم. تۆش دەبێ مێشکی خۆتم بۆ بکەیەوە."

"ئەوەندەی بتوانم، درێغی ناکەم."

"هەموو شتێکت پێ ناڵێم. چونکە ئەگەر شتی وا بکەم مامۆستا زۆرم لێ تۆڕە دەبێت. هەندێ لایەنی چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە، یانی ئەو لایەنانەی ئەگەر مامۆستا بشزانێ بۆم گێڕاویتەوە پێی قەڵس نابێت."

لە ناخی خۆدا هەستم بە پەشۆکانێکی زۆر کرد.

"کە مامۆستا هێشتا خوێنکاری زانستگە بوو، هاوڕێیەکی ئازیزی هەبوو. ئەم هاوڕێیەی لە ئاخرو ئۆخری خوێندنەکەیداو بەر لەوەی دەرچێ. مەرگ بەرۆکی گرت. کوتو پڕ مرد."

ئەوسا بە دەنگێکی چپە ئاسا لە سەری ڕۆیی:

"لە راستیا، مردنەکەی مردنێکی ئاسایی نەبوو."

بە شێوەیەك ئەو قسەیەی کرد، بە خۆم نەوەستامو یەکسەر لێم پرسی: "چۆن؟"

"ناتوانم لەوە زیاترت پێ بڵێم. لە دوای مردنی ئەم هاورێیەوە ئیدی مامۆستا بەرە بەرە گۆڕا. هەڵبەتە من هۆی مردنەکەی نازانم. بە گومانم لەوەی مامۆستاش بزانێت. کەچی کاتێ مرۆڤ ئەوەی بیر دەکەوێتەوە کە گۆڕانەکە دوای مردنەکەی ئەو روویدا، لە دڵی خۆیدا دەپرسێت تۆ بڵێی بە ڕاستی مامۆستا پێی نەزانی."

"ئەوە هەمان برادەرە کە لە گۆڕستانی زوشیگایا نێژراوە؟"

"ئەمەش لەو شتانەیە کە بۆم نییە باسی بکەم. بەڵام ئایا دەشێت پیاو تەنیا لەبەر مردنی هاورێیەکی بەو شێوەیە بگۆڕێت؟ چەند حەزدەکەم ئەمە بزانم. دەمەوێ ئەمەم تێ بگەیەنیت."

ناچار بووم دان بەوەدا بنەم کە من، باوەڕناکەم مردنی هاورێیەك بە تەنیا، ئەو جۆرە گۆڕانە دروست بکات.

*

بەگوێرەی توانای خۆم هەوڵمدا دڵی مامۆستاژن بدەمەوە. هەستم دەکرد ئەویش بە هاونشینی من ئاسودەو دڵخۆشە. لەسەر باسی مردنی هاورێکەی مامۆستاو گۆڕانی رەفتاری مامۆستا لە دوای مردنی هاورێکەی بەردەوام بووین. بەهەرحاڵ شتێکی ئەوتۆم لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، لێوە نەزانی کە بتوانم یارمەتییەکی زۆری بدەم. لەوەش نەدەچوو مامۆستا ژن، زانیارییەکی زۆری لەو بارەیەوە هەبێت، نیگەرانیەکەشی لە سووکە گومان زیاتر نەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ئازادییەی نەبوو هەموو زانیارییەکی خۆی لەو بارەیەوە، بخاتە بەردەستم، ئیدی هەردووکمان، من کە دەمویست ئاسوودەی بکەمو ئەو کە دەیویست بە هاونشینی من خۆی ئاسوودە بکات، نائومێدانە کەوتینە بەحری بێ بنی نیگەرانییەوە.

نزیکەی سەعات (دە) بوو کە گوێمان لە دەنگی پێی مامۆستا بوو کە لە دەرگاکەی پێشەوە نزیك دەبووەوە. مامۆستاژن وەك بڵێی هەموو ئەو مەسەلانەی لە بیرکرد کە باسمان دەکردن، بەپەلە هەستاو بەرەو پیری چوو. منی بە تەنیا بەجێهێشت، هەر لە بیریشی نەمام. دوای مامۆستاژن کەوتم. کارەکەرەکەیان، وادیاربوو لە ژوورەکەی خۆیدا خەو بردبوویەوە، بۆیە لە هۆڵەکەی پێشەوە نەبینرا تا پێشوازیو خێرهاتنەوەی ئاغای بکات.

پێدەچوو مامۆستا مجێزو کەیفی تاڕادەیەك قنج بێ. ژنەکەی لە بارێکی دەروونی باشتردا بوو. فرمێسکەکانی چاوی نەمان، نیگەرانی سیمای ڕەوییەوە، مجێزی تەواو گۆڕا. هەڵبەتە گومانم لە دڵسۆزییەکەی نەبوو. بەڵام هەستم دەکرد، وەکو هەندێ لە ژنان بەدەم قسانەوە ختوکەی سۆزی دەدام. بەهەرحاڵ هەرچەندە حەواسم پەرت بوو، بەڵام زۆر خۆشحاڵ بووم کە بەو شادمانییە دەمبینی. لە دڵی خۆدا بە خۆم گوت پێویست ناکا نیگەران بیت. مامۆستا بزەیەکی بەروودا دامو گوتی: "زۆر سوپاست دەکەم، ئەزیەتت کێشا. بەهەرحاڵ نەهات؟"و لەسەریی رۆیی: "بێ تاقەت بووی؟"

لە کاتێکا لەسەر پێ بووم کە بڕۆم، مامۆستاژن گوتی: "ببورە، ئەزیەتم دایت." پێدەچوو عوزرخواییەکەی لەبەر ئەوە نەبێت کە وەختێکی زۆری لە خوێنکارێکی مژوڵی خوێندن گرتووە، بەڵکو زیاتر لەبەر پەیدا نەبوونی دزەکە بوو، و ئیدی بەو شێوازە کۆمیدییە دەری بڕی. ئەوجا

پاشماوەی کێکەکەی بۆ لە کاغەزێکەوە پێچام‌و دایمێ تا لەگەڵ خۆدا بۆ ماڵی خۆمی ببەمەوە. کێکەکەم لە بەرکم ناو بەو تاریکە شەوە ساردە وەدەرکەوتم. بە پەلە پێچ‌و کوچەو کۆڵانە چۆڵەکانم بەرەو شەقامە قەرەباڵغەکان بڕی.

بەدوورو درێژی رووداوەکانی ئەو شەوەم نووسینەوە، ئەمڕۆکە هەست بە گرینگی ئەو کارەم دەکەم. بەڵام ئەو شەوە، کاتێ کە لە ماڵی مامۆستا وەدەرکەوتم‌و کێکەکەم لە گیرفاندا بوو، قسەکانی نێوان خۆم‌و مامۆستا ژنم بە هەند وەرنەگرت، یانی هەموو قسەکانم لەلا ئاسایی بوو. بۆ رۆژی دوایی، دوای دەرس‌و محازەران، وەکو هەمیشە بە نیازی فراڤین بۆ ماڵەکەی خۆم گەڕامەوە. کێکەکەم، ئەوەی کە مامۆستاژن پێی دابووم، لەسەر مێزەکە داناو کردمەوەو دەستم بە خواردنی پارچەیەکی کرد. بیرم لەو ژن‌و مێردە کردەوە کە ئەو کێکەیان دابوومێ، لە دڵی خۆدا گوتم بێگومان پێکەوەو دەگەڵ یەکدا شادمانن.

پاییز بەسەلامەتی تێ پەڕی. جلەکانم هەڵگرت کە بۆ مامۆستا ژنیان بەرم تا بۆمیان بدورێتەوەو چاك بکاتەوە، ئەوە یەکەم جارم بوو کە بایەخ بە جلەکانم بدەم. ئەویش بەو پەڕی میهرەوە لێ وەرگرتم. تا خۆی پێوە مژول بکات، بەتایبەتی کە منداڵی نەبوو.

جارێکیان گوتی: "ئەمە دەستچنە." ئاماژەی بۆ پاڵتۆکەم کرد. "من کارم لە تەنراوی وا باش دا نەکردووە. درونی زۆر زەحمەتە. تا ئێستا دوو دەرزیم تیا شکاندووە."

که ئەو گلەییەی کرد هیچ ناڕەحەتیەکی ڕاستەقینە بە دەنگییەوە دیار نەبوو.

*

ئەو زستانە ناچاربووم بۆ شارۆچکەکەی خۆم بڕۆمەوە. نامەیەکی دایکم پێ گەیی دەڵێت نەخۆشییەکەی بابم زۆر خراتر بووە، هەرچەندە وەزعی زۆر مەترسیدار نییە، بەڵام وا چاترە ئەگەر بکرێ سەریان بدەم. هەڵبەتە بابم، وەکو لە نامەکەشدا بیرم خرابووەوە، پیاوێکی بە تەمەن‌و پیر بوو. ماوەیەك بوو تووشی ئازاری گورچیلە بووبوو. نەخۆشییەکەی بابم، وەکو نەخۆشی زۆربەی خەڵکانی پیر، بەدرێژاو بەردەوام بوو. بەڵام بابم‌و هەموو کەس‌و کار، پێیان وابوو، پارێزی باش‌و بەخۆڕا گەییشتن، بۆی هەیە نەخۆشی بپەڕێنێ، زۆرجار لەلای میوانەکانی، خۆی هەڵدەکێشاو دەیگوت ئەگەر بەخۆی ڕانەگەیباو پارێزی نەکردبا، ئێستا دەمێ بوو نەمابوو.

بەهەرحاڵ، حاڵی لەوە خراپتر بوو کە وێنامان دەکرد. بە گوێرەی نامەکەی دایکم، بەدەم پیاسەی ناو باخەکەوە بورابووەوەو کەوتبوو. لە سەرەتادا گومانی سووکە سەکتەیەکیان لێ کردبوو، بەڵام ئەو دکتۆرەی پاشان پشکنینی بۆ کردبوو، گوتبووی گورچیلەی نەخۆشەو هۆی بورانەوەکەشی ئەوەبووە.

جا لەبەر ئەوەی وەختی پشووی زستانە نزیك بوو، بۆیە بە پێویستم نەزانی یەکسەرو بەپەلە بڕۆمەوە، بڕیارم دا یەکجاری دوای تەواو بوونی وەرزی خوێندن، واتە لە پشووی زستانەدا بڕۆمەوە.

یەك دوو ڕۆژێك دوای گەییشتنی نامەكەی دایكم كەوتمە گومان‌و دوودڵییەوە. وام هەست دەكرد بابم لە جێگەدا كەوتووەو دایكم پەرۆشی ئەوە، بۆیە لێبڕام بە پەلە بڕۆمەوە. پارەی تەواوم پێ نەبوو بۆ كرێ قیتار، تاقەتی ئەوەشم نەبوو نامەیەك بۆ كەس‌و كار بنێرم كە پارەم بۆ بنێرن‌و پاشان چاوەڕوانی ئەوەبكەم تا پارەكەم دەگاتێ، بۆیە لێبڕام بچم بۆ لای مامۆستاو قەرزی لێبكەم. بەهەرحاڵ دەمویست هەم سەری لێبدەم‌و هەم خواحافیزیشی لێبكەم.

مامۆستا تووشی هەڵامەت بوو بوو، چونكە نەیدەتوانی بێتە دەرێ بۆ ژووری دانیشتن، بۆیە بانگ كرام كە لە ژوورەكەی خۆی، لە نووسینگەكەیدا ببینم. هەرچەند ئەو زستانە، زستانێكی بە هەورو هەڵابوو،كەچی ناو ژوورەكەی یەكپارچە تیشكی هەتاو بوو. وێڕای ئەوەش مامۆستا مەقەڵییەكی گەورەی ئاگری لە ژوورەكەدا دانابوو، دەفرێكی مەعدەنی پڕ لە ئاو نرابووە سەر مەقەڵییەكە، تا هەڵمی ئاوەكە هەناسەی مامۆستا خۆش بكات. مامۆستا بزەیەكی خەمینی بە رووودا دام‌و گوتی: "خۆزگە بەڕاستی نەخۆش دەكەوتم‌و تووشی ئەم پەسیوە پیسە نەدەبووم."

گوتم: "نا، من تەحەمولی سەرمای ئاسایی دەكەم، یانی سەرمام پێ خۆشترە لە نەخۆشی قورس مامۆستا. دڵنیام ئەگەر تووشی نەخۆشی ڕاستەقینە ببیت هەمان هەست‌و بیركردنەوەی منت لەلا چێدەبێت."

"دورستە. پیاو ڕاست بڵێ، ئەگەر قەرار بێ تووشی نەخۆشی راستەقینە ببم، خۆزی خوازم كە نەخۆشییەكی كوشندە بێت."

زۆر گوێم بە قسەكانی مامۆستا نەدا، نامەیەكی دایكم دەرێناو داوای قەرزم لە مامۆستا كرد. گوتی: "بەسەرچاو. ئەگەر داواكەت هەر ئەمە بێ، دڵنیام دەتوانین هەر ئێستا چەندت دەوێ بتدەینێ."

مامۆستا گازی مامۆستا ژنی كردو داوای لێكرد بڕە پارەكە بێنێ. هاتەوەو پارەكەی بەو پەڕی نەزاكەتەوە لە سەر پارچە كاغەزێكی سپی داناو گوتی: "بێگومان نیگەرانیت" مامۆستا پرسی: "چەند جار بوراوەتەوە؟"

"دایكم باسی ئەوەی نەكردووە. باشە ئاساییە پیاو لەو حاڵەتەدا ببورێتەوە؟"

"بەڵێ"

پاشان زانیم كە خەسووی مامۆستا كاتی خۆی بە نەخۆشیەكی گورچیلەی لەو بابەتە مردووە. گوتم: "بەهەرحاڵ، پێناچێت تەندروستی بابم باش بێت." مامۆستا گوتی: "باوەڕ ناكەم. خۆزگەم بە خۆی. باشە دڵی تێك هەڵدێت ؟"

"نازانم، لەوەیە.. نا، لە نامەكەدا باسی شتی وانەكراوە."

مامۆستا ژن گوتی: "مادام دڵی تێك هەڵنایەت‌و ناڕشێتەوە ترسی لەسەر نییە." هەر ئەو شەوە سواری قیتار بووم‌و تۆكیۆم بەجێهێشت.

*

باوكم ئەو نەخۆشە پەریشانە نەبوو كە من وێنام دەكرد. كە گەییمەوە ماڵێ، سەیرم كرد لە جێگادا دانیشتووە. گوتی: "من بۆیە بەم شێوەیە لە جێدا دادەنیشم تا كەس نیگەرانم نەبێت.

ڕاستت دەویٚ هەست دەکەم توانای ئەوەم هەیە لە جێگە هەستم." بۆ سبەینێ بە پێچەوانەی ئارەزووی دایکمەوە لە جێگە هەستا. دایکم گوتی: "چونکە تۆ لێرەی، بابت قەناعەتی بە خۆی کردووە کە تەندروستی باشە." بەڵام هەستم نەدەکرد لەبەر دڵی من زاتی وەبەر خۆی نابێ. برا گەورەکەم لە شارێکی دوور، لە شاری (کاپوشو) کاری دەکرد، بۆیە ئەگەر زۆر پێویست نەبوایە، نەیدەتوانی سەردانی بابم بکات. خوشکە گەورەکەشم بە مێرد بوو.لە دەڤەرێکی دیدا دەژیا. ئەویش نەیدەتوانی بە ئاسانی سەردانی شاروچکەکەمان بکات. بۆیە لەبەر ئەوەی من خوێنکار بووم، لە خوشك‌و براکەم بارم سووکتر بوو، داك‌و بابم بە تەنیا جوابیان لە من گێڕابووەوە کە بچمەوە بۆ شاروچکەکەمان‌و سەریان بدەم.

بابم زۆری پێ خۆش بوو کە دوای وەرگرتنی نامەکەی دایکم، چاوەڕوانی تەواو بوونی فەسڵی یەکەمی خوێندنم نەکردبووو، یەکسەر گەڕابوومەوە. بابم گوتی: "ببورە کە لە خوێندمان کردیت، ئەم سووکە نەخۆشییەیان لێکردم بەهەڵڵا. دایکت چەندین نامەی لە مبارەیەوە نووسی." پێدەچوو بە تەواوەتی هاتبێتەوە تایمی خۆی. گوتم: "ئاگات لە خۆ بێت، دەنا نەخۆش دەکەویتەوە." بە ڕوویەکی گەشەوە گوتی: "خەمت نەبێ. من هەمیشە هەر ئاگام لە خۆبووەو بە خەمی تەندروستی خۆمەوە بووم."

پیاو ڕاست بڵێ هەستم دەکرد بابم زۆر باشەو عەیبی نییە. بە دەوری ماڵەکەدا سوڕایەوە بەبێ ئەوەی هیچ بێتاقەتییەکی پێوە دیاربێت. دروستە، ڕەنگی زۆر زەرد بوو، بەڵام چونکە ئەم ڕەنگزەردییە نیشانەی نەخۆشیەکی تازە نەبوو، زۆر بەهەندمان نەگرت."

سوپاسنامەیەکم بۆ مامۆستا نووسی کە ئەو قەرزەی دابوومێ. لە سوپاسنامەکەدا ئاگادارم کردەوە کە لە مانگی کانونی دووەمدا بۆ تۆکێو دەگەڕێمەوەو، ئەگەر پەلەی نییە هەرکە گەڕامەوە قەرزەکەی دەدەمەوە. هەروەها ئاگادارم کردەوە کە تەندروستی باوکم لەوە باشترە کە تەسەورم دەکرد، بۆیە جارێ جێگەی نیگەرانی نییە، هەروەها نە دەبورێتەوەو نە دڵی تێکهەڵدێت. لە کۆتایی نامەکەدا، زۆر بە نەزاکەتەوە لە نەخۆشی‌و سەرما بوونەکەیم پرسی، کە بەلای منەوە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. من نامەکەم کە نووسی بەتەمای وەڵامی مامۆستا نەبووم. دوای ئەوەی نامەکەم بە پۆستەدا نارد، باسی مامۆستام بۆ دایك‌و باوکم کرد، بەدەم قسانەوە، بیرم چووە سەر مامۆستا کە لە نووسینگەکەی خۆیدا بوو.

"بۆچی کە گەڕایتەوە بۆ تۆکیۆ، هەندێ کارگی وشکەوە کراوی بۆ نابەیت."

"سوپاست دەکەم. بەڵام نازانم ئاخۆ مامۆستا شتی وەکو کارگی وشکەوەکراو دەخوات یان نا."

"لەوەیە کارگ خواردنێکی بەلەزەت‌و ئیشتیابزوێن نەبێ، بەڵام کەس نییە حەزی لێی نەبێت."

بەهەرحاڵ، هەرچیم دەکرد، باوەڕم نەدەکرد مامۆستا حەز لە کارگی وشکەوەکراو بکات.

زۆرم پێ سەیر بوو کە نامەیەکی مامۆستام پێ گەیی. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کاتێ کە خوێندمەوە، هەستم کرد بەبێ هیچ مەبەستێکی تایبەتی نووسراوە. تەنیا لوتفی نواندووەو حەزی کردووە وەڵامی نامەکەم بداتەوە، هەڵبەتە زۆرم پێ خۆش بوو ئەو زەحمەتەی کێشاوەو وەڵامی داومەتەوە.

جا ئەگەر وام نواند بێت، منو مامۆستا نامەو نامەکاری زۆرمان لە نێوان بوو، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە بە درێژایی ئەو ماوەیەی مامۆستام ناسی تەنیا دوو نامەی ئەوم پێ گەییوە، کە ئەویش زۆر زەحمەتە ناوی نامەیان لێبنرێت، یەکێکیان ئەو نامە سادەیە بوو کە نها باسم کرد، ئەویتریان نامەیەکی درێژ بوو، کە بە ماوەیەکی کورت بەر لە مردنی بۆی نووسی بووم.

جا بابم چونکە هەر کارو چالاکییەکی لێقەدەغە کرابوو، کە لە جێگەش هەستایەوە هەر لە ماڵەوە بوو. جارێکیان، لە رۆژێکی هەتاودا، چووە دەرێ بۆ نێو باخەکە. لە ترسی ئەوەی نەبا شتێکی لێ بێت، لەگەڵی چووم. کە ویستم قەناعەتی پێبکەم دەست بە شانی منەوە بگرێت، دەستی بە پێکەنین کردو بە گوێی نەکردم.

*

جا بۆ ئەوەی بێتاقەت نەبێو خۆی لە بیربکات، زۆرجار گەمەی شەترەنجم دەگەڵی دەکرد. هەردووکمان بە تەبیعەت زۆر تەمەڵو تەوەزل بووین. لە عارەدی دادەنیشتینو لە ترسی سەرما سەرو لێفەمان لە بنی پێوە تا ناو قەد لە خۆوە دەپێچیا. هەرکە بەردێکمان دەجوڵاند خێرا دەستمان وەبن لێفەکە دەنایەوە، لێرا بووین، کەمو زۆر خۆمان لەبەرخاتری گەمەکە نەڕەنجێنین. هەندێجار قەڵایە دوانمان لێ ون دەبووو، وەختێ پێمان دەزانی کە دەستمان بەگێمی دووەم دەکردەوە. جارێکیان چەند بەردێکمان لێ ون بوو بوو، دایکم لە نێو پشکۆکانی ئاگردانەکەدا دۆزینیەوە، و بەمقاشێك دەری هێنان، هەڵبەتە هەموومان بە دۆزینەوەیان دڵخۆش بووین. جارێکیان باوکم گوتی: "باشی شەترەنج لەمە دایە کە خۆ سەخڵەت کردنی ناوێ، یاری تەمەڵانی وەکو ئێمەیە، پڕ بە پێستی ئێمە مانانە." باوکم هەمیشە، ئەگەر براوە بایە یان دۆڕاو، حەزی دەکرد دەستی دووەمیش بکاتەوە. قەت لە یاریی شەترەنج وەرز نەدەبوو. لە سەرەتاوە تاسەمەندی ئەوەبووم کە یاری دەگەڵ بکەم. بە ڕاستی ئەزموونێکی تازەبوو بۆ من کە بەم شێوەیە وەکو پیرەمێردانی خانەنشین بە دیار شەترەنجەوە وەخت بەسەر بەرم. بەڵام بەرە بەرە لەم ژیانە سستو رۆتینییە بێزار بووم. من گەنجێکی چالاکو خوێن گەرم بووم، بەوە سوکناییم نەدەهات هاوگەمەی بابم بم. هەندێجار لە گەرمەی گەمەکەدا، باوێشکێکی گەورەم دەدا.

بیرم لە تۆکیۆ کردەوە. هەستم دەکرد دەگەڵ هەر لێدانێکی دڵمدا ناخم لە چالاکی سەر رێژ دەبێت، پێویستم بە مومارەسەی چالاکییە. سەیرە، هەستم دەکرد مامۆستا ها بەلامەوەو هانم دەدات یەکسەر هەستمو بڕۆم.

باوکم دەگەڵ مامۆستادا بەراورد کرد. هەردووکیان لەو نموونانە بوون کە خودی خۆیان دەسڕنەوە. خودی خۆیان لە نێو دەبەن. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم خوددژییە، لە هەردووکیاندا سەبارەت بە دنیای دەوروبەریان، ئەوە دەگەیەنێ کە هەردووکیان لە خانەی مردووانداندان، مردوون. لە روانگەی خەڵکییەوە، لە خانەی نەبوواندان. بەڵام لەو کاتەیدا کە بابم نەیتوانی هیچ سوکنایییەکم پێ ببەخشێت، هیچ دڵخۆشیو سەرگەرمییەکم بۆ دابینبکات، مامۆستا کە چاوەڕێی هیچ سەر گەرمییەکم لە هاوڕێتی ئەو نەدەکرد، بەڵام لە رووی فیکرییەوە، تەواو تێری کردم. ڕەنگە بەکارهێنانی وشەی (لە رووی فیکرییەوە) زۆر بەجێ نەبێ، چونکە مانایەکی ساردو

ناشەخسی لە خۆ دەگرێت. باشتر وایە لە جیاتی ئەوە وشەی (لە رووی روحییەوە) بەکاربێنم. ئەوەی ڕاستی بێ کاتی خۆی هیچ موبالەغەیەکم لەوەدا نەدەبینی، هێزو وزەی روحی مامۆستا بەدەنی بڕیمو ژیانی ئەو ڕژایە دەمارەکانمەوە. کە حەقیقەتی هەستی خۆمم سەبارەت بەو دوو پیاوە بۆ دەرکەوت، تووشی شۆك بووم. باشە لە گۆشتو خوێنی بابم نەبووم؟

خەریك بوو بەرە بەرە لە ماڵ بێزار، دەبووم، داكو بابیشم خەریك بوو تاقەتیان لە من دەچوو. جوانی دیدارە تازەکەمان کەمو کاڵ بووەوە. لەگینە زۆربەی ئەوانەی دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا بۆ ماڵی خۆ دەگەڕێنەوە، بە هەمان ئەزموونـدا تێ پەڕیبن. لە حەوت هەشت رۆژی یەکەمی دیدارەکەدا زۆر ئازیزو خۆشەویستە، بەڵام دوای ئەوە ئەو گەرمو گوڕییە نامێنێ و یارۆی گەڕاوە ئەو ڕەونەقەی هەوەڵی نامێنێ. جا ئێستا قۆناغی یەکەمی مانەوەم لە ماڵەوە تێ پەڕی بوو. یانی ئەو ڕەونەقەی هەوەڵم نەمابوو، ئەمە جگە لەوەی هەرجارێ کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ، زیاتر دەکەوتمە ژێر کاریگەریی ژیانی تۆکیۆو زیاتر دەبووم بە شاری. دایكو بابم نە ئەمەیان لە گیان خۆش بووو، نە لێی دەگەییشتن. پێشینان گوتەنی وەکو یەکێك بووم کە هەناسەیەك لە ڕوحی مەسیحیەت بکات بە بەر ماڵباتێکی کونفوشیوسی مەزەبدا. هەڵبەتە هەوڵم دەدا هەر کاریگەرییەکی ژیانی تۆکیۆ لە سەر ژیانو ڕەفتاری خۆم بشارمەوە. بەڵام تۆکیۆ بوو بووبە بەشێك لە بوونم، لە ژیانم، ئەم گۆڕانەش لە داكو بابم شاراوە نەبوو، لە هەموو شتێك زیاتر هەستیان پێدەکرد. ئیدی بەرە بەرە لە ماڵ بێزار بووم، هەستم بەو لەزەتەی جاران نەدەکرد، بۆیە خوا خوام بوو بەپەلە بۆ تۆکیۆ بزڤرمەوە.

خۆشبەختانە، حاڵی بابم روو لە خراپی نەبوو. هەر بۆ دڵنیایی خۆمان ناردمان بە شوێن دکتۆرێکی زۆر باشی، گەڕەکێکی دووری خۆمان، کە بێتو بە وردی بابم معایەنە بکات. دکتۆرەکەش وەکو ئێمە لە سیحەتی بابم دڵنیا بوو. بۆیە لێبڕام لە زەرفی چەند رۆژێکی کەمداو بەر لە تەواو بوونی پشووی زستانە بگەڕێمەوە بۆ تۆکیۆ. بەڵام چونکە مرۆڤ بە تەبیعەت عەکسە، هەردووکیان دژی بڕیارەکەم وەستان. دایکم گوتی: "هەروا زوو بەجێمان دێڵی؟ کوێرا؟" بابم گوتی: "بەلای کەمەوە دەتوانی چوار پێنج رۆژی دی لەلامان وەمێنی." بەڵام من قەراری خۆم نەگۆڕی.

*

که گەییمەوە تۆکیۆ، سەیرم کرد هەموو سیمایەکی رازانەوەکاری ساڵی تازە لابراوە. بەڵام کە بەناو شەقامە ساردەکانی شار کەوتم، هەندێ دیمەنی ساڵی تازەم بەرچاوکەوت.

کە گەییمەوە تۆکیۆ یەکسەر چووم بۆ نك مامۆستا تا قەرزەکەی بدەمەوە. کارگی وشکەوە کراویشم بۆ بردبوو. لە دڵی خۆدا گوتم هەق وایە بۆی باس بکەم کە ئەمە چییە، بۆیە هەرکە لەبەر دەستی مامۆستا ژنم دانا بە وردی کەوتمە باسی ئەوە کە دایکم بە دیاریی بۆ ئەوو مامۆستای ناردووە. کارگەکە لە سندوقی کێك نرا بوو. مامۆستا ژن بە نەزاکەتەوە سوپاسی کردم، کە هەستا، سەندوقەکەی هەڵگرتو بۆ ژوورەکەی تەنیشتی برد. ڕەنگە سەری لە سووکی سەندوقە سوڕ مابێت، گوتی: "ئەمە چ جۆرە کێکێکە؟"

پیاو تا زیاتر تێکەڵی مامۆستاژن دەبووو،پتر هۆگری دەبوو، زیاتر سادەیی و پاکی و بێگەردیی منداڵانەی کەسێتی ئەوی بۆ دەردەکەوت.

هەر دووکیان لە سیحەتی بابیان پرسیم. مامۆستا گوتی: "وادیارە بابت ئێستا سیحەتی باشە. بەڵام دەبێ ئاگای لە خۆی بێت و لە بیری نەچێت کە نەخۆشە."

لەوە دەچوو، مامۆستا زۆر شت لەمەڕ ئەو نەخۆشیە بزانێت کە من نەمدەزانی.

مامۆستا لە سەری ڕۆیی: "کێشەی نەخۆشییەکەی بابت ئەوەیە کە نەخۆشەکە زۆرجار هەستی پێناکات. فەرمانبەرێکم دەناسی، کوتوپڕو لە خەوا بەو نەخۆشییە مرد. یانی ژنەکەی کە لەلایەوە خەوتبوو، فریای ئەوە نەکەوتبوو هیچی بۆ بکات. ئەو پیاوە شەوێ تاقە جارێك ژنەکەی خەبەرکرد بووەوەو پێی گوتبوو وەزعی باش نییە. ئیدی بۆ بەیانی مرد بوو. بۆ نەگبەتی تومەز ژنەکەی وای زانی بوو خەوی لێکەوتووەتەوە." من کە تا ئەوساتە شتەکەم بە هەند نەگرتبوو، لە پڕ ترسم لێنیشت. "تۆ بڵێی بابیشم هەمان شتی بەسەربێت؟ پیاو ناتوانێ بڵێ ئا یان نا، وانییە؟"

"دکتۆرەکەی چ دەڵێت؟"

"دەڵێت بابم هەرگیز چاك نابێتەوە. بەڵام خەمتان نەبێت، تا ماوەیەك هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە."

"زۆرچاکە، مادام دکتۆر وا دەڵێت، یانی سیحەتی باشە. ئەو پیاوەی کە بۆم باس کردیت بەخۆی خەمساردو بێ موبالات بوو، بە خۆی ڕانەدەگەیی، پارێزی نەدەکرد، سەرباری ئەوەش کابرایەکی سەرباز بووو ژیانی قورس و دژوار بوو."

ئەم سەرنجانەی دوایی مامۆستا، جۆرە سوکنایییەکی بە دڵ و دەروونم بەخشی. پاش ئەوەی مامۆستا بۆ چەند ساتێك لێم وردبووەوەو ئاسوودەیی بە سیمامەوە بینی، گوتی: "پیاوان نەخۆش بن یان ساغ، مەخلووقاتی کلۆڵ و داماون، کەس نازانێ چۆن و کەی دەمرن؟"

"تەنیا تۆ بیر لەمە دەکەویتەوە."

"وایە. ڕەنگە من ساغ بم، هیچ عەیبم نەبێت، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە بیر لە مردن نەکەمەوە."و مامۆستا سووکە بزەیەکی بۆ کرد.

"گومان لەوەدا نییە، کە پیاوانێکی زۆر هەن لە پرێکا دەمرن، بەڵام بە ئارامی و بە مردنی ئاسایی و سروشتی، هەورەها خەڵکانێکش هەن کوت و پڕ دەمرن، بەڵام بە مردنی خوێناوی و ناسروشتی."

"مەبەستت لە مردنی خوێناوی و نا سروشتی چییە؟"

"بە تەواوەتی نازانم، بەڵام... یانی تۆش پێت وانییە کە ئەو کەسانەی خۆ کوژی دەکەن، پەنا وەبەر توندو تیژییەکی نا سروشتی دەبەن؟"

"کەواتە وای دابنە تۆش لەگەڵمدای ئەوانەی کە دەکوژرێن، بە مردنێکی توندو تیژو خوێناوی و نا سروشتی دەمرن."

"من هەرگیز بیرم لە شتی وا نەکردووەتەوە، هەرگیز شتی وام بەمێشکدا نەهاتووە، بەڵام هەڵبەتە تۆ ڕاست دەکەی."

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم هەستام، خوا حافیزیم لە مامۆستا کردو بۆ ماڵەکەی خۆم ڕۆییشتمەوە. ئەو شەوە زۆر نیگەرانی نەخۆشییەکەی بابم نەبووم، هەروەها زۆریش بیرم لەو قسانە نەکردەوە کە مامۆستا دەربارەی مەرگ‌و مردن کردنی. هەموو هۆش‌و گۆشم لەلای تێزی دەرچوونەکەم بوو کە چەند جارێك دەستم دابویەو هیچم بۆ نەکرابوو. لە دڵی خۆدا گوتم، دەبێ خۆمی بۆ ئامادە بکەم، گوڕ ببەستمەوەو هەر ئێستاو یەکسەر دەست بە نووسینی بکەم.

*

قەرار وابوو لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا دەربچم، بەگوێرەی پرەنسیپانی باو دەبوایە لە کۆتایی نیساندا تێزەکەم تەواو بکەم. کە ماوەکەم ژمارد، سەیرم کرد چەند ڕۆژێکی کەمم لە بەردەم ماون، بەرە بەرە ورەم بەردا. تومەز لەو کاتانەدا کە خەڵکانی دی دەمێ بوو سەرقاڵی کۆکردنەوەی بابەت‌و سەرچاوان‌و تۆمارکردنی تێبینی‌و سەرنجان بوون، هەر من هیچم نەکرد بوو جگە لەوەی بەڵێن بەخۆم بدەم کە لە ساڵی تازەدا دەست بە ئامادەکردنی تێزەکەم بکەم.

ئەوەی ڕاستی بێ، لە بەشی یەکەمی ساڵدا دەست بەکاربووم، بەڵام زۆری پێنەچوو کە خۆم لەو پەڕی بێ توانایی زەینیدا بینییەوە، مێشکم هیچی وەرنەدەگرت، جام بوو بوو. وام خەیاڵ دەکرد هەرکە بەشێوەیەکی ئاڵۆز بیر لە هەندێ مەسەلەێن گەورەی دیاریکراو بکەمەوە، ئیدی بە ئاسانی دەتوانم چوارچێوەیەکی یەکگرتووی تەواو بۆ تێزەکەم دابنەم. بەڵام هەرکە بە جددی دەستم بەکارکرد، گەوجێتی خۆم بۆ دەرکەوت. ئومێدبڕ بووم. ئەوجا کەوتمە ئەوەی تیمەو بابەتی تێزەکەم کەم بکەمەوە. بۆ ئەوەی خۆم لە پێشکەش کردنی هرزە تایبەتیەکانی خۆم ببوێرم، لێبڕام لەسەرچاوەو کتێبانی جیاوازەوە زانیاری پێویست دەربارەی بابەتەکەم کۆبکەمەوەو لە کۆتاییدا ئەنجامگیرییەکی گونجاوی بۆ زیاد بکەم.

ئەو بابەتەی هەڵم بژاردبوو، پەیوەندییەکی نزیکی بە پسپۆڕی مامۆستاوە هەبوو. کە لە مامۆستام پرسی پێی وایە ئەم بابەتە باش بێت، گوتی لەوانەیە.کە تەنگەتاو بووم‌و ترسم لێنیشت، بە پەلە هانام بۆ مامۆستا برد کە چ کتێبانێك بۆ ئەو مەبەستە بخوێنمەوە، بە کەماڵی ئارەزوو، هەر زانیارییەکی لەلابوو دایمێ، ئەوسا بەڵێنی دا کە دوو سێ کتێبی زەروریم دەربارەی کارەکەم بە ئەمانەت بداتێ. بەڵام ڕەفزی کرد لەوەی پتر ڕێنوێنم بکات.

"ماوەیەکە وەکو جاران زۆر ناخوێنمەوە. هەروەها ئاگام لە باس‌و لێکۆڵینەوە مودێرن‌و تازەکان نییە. باشتر وایە لە زانستگە پرسیار لە مامۆستاکانت بکەیت."

کە مامۆستا ئەو قسەیەی کرد، سەرنجێکی ژنەکەیم بیرکەوتەوە کە جارێکیان گوتی، مامۆستا هەرچەندە کاتی خۆی خوێنەرێکی جددی بوو، بەڵام ئەو تاقەتەی جارانی لە کتێبان نەماوە. بۆ ساتێك مەسەلەی تێزەکەم لە بیرکردو گوتم: "مامۆستا، بۆچی ئەو ئەشقەی جارانت دەرهەق بە کتێبان نەماوە؟"

"هیچ هۆیەکی دیاریکراو نییە. ئیدی..لەوانەیە هی ئەوەبێ، بە خەیاڵی خۆم چەندیش کتێبان بخوێنمەوە، ئینسانێکی لەمەی کە هەم باشترم لێدەر نەچێت. و..."

"و.. چی؟"

"ئەمە گرینگ نییە، بەڵام.. گەر حەقیقەتت دەوێ، پێم شەرمو شورەیی بوو لە خەڵکی نەزانو نەخوێنەوارتربم. لە لۆمەی خەڵکی دەترسام. لێ نها، هیچ پێم شەرم نییە کە لە خەڵکی نەزانتربم. حەزیش ناکەم بە خوێندنەوەی کتێبان گوشار لە خۆ بکەم. بە کورتی گەورە بوومو توانام نەماوە."

ئەو قسەیەی بە شێوازێکی زۆر هێدیو هێمن کرد. زۆریش خەمم بەقسەکەی نەخوارد، بۆیە خەمم نەخوارد چونکە لە قسەکانیا ڕەشبینیو تاڵاوی کەسێکم بەدی نەدەکرد کە پشتی کردووەتە دنیا. ئیدی بێئەوەی هەست بە پیربوونی بکەم یان لە ناخدا موتەئەسیر ببم، هەستامو ڕۆییشتم.

ئیدی لەوە بە دواوە، تێزەکەم لێ بوو بە نەفرەتو بەسەر سەرمەوە دەسوڕایەوە، وەکو شێت بە دووچاوی سووری وەکو گۆمی خوێنەوە، کەوتمە کارکردن لەسەر تێزی تاین. بە پەلەو بە مەبەستی شیرەتو راوێژان کەوتمە پەیوەندی کردن بەو برادەرانەی کە پار دەرچووبوون. یەکێکیان پێی گوتم ئەگەر بە پەلە سواری گالیسکە نەبایەو خۆی نەگەیاندبایە زانستگە، فریا نەدەکەوت تێزەکەی لە کاتی دیاریکراودا تەسلیم بکات. یەکێکی تریان پێی گوتم کە چارەکێك دوای کاتی دیاریکراو تێزەکەی تەسلیم کردووەو ئەگەر بە هەوڵی مامۆستایەکەی نەبوایە تێزەکەیان لێوەرنەدەگرت. ئەم هەواڵانە لەلایەکەوە نیگەرانیان کردمو لەلایەکی تریشەوە متمانەیان پێ بەخشیم. ڕۆژانە، بەو پەڕی تینو تاوەوە، چەندین سەعاتم بە کارکردنەوە بەسەر دەبرد. ئەگەر لەسەر کورسیو مێزەکەم نەبوایەم، ئەوا لە کتێبخانە خەمناکەکەدا، خەریکی هەڵدانەوەی ناونیشانێن کتێبانی سەر ڕەفە بەرزەکان دەبووم، وەکو ئەوەی ڕاوچی توحفان بم. لە سەرەتاوە دار قۆخەکان چرۆیان کرد، پاشان بایە ساردەکە بەرەو باشور ڕێڕەوی خۆی گۆڕی. دوای ئەوە بە ماوەیەك، بیستم کە دار گێلاسان کەوتوونە گوڵکردن. بەڵام من جگە لە تێزەکەم بیرم لە هیچی دی نەدەکردەوە. تا ئاخرو ئۆخری مانگی نیسان تاقە جارێکیش سەری مامۆستام نەدا، ئەنجام تێزەکەم تەواوکرد.

*

ئەنجام، کاتێ هەموو چرۆوشکۆفەی دارگێلاسان هەڵوەرینو گەڵای کەسکی تێر جێی گرتنەوە، لە کارەکەم بوومەوەو سەرفراز بووم. سەرەتای هاوین بوو. وەکو چۆن تەیرێکی چکۆلە لە قەفەز ئازاد دەبێتو بە نێو ئاسمانی بەرین دەکەوێت. بەو ئاوایە منیش شادو بە کەیف بۆ خۆ ئازاد بووم. یەکسەر چووم بۆ سەردانی مامۆستا، بەدەم ڕێگاوە، بینیم چرۆ چکۆڵەکانی سەر لقی نەمامە بەهێیەکان بوون بە گەڵا، هەروەها دیقەتم دا کە گەڵای تێری بریقەداری دار هەناران بە ئاستەم تیشکی هەتاویان عەکس کردووەتەوە. زۆرم لەزەت لەو دیمەنانە بینی، دەتگوت ئەمە یەکەمجارە لە ژیانما دەیان بینم. کە مامۆستا سیمای گەشی دیتم گوتی: "بەو جۆرە ئاخیری

تێزەکەت تەواو کرد. پێم خۆشە." گوتم: "بەڵێ، سوپاست دەکەم. ئاخری تەواوم کرد. ئێستا هیچ کارێکم نیە بیکەم." هەستم بە خۆشی کرد، ئەوسا وام خەیاڵ دەکرد مادامێکی ئەرکەکەی خۆم جێبەجێ کردووە. ئیدی هیچ کارێکم لەسەر نییە جگە لەوەی پاڵی لێ بدەمەوەو بۆ خۆم رابوێرم. بەو پەڕی متمانەو ڕەزامەندییەوە ڕوانیمە تێزەکەم. لە سیری تا پیازی تێزەکەم (راپۆر) بۆ مامۆستا باس کرد. ئەویش بەکاوەخۆو بە هەمان شێوازی هەمیشەیی خۆی گوێی لێگرتم. مەگەر جارجار مداخەلەیەکی بچووکی بکردایە وەك: "تێدەگەم" یان "بەڕاست، وایە؟" هیچ کۆمێنتێکی نەبوو. ئەمەم نەك هەر لەبەر گران بوو، بەڵکو هەستم بە بچووکبوونەوەش دەکرد. بەهەرحاڵ، ئەو رۆژە یەکجار دڵخۆش بووم، بە ڕادەیەك کەیفخۆش بوو ژیان و چالاکیم لێ هەڵدەقولا، دەمویست مامۆستا لەو سستیو خاوییە دەربێنم. ویستم هانی بدەمو بیبەمە دەرێو دنیای کەسك و خەملیو بدینێ.

"مامۆستا! با بچینە پیاسە. رۆژەکەی زۆرجوانە!"

"پیاسە؟ لە کوێ؟"

شوێنەکەم بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەوەی ڕاستی بێ دەمویست دەگەڵ مامۆستادا دەرچمو پیاسەیەك بکەم. دوای سەعاتێك لە ناوەندی شار دوورکەوتینەوەو بە پیاسە بەناو شارۆچکەیەکی کڕو کپو ئارامی قەراغ شار کەوتین کە زیاتر لە گوند دەچوو. گەڵایەکی ناسك و تەڕو تازەم لە دار گوێزێکی کێوی کردەوەو کەوتمە فوو پێدا کردنیا. تا ڕادەیەك لە فوو کردن بە گەڵای درەختاندا شارەزا بووم، هاوڕێیەکم کە (کاگوشیمایی بوو) فێری ئەو فیعلەی کردبووم، بە خۆشییەوە بۆ چەند ساتێك لەسەر فیقەفیقی خۆم بەردەوام بوو، بەڵام مامۆستا بێئەوەی کەمترین ئاوڕم لێبداتەوە لەسەر پیاسەی خۆی بەردەوام بوو. دوای ماوەیەکی کەم هەنگاو خستینیە سەر ڕێگایەکی کورت. لەوە دەچوو بۆ ماڵێکی سەر گردێکی چکۆلە بچێت. گردەکە سەوزە زارێك بوو لەو گۆڕە، یەکپارچە گەڵای سەوزی رووەکان بوو. لە کۆتایی رێگاکەدا تووشی دەرکەیەك بووین، تابلۆیەك بە لاشیپانەیەکیەوە بوو کە بۆ شەتڵگەیەك دەچوو. هەنگێ زانیمان کە ئەو رێگەیە بۆ عەقارو مۆڵکێکی تایبەتیمان دەبات.. مامۆستا چاوی هەڵبڕیو روانییە دەرکەکە، گوتی: "بچینە ژوورەوە؟" یەکسەر وەڵامم دایەوە: "بەڵێ. لێرە نەمامان دەفرۆشن، وانیە؟" بە ناو بێشەو دارستانەکە کەوتین، ملی رێگەیەکی پێچاو پێچمان گرتو بڕۆ تا گەییشتینە ماڵەکە ،کە کەوتبووە شانی چەپمانەوە. دەرگاکانی بە کراوەیی جێ هێڵرابوون. توانیمان هەموو ناوەوەی ماڵەکە بدینین. لەوە دەچوو کەس لە ماڵ نەبێ. لە ئەستێڵێکی گەورەی بەر ماڵەکەدا وردە ماسییانی زێڕینمان بینی. مامۆستا گوتی: "شوێنێکی کپو ئارامە. پرسیم: باشە بۆمان هەیە بەبێ پرس وەژوور بکەوین؟"

لەسەر رێکردنی خۆمان بەردەوام بووین، تووشی کەس نەبووین؟ هەر چوار دەورمان یەکپارچە لە رووەکی ئەزالیادا دەبریسکایەوە. مامۆستا ئاماژەی بۆ یەکێکیان کرد، لەوانی دی باڵا بەرزتر بوو، ڕەنگی سوورێکی ئاماڵ زەرد بوو. مامۆستا گوتی: "پێموایە ئەم ئەزالیایە ئەوەیە کە ئێمە پێی دەڵێین کریشیما(١)". گوڵی فاوانیاش(٢) پانتایی (دە) تسوباتێکی(٣) گرتبووەوە.

سەبارەت بە فاوانیاکان دنیا هاوین بوو هێشتا کاتی گوڵکردنی نەهاتبوو، کەچی پێش وەختی خۆی هاتبووە گوڵ. تەختێکی کۆن لە ڕەخی کێڵگە فاوانیاکەدا هەبوو. مامۆستا لە سەری دانیشتو خۆی خاو کردەوە. بەڵام من لە قەراخیا دانیشتمو دەستم بە سیگار کێشانی کرد. مامۆستاچاوانی بڕینە ئاسمان کە لە شینیدا وەکو ئاوێنە دەبریسکایەوە. بەڵام من رموودەی ناسکە گەڵاکانی دەوروبەری خۆم بووم. کە جوان دیقەتم دا تەنانەت دوو درەختیشم نەبینی کە ڕەنگی گەڵاکانیان وەکو یەك بن. بۆ نموونە تەمەشای گەڵای هەر دار ئەفرایەکت دەکرد، ڕەنگی تایبەتیو جیاوازی خۆی هەبوو. شنە بایەکی هەڵکرد، شەپقەکەی مامۆستای، کە بەلقی سنۆبەرێکی شووشو باریکییەوە هەڵواسیبوو، ڕفاند.

*

یەکسەر شەپقەکەم گرتەوە. دوای ئەوەی تۆزو گەردە سورباوەکەم لێ تەکاند، گوتم: "مامۆستا شەپقەکەت کەوت."

"سوپاست دەکەم."

مامۆستا ئاخێزێکی بۆ کرد تا شەپقەکەی وەربگرێتەوە. پاشان هەر بەو دەقەوە-یانی بە نیمچە ئاخێزەوە-پرسیارێکی سەیری لێکردم.

"ڕەنگە پرسیارەکەم هەندێ سەیریو لە ناکاوبێت، باشە پێم بڵێ: ماڵباتەکەتان زۆر دەوڵەمەندە؟"

"بەشی خۆمان هەیە، بەڵام باوەڕ ناکەم ئەوەی ئێمە هەمانە بە دەوڵەمەندی دابنرێت."

"بە مەزەندە چەندتان دەبێت؟ تکایە لێم مەگرە، نیازم خراپ نییە."

"ئەوەی ڕاستی بێ نازانم. چەند باخێكو چەند کێڵگەو مەزرایەکی کەممان هەیە، بەڵام باوەڕ ناکەم هیچ پارەو پولێکمان هەبێت."

ئەمە یەکەمجار بوو مامۆستا ڕاستەوخۆ پرسیاری سەروەتو سامانی بنەماڵەکەمانم لێبکات. هەروەها منیش هەرگیز پرسیاری سەرچاوەی دەرامەتو داهاتی مامۆستام نەکردبوو. هەڵبەتە لە دڵی خۆدا دەمپرسی کە چۆن بەبێ ئیشو کار دەژی. بەڵام هەرگیز لێم نە دەپرسی بەچی دەژیو چۆن بژێوی خۆی دابین دەکات، چونکە ئەوەم بە جۆرە گوساخیو بێ ئەدەبییەك دەزانی. پرسیارەکەی مامۆستا وای لێکردم ئەو دارو درەختانەم بیربچێتەوە کە نقومی تەمەشا کردنیان بووم، بەڵام لە ناکاودا لێم پرسی: "ئەدی تۆ مامۆستا ؟ چ جۆرە سەروەتو سامانو موڵكو ماڵێکت هەیە؟"

"باشە من دەوڵەمەند دێمە بەر چاوت؟"

مامۆستا جلو بەرگی گرانبەهای لەبەر نەدەکرد. تەنیا یەك کارەکەریان لە ماڵەوە هەبوو، ماڵەکەشی هەرگیز گەورە نەبوو. تەنانەت من کە یەکێك نەبووم لە ئەندامانی خانەوادەکەی هەستم دەکرد کە خۆش دەژینو هەژارییان پێوە دیار نییە. ڕاستە های لایف نە دەژیا، بەڵام درێغیشی لە خۆی نەدەکرد. گوتی:

"تۆ دەوڵەمەندی، وانییە؟"

"هەڵبەتە شتێکم هەیە، بەڵام هەرگیز دەوڵەمەند نیم. خۆ ئەگەر دەوڵەمەند بام پێش هەموو شتێك خانوویەکی گەورەترم بۆ خۆ دروست دەکرد."

لەو کاتەدا مامۆستا خۆی لەسەر تەختەکە رێك خستەوە. کە لە قسەکەی بووەوە، بە دار حەیزەرانەکەی دەستی، بازنەیەکی لەسەر عاردەکە کێشا، کە بازنەکەی تەواو کرد، دار دەستەکەی لە عاردی چەقاند:

"جارێکیان دەوڵەمەند بووم."

وام هاتە خەیاڵ مامۆستا زیاتر خۆی دەدوێنێ تا من. تیا مابووم چی بڵێم. بێدەنگ بووم. دووبارە گوتی: "دەزانی رۆژێ لە رۆژان دەوڵەمەند بووم؟" ئەمجارەیان بەدەم بزەیەکەوە تەمەشای کردم. بەڵام من هەر بێدەنگ بووم. هەستم بە بێتاقەتی کردو نەمتوانی هیچ بڵێم. هەنگێ مامۆستا قسەکەی گۆڕی.

"باوکت ئێستا چۆنە؟"

لە مانگی کانوونی دووەمەوە هیچ هەواڵێکی بابم نەدەزانی. بابم هەموو مانگێك کە حەواڵەی بۆ دەناردم نامەیەکی کورتی لەگەڵدا بۆ دەناردم. بەڵام زۆر بەکەمی باسی نەخۆشییەکەی خۆی دەکرد. دەستخەتەکەی وەکو جاران رێكو پێك بوو. هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو کە نیشانەی پەریشانیو پەشێوی پێوە دیار بێت.

"بە هیچ جۆرێ باسی نەخۆشییەکەیم بۆ ناکات. بەڵام پێموایە ئێستا باشترە."

"هیوادارم باش بێت. بەڵام دڵنیابوون لە نەخۆشییەکی وەکو نەخۆشیەکەی ئەو زەحمەتە. باوەڕ ناکەم ئومێدێکی زۆری لێبکرێت. وانییە؟"

"بەڵام پێموایە تا ماوەیەکی دیکەش دەژی. بەهەرحاڵ تا ئێستا هەواڵی خراپم لێی نەزانیوە."

"ئاوها؟"

هەنگێ هەستمکرد پرسیارەکانی مامۆستا دەربارەی سەروەتو سامانی بنەماڵەکەمو نەخۆشییەکەی بابم، جۆرە خەمخۆرییەکە بۆ من، بەڵام چونکە شارەزای مێژووی ژیانی مامۆستا نەبووم، نەمدەتوانی بە مەزەندە لە مانای ئەو دیوی قسەکانی تێبگەم.

*

"ئەگەر خانەوادەکەتان دەوڵەمەندەو موڵكو ماڵی زۆرتان هەیە، هەقە لە ئێستاوەو بە شێوەیەکی دروست بەشە میراتی خۆت یەکلایی بکەیتەوە. من دەزانم ئەمە ئیشی من نییە، بەڵام پێت وانییە پێویستە تا باوکت ماوە بەشە میراتی خۆت وەربگریت؟ کە پیاو لە ناکاو دەمرێت، موڵكو ماڵەکەی لە هەر شتێکی دیکە زیاتر کێشەو گرفتان دەنێتەوە."

"بەڵێ. ئەزبەنی."

زۆر گوێم بە قسەکانی مامۆستا نەدا. باوەڕم وابوو لە بنەماڵەکەی ئێمەدا هیچ کەسێك نەبوو بیر لەو شتانە بکاتەوە. کە مامۆستام بەو شێوە عەمەلییە جددیە بینی، سووکە شوکێکم پێداهات. بەهەرحاڵ، هیچم نەگوت، چونکە حەزم نەدەکرد لاسارو گۆساغ بێمە بەرچاو.

"داوای بوردن دەکەم ئەگەر وام نواندبێ پێشبینی مەرگی بابت دەکەم. بە خۆت دەزانی مردن برا گەورەیە، هەموومان ڕۆژێ لە ڕۆژان دەمرین. تەنانەت ئەوانەش کە لە گوێز ساغترن هەر دەمرن، بەچیا بزانین کەی دەمرن؟ هەستم کرد زمانی مامۆستا وەکو هەمیشە ڕەشبینانەیە. پێمگوت: "کێشەنییە، هەر گوێشم لێی نییە." مامۆستا پرسی: "چەند خۆشكو برات هەن؟" هەمان پرسیاری دەربارەی ژمارەی کەسوکارەکانی ترم، وەکو باوان‌و خاڵوان کرد "هەموویان خەڵکی باشن؟"

"باشن. خراپ نین. بەر لە هەموو شتێك دێهاتین."

"بۆ دەبێ دێهاتی خراپ نەبن؟"

زۆر بەخۆما شکامەوە. مامۆستا دەرفەتی نەدام کە وەڵامی پرسیارەکەی دوایی بدەمەوە.

"لە ڕاستیدا، دێهاتیان لە شارییان خراپترن. ئێستا گوتت لە نێو خزم‌و کەسوکارەکانتدا کەسی وا شك نابەیت لە ڕووی عەمەلییەوە بە خراپی بزانیت. لەوە دەچێت تۆ لە ژێر باندۆرو کاریگەری ئەو بۆچوونەدا بێت کە گوایە لە نێو بەشەراندا تیرەیەکی تایبەتی هەن کە بەڕەچەڵەك خراپن. دیارە لەم دنیایەدا شتی وەها نییە. لە هەلومەرجی ئاساییدا تەقریبەن هەموو بەشەرێك ئاسایی دەبێت. بەڵام کامەیان زۆر باشە، لە ناکاودا دەگۆڕێت، ئەمە خەتەرناکی بەشەرە. پیاو دەبێ هەمیشە ئاگادار بێت."

پێدەچوو مامۆستا گوڕی بەستبێتەوەو بیەوێ بەردەوام بێت. ویستم شتێك لەو بارەیەوە بڵێم. بەڵام لە ناکاو سەگێك لە پشتمانەوە کەوتە وەڕین. بە سەرسامی ئاوڕی پشتەوەمان دایەوە. قۆپەنە حەیزەرانێکی کورت بە چڕی لە پانتاییەکی چکۆڵەدا، لە پشت تەختەکەو لە نزیکی دار ئورزەکانەوە (جۆرە سنوبەرێکە) ڕوا بوو. سەگەکە زۆر بەتوڕەیی دەوەڕی‌و لە سەرووی دار حەیزەرانەکانەوە مۆڕەی لێدەکردین. ئەوسا کوڕیژگەیەکی نزیکەی دە ساڵان پەیدا بوو. بەرەو سەگەکە ڕایکردو سەرزەنشتی کرد. پاشان ئاوڕی لە مامۆستا دایەوەو بەبێ ئەوەی شەپقە ڕەشە مەدرەسەییەکەی لەسەر دابگرێت، سەری بۆ دانەواند. گوتی: "ئەزبەنی، کە تۆ هاتیت کەسی لێ نەبوو؟"

"نەخێر، کەسی لێنەبوو."

"دەزانی خوشکە گەورەکەم‌و دایکم لە موبەقن."

"ئاوها؟"

"بەڵێ قوربان. دەبوایە بەر لەوەی وەژوور بکەوی، بەدەنگی بەرز بانگت کردبا: "ئێوارە باش."

مامۆستا سووکە بزەیەکی بۆ کرد. جزدانەکەی دەرهێنا، دراوێکی پێنج سەنتی دەرهێناو دای بە منداڵەکە.

"بڕۆ بە دایکت بڵێ حەزدەکەین ڕێمان بدات کەمێك لێرە ئیسراحەت بکەین."

بە ڕوو خۆشی‌و چاوانی گەش‌و زیتەوە سەری دانەواند.

"من ئێستا، سەرۆکی تیپی دیدەوانیم." ئەو قسەیەی کردو بە پەلە بە گردەکەدا داگەڕاو، بەنێو ئەزالیاکاندا نشێو بووەوەو سەگەکە کلکی هەڵبڕی‌و بەلەز دووی کەوت. دوای ساتێ دووان، دوو

سێ کوڕی هاوتەمەنی سەرۆکی تیپی دیدەوانیەکە بە غاردان بە بەردەمماندا تێ پەڕین. زۆری پێنەچوو گەیینە قەد پاڵی گردەکەو لە چاو ون بوون.

*

ئەگەر کوریژگەکەو سەگەکە لە پڕێکا پەیدا نەبوایەن، ماموّستا نیازو مەبەستی سەرنجەکانی خۆی بۆ روون دەکردمەوە. لەو ساتەدا، لەوە دڵنیا نەبووم کە ماموّستا بۆچی بەو جۆرەی دەدواندمو ئەو قسانەی بۆ دەکردم. هەڵبەتە من لەو مەسەلانەدا، واتە لە مەسەلەی موڵكو ماڵو میراتو ئەو شتانەدا هاو رەئی ماموّستا نەبووم، یەکەم لەبەر ئەوەی کەسێکی نەدارو دەستکورت نەبوومو، دووەم بە تەبیعەت لەو شتانە دووربووم. ئێستا کە بیر لەوسای خۆم دەکەمەوە، هەستدەکەم کە ئەوسا زۆر گێل بووم. ئەگەر ئەوسا لە مانای دژواریو تەنگانەی مادی بگەییشتمایە، هەڵبەتە بە وردی گوێم لە قسەکانی ماموّستا دەگرت. بە هەرحاڵ، کەمو زۆر گوێم لە کێشەی دارایی نەبوو. یەکێك لە قسەکانی ماموّستا کە زۆر سەرنجی راکێشام ئەوە بوو کە ئینسان زاڵمە، هیچ ئینسانێك نییە ئیغرا نەبێت. تەماح زاڵمە. هەڵبەتە تاڕادەیەك پەیم بە مەبەستی ماموّستا برد. بەڵام حەزم دەکرد ماموّستا زیاتر قسان لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات.

کە سەگەکەو منداڵەکان رۆییشتن، کپیو ئارامی دووبارە باڵی بەسەر باخە گەورەکەدا کێشایەوە. بۆ یەك دوو ساتان بەکپی دانیشتین، لە تۆ وایە بێدەنگییەکەی دەورو بەرمان وشکی کردبووین. ئاسمانی جوان خەریك بوو بەرە بەرە ڕەونەقی خۆی لە دەست دەدا، گەڵای سەوزو ناسکی دار گوێژەکانی بەردەممان کە دەتگوت دڵۆپە ئاون بەسەر لقەکانەوەو لە حاڵی داچۆڕاندان، لەبەرچاومان تۆخ تر دەبوون، لە ڕێگەکەی خوارەوە دەنگی پێچەکەی گالیسکە دەهاتە گوێ. وام تەسەور دەکرد پیاوێکی خەڵکی گوندەکەیە کە عەرەبانەکەی پڕ کردووە لە ڕووەكو سەوزەواتو دەیبات بۆ عەلوەو لەوێندەر دەیفرۆشێت. ماموّستا وەکو ئەوەی دەنگەکە لە ڕامانی بێدار کردبێتەوە هەستا. گوتی: "با بڕۆینەوە بۆ ماڵێ. ڕاستە ڕۆژ درێژ بووە، بەڵام فریانەکەوین هاکا شەومان بەسەرا هات."

پشتی چاکەتەکەی ماموّستا پیس بوو بوو، بە دەست بۆم تەکاندو پاکم کردەوە.

"سوپاس. خۆ شۆکەی تێوە نەچووە؟"

"نەخێر. ئێستا پاکی پاکە."

"تازە ئەم چاکەتەی بۆ درووم. ئەگەر پیس بێ ژنەکەم گلەییم لێدەکات. سوپاس."

کە بە ڕێگەکەدا داگەڕاین جارێکی دی بەلای ماڵەکەدا تێ پەڕین. ئەمجارەیان کەیبانۆی ماڵەکەمان لە بەردالانەکەی پێشەوە بینی کە بە یارمەتی کیژێکی گەنجی پازدە شازدە ساڵان، داوێکی لەسەر بەکرەیەك هەڵدەکرد. لەلای حەوزە گەورەکەی ماسییە زەردباوە زێڕینەکان وەستابنو گوتمان:

"سوپاس بۆ میواندارییەکەتان." ژنەکە گوتی: "شایەنی نییە"و سوپاسی کردین کە ئەو پارچە دراوەمان دابوو بە کوڕەکەی.

پاش ئەوەی چەند سەد شەقاوێك لە دەروازەكە دووركەوتینەوە، لە ناكاو لە مامۆستام پرسی: "مامۆستا مەبەستت چی بوو كە ئاماژەت بۆ ئەوە كرد كە هەر ئینسانێ بگریت، كە تەماع گرتی لەپڕ دەبێ بە كەسێكی شەڕانی، مرۆڤ زاڵمە؟"

"مەبەستم؟ ئاماژەكەم روونە، مەبەستێكی شاراوەی ئەوتۆی تیا نییە. بە خۆت دەزانی كە باسی فەلسەفەم نەدەكرد، تەنیا حەقیقەتێكی ڕوون و ئاشكرام دەگێڕایەوە.

"من نكوڵی لە حەقیقەتی مەبەستەكەت ناكەم. دەمەوێ جۆری ئەو ئیغراو تەماعە بزانم كە ئاماژەت كردێ."

مامۆستا وەكو یەكێك نەیەوێت بە جدی موناقەشەی شتەكە بكات، دەستی بە پێكەنین كرد.

"هەڵبەتە مەبەستم سەروەت و سامانە. كێ خانەدان و ئەسڵزادەیە بڕۆ پارەو سامانی بدەیە، بزانە چۆن یەكسەر دەگۆڕێت و دەبێ بە دڕندەیەكی خوێڕی." وەڵامە بازاڕییەكەی مامۆستا نائومێدی كردم. قاییل نەبوو بەجدی باسی مەسەلەكە بكات، بەخۆدا شكامەوە. بەو پەڕی بێ موبالاتی پێم هەڵگرت، و مامۆستام بەجێهێشت.

لە دواوە بانگی لێكردم "هێی!". گوتی: "بینیت؟"

"چی، قوربان؟"

"بزانە چۆن بە تاقە ئاماژەیەكی سادە، هەڵوێستت بەرانبەر بەمن گۆڕا."

ئاوڕم دایەوە تا چاوەڕوانی مامۆستا بكەم، كە قسەی دەكرد چاوانی لە دوڕ چاوانم بڕی بوون.

*

لەو ساتەدا ڕقم لە مامۆستا هەستا. پاش ئەوەی جارێكی دی شان بەشانی یەكدی، كەوتینەوە ڕێ، خۆم لەو پرسیارانە بوارد كە دەمویست لێی بكەم. ئیدی نازانم مامۆستا توانی پەی بە ماهیەت و كرۆكی هەستم بەرێت یان نا. بە هەرحاڵ وام هاتە بەرچاو كە زۆر گوێی بە ڕەفتارەكەی من نەدا. لە كاتێكا كە بە بێدەنگی شان بەشانی من دەڕۆیی، هیچ خۆی شێلو نەكرد، هەر كابرا سست و خاوەكەی جاران بوو. زۆرم ڕق هەستا. دەمویست شتێك بڵێم كە لە پایەی كەم بكاتەوە. گوتم: "مامۆستا!"

"بەڵێ. چیە؟!"

"مامۆستا، كاتێ كە لە باخ و شەتڵەجاڕەكە بووین، كەمێك هەڵچوویت، وانییە؟ خۆ تۆ زۆر كەم هەڵدەچیت، هەست دەكەم ئەمڕۆكە كارێكی وات كرد شتێكی تاڕادەیەك غەریبت لێ بدینم."

مامۆستا یەكسەر وەڵامی نەدایەوە. وام هاتە خەیاڵ كە ڕەنگە سەرنجەكانم كاریان تێكردبێت، بەڵام لە هەمان كاتدا هەستم بە جۆرە نائومێدییەكی كەم دەكرد. بۆیە لێبڕام لەوەی پتر بەتانی قساندا نەچم. مامۆستا لە ناكاوا لە من جیابووەوە، چوو بەلای نەمامێكەوە كە زۆر بە شارەزایی پەرچ كرابوو و دەستی بە ئاودانی كرد. بە پەستی وەستام و چاوەڕوانم كرد. كە كەوتینەوە ڕێ گوتی: "بمبورە" ئیدی ئەوەم لە خەیاڵی خۆ دەركرد كە سووكایەتی پێبكەم. بەرە بەرە ڕێگەكە قەرەباڵغتر بوو. ئەو باخ و مەزرایانەی كە پێشتر دیار بوون، كەوتنە پشت ماڵەكانەوە و بە تەواوەتی لە چاو ون بوون.

بەڵام هێشتا هەندێ دیمەن هەبوون کە گوندە ئارامەکەیان وەبیر دێنانیەوە لەوانە: فاسولیای رووای بن دار حەیزەرانانی باخی مالان، مریشك‌و جووجەڵەی ناو کوڵانانی تەلبەندکراو. بەلای کاروانێك گالیسکەی جووت ئەسپەی دوورو درێژو بێ کۆتاییدا، کە لە شار دەگەڕانەوە، ڕەت بووین. چونکە حەزم دەکرد لە وردو درشتی هەموو دیمەنەکانی دەوروبەرم ڕابمێنم، هیچ شتێکم بەرانبەر بە قسەکانی مامۆستا لە دڵدا نەما. ڕاستت دەوێ قسەکانیم بە تەواوەتی لە بیر چوونەوە، کاتێ لە ناکاودا گوتی:

"کە لە باخ‌و شەتڵە جاڕەکەدا بووین، هەڵچوو دیار بووم؟"

"زۆر نا، تۆزێ."

"من پێم ناخۆش نییە ئەگەر بڵێی زۆر هەڵچوو بووم. بە خۆت دەبینی کاتێ کە باسی میرات‌و ئەو شتانە دەکەم بە ڕاستی هەڵدەچم‌و توڕە دەبم. ڕەنگە مەسەلەکە بە لای تۆوە وانەبێ، بەڵام من کەسێکی کینە لە دڵم. تا ئێستاش ئەو تانەو زوڵمانەم لە بیر نەچوونەتەوە کە دە ساڵ‌و بگرە بیست ساڵ لەمە پێش لێم کراوە."

قسەکانی مامۆستا، لە هەموو ئەو قسانەی تری کە ئەو ڕۆژە کردبووونی، بێ پەردەتر بوون. ئەوەندەی جەوهەری قسەکانی مایەی سەرنج بوون، تۆنی دەنگ‌و گوتنەکەی مایەی سەرنجم نەبوون. هەڵبەتە هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵدا نە هاتبوو کە لە زمانی مامۆستاوە گوێم لەم جۆرە ئیعترافە ببێت یان تەسەوری ئەوە بکەم ئەوەندە پەرۆشی مافە شەخسیەکانی خۆی بێت. پێموابوو کەسێکی تا ڕادەیەك لاوازە. ئەم لاوازییەی مامۆستام بە قەد چاکەو ئیجابیاتەکانی خۆش دەویست. هەرچەندە تۆزێك لەوەپێش ویستم دەگەڵی بەشەڕ بێم‌و بە خۆڕایی شەڕی پێ بفرۆشم، کەچی هەستم بە بچووکی دەکرد.

مامۆستا گوتی: "ڕۆژێ لە ڕۆژان، خەڵەتێنرام. جا لە خەڵەتانەکە خراتر ئەوەبوو کە خزمەکانی خۆم، هاوخوێنەکانی خۆم خەڵەتاندیانم. هەرگیز ئەوەم لە بیر ناچێتەوە.

تا باوکم لە ژیاندا بوو، زۆر بە نەزاکەتەوە ڕەفتاریان دەگەڵ دەکردم، شەرمیان لێدەکردم. بەڵام هەرکە بابم مرد، هەموو لێم هەڵگەڕانەوە، دایانە تانی خوێریەتی. تا ئێستاش داخی ئەو زوڵمەم لە دڵ دەرنەچووە کە لە گەنجێتیدا لێیان کردووم. پێموایە تا مردنیش لە بیری ناکەم. تا لە ژیان دا بم بیرم ناچێتەوە. بەڵام من تۆڵەی خۆمم لێنەکردنەوە. کە بیر لەوە دەکەمەوە، هەستدەکەم شتێکی لە تۆڵە خراپترم کردووە. هەر بەوەوە نەوەستام ڕق لەوان هەڵبگرم، بەڵکو ڕقم لە هەموو تیرەی بەشەر هەڵگرتووە. پێموایە ئەوەندە بەسە."

دەمم چووە کلیلەو تەنانەت دڵخۆشیشم نەداوە.

*

ئیدی ئەو ڕۆژە، لەوە زیاتر لەسەر ئەو بابەتە نەڕوییشتین. شێوازی قسەکردنەکەی تا ڕادەیەك ترساندمی، بۆیە نەمویست هیچ پرسیارێکی دیکەی لێبکەم. کە گەییشتینەوە ئاقاری ئەسڵی شار، سواری ترام بووین. لە گەڕانەوەدا، مەگەر بە دەگمەن، دەنا هیچ گفتوگۆیەکمان نەکرد. کە لە ترامەکە دابەزین، دوای ماوەیەکی کەم، لێکدی جیابووینەوە. لەو ماوەیەدا مجێزی مامۆستا

گۆڕا. بەر لەوەی بەجێم بێڵێ بە روویەکی خۆشتر لە جاران گوتی: "لە ئێستاوە تا حوزەیران بۆ خۆت ئازادی ئازاد دەبیت، وانییە؟ ڕەنگە جارێکی دی هەرگیز لە ژیانتا لە باری مەسئولیەت ئازاد نەبیت. بۆیە تا دەتوانی بێ دڵی خۆت مەکە."

بەدەم بزەیەکەوە شەپقەکەم بۆ بەرزکردەوە. کە ڕوانیمە سیمای، لە دڵی خۆدا گوتم چۆن پیاوێکی وەکو ئەو، دەتوانێ ئەم ڕقە گەورەیە لە دڵی خۆیدا هەڵگرێت. کەچی نە چاوانی گەش‌و نە دەم‌و زاری بە خەندەی هیچ ڕق‌و بوغزێکیان دەرهەق بە بەشەران نەدەنواند.

جا لێرەدا حەزدەکەم ئەوە بێژم کە سوودێکی باشم لەو گفتوگۆیانەم دەگەڵ مامۆستادا، وەرگرت. وێڕای ئەوەش زۆرجار هەستم دەکرد مامۆستا ئەوەنییە کە ئامۆژگارو ئاموچیارێکی دڵسۆز بێت. یانی ئەوە نییە بە کەڵکی ئامۆژگاری بێت. زۆرجار هەستم دەکرد بە ئانقەست قسەکانی دەئاڵۆزێنێ: ئەمە هەستم بووم دەرهەق بە گفتوگۆکانی ئەو ڕۆژەمان. جا لەبەر ئەوەی گەنجێکی گەوج‌و مێشك وشك بووم، ڕۆژێك بە مامۆستام گوت، بەلای منەوە قسەکانمان روون نەبوون. مامۆستا پێکەنی.. گوتم: "ئەگەر بمزانیبا کەسێکی گیلی‌و هەست ناکەیت کە زۆربەی جار سەرنجەکانتم بەلاوە روون نین، گوێم نە دەدایە. بەڵام بۆیە شتەکەم لا مەبەست‌و گرینگە چونکە دەزانم ئەگەر بتەوێ دەتوانی زۆر شتم پێ بڵێی."

"هیچم لێنەشاردویتەوە."

"با، قوربان، رێك وادەکەیت."

"پێدەچێ تۆ جیاوازی نێوان ڕەئییەکانم لەمەڕ ئێستا و ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا بەسەرم هاتوون، نەکەیت. من ئەو هزرڤان‌و بیرمەندە نیم کە تۆ وێنای دەکەیت، بەڵام من حەزناکەم ئەگەر سووکە ڕەئییەکم لەمەڕ کەسانی دی هەبێت، بیشارمەوە. هیچ هۆیەك بۆ ئەوە شك نابەم. بەڵام ئەگەر مەبەستت ئەوەیە دەبێ هەموو شتێکت لەمەڕ رابردووی خۆم پێ بڵێم... ئەوا ئەوەیان مەسەلەیەکی دییە."

"من لەگەڵتدا نیم. من ڕەئییەکانتم بەلاوە بە نرخن، چونکە زادەی ئەزموونی خۆتن. خۆ ئەگەر وانەبوایەن هیچ بایەخ‌و نرخێکیان نەدەبوو. هەنگێ ڕەئییەکانت دەبوون بە بووکەڵەی بێ ڕوح‌و گیان."

مامۆستا بەواقی وڕەوە لێی ڕوانیم. دیقەتم دا ئەو دەستەی کە جگەرەیەکی پێ گرتبوو، بە ئاستەم دەلەرزێ. گوتی: "بێگومان تۆ گەنجێکی بوێری."

"نەخێر ئەزبەنی. من مرۆڤێکی سادەو پاکم. سەریح‌و ئاشکرام، حەزدەکەم بە هەمان سەراحەت لە ژیان بگەم. لە ژیانەوە فێری شت ببم."

"تا ئەو ڕادەیەی کە ڕابردووی خۆم هەڵدەمەوە؟"

لە ناکاو ترسم لێنیشت. هەستم کرد ئەو پیاوەی لەبەردەمم دانیشتووە کەسێکی تاوانکارە نەك ئەو مامۆستایەی کە ڕێزو حورمەتم دەگرت. ڕەنگی مامۆستا زەرد هەڵگەڕا بوو. گوتی: "من پێم سەیرە ئەگەر بە راستی سەریح بووبم. بە هۆی ئەو ڕووداوانەوە کە بەسەرم هاتوون، وام لێهاتووە لە هەموو مرۆڤێك بە گومانم. ڕاستت دەوێ من لە تۆش بە گومانم. بەڵام لەبەر هۆیەك، حەزناکەم

گومان لە تۆ بکەم . ڕەنگە هۆیەکەش ئەمەبێ کە تۆ زۆر سادە دیاریت. حەز دەکەم بەر لەوەی بمرم تاقە دۆستێکم هەبێ کە بە ڕاستی متمانەی پێبکەم. من لە دڵی خۆدا دەپرسم تۆ بڵێی، بشێت تۆ ئەو دۆستە بیت. ئایا تۆ بە ڕاستی دڵسۆزیت، ڕاستگۆیت؟"

گوتم: "جەنابی مامۆستا، ئەگەر هەموو ژیانم درۆیەك نەبووبێ، ئەوا باوەڕبکە دەگەڵ تۆدا ڕاستگۆ بووم." بەدەم ئەو قسەیەوە دەنگم لەرزی. مامۆستا گوتی: "زۆر باشە. کەواتە بۆتی باس دەکەم، هەموو شتێکی ڕابردووی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە. بەڵام بیرت بێ، نەخێر گوێی مەدەیە. با ئاگادارت بکەم، ڕەنگە زانینی ڕابردووی من هیچ سوودێکی بۆ تۆ تیا نەبێت. باشتر وایە نەیزانیتو، من ناتوانم جارێ بۆتی باس بکەمو، چاوەڕوانی ئەوەش مەکە تا کاتی لە بار نەیەتە پێشەوە بۆتی بگێڕمەوە."

بە هەستێکی دەروونی قورسەوە، وەکو هەستکردن بە چارەنووسێکی شووم، بۆ سوکناکەم گەڕامەوە.

*

هەڵبەتە، مامۆستاکانم ئەو ڕەئییەیان لەسەر تێزەکەم نەبوو کە خۆم هەمبوو. بە هەرحاڵ ڕێگەیان دا ئەو ساڵە دەربچم. لە ڕۆژی ئاهەنگی دەرچووندا، جلە زستانە کۆنو پواوەکەم لە جانتاکەم دەرێناو لەبەرم کرد. لە هۆڵەکەدا، لە هۆڵی ئاهەنگی دەرچووندا، هەموو ئەوانەی دەوروبەرم شپرزەو پەشێو دیاربوون. دەتگوت بەدەنم لە کیسەیەکی خوری ئەستوری مۆرکراو نراوە.کاتێکم زانی ئەو دەسەسڕەی بە دەستمەوە بوو ئاوی لێدەچۆڕێت. کە ئاهەنگەکە تەواو بوو بەلەز خۆم گەیاندە ماڵەوەو جلەکانم داکەندو خۆم رووتو قووت کردەوە. ژوورەکەم لە قاتی دووەمدا بوو، پەنجەرەکەم خستە سەرگازی پشت، وام خەیاڵ دەکرد ئەم شادەتنامەی دبلۆمە، چاویلکەیەکەو فراوانترین بەشی دنیای لێوە دەبینم. ئەوسا شادەتنامەکەم فڕێدایە سەر مێزەکەو لە ناوەندی ژوورەکەداو لە عاردی لێی ڕاکشام. بەو دەقەوە خەیاڵ بەرەو دوا، بەرەو ڕابردوو هەڵیگرتمو هەوڵمدا ئەو ئایندەیە بێنمە بەرچاوی خۆم کە چاوەڕوانم بووو چاوەڕوانی بووم. بیرم لەو شادەتنامەیە کردەوە کە لە سەر مێزەکە کەوتبوو. هەرچەندە بە ڕواڵەت بایەخی خۆی هەیەو نیشانەی دەستپێکی ژیانێکی نوێیە، بەڵام بەلای منەوە تەنیا پارچە کاغەزێکی بێ مانا بووو هیچی تر.

ئەو ئێوارەیە بۆ شیڤ چووم بۆ ماڵی مامۆستا. هەڵبەتە بەڵێنم دابوویە کە ئەگەر دەرچووم، دەگەڵ ئەودا نەبێ دەگەڵ کەسی دیدا شام ناکەم.

جا بەو بۆنەیەوە مێزوخوانەکە لە ژووری میوانداو لە نزیکی بانیژەکەوە دانرابوو. چەرچەفو پەردەیەکی گوڵدۆزی ناسكو شەفاف بەسەر مێزەکەدا درابوو، بە شێوەیەکی زۆر جوان تیشكو ڕوناکی کارەباکەی عەکس کردبووەوە. هەرجارێك لە ماڵ مامۆستا شیڤم دەخوارد، دەمبینی قاپەکانو چیلکەی نانخواردن زۆر بە جوانیو ڕێكو پێکی لەسەر دەستە سڕە کەتانەکان دانراون، ڕێك لە خوارنگە ڕۆژئاواییەکان دەچوو. دایمەی خوا دەستە سڕە کەتانەکان پاكو خاوێنو تازە ئوتو بوون.

جارێکیان مامۆستا گوتی: "دەبێ یاخەو سەردەستو قۆڵانش وەهابن. پیاو ئەگەر ویستی کەتانی پیس بەکاربێنێ، هەقە کەتانی ڕەنگین بەکاربێنێ. کەتانی سپی هەمیشە دەبێ پاکو خاوێن بێ، پەڵەی پێوە نەبێت."

ئەلهەقی، مامۆستا پیاوێکی شیك بوو. بۆ نموونە ژووری نووسینگەکەی زۆر بە تەرتیب بوو. من چونکە کابرایەکی خەمساردو بێ موبالات بووم، ڕێكو پێکیو شیکی مامۆستا سەرنجی ڕاکێشام. جارێکیان لە ژنەکەیم پرسی: "باشە مامۆستا لە مەسەلەی زەوقو زەوقداریدا زۆر دوو دڵو هەستیارە؟"

گوتی: "ڕەنگە هەستیار بێ. بەڵام لە مەسەلەی جلو بەرگدا بە دڵنیاییەوە زۆر هەستیار نییە." مامۆستا کە گوێی لە قسەکانم دەگرت بە پێکەنینەوە گوتی: "با ئەو ڕاستیەتان پێ بێژم کە من لە رووی زەینییەوە زۆر هەستیارم، ئەمەش سەرچاوەو مایەی نیگەرانی بەردەوامی منە. زۆر ناخۆشە مرۆڤ تەبیعەتی وەکو تەبیعەتی من بێ، کەس حاڵی بە حاڵم نەبێت." نەمزانی مەبەستی لە "زۆر هەستیاری زەینی، چیە" وام هەست کرد ژنەکەشی تێ نەگەیی. ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ بڵێ کە لە هەڵبژاردنی شتی دروستو نادروستدا زۆر هەستیارە، یان ڕەنگە مەبەستی ئەوەبوو بێ بڵێ ئەوەندە هەستیارە کە پاکدۆستی لێبووە بە نەخۆشی.

ئەو ئێوارەیە، کە چووینە سەر مێزو خوانەکە، ڕێك بەرانبەر بە مامۆستا دانیشتم. ژنەکەی لە بەینی ئێمەداو ڕوو لە باخچەکە ڕۆنیشت. مامۆستا گوتی: "پیرۆزە". پەرداخە ساکییەکەی بە خۆشیو سەلامەتی من هەڵبڕی. ئەم ڕەفتارەی هیچ خۆشییەکی نەخستە دڵمەوە، یەکەم چونکە زۆر دڵم بە دەرچوونەکەم خۆش نەبووو دووەم شێوازو دەنگی مامۆستا هیچ خۆشییەکی لەلا نە وروژاندم.. ڕاستە بەدەم هەڵبڕینی پێکەکەیەوە بزەیەکی بەروودا دامو، هیچ تانەو تەشەرێکم لە بزەکەیدا بەدی نەکرد، بەڵام لەوە نەدەچوو بزەکەی لە خۆشی دەرچوونەکەی من بێ. بە خەیاڵی من زمانحاڵی بزەکەی دەیگوت: "جێی خۆیەتی، لەبەر هەر هۆیەك بووە، لەم جۆرە بۆنانەدا پیرۆزبایی لە خەڵکی بکەین."

زۆرم پێخۆش بوو کە مامۆستاژن گوتی: "زۆر باشت کرد. هەڵبەتە داكو بابت دڵیان بەم دەرچوونەت خۆش دەبێت." یەکسەر بەو قسەیەدا نەخۆشییەکەی بابم بیرکەوتەوەو لە دڵی خۆدا گوتم: "پێویستە بەلەز بگەڕێمەوە بۆ ماڵێو دبلۆمنامەکەم پیشانی بابم بدەم."

"ئەرێ مامۆستا دبلۆمناکەی تۆ چی بەسەرهات؟"

"نازانم... لە شوێنێکدا هەڵتنەگرتووە؟" مامۆستا ئەو وەڵامەی ژنەکەی دایەوە.

"با. ڕەنگە. دەبێ لە شوێنێکدا بێ لە ماڵەوە."

پێموابوو کەسیان بە تەواوەتی شوێنی شادەتنامەکەیان نەدەزانی.

*

کە وەختی نانخواردن هات، مامۆستاژن، کارەکەرەکەی کە لە نك ئەوەوە دانیشتبوو، نارد بۆ مووبەقەکەو، بە خۆی کەوتە خزمەتکردنمان. وابزانم دابو نەریتیان وابوو کە میوانی خۆییان بۆ شیڤ دەعوەت بکردایە، نەك میوانی فەرمی، بە خۆیان خزمەتیان دەکرد. لە دوو سێ جاری

یەکەمدا کە شیڤم لە نك وان خوارد، کەمێك شەرمم دەکرد، بەڵام ئەنجام شەرمم شکاو ڕاهاتم بەبێ هیچ دوو دڵیو پەشۆکانێك داوا لە مامۆستاژن بکەم قاپەکەم بۆ پڕ بکاتەوە.

"چای؟ برنج؟ وادیارە بەنیازنیت بەو زووانە دەست هەڵگری." هەندێجار بە سوعبەتەوەو بەشێوەیەکی خۆشو ئاسایی ئەو قسەیەی دەکرد. بەڵام ئەو ئێوارەیە دەرفەتم نەدا ئەو سوعبەتە بکات، چونکە دنیا هاوین بوو، وازی خواردنم نەبوو.

"ها، بزانم زوو دەست هەڵگرت؟ لەوە دەچێ پارێز بکەی؟"

"دنیا گەرمە، دەنا لە جاران زیاترم دەخوارد."

پاش ئەوەی کارەکەرەکە قاپو ئامانەکانی لەسەر مێزو خوانەکە هەڵگرت، مامۆستاژن میوەو ساردەمەنی بۆ هێناین.

"دەزانی؟.. بە خۆم دروستم کردووە."

لەوە دەچوو مامۆستاژن هیچ ئیشێکی لەماڵەوە نەبێت، بۆیە هەرکاتێك ئارەزووی لێبوایە، دەیتوانی ساردەمەنی دەستکردی خۆی، پێشکەش بە میوانەکانی کردبایە. سێ دانە پەراخم لەو ساردەمەنیانە خوارد. مامۆستا پرسی:

"ئێ، ئەنجام دەرچوویت، بە تەمای چ کارێك بکەی؟"

سەرینەکەی بەرەو رووی بانیژەکە گواستەوەو پشتی بە دەرگاکەوە دا. کەوتمە بیرکردنەوە لە دەرچوونەکەمو لەوەی کە چۆن بە جددی بیرم لە ئایندەی خۆم نەکردووەتەوە. کە مامۆستاژن شپرزەییو دوو دڵییەکەی دیتم گوتی: "بە تەمای ببیت بە فێرکار؟" ئەمجارەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامم نەدایەوە. لە سەری رۆیی: "یان دەتەوێ ببیت بە فەرمانبەری حکومەت" هەردووکمان، منو مامۆستا دەستمان بە پێکەنین کرد.

"ڕاستت دەوێ نازانم. بە ڕاستی زۆر بیرم لێنەکردووەتەوە. هەست دەکەم زۆر زەحمەتە بڕیاری ئەوەبدەم کە چ کارێك بۆ من دەگونجێت، چونکە هیچ تەجروبەیەکم نییە." مامۆستاژن گوتی: "لەگینە. بەڵام چونکە کەسوکارەکەت داراو دەستڕۆن، بۆیە لە خەمی ئایندەی خۆتا نیت. ئەگەر وانەبوایە مەسەلەکەت بەو ئاسانییە نەدەگرت."

هەڵبەتە قسەکەی ئەو بوو. چونکە هەندێ لە هاورێکانم هێشتا لە زانستگە بووین، و زۆر پێش دەرچوون، کەوتبوونە گەڕان کە کارێك بدۆزنەوەو لە خوێندنگە ئامادەییەکاندا دەرس بڵێنەوە. بەڵام من گوتم: "ڕەنگە چاو لە مامۆستا بکەم." مامۆستاژن گوتی: "بە ڕاستی نەدەبوو بەم ڕادەیە چاو لەو بکەیت." مامۆستا بەدەم پۆزخەنێکەوە گوتی: "من بەلامەوە گرینگ نییە، خووی منت گرتووە یان یەکێکی دی. لێ وەکو پێشترش گوتوومە دەبێ دڵنیابیت کە بابت میراتێکی باشت بۆ بەجێدێڵێت، دەنا ناتوانی بەم خەمساردیو بێ موبالاتییە هەڵبکەی."

دوای ئەوە، قسەو پیاسەی ئەو رۆژەی ناو باخو شەتڵجارەکەم بیرکەوتەوە، کات هەوەڵی مانگی مایس بوو، ئەزالیەکان لە سەرەتای گوڵکردندا بوون. ئەوەم بیرکەوتەوە کە لە گەڕانەوەداو بەدەم ڕێوە بە چ هەڵچوونێکەوە قسەی دەکرد، وشە بە وشەی قسەکانیم بیرکەوتەوە. ئەوسا لە

قسەکانی ترسام، بەڵام چونکە هیچم لە رابردووی مامۆستا نەدەزانی، بە هەندم نەگرتن. گوتم: "خاتوونی من: تۆو مامۆستا دەوڵەمەندن؟"

"بۆچی ئەم پرسیارە دەکەیت؟"

"چونکە لە مامۆستام پرسی وەڵامی نەدامەوە." پێکەنی و ڕوانییە مامۆستا.

"ڕەنگە بۆیە وەڵامی نەدابێتەوە چونکە زۆر دارا نییە."

"بەڵام من گەرەکمە ئەوە بزانم کە ئەگەر بمەوێ وەکو مامۆستا بژیم. چەندم پێدەوێ و بەچەند دەژیم، تا ئەگەر لەگەڵ بابمدا باسی میرات و بەشە میراتم کرد، بەرچاو ڕوونییەکم هەبێ و بزانم چی و چەندم دەوێت."

مامۆستا چاوی بڕی بووە باخەکەو بەکاوەخۆ سیگارەکەی دەکێشا. بۆ جاری دووەم مامۆستا ژن وەڵامی دایەوە: "ئێمە زۆرمان نییە. ئەو دارایە نین، ئەوەی هەمانە دەستی پێوە دەگرین و کارێکی وەها دەکەین بەشی پێویستییەکانمان بکات و پێویستیەکانی خۆمانی پێ ڕایی دەکەین. ئەمە جگە لەوەی دارو نەداری ئێمە پەیوەندی بە ئایندەی تۆوە نییە. تۆ دەبێ بە جدی بیر لە کاروپیشەی خۆت بکەیتەوە. نابێ وەکو مامۆستا هەموو ژیانت لە بێکاری و سەرگەردانی تەواودا بەسەر بەریت."

"من لە سەرگەردانی و بێکاری تەواودا ناژیم." مامۆستا بەدەم ئەو وەڵامەوە سووکە ئاوڕێکی لای ئێمەی دایەوە. بە ماوەیەکی کەم دوای سەعات دە لە ماڵی مامۆستا وەدەرکەوتم. چونکە لێبڕابووم لە زەرفی دوو سێ ڕۆژاندا بۆ لای کەس و کارەکەم بگەڕێمەوە، بەر لەوەی لەسەر کورسییەکە هەستم، بە چەند وشەیەکی کەم دوعا خوازیم لێکردن.

"تا ماوەیەکی زۆر ناتان بینمەوە."

مامۆستاژن گوتی: "پێموایە مانگی نۆ بۆ تۆکیۆ دەگەڕێیتەوە؟"

بە تەما نەبووم لە مانگی ئابدا، لە جەرگەی گەرمای هاویندا بۆ تۆکیۆ بزڤرمەوە، بیریشم لەوە نەکردبووە کە بە زووترین کات بکەومە گەڕان بە دوای کارو وەزیفەدا. ئەوەی ڕاستی بێ، چونکە زانستگەم تەواو کردبوو هیچ پێویستی نەدەکرد لە مانگی ئەیلولدا بۆ تۆکیۆ بگەڕێمەوە. بەڵام گوتم: "بەڵێ، لەگینە لە ئەیلولدا بگەڕێمەوە." گوتی: "ئاگات لە خۆبێت. وادیارە هاوینێکی خراپ بەڕێوەیە. ڕەنگە ئێمەش سەفەربکەین، بچین بۆ شوێنێك. ئەگەر سەفەرمان کرد، پۆست کارتێکت بۆ دەنێرین."

"بە مەزەندە بۆ کوێ دەڕۆن ؟"

مامۆستا کە گوێی لەمە دەگرت، بەدەم بزەیەکی سەیرەوە گوتی: "ئەوەی ڕاستی بێ نازانین بۆ کوێ دەچین."

من لە هەستاندا بووم کە مامۆستا لە ناکاودا گوتی: "بە ڕاست بابت چۆنە؟" گوتم نازانم، بەڵام لەوە ناچێت خراپ بێت، چونکە لە نامەکانی کەسوکاردا هیچ شتێك لە بارەی سیحەتیەوە نەگوتراوە.

"دەبێ نەخۆشییەکەی بابت بە هەندبگرن ها. هەرکاتێ تووشی میزەژارکێ (التسمم البولی) ببێت، ئیدی کاری کراوە."

هیچ زانیارییەکم دەربارەی میزەژارکێ نەبوو. ئەودکتۆرەی کە لە پشووی نیوەی ساڵدا (پشووی زستانە)دا دیتم هیچی لەو بارەیەوە نەگوت. مامۆستاژن گوتی: "ڕاستە دەبێ زۆر ئاگاداری بن، ئەوە بزانە ئەگەر ژاراوی بوونەکە بگاتە مێشك، ئیدی هیچ ئومێدێك نامێنێ. شتەکە بە گاڵتە مەگرن."

بزەیەکی سەرگەردانو حایر کەوتە سەر لێومو نەمدەزانی چ بڵێم. گوتم: "بە هەرحاڵ، خۆ ئەو لەم نەخۆشییە چاك نابێتەوە نابێتەوە. ئیدی نیگەرانی هیچ فایدەیەکی نییە."

مامۆستاژن بە ئارامی گوتی: "ئەگەر بە ڕاستی باوەڕت بەقەدەر هەبێ، پێویست بە هیچ قسەیەکی دی ناکات."

چاوەکانی داخستن وەکو ئەوەی بیر لە دایکی بکاتەوە کە بە هەمان نەخۆشی مرد بوو. بەڵام لە خۆڕا خەمم بۆ چارەنووسی بابم دەخوارد. لە ناکاو مامۆستا ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە:

"شیزۆ! پرسیارێك: ئایا تۆ لە پێش مندا دەمریت؟"

"بۆچی؟"

"بۆچی؟ هەر پرسیارێك بووو هات بە خەیاڵمدا. یان من لە پێش تۆدا دەمرم؟ لەوە دەچێت ژنان لە مێردەکانیان بە تەمەنتر بن."

"ڕەنگە وابێ، بەڵام چۆن پیاو بزانێت؟ هەڵبەتە عادەتەن پیاوان لە ژنەکانیان گەورەترن."

"کەواتە تۆش هەمان بۆچوونت هەیە، پیاوان لە پێش ژنەکانیاندا دەمرن. جا لەم حاڵەتەدا، من دڵنیام لە پێش تۆدا ئەم دنیایە بەجێدێڵم. وانییە؟"

"نەخێر، هەرگیز. تۆ جیایت."

"بەڕاست؟"

"تۆ تەندروستیت باشە، بە دەگمەن تووشی نەخۆشی بوویت. بێگومان، من لە پیش تۆدا دەمرم."

"باشە تۆ دڵنیایت؟"

"بەڵێ، دڵنیام."

مامۆستا تەمەشایەکی منی کرد. پێکەنیم. هەنگێ لە سەری ڕۆیی: "باشە ئەگەر من لە پێش تۆدا مردم، چی دەکەیت ؟"

"چیدەکەم...؟"

مامۆستاژن هەڵوەستەیەکی کرد. وەکو یەکێك بە چاوی خەیاڵ کورتەیەکی ژیانی پڕ لە داماوی پاش مردنی مێردەکەی ببینێ، تاپۆی ترسێك نیشتە سەر سیمای. لێ هەرکە چاوی هەڵبڕییەوە مجێزی گۆڕاو، بە شادییەوە گوتی: "بەوە دڵی خۆ دەدەمەوە کە وەکو دەڵێن مردن گەورەو بچووك دەباتەوە." کە ئەو قسەیەی کرد بە مەبەستەوە تەمەشای منی کرد.

*

من لەسەر ڕۆییشتن بووم کە گفتوگۆیەکە دەستی پێکرد، بۆیە لێڕام تاوێکی دیکەش بەلای ئەو ژن‌و مێردەوە بمێنمەوە. مامۆستا لێی پرسیم:

"تۆ چ دەڵێی؟"

کێ لە پێشا دەمرێت؟ بێگومان ئەمە پرسیارێك بوو نەمدەتوانی بە ئاسانی وەڵامی بدەمەوە. بۆیە بەدەم بزەیەکەوە گوتم: "من نازانم قەدەر چی لە چارەنووسیویت!"

"بێگومان مەسەلەکە قەزاو قەدەرەو هیچی تر."

مامۆستاژن گوتی: "ئێمە کە لە دایك دەبین قەدەرمان ئەوەیە کە چەند ساڵێکی دیاریکراو بژین. دەزانی داك‌و بابی مامۆستا تەقریبەن پێکەوە مردن؟"

"لە هەمان ڕۆژدا؟"

"لە هەمان ڕۆژدا نا، بەڵام بە ماوەیەکی کەم دوا بە دوای یەکدی مردن."

من بەمەم نەدەزانی‌و، بەشتێکی تا ڕادەیەك غەریبم دەزانی.

"چۆن بوو لەیەك کاتدا مردن؟"

لە کاتێکا مامۆستاژن لەزگ بوو وەڵامی پرسیارەکەم بداتەوە، مێردەکەی قسەی پێ بڕی:

"بەسە، واز لە باسی ئەم بابەتە بێنە. بێ فایدەیە."

مامۆستا، بە باوەشێنەکەی دەستی ئەو پەڕی گیزە گیزی نایەوە. ئەوسا هەمدیس ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە.

"شیزۆ، دوای مردنی من ئەم ماڵە دەبێ بە هی تۆ."

مامۆستاژن پێکەنی.

"هەقە وەسێتی ئەرزەکەشم بۆ بکەیت."

"ناتوانم ئەرزەکەت بدەمێ چونکە هی خۆم نییە. جگە لەوە هەر چیم هەیە بۆ تۆیە."

"زۆر سوپاست دەکەم. باشە من چ سوودێ لەو کتێبە بیانیانە دەبینم کە بۆمی بە جێدێڵی؟"

"دەتوانی بیفرۆشیت بەوانەی دوکان‌و فرۆشگەی کۆنە کتێبانیان هەیە."

"باشە چیم لە فرۆشتنیان دەستدەکەوێت؟"

مامۆستا وەڵامی نەدایەوە. بەردەوام بوو لەسەر باسی مردنەکەی خۆی. بە درێژایی ئەو ماوەیە وام هاتە بەرچاو کە مەسەلەی مردنەکەی لە پێش ژنەکەیدا، لە نك وی شتێکە بڕاوەتەوەو چەندوچون هەڵناگرێت. لە سەرەتادا مامۆستاژن لێبڕا بەگاڵتەوە بڕوانێتە بابەتەکە. بەڵام لە ئەنجامدا، قسەکانی کاریان لە دڵی ژنانەو هەستیاری کرد.

"تاکەی نای بڕیتەوە: کە بمرم، کە بمرم؟ توبی ئەو خوایە جارێکی دی ئەو قسەیە مەکەوە: کە بمرم. ئەم قسانە شوومن شووم. کاتێ کە مردیت ئەوە دەکەم کە تۆ دەتەوێ، بە دڵی تۆ دەکەم. بەسە، با چیتر باسی ئەم شتە نەکەین."

مامۆستا ڕووی کردە باخەکەو پێکەنی. بۆ ئەوەی دڵی ژنەکەی زویرنەبێت، دەستبەرداری باسەکە بوو. کە کات درەنگ بوو، هەستام بڕۆم. مامۆستاو مامۆستاژن تا هۆڵەکەی پێشەوە لەگەڵمدا هاتن. مامۆستاژن گوتی: "ئاگات لە باوکت بێ."

بەڵام مامۆستا گوتی: "کەواتە، تا ئەیلول."

ماڵاواییم لێکردن‌و وەدەرکەوتم. دارێکی چڕە لق‌و گەڵا لە نێوان ماڵەکەو دەروازەکەی دەرەوەدا هەبوو. لق‌و پۆپی بە جۆرێ بە نێو تاریکییەکەدا هاویشتبوو وەکو ئەوەی بیەوێ رێگەم پێ بگرێت. ڕوانیمە شێوەی گەڵا تاریکەکان‌و بیرم لەو گوڵە بۆنخۆشانە کردەوە کە لە پایزدا دەیگرتن. لە دڵی خۆدا گوتم چاك خووم بەم دارەوە گرتووە، لە هزرو بیری مندا وەکو بەشێك لە ماڵەکەی مامۆستا، چەسپیوە. لەو کاتەدا کە لە بەردەم دارەکەدا وەستا بووم‌و بیرم لە پاییزی داهاتوو دەکردەوە کە چۆن دێمەوەو جارێکی دی لەم ڕارەودا ڕێ دەکەم، لە ناکاو ڕوناکی داڵانەکە کوژایەوە. دیاربوو کە مامۆستاو ژنەکەی چوون بۆ ژووری نووستنەکەیان. بە تاقی تەنیا خۆم بە شەقامە تاریکەکەدا کرد.

یەکسەر بۆ سوکناکەی خۆم نەگەڕامەوە. دەمویست بەر لەوەی بۆ ماڵ بڕۆمەوە، هەندێ شتی کەم بکڕم، هەروەها هەستم دەکرد، دوای ئەو شیڤە چەورە پێویستم بە پیاسە کردنە. بەرەو بەشە قەرەباڵغ‌و جەنجاڵەکەی شار دامکێشا. لەوێ، تازە هەوەڵی شەو بوو. شەقامەکان پڕ بوو لەو ژن‌و پیاوانەی کە پێدەچوو بێ هیچ مەبەستێك لە ماڵ وەدەرکەوتبوون. تووشی هاورییەکی زانکۆییم بووم کە ئەویش ئەمڕۆ دەرچوو بوو. زۆری لێکردم لەگەڵیا بچمە مەیخانەیەك و، لەوێندەر، لە مەیخانەکەدا دەبوو دانیشم‌و گوێ لە هاوڕێ دەرچووەکەم بگرم، کە زۆر سوێرە قسە بوو، کە بۆ ژوورەکەم گەڕامەوە، کات درەنگ بوو، لە نیوە شەو تێپەڕی بوو.

*

کەسوکارەکەم داوایان لێکردم بەر لەوەی تۆکیۆ بەجێ بێڵم‌و بگەڕێمەوە، هەندێ شتی کەمیان بۆ بکڕم، بۆیە سبەینێشم، وێڕای گەرمی دنیا لە بازاڕاو بەدەم شت کڕینەوە بەسەر برد. لە بەیانی زووەوە بەناو بازاڕ کەوتم، دەستم بە شت کڕین کرد، جادەو شەقامەکان قەرەباڵغ بوون، دنیا گەرم بوو، بە گەرماو قەرەباڵغییەکە قەڵس بووم. کە لە ترامەکەدا دانیشتم‌و ئارەقەکەی سەرو چاوم سڕی‌و وشك کردەوە ،کەوتمە سەر زەنشتی دێهاتیان کە هەمیشە بە داخوازییە نابە جێیەکانیان، خەڵکی لە خۆیان سەرقاڵترو مژوڵتر، بێتاقەت‌و بێزار دەکەن.

بەتەما نەبووم هاوینەکە بەسەرگەردانی‌و بێکاری بەرمە سەر. بەرنامەیەکم بۆ خۆ ئامادەکردو لێبڕام هەرکە گەڕامەوە بۆ لای کەسوکار، موو بە موو جێ بەجێی بکەم، بۆیە دەبوو هەندێ کتێبی تایبەتی بکڕم. بەو نیازە بەرەو کتیبفرۆشی (ماروزین) پەل بوومەوە. چونکە ئامادە بووم، ئەگەر پێویست بکات، نیوەی ڕۆژەکە لەوێندەر بەسەربەرم، بۆیە بە وردی تەمەشای هەموو ئەو کتێبانەم کرد کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی منیان تیا بوو.

یەکێك لەو شتانەی کە داوام لێکرابوو بیکڕم‌و زۆری قەڵس کرد بووم قەمیسێك بوو. شاگردی خاوەن موغازەکە ئامادە بوو هەرچی جۆرو مۆدی ئەو قەمیسەی لەلا هەیە، هەر هەموویم یەك بە یەك پێ نیشان بدات، بەڵام هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد نەمدەزانی کام جۆرەیان بکڕم. ئەمە جگە لەوەی نرخەکانیان زۆر جیاواز بوو. تومەز ئەو جۆرانەی من بە هەرزانم دەزانین زۆر گران بوون‌و ئەو جۆرانەی من بە گرانم دەزانین زۆر هەرزان بوون. نەمدەزانی ئەم قەمیسە بەچیا لەوی

تر باشترە. لە دڵی خۆدا ژێوان بووم لەوەی کە بۆچی بە مامۆستاژنم نەگوت دانەیەکم بۆ بکڕێت‌و خۆم لەم سەریەشەیە رزگاربکەم. جانتایەکیشم کڕی. هەڵبەتە دەسکاری ژاپۆنی‌و هەرزان بوو. بەڵام هەندێ تەتکەو پەتکەی مەعدەنی پێوە کرابوو کە لە دوورەوە دەبریقایەوە. ڕێك بە دڵی خەڵکی دێهات بوو. دایکم لە یەکێك لە نامەکانیا بۆی نووسیبووم کە ئەگەر تەخەروجم کرد یەکێك لەو جانتایانە بۆ خۆم بکڕم، تا لە گەڕانەوەما بۆ لای کەسوکار پڕی بکەم لە سەوقاتی‌و دیاری. کە ئەو داوایەم خوێندەوە پێکەنیم. دەمزانی مەبەستی دایکم چییە، بۆیە نەهەقم نەبوو بەو داوایە پێبکەنم.

دوای ئەوە بە سێ ڕۆژان، وەکو چۆن لە کاتی دوعاخوازیدا بە مامۆستاو ژنەکەیم گوتبوو، تۆکیۆم بەجێهێشت. سەبارەت بە نەخۆشییەکەی بابم، هەرچەند مامۆستا لە زستانەوە زۆری ئاگادار کردبوومەوە، زۆر نیگەران نەبووم. لە ڕاستیدا من خەمی دایکم بوو، بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، چونکە دەمزانی لە دوای مردنی بابم، هەست بە چ تەنیاییەك دەکات، چ تەنیاییەك دەکەوێتە ژیانییەوە. هەڵبەتە قەناعەتی تەواوم کردبوو، کە بابم بەو زووانە دەمرێت. لە نامەیەکمدا بۆ برا گەورەکەم کە لە (کایوشو) دەژیا، پێم گوتبوو کە مەحاڵە بابم بگەڕێتەوە دۆخی جارانی. لە نامەیەکی دیدا داوام لێکردبوو کە ئەگەر دەتوانێ لەو هاوینەدا بۆ ماڵ بگەڕێتەوە تا بابم بەر لە مردن بدینێ‌و دیدار بە قیامەت نەبن. ئیدی خۆم پێنەگیراو، بە جۆرە هەڵچوونێکی سۆزدارییەوە نووسیم. ئێمەی منداڵی وان، دەبێ دڵمان بە حاڵی ئەو پیرەمێردو پیرەژنە بسووتێ کە هەموو تەمەنیان لە گوندیدا بە تەنیاو تەنیایی بەسەربرد. لە ناخی دڵەوە ئەو نامەیەم نووسی بوو، هیچ درۆیەکی تیا نەبوو. بەڵام هەر دوای نووسینی نامەکە مجێزم گۆڕا.

لە نێو قیتارەکەدا بیرم لە وازوازی خۆم کردەوە. تا زیاتر بیرم دەکردەوە سەرگەشتە تر دەبووم، لە خۆم رازی نەبووم. پاشان بیرم لە مامۆستاو ژنەکەی کردەوە، بیرم لەو دوا ئێوارەیە کردەوە کە دەگەڵ واندا شامم کرد. قسەکەی مامۆستام بیرکەوتەوە: "کێمان لە پێش کێماندا دەمرین؟" بیرم کردەوە: "کێ دەتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە؟ ئەگەر مامۆستا وەڵامەکەی بزانێت چی دەکات؟ ئەدی ئەگەر ژنەکەی بیزانێت چی دەکات؟ ڕەنگە دەقاو دەق بە هەمان شێوە رەفتار بکەن کە نایزانن. لێرە دادەنیشم، نا ئومێدو بێ هیواو، دەزانم بابم چاوەڕوانی مردنە..."

هەنگێ هەستم بە نائومیدی ئینسان‌و هیچی ژیانی کرد.

**پەراوێز:**

١- کریشیما: بە زمانی ژاپۆنی مانای دوڕگەی تەم‌و مژان دەدات.

٢- فاوانیا: ڕووەکێکە گوڵی گەورەی سوور، مێخەکی یان سپی دەگرێت.

٣- تسوبات: (tsubo) یەکەیەکی پێوانەی ژاپۆنییە دەکاتە چوارگەز.

## بەشی دووەم: منو باوکم

که گەییشتمەوە ماڵێ، پێم سەیر بوو کە بە درێژایی ئەو چەند مانگەی لەوێ نەبووم گۆڕانێکی گەورە بەسەر تەندروستی بابمدا نەهاتبوو. گوتی: "هاتییەوە. زۆرم پێخۆش بوو کە تەخەڕوجت کرد. چاوەڕێم بکە. دەچم دەموچاوم دەشۆمو دێمەوە."

لە باخچەکەدا بینیمەوە. شەپقەیەکی حەسیری لەسەر نابوو، دەسەسڕێکی چڵکنی پێوە گرێ دابوو، شتێك بوو بۆ ئەوەی ملی لە گەرمای هەتاوەکە بپارێزێت. کاتێ بەرەو بیرەکەی پشتی ماڵەکە ڕۆیی، دەسە سڕەکە بەدەم بایەکەوە شەکایەوە.

من خوێندنی زانکۆییم بەلاوە شتێکی ئاسایی بوو، بەڵام کە سەیرم کرد بابم لە ڕادە بەدەر دڵی بە دەرچوونەکەم خۆشە، ئەمە کارێکی زۆری لە دڵو دەروونم کرد. دووبارەی کردەوە: "زۆر شادم کە توانیت خوێندن تەواوبکەیت." لە دڵی خۆدا، شادییە خۆ بە خۆکەی بابم دەگەڵ شێوازی ئەو پیرۆزباییەدا بەراورد کرد لە مامۆستا شەوەکە، لە ماڵی خۆیانو لەسەر خوانی شێوان لێی کردم. هەڵبەتە مامۆستا مەسەلەی شادەتنامەو دەرچوونو ئەو شتانەی بە هیچ نەدەزانیو هەر گاڵتەشی پێدەهات، بەڵام باوکم بە پێچەوانەوە، ئەوشتانەی زۆر بەلاوە گەورەبوو، گەورەتر لە قەوارەی خۆیان. هەڵبەتە من شێوازەکەی مامۆستام پێ پەسندتر بوو لەوەی بابم. ئەنجام کەوتمە ئەوەی سادەیی دێهاتیانەی بابم بکورهێنم. لە بن لێوانەوە گوتم:

"ئەوەندە خۆت بە شتی توڕەهاتی وەکو شادەتنامەو دەرچوونو ئەم شتانەوە مژول مەکە، خۆ ساڵانە سەدان کەس زانستگە تەواودەکەنو دەردەچن."

بابم بە سەرسامی تەمەشای کردم:

"ئەوەی ڕاستی بێ بە خۆت دەزانی من دڵم بەدەرچوونەکەت خۆش نییە. من دڵم بەوە خۆشە کە تۆ دەرچوویت. بەڵام تۆ تێناگەیت بۆچی دڵم خۆشە. خۆزگە دەتوانی تێبگەی.."

لێم پرسی مەبەستی چییە. لە پێشا دوو دڵ بوو لە وەڵامدانەوەم، بەڵام لە ئەنجامدا گوتی: "گوێ بگرە. من لە پێناوی خۆما، لە بەرخاتری خۆم دڵخۆشم. بە خۆت دەزانی من پیاوێکی نەخۆشم. لە زستانی ڕابردوودا، کاتێ کە سەرت داین، دڵنیا بووم لە سێ چوار مانگی دی پتر ناژیم. بەڵام لە سایەی فەزڵی خواییەوە هێشتا ماوم‌و وەزعم باشە. ئێستاش، وا تۆ تەخەڕوجت کردو من دڵم بەوە خۆشە کە توانیت بەر لە مردنی من تەخەروج بکەیت‌و شوکر هێشتاش وەزعم زۆرباشەو عەیبم نییە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ‌و ماندوبوونی تۆو بایەخدانت بە خوێندنەکەت. هەڵبەتە، هەقی خۆمە وەکو باوك بە دەرچوونت خۆشحاڵ‌و دڵخۆش ببم. دیارە بیروبیرکردنەوەی تۆ لە هی من گەورەترو بەرینترە، بۆیە لەبەرت گرانە، کە دەبینی چ هەراو هەنگامەیەکم بەبۆنەیەکی لاوەکی وەکو دەرچوونەکەت ناوەتەوە. بەڵام هەوڵبدە لە گۆشەنیگای منەوە سەیری مەسەلەکە بکەی. من زیاتر لەبەر خاتری خۆم خۆشحاڵم تا لەبەر خاتری تۆ. حاڵی هەیت؟

تاقە وشەیەکم لەزار نەهاتەدەر. هیچ وشەیەکی عوزرخواییم شك نەدەبرد کە گوزارشت لە هەست‌و نەستی ئەو ساتەم بکات. بە شەرمەزارییەکی زۆرەوە سەرم داخستبوو. چونکە لە دڵی خۆیدا پێی وابوو بەر لە تەخەروجی من دەمرێت، بۆیە بەو پەڕی ئارامی چاوەڕوانی مەرگی خۆی دەکرد. من لەوە گەوجتر بووم پەی بەوە بەرم کە تەخەروجی من بۆ ئەوێك کە بەخەیاڵی خۆی لە زیادە لە ژیانا مابوو، چ دەگەیەنێت. دبلۆمناکەم لە جانتایەکەم دەرهێناو بەوپەڕی تاسوخەوە پێشانم دان. چونکە باش نەم پێچابووەوە زۆر خراپ چرچ‌و لۆچ بوو بوو، بابم گوتی:

"دەبوایە لوولەك ئاسا لوولی بکەیت‌و بەدەستەوەت گرتبا."

دایکم، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو گوتی:

"دەبوایە لە بەرگێکی قایمی بگریت."

بابم بۆ ماوەیەکی کەم تەمەشای کرد، هەستا‌و بەرەو سووچە نەخشینەکەی ژوورەکە چوو، لە شوێنێکی دانا کە لە هەموو کەسێکەوە دیاربێت. هەڵبەتە دەبوایە لەو حاڵەدا شتێك بڵێم، لێ لەو کاتەدا لە وەزع‌و حاڵێکی ئاساییدا نەبووم. تاقەتی ئەوەم نەبوو موناقەشەی داك‌و بابم بکەم. بێدەنگیم لێکردو وازم لە بابم هێنا چ دەکات بیکات. کاغەزی شادەتنامەکە کاغەزێکی قایم بوو، بەڵام چونکە خراپ قەدم کرد بوو، ئیدی چرچ‌و لۆچ بوو بووو بە ئاسانی نە دەوەستا، هەموو جارێ کە بابم دەیویست قایمی بکات، دەکەوت.

*

دایکم بردە لایەکەوە‌و هەواڵی نەخۆشییەکەی بابم لێی پرسی. "باشە بابم دەشێت خۆی ماندوو بکات؟ بۆ نموونە بچێت بۆ باخەکە..."

"لەوە ناچێت هیچ کێشەیەکی هەبێت. ڕەنگە چاك بووبێتەوە."

دایکم بە تەبیعەت گەش بین بوو، کەمو زۆر نیگەران نەبوو. وەکو هەموو ئەو ژنە گوندییانەی کە لە کێڵگەو مەزاریانداو دوور لە شار دەژیان، بە هیچ جۆرێ سەری لەم مەسەلانە دەرنەدەچوو. ئێستاش لە بیرمە کە جارێکیان بابم بورایەوە چۆن حەپەساو چ ترسێکی لێنیشت.

"باشە خۆ کاتی خۆی دکتۆرەکە ئاگاداری کردینەوە کە نەخۆشییەکەی بابە مەترسیدارە."

"بۆیە پێموایە هیچ شتێك لە جەستەی بەشەر سەیرتر نیە. تۆ ئێستا تەمەشای بکە.. سەرباری نیگەرانی دکتۆرەکە، عەیبی نییە. لە سەرەتاوە خەمیم بوو، هەوڵم دەدا هیچ ئیشو کارێك نەکات، لە ماڵ نەچێتە دەرێ. بەڵام بە خۆت دەیناسیت. سوور بوو لەسەر ئەوەی لە گوێز ساغترە، کەمو زۆر بە گوێی نەدەکردم."

لە بیرمە کە ئاخیرجار هاتمەوە بۆ ناو کەسوکار، چۆن بابم سوور بوو لەسەر ئەوەی لە جێیان هەستێ. دوای ئەوەی تەراشی کرد گوتی: "من ئێستا ساغو سەلامەتم، عەیبم نییە، دایکت شتەکانم لێگەورە دەکات." کە ئەو بویەرەم بیرکەوتەوە، هەستم کرد خەتای دایکم نییە، دایکم هیچ گلەییەکی لەسەر نییە. لەزگ بوو بڵێم: "بەڵام تۆ دەبێ ئاگات لێی بێ، نەخۆشە، خۆ بەقسەی ئەو نابێت." بەڵام لێبڕام هیچ شتێك نەڵێم. هەستم کرد نابێ سەرزەنشتی بکەم، نابێ زویری بکەم. جا لە جیاتی ئەوە هەرچییەکم لە بارەی نەخۆشییەکەی بابمەوە دەزانی، هەموویم بۆ باس کرد. هەڵبەتە شتێکی کەمم دەربارەی نەخۆشییەکەی بابم دەزانی، تۆزێ زیاتر لەوەی کە مامۆستاو ژنەکەی بۆیان باسکرد بووم. هەستم کرد دایکم وەکو پێویست گوێی بە قسەکانم نەدا. هەندێ شتی ئاسایی گوت وەك: "ئا، شتەکە ئاوهایە ؟ باشە ئەو خانمە بە هەمان دەرد مرد؟ بە ڕاستی ئەمە شتێکی زۆر خراپە، باشە لە تەمەنی چەندساڵیدا مرد؟"

ئیدی کۆڵم دا کە قەناعەت بە دایکم بکەم نەخۆشییەکەی بابم خەتەرە، لێبڕام قسە دەگەڵ بابم دا بکەم. ئەم، لە دایکم باشتر بوو، لەو باشتر گوێی لێدەگرتم. گوتی: "بێگومان تۆ ڕاست دەکەی، هەق بە تۆیە. بەڵام من لەشی خۆم لە خەڵکی تر باشتر دەناسم. من دەزانم چی پێدەکەوێو چی پێناکەوێ، چی بۆ باشەو چی بۆ خراپە. بە تەجروبە دەزانم چۆن لە خەڵکی باشتر مدارای دەکەم." کە قسەکانی بابم بۆ داکم گێڕایەوە، پێکەنیو بە تەشەرەوە گوتی:

"بینیت؟ چیم پێ گوتیت؟"

گوتم: "بەڵام، ئەو هەرچییەك دەڵێت با بیڵێ، بە خۆت دەزانی خۆی بۆ مردن ئامادە دەکات. بە خۆی گوتی زۆر بەختەوەرە چونکە بە چاوی خۆی دەرچوونەکەی منی بینی، ئەو ئاواتەی نەبردە گۆڕەوە." دایکم گوتی: "با پێت بڵێم کە قسە کردنی شتێکەو بیرکردنەوەی شتێکی ترە، پێی وایە چاك بووەتەوە."

گوتم: "خوا لە زارت بنوڕێ، تۆ بڵێی وابێ."

بەڵێ. بە تەمایە دە، بیست ساڵی دی بژی. دروستە هەندێجار قسەی خەمناکم بۆ دەکات. دوێنی پێی گوتم: "لەوە ناچێت من لەوەی پتر بژیم. ئەگەر بمرم چی دەکەی؟ بە تەمای بە تەنیا لەم ماڵەدا بژیت؟"

به خەیاڵ ماڵە دێهاتیە گەورەکەی خۆمانم بەبێ باوکم هێنایە بەرچاوی خۆمو بە خەیاڵ دەمبینی کە دایکم چۆن بە تەنیا تیایدا دەژی. باشە ئەم ماڵە بەبێ باوکم دەبرێ بەرێوە؟ دایکم چی دەکات؟ چی دەڵێت؟ ئاخۆ دەتوانم ماڵ بە جێ بێڵمو بە ئاسوودەیی و بێ خەم لە تۆکیۆ بژیم؟ لە کاتێکا لەوێندەرو لە بەرانبەر دایکمدا ڕۆنیشتبووم، کەوتمە بیرکردنەوە لەو ئامۆژگارییەی مامۆستا، کە هەوڵبدەم تا بابم لە ژیاندایە بەشە میراتی خۆم وەربگرم.

دوای ئەوە دایکم گوتی: "هیچ خەمت نەبێ. کێت دیتوە جاڕی مەرگی خۆی بدات؟ کێ چوزانێ کەی دەمرێت؟ جا باوکت کە دەڵێت ڕەنگە بەو زووانە بمرێت، لەگینە پێچەوانەکەی راست بێ، لەوەیە چەندین ساڵی دی بژی. لەوەیە ئێمە کە زۆر لە سەلامەتی و ساغلەمی خۆمان دڵنیاین زووتر بمرین." بەبێدەنگی گوێم لە قسە هیچەکانی دایکم گرت، زۆرم پێ سەیر بوو کە وای دەزانی قسەکانی نەخشی سەر بەردنو بە هیچ لوژیکێك بە تاڵ نابنەوەو لەسەر بناغەی حیساباتی ئاماران رۆنراون.

*

داكو بابم کەوتنە مقۆ مقۆو گەنگەشەی ئەوە کە ئاهەنگی ئێوارە خوانێك لەسەر شەرەفی من سازبکەن. لەوەتای گەیی بوومەوە ماڵێ، لە دڵی خۆمدا لەوە دەترسام نەبا بیرۆکەیەکی وا بە مێشکیان دا بێت. یەکسەر ئیعترازم گرت: "تکاتان لێدەکەم، ئەو مەسرەفە زۆرە لەبەر من مەکەن." زۆرم ڕق لە داب و نەریتی دەعوەت و دەعوەتکاری دێهات بوو، بە تایبەتی ئەو میوانانەی بۆ ئاهەنگی ئێوارە خوان دەهاتن، تەنیا یەك مەبەستیان لە بیرو لە خەیاڵ بوو، ئەویش ئەوەبوو کە: بخۆن و بخۆنەوە. لەو جۆرانە بوون کە خوا خوایان بوو بۆنەیەك بێتە پێشێ و کەمێك لە رۆتینی ژیانیان دووربکەونەوە. لە منداڵییەوە حەزم نەدەکرد لە ماڵی خۆماندا بیاندینمو بەرێزەوە ڕەفتاریان دەگەڵدا بکەم. ئێستاش، کە لەسەر شەرەفی من بۆ ئاهەنگی ئێوارەخوان دەعوەت کرابوون، وام هەست دەکرد ناتوانم خێرهاتینان بکەم، وەکو ئەوەبوو بێگارم پێبکەن، هەڵبەتە زەحمەتیش بوو بە داكو بابم بڵێم: "ئەو چەکلو مەکلو نەژنەوانە بۆ ئێرە دەعوەت مەکەن.."

بەڵام ئەوسا وام نواند کە حەزناکەم ئەو زیادە مەسرەفە لە ئاهەنگێکی وەهادا بکرێت. دایکم گوتی: "زیادە مەسرەف؟ نا، قسەی وامەکە ئەم جۆرە بۆنانە، بۆنەی عەمرن، دووبارە نابنەوە، بۆیە ئاساییە خەڵکی دەعوەت بکەینو بەشداری ئاهەنگەکەمان بکەن. ئەوەندەش گۆشەگیر مەبە."

پێدەچی دایکم زۆری دڵ بە تەخەروجەکەم خۆش بێ، ڕەنگە بەقەد ژن هێنانم دڵی پێ خۆش بێ. بابم گوتی: "هەڵبەتە کەس زۆری لێمان نییە کە دەعوەتیان بکەین. بەڵام ئەگەر دەعوەتیان نەکەین دەبین بە گەپجاڕی خەڵکی، خەڵکی قسەو قسەڵۆکمان دوا دەخەن."

لە لۆمەو قسەو قسەڵۆکان دەترسا. من دڵنیا بووم کە دراوسێکانمان چاوەڕوان بوون دەعوەت بکرێن، ئەگەر دەعوەت نەکرابان، گلەییان دەکرد. بابم گوتی: "بە خۆت دەزانی ئێمە لە تۆکیۆ

نازێن. گوندییان خۆش گلەیی و تاڕادەیەك دڵناسکن." دایکم گوتی: "دەبێ حیساب بۆ ناوو ناوبانگی باوکت بکەیت."

وادیار بوو نەمدەتوانی بیانهێنمە ڕەدا، بۆیە لە دڵی خۆدا گوتم واچاکە واز لە داك و بابم بهێنم چی دەکەن بابیکەن. "من تەنیا ئەوەندە دەڵێم پێویست بەوە ناکات ئەمە لەبەرخاتری من بکەن. ئەگەر لە لۆمەو گازاندەش دەترسن، ئەمەیان شتێکی دیکەیە. من حەددم چییە دڵی ئەنگۆ زیز بکەم؟"

بابم بە پەستی گوتی: "تۆ بەم گەنگەشەو موناقەشەیەت شێتم دەکەی." دایکم گوتی: "بابت نەیگتووە ئێمە ئەم ئاهەنگە لەبەر خاتری تۆ ساز ناکەین. بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت، کە پیاو دەبێ مدارای دەرو دراوسێش بکات."

دایکم، وەکو هەموو خێڵی ژنان، هەندێجار بەلای شتی بێ سەرو بەرو نالوژیکیدا دایدەکێشا. بۆ قسان دانەدەما، من و باوکمی پێکەوە بەگیر دێنا، بە هەردووکمان دەرەقەتی نەدەهاتین. بابم گوتی: "کێشەی کەلتوور ئەوەیە کە پیاو فێری گەنگەشەو جەدەلان دەکات.".

ئیدی هیچ قسەیەکی تری نەکرد. ڕاستە سەرنجەکەی سادەبوو، بەڵام بە ئاشکرا پێوەی دیار بوو، وەکو پێشتریش هەستم پێکردبوو، لێم پەستە. بێ ئەوەی دەرك بەوە بکەم کە بەخۆم کەسێکی دژوارم، زۆر بەزەقی هەستم بە قورسی سەرزەنشتەکەی بابم کرد.

ئەو ئێوارەیە گۆڕانێك بەسەر مجێزی بابمدا هات. پرسیاری ئەوەی لێکردم کە چ کاتێك بۆ سازدانی ئاهەنگی ئێوارە خوانەکە لە بارو گونجاوە. چاك دەیزانی من بەتەمای ئەوەنیم بەشداری لە ئاهەنگەکەدا بکەم. بۆیە ئەو پرسیارەی زیاتر بە مەبەستی ئاشتبوونەوەو ئاشتەوایی بوو. هەڵبەتە نەمدەتوانی دڵی بابم بشکێنم و دەبوایە نەرمی و گوێڕایەڵی زیاتر بنوێنم. دوای سووکە موناقەشەیەکی کەم لەسەر وەعدەکە ڕێك کەوتین. بەهەرحاڵ، پێش مەوعیدی ئاهەنگەکە بویەرێکی گرینگ ڕوویدا. جاڕی نەخۆشی قەڕاڵی وڵات (میجی) درا. ئەم هەواڵە کە لە ڕۆژنامەندا بڵاوکرایەوە، وەکو ئاگر بێ و لە پووش بەر بێ، بەو ئاوایە لە نێو خەڵکیدا بڵاو بووەوە.

ئیدی ئاهەنگی تەخەروجەی من کە دوای گەنگەشەیەکی زۆر، هەموو ئامادەکارییەکمان بۆی کرد بوو، بە تایبەتی لە ماڵە گوندییەکی سادەدا، هەڵوەشایەوە، یانی ڕیسەکەمان لێ بووەوە بە خوری. بابم کە هەواڵەکەی خوێندەوە، لەسەر چوارچێوەی چاویلکەکەیەوە تەمەشایەکی منی کردو گوتی: "پێموایە باشتر وایە ئاهەنگەکەمان هەڵوەشێنینەوە." دوای ئەوە بێدەنگ بوو، وام دەهاتە بەرچاو کە بیر لە نەخۆشییەکەی خۆی بکاتەوە. منیش وەکو ئەو بێدەنگ بووم و بیرم لە قەڕاڵ کردەوە کە چۆن ئەم ساڵیش وەکو هەموو ساڵانی پێشوو هاتە ئاهەنگی دەرچووانی زانستگە.

*

کتێبەکانم لە جانتاکەم دەرهێنا و لەو ماڵە کۆنە ئاوەدان و گەورەیەدا، کە تەنیا هەرسێکمانی تیا بووین و بۆ ئێمە زۆر گەورە بوو، دەستم بە خوێندنەوە کرد. بەخۆیشم نەمدەزانی بۆچی ناتوانم خۆم لەسەر خوێندنەوە ڕابێنم. کەچی لە گەرمەی هەراو هەنگامەی تۆکیۆدا زۆر بە ئاسانی

دەمخوێندەوە. لە ژووره بچووکەکەی قاتی دووەمی بەشی ناوخۆیی دا، کە گوێم لە دەنگی دووری ترامەکانیش دەبوو، هەرچییەکم بخوێندایەتەوە بە ئاسانی دەچووە مێشکمەوەو لێی تێدەگەییشتم. زۆرجار بەسەر کتێبەکەمەوە خەو دەی بردمەوە. خۆ هەندێجار دەچووم بالیفەکەم دێناو بە ڕاستی بەدیار کتێبەکەمەوە دەخەوتم. ئیدی لە دەنگی سیسرکو زیك زیکان کە لە سەرەتاوە وەکو خەون دەهاتە گوێمو پاشان دەبوو بە دەنگی ڕاستەقینە خەبەرم دەبووەوە. هەندێجار بە دانیشتنانەوە چاوم دەنوقاندو بۆ یەك دوو دەقیقەیەك گوێم لێدەگرتو دڵم تەژی خەم دەبوو.

نامەم بۆ زۆر برادەر نووسی. جاری وا هەبوو هەندێ کورتە سەرنجانم لەسەر پۆستکارتێك دەنووسیو دەمنارد، هەندێجار نامەی دوورو درێژم دەنووسی. هەندێ لە برادەرەکانم هێشتا هەر لە تۆکیۆ بوون، هەندێکیان بۆ دەڤەرو مەفتەنە دوورەکانی خۆیان چووبوونەوە.

هەندێکیان وەڵامی نامەکانیان دامەوەو هەندێکیان نا. هەڵبەتە مامۆستام فەرامۆش نەکردبوو. نامەیەکی دوورودرێژی سێ پەڕەی خورشیدیم بە خەتێکی ورد بۆ نووسی، لە نامەکەدا، لەوەتای هاتبوومەوە هەرچیم بەسەرهاتبوو، بۆم گێڕابووەوە. خستمە زەرفەوەو زەرفەکەم داخستو لە دڵی خۆدا گوتم تۆ بڵێی مامۆستا هێشتا لە تۆکیۆ بێت. هەرجارێ کە مامۆستاو ژنەکەی بۆ سەفەر دەچوون. خانمێکی تەمەن پەنجا ساڵەی قژ تەسریحە کراو، بەشێوەی تەسریحەی ژنانی هاوتەمەنی خۆی، دەهاتو بەدیار ماڵەکەیانەوە دەبوو. جارێکیان کە پرسیاری ئەو ژنەم لە مامۆستا کرد، بەپرسیارێك وەڵامی دامەوە: "بە مەزەندەی تۆ کێیە؟" کە گوتم وادەزانم خزمێکی خۆیەتی، وەڵامی دامەوە کە: "من خزمی ژنم نین."

ئەوەی ڕاستی بێ، مامۆستا ماڵباتو کەسوکارەکەی لە زاگەو مەفتەنی خۆیدا تەواو فەرامۆش کردبوو. ئیدی ئەو خانمە خزمی مامۆستاژن دەرچوو.

ئەوسا کە لە ماڵ وەدەرکەوتم تا نامەکە بە پۆستەدا ڕەوانە بکەم، بیرم لەو خانمە کردەوەو لە دڵی خۆدا گوتم تۆ بڵێی ئەوەندە بە شعورو لوتف بێت، ئەگەر لە کاتی گەییشتنی نامەکە بە تۆکیۆ، مامۆستاو مامۆستاژن چووبنە سەفەر، نامەکەیان بۆ بنێرێت.

هەڵبەتە دەمزانی هیچ شتێکی نهێنی وگرینگم لە نامەکەدا باس نەکردبوو. بە کورتییەکەی ئەوەم ڕوون کردبووەوە کە هەست بە تەنیایی دەکەم. بە ئومێدی ئەوە بووم وەڵامم بداتەوە، بەڵام ئەو ئاواتەم هەرگیز نەهاتە دیو وەڵام نەبووو نەبوو.

بابم وەکو زستانی ڕابردوو زەوقی لە شەترەنج نەبوو. تەختە شەترەنجەکە لە سووچە نەخشینەکەدا دانرابووو تۆزی لێ نیشتبوو. لەوەتای قەڕاڵ نەخۆش کەوتبوو، لە جاران ئارامتر بوو. هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی گەییشتنی ڕۆژنامەی دەکرد، کە ڕۆژنامەکە دەگەیی ئەو یەکەم کەس بوو کە دەیخوێندەوە. دوای ئەوە بۆ منی دێناو دەیگوت: "تەمەشا، ئەمڕۆ هەواڵی زۆری لەمەڕ خاوەنشکۆ تێدایە. جارێکیان گوتی: "نەبێ بە بێ ڕێزی، لەوە دەچێ نەخۆشییەکەی خاوەنشکۆش وەکو نەخۆشییەکەی من بێت."

که ئەو قسەیەی کرد، نیگەرانییەکی زۆرم لە سیمایدا بەدی کرد، لە فکران ڕاچووم: "تۆ بڵێی کەی جارێکی دی ببورێتەوە؟" بابم گوتی: "بەڵام من دڵنیام کە سیحەتی خاوەنشکۆ باش دەبێتەوە. بەڵێ. ئەگەر کەسێکی رووتەی وەکو من بتوانێت هەستێو دانیشێت.." بە هەرحاڵ هەرچەندە هەوڵی دەدا گەشبین بێ، بەڵام وام هەست دەکرد لە نەخۆشییەکەی خۆی دەترسێت. بە دایکم گوت: "بە خۆت دەزانی بابم زۆر خەمی نەخۆشییەکەیەتی. پێناچێت وەکو تۆ وێنای دەکەیت بەتەمای ئەوە بێت دە بیست ساڵێکی دی بژی." وام هاتە بەرچاو کە دایکم بە قسەکانم پەشۆکاو، گوتی: "بۆچی هەوڵێکی لەگەڵ نادەیت کە شەترەنجت لەگەڵدا بکات ؟"

تەختە شەترەنجەکەم هێناو تەپو تۆزەکەم لێ سڕی.

*

تەندروستی بابم رۆژ بە رۆژ خراتر دەبوو. ئەو شەپقە حەسیرییە کۆنەی کە دەسە سڕێکی تێوە ئالاند بوو،و کە یەکەمجار بەسەر سەری بابمەوە دیتم، زۆرم لا جوان بوو، ئەمێستا بەبێ ناز لە سووچێکدا کەوتبوو. هەرجارێ کە دەمبینی بەبێ ناز لەسەر ڕەفە دوکەلاوییە ڕەش هەڵگەڕاوەکە کەوتووە، کۆڵێك خەفەتم بۆ بابم دەخوارد. پێش ئەوە، کاتێ کە گوڕو تینی تیا بوو، خوا خوام بوو کەم بجوڵێتو ئەوەندە ئێرەو ئەوێ نەکات. بەڵام هەنووکە زۆرم لەبەر گران بوو کە دەمبینی گوڕو تاوەکەی جارانی نەماوەو کڕوکپ لە ماڵەوە دانیشتووە. زۆرجار لەگەڵ دایکمدا باسی سیحەتی بابم دەکرد. جارێکیان دایکم گوتی: "ئەمە حاڵەتێکی دەروونییە، خەمبارە." لەوە دەچوو دایکم وا بزانێ بابم بە هۆی نەخۆشییەکەی قەڕاڵەوە خەمبارە. بەڵام من پێم وانەبوو. گوتم: "پێموانییە ئەمە بە ڕاستی حاڵەتێکی دەروونی بێت. بەڵکو بە ڕاستی هەست بە نەخۆشی دەکات."

پاشان بە جددی کەوتمە بیری ئەوەی بۆ جاری دووەم بچم پزیشکی پسپۆڕ بێنم تا بابم معایەنە بکات. دایکم گوتی: "ئەم هاوینە ئۆخەیت نەکرد. ئاهەنگی تەخەروجمان بۆ نەکردیت. بابت سیحەتی باش نییەو وا نەخۆشی خاوەنشکۆشی هاتە سەر.. دەبوایە هەرکە گەڕایتەوە یەکسەر ئاهەنگی ئێوارە خوانەکەمان بەرپابکردایە."

پێنج یان شەشی تەموز بوو کە گەییمەوە ماڵی خۆمان، دوای گەڕانەوەم بە نزیکەی هەفتەیەك ئەوسا دایكو باوکم کەوتنە موناقەشەی سازدانی ئاهەنگی ئێوارە خوان. ئەوسا بڕیاریان دا لە هەفتەی دواتردا ئاهەنگەکە بگێڕن. دەشێت بگوترێ، بە هۆی ڕەفتاری سستو خاوی دایكو باوکمەوە وەکو هەر دێهاتییانێکی دیکە، لە دابو نەریتێکی کۆمەڵایەتی نا پەسند بەلای منەوە، رزگار بووم. لێ دایکم، کە لە من نەدەگەیی، نەیتوانی هەست بەوە بکات.

کاتێ کە رۆژنامە گەییو هەواڵی مەرگی قەڕاڵی بڵاوکردبووەوە، بابم گوتی: "هێی! هێی!" ئەوسا "هێی! ئەنجام، خاوەنشکۆش مرد، دنیا بۆ خاوەنشکۆ نەما. منیش..." ئەوسا بێدەنگ بوو.

چووم بۆ شار تا کاغەزی کریبی ڕەش، وەکو نیشانەی تازیەباری بکڕم. پارچەیەکمان لێکردەوەو لە تۆپە زەردەکەی سەری ستوونی ئالاکەمانەوە ئالاند. پارچەیەکی ترمان لە کریبەکە

کردەوەو شریتێکی سێ ئینجیمان لێ دروستکردو بە بەرزییەوە، بە ئەستونەکەمانەوە هەڵواسی. ئاڵاکە بە خواری بە یەکێك لە لاشیپانەکانی دەروازەکەوە هەڵواسرابوو. دنیا زۆر کپ بوو، بای نەدەهات، بۆیە ئاڵاکەو شریتەکە بە خاوی شۆڕ بووبوونەوە. لەسەر دەروازە کۆنەکەی ماڵەکەماندا، کە پرێکی لە هەژگو پوشان هەبوو، چونکە دەمێ ساڵ بوو لەبەر باو باران بوو، ڕەنگی تەواو گۆڕا بوو، ڕەنگی خۆڵەکەوەی گرتبوو. پیاو بە ئاشکرا دەیبینی کە ڕەنگەکەی یەك تۆن نییە. بە تەنیا چوومە سەر ڕێگاکەو روانیمە ئاڵاکە، ئاڵاکە لە پارچەیەکی مۆزلینی سپی دروست کرا بوو، هەتاوێکی پرشنگداری سوور لە ناوەندیا بوو. ئاڵاکەو شریتەکە لە بەردەم کەپرێکی کەوەیی پیسدا شۆڕ بوو بوونەوە. لە پڕ پرسیارێکم بیرکەوتەوە کە کاتی خۆی مامۆستا لێی کردبووم. پرسی: "شێوەی ماڵەکەتان چۆنە؟" بۆیە دەپرسم تا بزانم "ئاخۆ شێوازی تەلارکاری لەو بەشەی گوندەکەتاندا، جیاوازە لە شێوازی تەلارکاری لای ئێمە؟" حەزم دەکرد مامۆستا ئەو ماڵە کۆنە بدینێ کە تیایدا لە دایك بوو بووم. لە هەمان کاتدا کە دیمەنی ماڵەکەم دەبینی تەریق دەبوومەوە.

بۆ ماڵ گەڕامەوە. لەسەر مێزەکەم دانیشتم، بەدەم خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەوە خەیاڵم بۆ دوور، بۆ تۆکیۆ، بۆ گەورەترین شاری ژاپۆن، فڕی. بە خەیاڵ ئەو گەورە شارەم هێنایە بەرچاوی خۆم کە یەکپارچە نقومی خەم بوو. بەڵام وێڕای تاریکیش، جمەی دەهات، ژیانی لێ هەڵدەقولا. تەنیا یەك تروسکەی روناکی تیا بوو، ئەو تروسکەیەش لە ماڵی مامۆستاوە دەهات. کاتی خۆی نەمدەتوانی تەسەوری ئەوە بکەم کە لەگینە گەردەلولێکی بێدەنگ ئەم روناکییەش قووت بدات. نەمدەتوانی باوەڕ بەخۆ بکەم کە ئەم روناکییە بەو زووانە دەکوژێتەوەو، من لە دنیایەکی سەراپا تاریکدا دەمێنمەوە. بیرم کردەوە کە شتێك دەربارەی مەرگی قەڕاڵ بۆ مامۆستا بنووسم، دەستم دایە قەڵەمەکەم. پاش ئەوەی نزیکەی دە دێڕێکم نووسی، بڕیارم دا ئەو نامەیە هەر نەنووسم. کاغەزەکەم دڕاندو پارچەکانیم خستە تەنەکەی خۆڵەکەوە. ( هەستم کرد هیچ مانای نییە دەربارەی ئەم مەسەلەیەی بۆ بنووسم. ئەمە جگە لەوەی هیچ ئومێدێکم نەبوو کە وەڵامم بداتەوە..) خۆ ئەگەر وەڵامیشم بداتەوە، ئەوا زیاتر لەبەر ئەوەیە کە دەزانێت من لە تەنیاییدا ئەو نامەیەم بۆ نووسیوە.

*

لە ناوەڕاستی ئابدا، نامەیەکی برادەرێکی خۆمم پێ گەیی، پرسیاری ئەوەی لێکردبووم ئاخۆ حەزدەکەم لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا لە فلان شوێن دابمەزرێم. جا ئەو برادەرە لەبەر پێویستی، ماوەیەکی زۆر لە دوای دۆزینەوەی وەزیفە بۆ خۆی، گەڕابوو. ئیدی وەزیفەی دۆزی بووەوە، بەڵام چونکە قوتابخانەیەکی دیکەی لە ناوچەیەکی باشتردا پەیدا کردبوو، ئیدی لە چاکی خۆی بە پێویستی زانی بوو بەندە لەو شاغیرە ئاگادار بکاتەوە. یەکسەر نامەیەکم بۆ نووسی و ئاگادارم کردەوە کە حەزم لەو وەزیفەیە نییەو پێشنیازم کرد نامە بۆ برادەرێکی دیکەی هەردووکمان بنووسێت کە دەمزانی زۆری حەز لە کاروپیشەی مامۆستایەتی و دەرس گوتنەوەیە.

پاش ئەوەی نامەکەم بە پۆستەدا نارد، داكو بابمم لە شاغیرەکە ئاگادارکردەوە. کە بۆم گێڕانەوە وەزیفەم رەفز کردووە، هیچ نا ڕەزاییەکیان دەرنەبڕی. گوتیان: "هەڵبەتە هیچ پێویست ناکات بۆ ئەو شوێنە بڕۆیت. شوێنی باشترت دەستدەکەوێت."

هەنگێ هەستم کرد کە داكو بابم هیوایەکی زۆریان بە ئایندەی منە. بۆم دەرکەوت، وێڕای نەزانیان، بەتەمای ئەوە بوون کوڕەکەیان، کە زانستگەی تەواو کردووە، کارو وەزیفەیەکی باش بە مووچەیەکی گەورە پەیدا بکات. گوتم: "دەبێ ئەوە بزانن کە دۆزینەوەی وەزیفەی چاك لەم ڕۆژو رۆژگارەدا ئەستەمە. تکام وایە ئەوە بزانن کە مەجالی پسپۆڕی من جیاوازە لە بواری پسپۆڕی برا گەورەکەم. ئەمە جگە لەوەی دنیاش لە چاو ئەوسادا گۆڕاوە. دەبێ ئەوە بزانن کە براکەم کاتی خۆی زۆری دڵ بە دەرچوونەکەی خۆش بوو، لێ ئێستا من هەمان وەزعی شادی ئەوسای ئەوم نییە." بابم بە جۆرە توڕەییەکەوە گوتی: "بەڵام هەر چییەك بێ، تۆ دەرچووی زانستگەی. گلەیی ئەوەمان لێ مەکە ئەگەر حەزبکەین دابمەزرێیتو ببیت بە خاوەن کیسەی خۆت. بە خۆت دەزانی کە یەکێك لێم دەپرسێت: "باشە کوڕە بچووکەکەت کە زانستگەی تەواو کردووە بەتەمایە چ کارێك بکات ؟" زۆر ئیحراج دەبم، لە ڕوو دادەمێنم.

ئەو دنیا بچووکەی کە بابم بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە بەشێك بووە لێی، ئەوە دنیای ئەوەو بیری لەوە زیاتر بڕناکات. ئەو شتەی کە ئەو لە منی دەویست ئەوەبوو وەزیفەیەك بە گوێرەی شادەتنامەکەی خۆم بدۆزمەوە، تا ناوی لە ناو خەڵكو خوادا نەزڕێت. حەزی نەدەکرد، وەڵامی پرسیاری دەورو جیرانانی پێ نەبێت: "کوڕەکەت کە خوێندنی تەواوکردووە، مووچەکەی زۆرە؟" یان: "ڕەنگە مانگی نزیکەی سەد یەنێك وەربگرێت." بەڵام من کە زیاتر وام بیردەکردەوە کە پایتەخت مەڵبەندی کارکردنی منە، بێگومان دەبوایە بە گووراوێکی سەیرو نائاسایی بێمە بەرچاوی داكو بابم. لە ڕاستیدا هەستم دەکرد لە ماڵی خۆماندا، لەم ژینگەیەی خۆمدا غەریبو نامۆم. جا لە جیاتی ئەوەی بە ڕوونی ماهیەتو جەوهەری هەستی خۆمیان بۆ شرۆڤە بکەم، لێبڕام هیچ نەڵێم. کەلێنی نێوان منو ئەوان زۆر گەورە بوو. دایکم گوتی: "ئەوە دەرفەتە، پیاو دەبێ سوود لە دۆستایەتیو برادەرایەتی خەڵکانی دی وەربگرێت–ئەدی دۆستایەتی بۆ تەنگانە نەبێت بۆ کەی دەبێ! ئەدی دەنگوباسی ئەو مامۆستایەی کە زۆرجار بۆت باس دەکردم، ئەو ناتوانێ هیچت بۆ بکات ؟"

ئەوە ڕادەی تێگەییشتنی بوو لە پەیوەندی نێوان منو مامۆستا. لەوەش زیاتری لێ چاوەڕوان نەدەکرا. هەرچەندە مامۆستا ئامۆژگاری کردم بەر لە مردنی بابم مەسەلەی بەشە میراتی خۆم یەك لایی بکەمەوە، بەڵام لەو کەسانە نەبوو کە دەستبەرداری تەبیعەتی خۆی ببێتو یارمەتیم بدات تا وەزیفەیەك بدۆزمەوە. بابم پرسی: "ئەو مامۆستایە چ کارەیە؟ چی دەکات؟"

وەڵامم دایەوە: "هیچ کارێك ناکات."

وام هەست دەکرد پێشتر ئەوەم بۆ داكو بابم باسکرد بوو، کە مامۆستا هیچ کارێك ناکات. لێم بە درۆ نەبێت، پێدەچوو بابم ئەوەی بیرکەوتبێتەوە. بۆیە بابم بە جۆرە تەشەرێکەوە گوتی: "پێم

بڵێ، چ جۆرە کارێك دەکات؟ پیاو وا هەست دەکات، کەسێکی وەکو ئەو، کە وادیارە تۆ زۆری ڕێز دەگرێت، دەبێ کارێکی هەبێت."

ئەوەی من لە قسەکانی بابم حاڵی بووم، ئەوەبوو دەیویست بڵێ حورمەتی پیاو بە کارەوەیە، پیاوی پیاوانە ئەو کەسەیە کە کارێکی بە سوود بۆ خۆی دابینبکات. ئەوەی کارێکی بەسوود نەکات، هەر بەشی سەرگەردانیو بێکاری دەبێت. بابم لە سەری ڕۆیی: "ڕاستە من بابایەکی مووچەخۆر نیم. مووچەیەکی دیاری کراوم نییە، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەیت کە تەنانەت کەسێکی سادەی وەکو منیش کاری خۆی هەیە. کەس نییە بتوانێ بڵێ من هەر هیچ ناکەم." هیچم نەگوت.

دایکم گوتی: "ئەگەر ئەو پیاوە وەکو تۆ دەڵێی پیاوێکی زانابێت، ئەوا دڵنیام کارێکت بۆ دەدۆزێتەوە. باشە پێت گوتووە؟"

گوتم: "نەخێر." دایکم گوتی: "باشە. ئەمەوا نابێ. بۆچی پێی ناڵێی، نامەیەکی بۆ بنێرە."

"بەڵێ"، بەساردی وەڵامم دایەوەو لە ژوورەکە وەدەرکەوتم.

*

بە عالەمی ئاشکرا دیاربوو بابم لە نەخۆشییەکەی دەترسا. بەڵام هەوڵی دەدا بیشارێتەوەو نەیباتە سەرخۆی، هەرجارێ کە دکتۆرەکە دەهات بۆ موعاینەی، بە پرسیارانی بێ سوود دای دەگرتەوە، دکتۆرەکەش حەکیمانە بێدەنگەی لێدەکرد. وام دەهاتە بەرچاو بابم بیری لە ڕووداوو بویەرەکانی دوای مردنی خوی دەکردەوە. خویا بوو کە بەلای کەمەوە زۆرجار هەوڵی دابوو لە دڵی خۆیدا تەسەوری ژیان لە ماڵەکەدا، بەبێ خۆی، لە غیابی خۆیدا بکات. جارێکیان پێی گوتم: "دەزانی، پیاو کە ڕەنج بە مناڵەکانییەوە دەدات. پەروەردەیان دەکاتو دەیانخاتە بەر خوێندن، هەم قازانجی هەیەو هەم زیان. خۆی ماندوو دەکات دەیانخاتە بەر خوێندن، بەڵام کاتێ خوێندن تەواودەکەن، قەل فڕی لێدەکەنو جارێکی دی ڕوو لە ماڵ ناکەنەوە. بەڵێ، دەتوانی بڵێی خوێندن هۆیەکە بۆ ئەوەی منداڵانو باوکان لێکدی بکات."

دیارە هۆی ئەم قسەیە ئەوەبوو کە برا گەورەکەم خوێندنی زانستگەی تەواوکرد، ئەوسا ڕۆیی بۆ دەڤەرێکی دوورە دەست. منیش بە هۆی خوێندنەکەمەوە لێبڕام کە لە تۆکیۆدا ئاکنجی ببم. بۆیە بابم هەقی بوو گلەیی لە منداڵەکانی بکات. هەڵبەتە بۆ کەسێکی وەکو ئەو کە ئەو هەموو ساڵەی لەو ماڵە گوندییەدا بەسەر بردبوو، زۆر ناخۆش بوو تەسەوری ئەوەبکات دایکم بە تاقی تەنیا لەوێندەر بمێنێتەوەو بژی. بەلای ئەوەوە ماڵەکە، ماڵی ماڵباتو خانەوادەکە بوو، هی بنەماڵەکە بوو، کوانگ بوو، هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە لە هیچ شوێنێکی دی بژی. هەڵبەتە بەلای ئەوەوە ئەوەش بڕابووەوە کە دایکم تا ئەو ڕۆژەی ئەجەل بەرۆکی دەگرێت، لەو ماڵەدا دەمێنێ. بۆیە کە بیری لە دایکم دەکردەوە کە چۆن بە تاقی تەنیا لەو ماڵە گەورەیەدا دەمێنێتەوە، زۆر نیگەران دەبوو. لە هەمان کاتدا زۆری لە من دەکرد کە دەبێ بچم بۆ تۆکیۆو کارو وەزیفەیەکی باش بۆ خۆ بدۆزمەوە. ئەم پێ داگرییەیم بەلاوە سەیر بوو. جۆرە ناکۆکییەکم

تێدا دەبینی. بە هەرحاڵ خێری منی تیا بووو بە دڵم بوو، چونکە دەمتوانی بە ڕەزامەندی تەواوی ئەو بۆ تۆکیۆ بڕۆم.

کارێکی وام نەکرد کە دایكو بابم وا بزانن من ئەوپەڕی هەوڵم نەداوە تا وەزیفەیەك بدۆزمەوە. نامەیەکم بۆ مامۆستا نووسیو وەزعو حاڵی ماڵی خۆمانم بۆ باسکرد. بۆم نووسی ئامادەم هەر کارێك کە لەگەڵ شادەتنامەو توانای خۆمدا بگونجێت، بکەم. داوام لێکرد یارمەتیم بدات کە وەزیفەیەکی شاغیر بدۆزمەوە. لە کاتی نووسینی نامەکەدا پێموابوو مامۆستا داواکەم بە هەند ناگرێتو فەرامۆشی دەکات. هەروەها لە دڵی خۆدا وام بیردەکردەوە، کە ئەگەر یارمەتیشم بدات، دەتوانێ یارمەتییەکی کەمم بدات، چونکە کەسێکی تەریكو گۆشەگیرە. وێڕای ئەوەش دڵنیابووم کە وەڵامی نامەکەم دەداتەوە.

پێش ئەوەی نامەکە دابخەم، چووم بۆ نك دایکمو گوتم: "تەمەشا، لەسەر قسەی تۆ نامەیەکم بۆ مامۆستا نووسیوە. دەی خوێنیتەوە؟" هەڵبەتە وەکو پێشبینیم کردبوو دایکم نامەکەی نەخوێندەوە. گوتی: "نووسیت؟ کەواتە باشتر وایە یەکسەر بینێریت. هەق بوو زۆر زووتر بتنووسیبایە. بۆ ئەم کارانە پێویست ناکات چاوەڕێی هاندانی کەس بیت."

دایکم هێشتا بە منداڵی دەزانیمو وەکو منداڵ مامەڵەی دەگەڵم دەکرد. پیاو ڕاست بڕوات، هەنگێ هەستێکی منداڵانە باڵی بەسەردا کێشام. گوتم: "بەهەرحاڵ، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە تەنیا ناردنی نامەیەك بەس نییە. پێویستە بە خۆم بۆ تۆکیۆ بڕۆم... ڕەنگە لە مانگی ئەیلولدا بڕۆم."

"ڕەنگە وابێت، بەڵام نووسینی نامە بۆ دۆستان هیچ زەرەرێکت لێنادات. کێ دەڵێ. لە ناکاودا وەزیفەیەکت بۆ نادۆزنەوە؟"

"وایە. باشە، با ئەم باسە هەڵگرین بۆ جارێکی دی، بۆ ئەو کاتەی نامەیەکی مامۆستام پێدەگات. گومان لەوەدا نییە کە نامەم بۆ دەنووسێت."

قەناعەتم وابوو کە مامۆستا، لەو رووەوە کەسێکی بە ویژدان دەبێت. بۆیە بە متمانەوە چاوەڕوانی وەڵامی ئەوبووم. بەڵام ئەو خەیاڵ پڵاوەشم کەرووی هەڵهێنا. هەفتەیەك تێپەڕیو هیچ نامەیەکی ئەوم پێ نەگەیی. هەستم دەکرد دەبێ جۆرە بیانوویەك بۆ بێدەنگیو بێ وەڵامییەکەی مامۆستا بێنمەوە، بۆیە بە دایکم گوت: "ڕەنگە مامۆستا لەم عوتڵەیەدا بۆ سەفەر چوو بێت.". هەڵبەتە هەوڵی من هەر بۆ ئەوە نەبوو کە قەناعەت بە دایکم بێنم، بەڵکو بۆ ئەوەش بوو کە قەناعەت بەخۆیشم بێنم، جا بۆ ئاسوودەییو دڵنیایی خۆم دەبوایە دڵخۆشی خۆم بەوە بدەمەوە کە ئەگەر مامۆستا هەنجەتێکی ماقوولی بە دەستەوە نەبێت، لەو پیاوانە نییە کە وەڵامی نامەکەمو داوایەکەم فەرامۆش بکات. هەندێجار نەخۆشییەکەی بابم لە بیردەکرد، وام بە خەیاڵدا دەهات یەکسەر بۆ تۆکیۆ بڕۆم. وام دەهاتە بەرچاو بابیشم هەندێجار ئەوەی لە بیردەکرد کە نەخۆشە، هەرچەندە دەیزانی پێویستە بەر لە مردنی هەموو کارو بارەکان ڕێك بخاتەوە، بەڵام هیچی لەو بارەیەوە نەکرد. هەرگیزش ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، کە باسی بەشە میراتی خۆمی لە موڵكو ماڵ وەکو مامۆستا ئامۆژگاری کردبووم، دەگەڵدا بکەم.

*

ئەنجام لە هەوەڵی ئەیلولدا، لێبڕام بۆ تۆکیۆ بڕۆم. پرسیارم لە بابم کرد کە ئاخۆ هەمان ئەو پارەو کۆمەکەم بۆ دەنێرێت، کە کاتی خۆی، وەختایە لە زانستگەبووم، بۆی دەناردم. گوتم: "ئەگەر بمەوێ ئەو جۆرە کارە بدۆزمەوە کە لە خەیاڵی تۆ دایە، دەبێ بڕۆم."

شتەکەم وا لێکرد کە وابنوێنێ تەنیا لەبەرخاتری بابمو بۆ ئەوەی ئاواتەکەی ئەو بێنمە دی، حەزدەکەم بۆ تۆکیۆ بڕۆم.

"هەڵبەتە، تەنیا تا ئەو کاتەی کارێك دەدۆزمەوە، ئەو پارەیەم دەوێ."

لە دڵی خۆدا هەستم دەکرد زۆر ئەستەمە وەزیفەیەکی باش بدۆزرێتەوە. بەڵام بابم کە لە ڕووداوەکانی دنیای دەرەکی دابڕابوو، ڕێك بە پێچەوانەی منەوە بیری دەکردەوە. گوتی: "باشە. مادامێکی تەنیا بۆ ماوەیەکی کاتییە، قەیدی نییە ئەو بڕە پارەیەت بۆ دابیندەکەم. بەڵام دەبێ بزانیت.. کە تەنیا بۆ ماوەیەکی کەم ئەوەت دەگەڵ دەکەم. دەبێ هەرکاتێ کارێکت دۆزییەوە، ئیدی پشت بە خۆت ببەستیت. پیاو ڕاست بڵێ هیچ ڕاست نییە پیاو دوای دەرچوونیش هەر باربێ بەسەر کەسو کارەوە. پێدەچێ نەوەی نوێ، لاوانی ئەمڕۆ تەنیا پارە خەرج کردن بزانن. پێناچێت قەت ئەوەیان بە خەیاڵدا بێت کە پارە لە پاڵ خەرجکردندا، پەیداش بکرێت."

زۆر شتی تریشی لە محازەرەکەیدا بۆ باسکردم، لەوانە: "لە زەمانی مندا، منداڵ یارمەتی باوکیان دەدا. کەچێ ئەمڕۆ هەر باوکان بە خەمی منداڵەوەنو یارمەتییان دەدەن."

زۆر بە هێمنی گوێم گرت.

لە ئەنجامدا، پێدەچوو محازەرەکەی تەواو بووبێ، خەریك بوو هەڵدەستام کە بابم لێی پرسیم بەتەمام کەی سەفەر بکەم. گوتم بە زووترین کات دەڕۆم. بابم گوتی: "بە دایکت بڵێ با ڕۆژێکی گونجاو بۆ سەفەرەکەت دابنێ." گوتم: "بەڵێ، پێی دەڵێم."

لە ڕادەبەدەر ملکەچو گوێڕایەڵ بووم. حەزم نەدەکرد بەر لە ڕۆییشتنم بابم زویر بکەم. پێش ئەوەی لە ژوورەکە وەدەربکەوم دوا وتەی ئەمە بوو: "بە ڕۆییشتنی تۆ، دیسان ماڵەکەمان چۆڵ دەبێت. هەر منو دایکت، پیرقەڵو برادەر دەمێنینەوە. خۆزیا سیحەتم باشتر دەبوو. ئەویش ئەوەیەکە هەیە، نازانین بڵێین چ ڕوودەدات."

بە گوێرەی توانا دڵخۆشی بابم دایەوەو هەنگێ بۆ ژوورەکەی خۆم چووم. کتێبەکانم بەناو ژوورەکەدا پەرشو بڵاوبووبوونەوە، لە نێو کتێبەکاندا ڕۆنیشتمو ماوەیەکی زۆر لە فکران ڕاچوومو بیرم لەوە دەکردەوە کە بابم بە چ گلەیی و گازاندەیەك قسەکانی دەکرد، چ خەمێك لە چاوەکانیا سەرەتاتکێی بوو. گوێم بە زیکە زیکی سیسرکەو زیك زیکانی دەرەوە زرینگایەوە. ئەم دەنگە جیاواز بوو لەوەی کە لە سەرەتای هاویندا گوێم لێ بوو. ئەمە دەنگی ئەو جۆرە زیکزیکە چکۆڵانەبوو کە پێیان دەگوت تسوکو-تسوکو-بوشی. هەر هاوینێك کە لە پشوودا بۆ ماڵ دەگەڕێمەوە، زۆرجار کە دادەنیشمو گوێ لە زیکە زیکی تیژی زیکزیکان دەگرم، خەمێکی گەورە سەرودڵم دەگرێت . دەگەڵ دەنگی ئەم مێروانەدا، هەستم دەکرد خەمێك بۆ ناو دڵم دەخزێ. ئیدی بە تەواوەتی خۆم کڕ دەکردو بیرم لە غەریبی خۆ دەکردەوە.

بەڵام ئەو هاوینە جیاواز بوو، پێدەچوو تەبیعەتی خەمەکانم بەرە بەرە گۆڕابن. زۆرجار بیرم لە چارەنووس‌و قەدەری ئەوانە دەکردەوە کە دەمناسین، هەندێجار لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی هەمان قەدەرو چارەنووسی زیکزیکە گەورەکانی سەرەتای هاوینیان نەبێت، کە زوو بە زوو بێچوە تسوکو–تسوکو–بوشییەکان جێیان گرتوونەتەوە. بیرم لە بابە خەمینەکەم کردەوە، پاشان بیرم لە مامۆستا کردەوە کە هێشتا وەڵامی نامەکەی نەدابوومەوە. هەڵبەتە ئاسایی بوو لە بیرو بیرکردنەوەی خۆدا جۆرە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان ئەو دووانەدا ببینم. هەڤدژی نێوانیان ئەوەندە زەق بوو، نەمدەتوانی بیر لە یەکێکیان بکەمەوەو ئەویتریان فەرامۆش بکەم. هەندێ شتی زۆر کەم نەبێ ئیدی هەموو شتێکم لەمەڕ بابم دەزانی. بۆیە زۆر خەمی جیابوونەوەم نەبوو، خەمێك بوو وەکو خەمی جیابوونەوەی هەر کوڕێك کە دڵبەندی بابی بێت. بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێ شتی زۆرکەم نەبێ، هیچی ترم دەربارەی مامۆستا نەدەزانی. هێشتا هیچی دەربارەی رابردووی خۆی، هەرچەند بەڵێنی دابوومێ، بۆ باس نەکردبووم. بە کورتی مامۆستا هێشتا لە چاوی مندا، کەسێتیەکی نیمچە شاراوەی پەنا سێبەران بوو. حەزم دەکرد کەسێتی وی بە تەواوەتی لە بنج‌و بناوان بکەم. حەزم نەدەکرد بەر لەوەی کەسێتی وی کەشف بکەم، لێی دابڕێم. دایکم سەیری تەقویمی کرد، رۆژێکی گونجاومان بۆ سەفەرەکەم دیاری کرد.

*

لێم بە درۆ نەبێ بە دوو رۆژ پێش مەوعیدی سەفەرەکەم، بابم جارێکی دی بورایەوە. کات ئێوارە بوو، تازە لە کۆکردنەوەی جانتاکەم بوو بوومەوە کە پڕ بوو لە کتێب‌و جل‌و بەرگان. بابم چوو بووە گەرماو خۆی بشوات.

دایکم کە چوو بوو، پشتی بشوات، بە دەنگی بەرز بانگی کردم. سەیرم کرد بابم بە باوەشی دایکمەوە ڕاکشاوە. بەڵام کە گەڕایەوە ژوورەکەی گوتی: "ئێستا باشم." بەهەرحاڵ، لە لایەوە دانیشتم‌و بە پارچەیەکی تەڕ کەوتمە تەڕکردنی ناوچەوانی. فریای شیڤ خواردن نەکەوتم، سەعات نۆی شەو کەوتمە بیری ئەوەی لە جیاتی شیڤ، نانێکی سووك بخۆم.

بۆ رۆژێ دوایی لەوە باشتر بوو کە وێنامان دەکرد. بە تەنیاو بێ ئەوەی گوێ بەقسەی ئێمە بدات، چوو بۆ گەرماو.

وەکو زستانی ڕابردوو، بەردەوام پێی دەگوتم: "ئێستا باشم. عەیبم نییە."

هەڵبەتە ئەوسا تاڕادەیەك باش بوو. لە دڵی خۆدا چاوەڕوانی ئەوە بووم کە هەمدیس سیحەتی باش ببێتەوە. هەرچەندە پرسیاری زۆرم لە دکتۆرەکە کرد، هیچی پێ نەگوتم تەنیا ئەوە نەبێ، کە دەبێ بە بەردەوامی ئاگاداری بن‌و مدارای بکەن. رۆژی سەفەرەکەم هات، بەڵام لەبەر بابم لێبڕام سەفەرەکەم بۆ تۆکیۆ دوابخەم. بە دایکم گوت: "بەنیازم تا نەخۆشییەکەی بابم یەك لایی نەبێتەوە، نەچمە سەفەرەکەم."

دایکم بەدەم پاڕانەوەوە گوتی: "بەڵێ، تکات لێدەکەم مەڕۆ."

هەرجارێ کە بابم تۆزێك وەخۆ دەهاتەوەو دەیتوانی پیاسەی ناو باخچەکە بکات یان بچێتە حەوشەکەی پشتەوە، دایکم زۆر گەشبین دەبوو، کەچی ئەمجارەیان لەبەر چاوی من زیاد لە پێویست نیگەران‌و تۆڕە بوو.

بابم پاشان، دوای ئەو ڕۆژە لێی پرسیم: "ئەمڕۆ بۆ تۆکیۆ ناڕۆیت؟"

"بەڵێ، بەڵام لێبڕاوم دوای چەند ڕۆژێکی دی ئەوسا بڕۆم." پرسی: "لەبەر من ؟" بۆ ساتێك دوو دڵ مام. نەمگوت بەڵێ، چونکە ئەگەر بمگوتبایە بەڵێ، ئەوە خۆی لە خۆیدا دەبوو بە ئیعتراف بە خەتەری نەخۆشییەکەی. من دەمویست بە گوێرەی توانا مدارای هەستی بکەم. بەڵام وادیاربوو، ئەو بیری منی خوێندبووەوە. "مەخابن، بەداخەوەم" ئەو قسەیەی کردو ڕووی بەرەو پەنجەرەکە وەرگێڕا.

گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم. جانتاکەم لە عاردی دانرا بوو. دیقەتم دا، توند پێچرابوو، حازرو ئامادەبوو بۆ سەفەر. بۆ ماوەیەکی کەم بە دیارییەوە وەستام، تیا مابووم کە بیکەمەوە یان نا.

سێ چوار ڕۆژێك بوری. بیرم زۆر مژول بوو، لە پیاوێك دەچووم نە بە پێوەبێ نە دانیشتبێت. بابم بۆ جاری دووەم بورایەوە. ئەمجارەیان دکتۆر داوای لێکردین ئەو پەڕی هێمن‌و ئارامی ڕەچاو بکەین.

دایکم بۆ ئەوەی بابم گوێی لێ نەبێت لە بن لێوانەوە گوتی: "چ بکەین؟" جۆرە ترس‌و نائومێدییەك بە سیمایەوە دەرکەوت. خۆم حازرکردبوو دوو نامە بۆ برا گەورەکەم‌و خوشکە بچووکەکەم بنووسم، بەڵام بابم کە هێشتا لە جێدا کەوتبوو، لەوە نەدەچوو هیچ ئازارێکی هەبێت. کە پیاو سەیری کردبا یان گوێی لە دەم‌و دووی گرتبا، دەیگوت ئەم پیاوە هیچ نەخۆشییەکی ترسناکی نییە تەنیا سەرمای بووەو هیچی تر. لەوەش خراتر ئارەزووو ئیشتیبای خواردنی لە جاران زیاتر بوو. چەندمان پێدەگوت زۆر خواردن بۆ ئەو باش نییە، هەر گوێشی لێنەدەگرتین. جارێکیان گوتی: "خۆ من هەر دەمرم دەمرم، ناوەڵڵا با تا ماوم‌و پێم دەخورێت، بێ دڵی خۆم لە خواردنی بەلەزەت نەکەم."

بۆچوونەکەی بابم لەمەڕ خۆراکی بەلەزەت، لە دوو ڕووەوە سەرنجی ڕاکێشام، یەکێکیان مایەی پێکەنین بووو دووەمیان مایەی داخ بوو. بابم خەڵکی شار نەبوو، بۆیە خواردنی بەلەزەتی ڕاستەقینەی نەدەناسی، زۆرجار لە درەنگی شەودا داوای کوببەی برنجی سوورەوەکراوی دەکردو بە تاسوقەوە دەیخوارد.

دایکم گوتی: "بۆچی هەمیشە برسییەتی؟ من دەڵێم بۆیە ئەڵهای خواردن دەکات چونکە دڵی دەیبات‌و جەستەی هەڵیدەگرێت."

دایکم، بەستەزمانە، خەتەرترین نیشانەی کردبوو بە سەرچاوەی هیواو ئومێدی خۆی. کە خاڵم هاتە سەردانمان، بابم نەیهێشت بڕوات. تکای لێکرد نەڕوات‌و بمێنێتەوە، هەڵبەتە زیاتر لەبەر ڕەواندنەوەی غوربەت‌و بێتاقەتی خۆی بوو، بەڵام من گومانی ئەوەم لێکرد کە دەیەوێ یەکێکی دەست بکەوێ‌و گلەیی ئەوەمان لێبکات کە خواردنی دڵخوازی خۆی نادەینێ، ئەو جۆرە خواردنەی نادەینێ کە حەزی لێدەکات.

*

بابم، نزیکەی هەفتەیەك بەو دەقەوە مایەوە. لەو ماوەیەدا نامەیەکی دوورو درێژم بۆ برایەکەم کە لە (کایوشو) بوو، نووسی. داوام لە دایکیشم کرد نامەیەك بۆ خوشکەکەم بنووسێت. لە دڵی خۆدا وام دانا بوو کە ڕەنگە ئەمە دواجار بێ نامەیان دەربارەی سیحەتی بابم بۆ بنووسین. بۆیە ئاگادارم کردبوونەوە کە هەرچییەك بوو، لە ڕێگەی بروسکەوە ئاگاداریان دەکەینەوە، بە بروسکەیەك داوایان لێدەکەین کە ئامادە بن.

برایەکەم پڕکار بوو. خوشکەکەم منداڵێکی هەبوو. بۆیە باوەڕمان نەدەکرد تا بابم نەکەوێتە هەلاکەتو حاڵی مردن، بێن بەلامانا. لە لایەکی دیکەشەوە نەماندەویست زەحمەت بکێشنو ئەو هەموو ڕێگەیە ببڕن بۆ ئەوەی بیدینن و کاتێ بگەن هەموو شتێك بڕابێتەوەو کار لە کار ترازا بێت. کەس نەیدەزانی چەند لە خەمی ئەوەدا بووم کە کەی بروسکەکانیان بۆ ڤڕێ بکەم. لە نزیکترین شاری گەورەوە دکتۆرمان بۆ هێنا، دکتۆرەکە گوتی: " من ناتوانم پێتان بڵێم کەی دەمرێت، ئەوەندەزانم لەگینە هەر ساتێك بمرێت."

پاش ئەوەی قسەم دەگەڵ دایکم کرد، بڕیارم دا داوا لە دکتۆرەکە بکەم کە پەرستارێکی باشمان لە خەستەخانەکەی شارەوە بۆ بنێرێت. پەرستار، بەخۆو جبە سپییەکەیەوە گەییە جێ، کاتێ کە خۆی بە بابم ناساند، بابم بە واقی وڕەوە تەمەشای کرد. ماوەیەك بوو بابم دەیزانی نەخۆشییەکەی کوشندەیە. بەڵام لەو دواییانەدا کە مەرگ بەردەرکەی پێ گرت، لەوە دەچوو ئیعتراف بە کوشندەیی نەخۆشییەکەی نەکات. گوتی: " کە سیحەتم باش بوو، دەبێ جارێکی دی بچم بۆ تۆکیۆ تا بایەکی باڵی خۆم بدەم. کێ دەزانێ کەی دەمرێت؟ دەبێ ئەوەندەی لە توانا دایە بێ دڵی خۆمان نەکەین." دایکم هیچی پێ نەبوو بیڵێ تەنیا ئەوەنە بێت کە: "تکایە کە ڕۆییشتی منیش لەگەڵ خۆتا بەرە." بەڵام هەندێجار خەم بەسەر بابمدا زاڵ دەبووو پێی دەگوتم: "تکایە کە مردم ئاگات لە دایکت بێ."

هەنگێ شەوی دەعوەتەکەی ماڵی مامۆستام بیرکەوتەوە، ئەو شەوەی کە تازە تەخەروجم کردبوو، ئەو شەوەی کە مامۆستا لێکدا لێکدا لەبەر چاوی ژنەکەی دەیگوت و دەیگوتەوە "کە مردم." ئەو بزەیەم بیرکەوتەوە کە بەدەم ئەو قسەیەوە دەکەوتە سەر لێوی مامۆستا، ئەوەم بیر کەوتەوە کە ژنەکەی چۆن حەزی نەدەکرد گوێی لەو قسەیە بێت و دەیگوت: "تکایە ئەو قسەیە دووبارە مەکەوە. خراپە، شوومە، نەحسی بەدواوەیە." ئەو شەوە مەرگ، بابەتی ڕامان و تێفکرین بوو، هەر خەیاڵ بوو، بەڵام نها خەریك بوو لە خەیاڵ دەرچوو، دەبوو بە واقیع. نەمدەتوانی لاسایی مامۆستاژن بکەمەوە. بەڵام خۆ دەبوایە شتێك بڵێم کە بیرو بیرکردنەوەی بابم لە مەرگو مردن دوور بخەمەوە. " تکایە باسی مەرگ مەکە، ئەوە لە مێشکی خۆت دەربکە. باسی ئەوە بکە کە چاك بوویتەوە دەچی بۆ تۆکیۆو بایەکی باڵی خۆت دەدەی. دایکیشم لەگەڵت دێ. بە ڕاستی ئەگەر ئێستا تۆکیۆ بدینی، سەرت سوڕدەمێنێ کە لە چاو دوا سەفەرتا بۆ ئەوێندەر، چ گۆڕانێکی گەورەی بەسەرهاتووە. بۆ نموونە ژمارەی هێڵی ترامان زیادی کردووە، بە خۆت دەزانی ئەم هێڵانە چۆن دیمەنی شەقامەکان دەگۆڕن. هەروەها گەڕەك و تاخ و شارۆچکەکان ڕێك

خراونەتەوە. بەڵێ! یانی پیاو دەتوانێ بڵێ تۆکیۆ بە شەوو بە ڕۆژ ئاوەدانە، بۆ تاقە ساتێك کپی بە خۆوە نابینێ."

جا بۆ ئەوەی دڵی بابم خۆش بکەم، پێدەچوو هەندێ زیادم پێوە نابێ. بەڵام، بەهەرحاڵ، بە تاسوقەوە گوێی لێدەگرتم.

بە هۆی نەخۆشییەکەی ئەوەوە میوانمان زۆربوو. زۆرجار خزمانی دەرودراوسێمان دەهاتنە سەردانی. یانی بەلای کەمەوە هەر دوو ڕۆژ جارێ میوانێکمان دەهات، تەنانەت ئەو خزمانەی دووریش کەوتبوونەوەو دراوسێمان نەبوون، پێیان لێنەدەبڕین.

یەکێکیان پاش ئەوەی بابمی بینی گوتی: "شوکر لەوە باشترە کە وێنام دەکرد. دڵنیام کە چاك دەبێتەوە. لە دەمو دوودا هیچ عەیبی نییە، دەموچاویشی لاواز نەبووە."

جگە لەو خەڵکی تریش هەبوون هەمان بۆچوونیان دەربارەی سیحەتی بابم هەبوو.

ماڵەکەمان، وەختێ کە هاتمەوە ئەوەندە بێدەنگ بوو پیاو سامی لێدەنیشت، ئێستا بوو بوو بە مەڵبەندی غەڵبە غەڵبێکی زۆر ناساز. هەراو هەنگامەیەك بوو هەر مەپرسە. بابم تاقە کەس بوو کە لە ناوجەرگەی ئەو هەراو هەنگامەیەدا کڕوکپ‌و بێدەنگ بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی خراتر دەبوو. دوای ڕاوێژو شێرەت دەگەڵ دایکم‌و خاڵمدا لێبڕام هەردوو بروسکەکە بنێرم. برایەکەم وەڵامی دایەوە کە بە زووترین کات دەگاتە لامان. مێردی خوشکەکەشم بە بروسکەیەك ئاگاداری کردینەوە کە بەڕێوەیە .

خوشکەکەم لە سکی یەکەمیدا منداڵی لەبار چووبوو. بۆیە مێردەکەی سوێندی خواردبوو هەرچی لە دەست بێت بیکات‌و نەیەڵێ لە سکی دووەمدا ئەو حاڵەتە دووبارە ببێتەوە. بۆیە وامان پێشبینی دەکرد، زاواکەمان هەر خۆی‌و بە تەنیا دێت.

*

هەرچەندە وەزع‌و حاڵەکەمان ناجێگیر بوو، بەڵام دەرفەتی ئەوەم هەبوو ناو بەناو خۆم لە خەڵك‌و خوا بدزمەوە. بگرە هەندێجار دەرفەتی ئەوەم بۆ دەرەخسا کە دە بەرپەڕان بەسەر یەکەوە بێ ئەوەی کەس پێمی ببڕێت بخوێنمەوە. ئەو جانتایەی کە پێشتر بە دڵ‌و گیان پێچابوومەوەو شەتەکم دابوو، هەنووکە بە کراوەیی لەسەر ئەرزەکە کەوتبوو. زۆرجار دەچوومە دیاری. ئەو کتێبەم دەردێنا کە دەمویست بیخوێنمەوە. کە تەمەشای ئەو بەرنامەیەم کرد کە بەر لەوەی تۆکیۆ بەجێ بێڵم، بۆ خۆمم دانابوو، سەیرم کرد تەنیا سێ یەکی ئەو کارەم پێ ئەنجام دەدرێت کە دەبوایە تا ئێستا هەموویم تەواوکردبا. جاران زۆرجار گلەییم لە خۆ دەکرد، خۆم دەبوغزاند لەبەر ئەوەی وەکو پێویست خۆم ماندوو نەکردووەو کارم نەکردوە، بەڵام بە دەگمەن بە قەد ئەم هاوینە کەمم کارکردووە. بیرۆکەیەکی خەمناك باڵی بەسەردا کێشام کە گوایە ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا.

ئیدی بەو حاڵەوە بەخەمباری دانیشتم‌و جارێکی دی کەوتمە بیرکردنەوە لە نەخۆشییەکەی باوکم. لە دڵی خۆدا دەمگوت دوای مردنی ئەو کاروبارمان چۆن دەبێت ، چی لێدێت. جارێکی

دیکە ڕێك بەتەنیشت وێنەی بابمەوە، وێنەی مامۆستام هاتە بەرچاو. بە چاوی ئەقڵ ڕوانیمە ئەم دوو کەسێتیە جیاوازە، جیاواز لە پایەو پەروەردەو خوێنەواریو کەسێتیدا.

دایکم لە دەرگای ژوورەکەمەوە سەری کێشایە ژوورەوە، سەیری کرد دەست لەسەر دەست لە نێو کتێبە پەرتەوازەکانمدا ڕۆنیشتووم. پێشتر قەت ئەوەندە بابم بەجێ نەهێشتبوو. گوتی: "بۆ چاوێك گەرم ناکەی؟ دیارە شەکەتی." نەیدەتوانی ملاحەزەی ئەوە بکات کە بە جەستە ماندوونیم. خۆ ئەوەندەش ساویلکەو منداڵ نەبووم بە تەمای ئەوە بم دایکم بە مەزەندە باری دەروونی من هەڵبێنێو پەی پێ ببات. بۆیە بەشێوەیەکی ئاسایی سوپاسم کرد. هێشتا لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، لێم پرسی: باوکە چۆنە؟"

گوتی: " لە خەودایە، خەوێکی ئارامی لێکەوتووە." لە ناکاو وەژوورکەوتو هات لە تەنیشتمەوە دانیشت. پرسی: "مامۆستا هێشتا وەڵامی نەداوتیەوە ؟"

پێش ئەوەی نامەکەم بۆ مامۆستا بنێرم، دڵنیام کردبووەوە کە بێگومان وەڵامم دەداتەوە، هەڵبەتە باوەڕی پێکردبووم. تەنانەت ئەوساش، باوەڕم نەدەکرد مامۆستا ئەو وەڵامەم بداتەوە کە بابو داکم بەتەمان یان پێشبینی دەکەن. پیاو ڕاست بڕوات بە ئانقەست درۆم دەگەڵیاندا کرد. گوتی: "بۆ نامەیەکی دیکەی بۆ نانووسیت ؟"

ئاسوودەیی دایکمم زۆر مەبەست بوو، بۆیە ئامادەبووم لەبەرخاتری دڵی ئەو نەك نامەیەکی بێ سوود بەڵکو چەندین نامەش بنووسم. بەڵام وێڕای ئەوەش زۆرم لەبەر گران بوو دەربارەی ئەم مەسەلەیە نامە بۆ مامۆستا بنێرم. ئەوەندەی خەمی ئەوەم بوو کە مامۆستا بە بچووکم نەزانێ، ئەوەندە خەمو ترسی توڕە بوونی باوکم یان زیزبوونی دایکم نەبوو. پیاو ڕاست بڵێ زیاتر گومانم بۆ ئەوە دەچوو کە هۆی وەڵام نەدانەوەی مامۆستا ئەوە بوو کە داواکەمی بە هیچ دەزانی. گوتم: "نامە نووسین زۆر ئاسانە، بەڵام ڕاستت دەوێ، پیاو ناتوانێ لە ڕێگەی نامەو نامەکارییەوە ئەم جۆرە کارانە ڕایی بکات. دەبێ بچم بۆ تۆکیۆو بەخۆم بگەڕێم."

"بەڵام، باوکت ئەوە حاڵەکەیەتی، کێ دەزانێ کەی دەرفەتی ئەوەت دەبێ بۆ تۆکیۆ بڕۆیت."

"من بەتەمانیم بۆ تۆکیۆ بڕۆم. بەتەمام لێرە وەمێنم، تا بزانین کەی دەروویەکمان لێ دەبێتەوەو حاڵی بابم بە چی دەگات."

"منیش وا دەڵێم. کێ لەم کاتەدا، کە باوکت زۆر هیلاکە، بیر لەوە دەکاتەوە بۆ تۆکیۆ بڕوات ؟"

بۆ یەکەمجار بەزەییم بە دایکمدا هاتەوە، کە شتێکی کەم تێگەیی بوو. پاشان لە دڵی خۆدا کەوتمە سێو دووی ئەوەی کە بۆچی لەم کاتەدا، هەمان مەسەلەی ئایندەی منی هێنایەوە گۆڕێ. بەڵام من توانای ئەوەم هەبوو بۆ ساتێ دوان نەخۆشییەکەی بابم فەرامۆش بکەمو لە کونجی ژوورەکەمدا بخوێنمەوەو بیربکەمەوە. بەڵام لە دڵی خۆدا دەمپرسی ئایا دایکم هەمان توانای هەیە بۆ ماوەیەکی کورت بابە نەخۆشەکەم فەرامۆش بکاتو بیر لە شتی دی بکاتەوە؟

دایکم هەمدیس کەوتەوە قسە: "لە ڕاستیدا..."

"لە ڕاستیدا هەموو هۆشو گۆشم لای ئەوەیە کە ئەگەر تۆ کارێکت پەیدا کردبا، باوکت چەند دڵخۆش دەبوو. هەڵبەتە، لەوەیە هەنووکە تازە درەنگ بێو فریانەکەوێ، بەڵام وەکو دەبینی، لە

دەمودوودا گرێی نایەنێتە بەر، لە هزریندا عەیبی نییە. بۆ نایەی وەکو کوڕێکی دڵسۆز، بەر لەوەی وەزعی خراپ بێ و زایە ببێ، دڵی خۆش بکەیت.

لێ مخابن، ناتوانم ئەو کوڕە دڵسۆزە بم کە دایکم گەرەکیەتی. تاقە یەك دێڕیشم بۆ مامۆستا نەنووسیوە.

*

کە برا گەورەکەم هاتەوە، بابم لە ناو جێدا خەریکی رۆژنامە خوێندنەوە بوو. بابم عادەتی وا بوو، هەموو رۆژێ رۆژنامە وەخوێنێ یا بەلای کەمەوە چاوێکی پێدا بخشێنێ، هێز نەبوو ئەو عادەتەی پێ تەرك بکات. بەڵام تەنیایی و بێتاقەتی و بێزاری ناو جێگە، کردیە کارێك لە هەموو کاتێ پتر متووی رۆژنامە بێت. نە دایکم و نەمن شتاقمان زۆر ئیعترازی ئەوەمان لێنەدەگرت، پێمان وابوو باشتر وایە رێی بدەین مومارەسەی حەزە پەسندەکەی خۆی بکات. براکەم بە بابمی گوت: "زۆر خۆشحاڵم کە دەتبینم ساغ و سەلامەتی، بۆیە هاتم بۆ ئێرە وامدەزانی بە ڕاستی نەخۆشیت، بەڵام پێدەچێ، بەڕاستی باش بیت."

وام هاتە بەرچاو کە برایەکەم زۆر خۆشحاڵە، وام هەست دەکرد تۆن و دەنگی شادییەکەی لە جێی خۆیدا نییە. بەڵام پاشان کە بابمی بەجێهێشت و دەگەڵ مندا تاك بووەوە، زۆر خەمبار دیار بوو. گوتی: "نابێ بەم شێوەیە رۆژنامە بخوێنێتەوە."

"منیش هەمان بۆچوونم هەیە، بەڵام چ بکەم؟ سوورە لەسەر ئەوەی رۆژنامە بدینێ."

برایەکەم بە کڕی گوێی بۆ هەنجەتەکانم گرت. ئەوسا گوتی: "باشە لەو شتە دەگات کە دەیخوێنێتەوە؟" وام هاتە بەرچاو گەیبوەتە ئەو قەناعەتەی کە نەخۆشییەکە کاری لە مێشکی کردووە و یادگەی تەواو سست کردووە." گوتم: "بەڵێ زۆر بەوردی تێی دەگات. بەڵێ، پێش ماوەیەکی کەم نزیکەی بیست دەققەیەك باسی کۆمەڵێك شتی جیاوازم لەگەڵدا کرد، ئەوسا دیار بوو، لە کەماڵی چالاکی ئەقڵی خۆیدایە. ئەگەر بەو ئاستە بمایە، لەوەبوو، ماوەیەکی زۆرتر دەگەڵماندا ژیابا."

بەڵام مێردی خوشکەکەم کە ئەویش تەقریبەن لە هەمان کاتی هاتنی برایەکەمدا گەیی بووە جێ، لە هەموومان گەشبین تر بوو. بابم کۆمەڵێك پرسیاری دەربارەی خوشکەکەم لێکرد، ئەوجا گوتی: "بۆ یەکێکی وەکو ئەو نابێ خۆی ئەزیەت بدات، بەقیتار سەفەربکات. ئەگەر خۆی ئەزیەت دابا و بهاتبایە بۆ سەردانم، زیاتر نیگەرانی ئەو دەبووم تا خۆشحاڵ ببم." هەنگێ لەسەری رۆیی: "بەهەرحاڵ کە چاك ببمەوە دەتوانم سەری بدەم و تێر سەیری منداڵەکەی بکەم."

بابم یەکەم کەس بوو کە هەواڵی مردنەکەی جەنەڕاڵ (نوگی)* لە رۆژنامەدا خوێندەوە. گوتی: "مخابن! بە داخەوە!"

ئێمە کە هێشتا هەواڵەکەمان نەخوێندبووەوە، بەداخ و کەسەرەکەی غافڵگیر بووین.

پاشان برایەکەم گوتی: "وامزانی بە ڕاستی شێت بووە."

مێردی خوشکەکەشم گوتی: "زۆرم سەیر پێهات."

لەو سەردەمەدا رۆژنامەكان پڕبوون لە هەواڵێن نا ئاسایی، بۆیە ئێمە كوڕانی گوند، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی گەییشتنی رۆژنامەمان دەكرد. بە دیار بابمەوە دادەنیشتمو هەواڵەكانمان بەبێ ئەوەی بیزارو بێتاقەتی بكەم، دەخوێندەوە. ئەگەر وام نەكردبا، ئەوا بە بێ خشپە خۆم بە ژوورەكەمدا دەكردو لەوێندەر رۆژنامەكەم لە هەوەڵەوە تا كۆتایی دەخوێندەوە. بۆ ماوەیەكی زۆر وێنەكەی جەنەراڵ (نوگی)م بە جلی فەرمییەوە هەر لەبەرچاو بوو، هەروەها وێنەی ژنەكەشیم بە جلی خانمی دەربارەوە لەبەرچاو بوو.

هەواڵە خەمناكەكە هەژاندینی، وەكو چۆن بای توند دارو دەوەنو گژوگیای نوستووی ئەوپەڕی گوندی دەهەژاند، بەو ئاوایە هەژاندینی. هێشتا رووداوەكە لە هزرو زەینماندا تەڕو تازە بوو كە بروسكەیەكی مامۆستام پێ گەیی. زۆرم پێ سەیر بوو. دیارە لە شوێنێكدا كە هێشتا كسۆكان چاویان بەجلو بەرگێكی غەریبو جیاواز بكەوێ پێ بوەڕن، هاتنی بروسكە ڕووداوێكی گەورە بوو. وادیار بوو دایكم كە بروسكەكەی وەرگرتبوو، بە پێویستی دەزانی بمباتە گۆشەیەكی تەریكی ماڵەكەوە ئەوجا بروسكەكەم بداتێ. هەڵبەتە پێویست بەوە ناكات بگوترێ زۆر ترسا بوو.

لەو كاتەدا كە بە دیارمەوە وەستابووو من زەرفی نامەكەم هەڵدەپچڕی گوتی: "چی تیا بێ؟". نامەیەكی سادە بوو، دەیگوت حەز دەكات بمدینێ، ئاخۆ بەتەمام بۆ ئەوێندەر بچم؟ بە سەرسامی سەرم هەڵبڕی. دایكم گوتی: "من دڵنیام دەیەوێ بۆ مەسەلەی كارەكە بتبینێ." لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە قسەكەی دایكم بێ. لەلایەكی دیكەشەوە بە تەواوەتی باوەڕم نەدەكرد كە مامۆستا بیەوێ بۆ مەسەلەی كارەكە بمبینێ. بەهەرحاڵ، من كە ناردبووم بەدووی براكەمو مێردی خوشكەكەمدا، نەمدەتوانی بابم بەو نەخۆشییە بەجێ بێڵمو بۆ تۆكیۆ بڕۆم. دەگەڵ دایكمدا بڕیارم دا بروسكەیەك بۆ مامۆستا بنێرمو پێی ڕابگەیەنم كە ناتوانم بڕۆم بۆ ئەوێندەر. زۆر بە كورتی بۆم باس كرد كە نەخۆشییەكەی بابم رۆژ بە رۆژ روو لە خراپییە. وێڕای ئەوەش هەستم دەكرد هەقە زیاتری بۆ باس بكەم. هەر هەمان رۆژ نامەیەكم بۆ نووسی، بە دوورو درێژی هەموو شتێكم بۆی گێڕایەوە. بەڵام دایكم كە قەناعەتی تەواوی وابوو كە مامۆستا وەزیفەیەكی بۆ بنیات ناوم، بەدەنگێكی خەمین گوتی: "حەیفێ، كاتەكەی كات نییە."

*

ئەو نامەیەی بۆم نووسی بوو زۆر دوورو درێژبوو. هەردووكمان، منو دایكم پێمان وابوو مامۆستا ئەمجارەیان وەڵام دەداتەوە. دوای ناردنی نامەكە، بە دوو رۆژان، بروسكەیەكی دیكە هات. تەنیا ئەوەی تیا نووسرا بوو پێویست ناكات بچم بۆ ئەوێ. بە دایكمم نیشان دا. گوتی: "پێموایە بەو زووانە وەڵامت دەداتەوە."

هەڵبەتە كە یەكەم بروسكەی مامۆستا هات، هەرگیز ئەوە بە خەیاڵی دایكمدا نەهاتبوو كە لەگینە كابرا كاری خۆی هەبێتو ئەوەی كە بەلایەوە گرینگ نەبێت، خەمی ئایندەی من بێت. هەرچەندە من لە دڵی خۆمدا دەمگوت ڕەنگە قسەكەی دایكم ڕاست بێ، بەڵام هەستم بەوە دەكرد

که مامۆستا لەوانە نییە خۆی برەنجێنێ‌و بچێ کار بۆ من بدۆزێتەوە. سەبارەت بە بروسکەی دووەم گوتم:

"دیارە، دەبێ مامۆستا هێشتا نامەکەمی پێ نەگەیی بێت. بۆیە، بەبێ ئەوەی نامەکەی خوێندبێتەوە، ئەم بروسکەیەی ناردووە."

که ئەو حەقیقەتەم باس دەکرد، دایکم زۆر بەجدی گوێی لێ دەگرتم. دوای کەمێك بیرکردنەوەی جدی گوتی: "بەڵێ، دەقاو دەق وایە." دیارە هۆی ناردنی هەردوو بروسکەکە لەلایەن مامۆستاوە، بە تایبەتی بروسکەی دووەم ئەوە نەبوو کە هێشتا نامەکەمی پێ نەگەیی بوو.

ئەو رۆژە ئیدی نەهاتینەوە سەرباسی مامۆستاو هەردوو بروسکەکەی، چونکە چاوەڕوانی دکتۆری خەفەر بووین کە دەگەڵ دکتۆری ئەقدەمی خەستەخانەی شاردا بێت. لە بیرمە هەردوو دکتۆر، دوای معایەنەی بابم، قەراریان دا کە پێویستە لە کۆمەوە حوقنەی لێ بدرێ.

دوای ئەوەی دکتۆر ئەمری دا کە بابم لە جێدا بمێنێ، هەر لە چەند رۆژی یەکەمدا بێتاقەت بوو، بەتایبەتی لە نەچوونە حەمام بێتاقەت بوو. بەڵام لەوە دەچوو وردە وردە شەرمو حەیای لا نەمێنێ. تا وەزعی خراپتر دەبوو، پتر شەرمی لەلا نەدەما. هەندێجار وا دەهاتە بەرچاو کە هەست بە بوونی عەورەتی خۆی نەکات. بەرە بەرە ئیشتیاو وازی لە خواردن نەما. تەنانەت ئەگەر حەزی لە خواردنیش کردبا، بەحاڵ تۆزێکی لێی دەخوارد. هەروەها هێزیشی دایە کزی. وای لێهات نەیدەتوانی ئەو رۆژنامەیەش بەدەستەو بگرێت کە زۆری حەز لێدەکرد. هەردوو عەینەکەکەی کە لای سەرینەکەیەوە دانرابوو، بە بەردەوامی لە کیفە رەشەکانیاندا بوون. کاتێ کە هاوڕێکەی، پێمان دەگوت: "ساکۆ- سان" هاوڕێی منداڵی بوو،و لە سێ میلی ئێمە ئاکنجی بوو، دەهات بۆ سەردانی، چاوە کەم ڕەونەقەکانی بۆ هەڵدەبڕی‌و دەیگوت: "ئۆ، ئەمە تۆی ساکۆ-سان بەخێرێی، زەحمەتت کێشاوە، لوتف‌و پیاوەتی خۆتە کە دێی بۆ لای من ساکۆ-سان. بەغیلی بە سیحەتت دەبەم. من تازە کارم کراوە، لێ بوومەتەوە."

"تۆ گوێ بگرە، نابێ تۆ ئەو شتانە بڵێی. ڕەنگە کەمێك نەخۆش بیت، ئەمە ڕاستە، بەڵام گلەیی چی دەکەی؟ دوو کوڕت هەن زانستگەیان تەواوکردووە، وانییە؟ تۆ تەمەشای من بکە. ژنەکەم مرد، وجاغم کوێرە، منداڵم نین. ژیانێکی بێهودە دەژیم. ڕەنگە سیحەتم باش بێ، بەڵام بەتەمای چی‌و بە هومێدی چی دەژیم؟"

دوای دوو سێ رۆژ لە سەردانەکەی ساکۆ-سان، حوقنەیان لە بابم دا. بابم دڵی خۆش بوو، گوتی لە سایەی دکتۆرەکانەوە دیسان هەست بە ئیسراحەت دەکەم. برێك ڕووی گەشایەوە، وەکو یەکێك ئومێدی بە چاکبوونەوە پەیدا کردبێت. نازانم دایکم بە ڕاستی وایدەزانی چاك بووەتەوە یان هەر دەیویست ورەی بەرزبکاتەوەو هانی بدات، بەهەرحاڵ باسی دوو بروسکەکەی مامۆستای بۆ کردو وای لێ گەیاند کە گوایە لە تۆکیۆدا وەزیفەیەکی بۆ من دۆزیوەتەوە بە دڵی ئەو. لەو ساتەدا رێك لە تەنیشت دایکمەوە ڕۆنیشتبووم، هەرچەندە بە قسەکانی قەڵس بووم، بەڵام نەمتوانی قسەکانی پێ ببڕم، بۆیە بە بێدەنگی گوێم لێگرت. باوکم خۆشحاڵ بوو. مێردی

خوشکەکەم گوتی: "ئەمە شتێکی زۆر زۆر چاکە." براکەم پرسی: "ئەدی هێشتا جۆری وەزیفەکە نازانیت؟"

تازە کار لەوەدا نەمابوو حەقیقەتی مەسەلەکە بگێڕمەوە. پرکێشیم نەدەکرد. ئاماژەیەکی ئاڵۆزم دا، ئەوەندە ئاڵۆز بوو بە خۆیشم ماناکەیم نەدەزانی. لە ناکاو لە ژوورەکە وەدەرکەوتم.

*

نەخۆشییەکەی بابم زەیفی لێ سەند، گەییە حاڵی مردن، هەموو شەوێ کە دەچووینە ناو جێگا دەمانگوت "تۆ بڵێی مەرگ مەودای بداتو بگاتە بەیانی، یان ئەمشەو بەرۆکی دەگرێتو بۆخۆی دەیباتەوە؟"

ئازاری زۆری نەبوو، بۆیە لەو ڕووەوە کەمێك بارمان سووك بوو. لەم رووەوە خزمەتکردنو پێراگەییشتنی کارێکی تاڕادەیەك سووك بوو. ڕاستە هەر شەوەی یەکێکمان بەدیارییەوە ئێشکمان دەگرت، بەڵام ئەوانی دی ئازادبوون بۆ خۆ لە کاتی پێویستدا بچن بخەون.

شەوێکیان بە ڕێکەوت، هەرچیم کرد نەمتوانی بخەوم. لە کاتێکا کە لە نێو جێگاکەم ڕاکشا بووم، وام هەست کرد گوێم لە لرخە لرخێکی سووکی بابم بوو. جا هەر بۆ ئەوەی دڵنیابم کە هیچ شتێك ڕووی نەداوە، هەستامو چووم بۆ ژوورەکەی. ئەو شەوە نۆرە ئێشکی دایکم بوو. سەیرم کرد لەسەر ئەرزەکەو لە پاڵ جێگاکەی بابمەوە، سەری خستووەتە سەر باسکی خۆیو نوستووە. بابم کڕو کپ خەوتبوو، جوڵەی لێوە نەدەهات، لە تۆ وایە یەکێك هاتووەو بەو پەڕی ئارامی بردویەتیە دنیای خەوێکی قووڵەوە. بەبێ خشپە بۆ جێگاکەی خۆم گەرامەوە.

منو براکەم لە ژێر یەك کوللە پەردەدا دەنووستین. بەڵام مێردی خوشکەکەم، کە ڕەنگە حیسابی میوانی بۆ کرابێت، بە تەنیاو لە ژوورێکدا دەنووست. براکەم گوتی: "دەزانی سەبارەت بە (سیکی-سان)ی بەستەزمان بڕێك زەحمەتە لێرە بمێنێتەوە. ئەوە چەندە رۆژە ماڵو منداڵی بەجێهێشتووە. سیکی، کونیەو لە قەبی مێردی خوشکەکەم بوو.

وتم: "بەڵام خۆ کارێکی ئەوتۆی نییە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێ، لوتفی کردووەو ماوەتەوە. بێگومان مانەوەی تۆ لە مانەوەی ئەو قورسترو زەحمەت ترە. هەڵبەتە تۆ پێشبینی ئەوەت نەکردووە زۆر لێرە بمێنیتەوە."

"ڕاستە، بەڵام پیاو ناتوانێ لەم حاڵەتانەدا هیچ شتێك بکات. لە کاتی وادا پیاو ناتوانێ لە خەمی کاروباری تایبەتی خۆیدا بێت." ئیدی کردبوومان بە عادەت هەموو شەوێ پێش ئەوەی بنووین، بەدەم ڕاکشانەوەو لە ناو جێدا، بڕێك لەو جۆرە قسانەمان دەکرد. هەردووکمان گەیی بووینە ئەو قەناعەتەی کە تەواو بابمان چاك نابێتەوە. هەندێجار وامان بیردەکرەوە، مادامێکی مەرگەکەی مسۆگەرە، تا زووتر ئەجەل بیگاتێ بۆ خۆی باشترە. بە گوتەیەکی دی جووتە کوڕ چاوەڕوانی مەرگی بابیان دەکرد. بەڵام ئێمەی جووتە کوڕ، هەرچەندە هەریەکەمان بە تەواوەتی ئاگاداری بیروبیرکردنەوەی ئەویترمان بووین، یانی بە تەواوەتی بیرکردنەوەی یەکترمان دەخوێندەوە، بەڵام زاتمان نە دەکرد بە ئاشکرا، قسەی دڵمان دەربڕین. براکەم پێی گوتم: "پێدەچێ بابە سوور بێ لەسەر ئەوەی چاك ببێتەوە."

دیاره بۆچوونی براکەم زۆریش بێ بنج و بناوان نەبوو. هەرجارێ دراوسێیەك سەری دابان، بابم داوای لێدەکرد کە پێی لێ نەبڕێت و حەزدەکات ببینێ، ئیدی بەمتمانەوە داخ و کەسەری خۆی دەردەبڕی کە نەیتوانیوە وەکو نەخشەیان دانا بوو، ئاهەنگی تەخەڕوج لەسەر شەرەفی من ساز بکات. هەندێجار لە سەری دەڕۆیی و دەیگوت کە چاك ببێتەوە، ئاهەنگەکە دەگێڕن و ئەویش دەعوەت دەکەن.

"زۆر چاکتان کرد کە ئاهەنگتان نەگێڕا" براکەم بەدەم ئەو قسەیەوە، ئەزموونە ناکامەکەی خۆی بیر خستمەوە.

"تۆ کەسێکی زۆر بەختەوەری، شانست هەیە. ئاهەنگەکەی من کەس نەیبینێ. حەیابەرە بوو." کە ئەو ئێوارە پڕ لە غەڵبە غەڵب و هەراو زەنایەم بیرکەوتەوە، بزەیەکی تاڵم کەوتە سە ر لێوان. بەو پەڕی کەسەرەوە ئەوەم بیرکەوتەوە کە چۆن بابم بەسەر میوانەکاندا دەگەڕاو ناچاری دەکردن بخۆن و بخۆنەوە.

برایەتیمان زۆر خۆش نەبوو. بە منداڵی زۆرجار شەڕمان دەکرد، جا چونکە من برا بچووك بووم، هەمیشە من بەچاوی گریاناوییەوە لە شەڕەکە دەردەچووم. هەروەها جیاوازی لقی خویندنی زانستگەمان نیشانەی جیاوازی کەسێتی هەر یەکێکمانە. کاتێ کە لە زانستەگە بووم بە تایبەتی پاش ئەوەی مامۆستام ناسی، عادەتم وابوو لە دوورەوە وەکو جۆرە حەیوانێك دەم ڕوانییە برایەکەم. هەڵبەتە ئەوسا بەراستیش لە من دوور بوو. بۆ ماوەی چەندین ساڵ یەکترمان نەبینی. کات و شوێن لێکدی غەریب و نامۆی کردبووین. کەچی وێڕای ئەوەش کاتێ دوای لێکدابڕانێکی زۆر یەکمان گرتەوە، پێدەچوو هەستێکی برایانەی ئاسایی، نازانم لە کوێوە هاتبوو، بەرەو یەکمان بکێش بکات. هەڵبەتە زروفی یەکانگیرییەکەمان پەیوەندییەکی زۆری بەوەوە هەبووە. لەسەر جەستەیەکی نیمچە مردووی کەسێك کە بابی هەردووکمان بوو، دەستمان دەنیو دەستی یەکدی نا.

براکەم پرسی: "نەخشەت بۆ ئایندەیە چییە ؟" بە پرسیارێك وەڵامم دایەوە: " قەرارت دەربارەی موڵك و ماڵی خانەوادەکەمان چییە ؟"

"نازانم. باوکم تا نهوو هیچی لەو بارەیەوە نەگوتووە. سەبارەت بە پارەی وشکە، باوەڕناکەم شتێکی ئەوتۆمان هەبێت."

سەبارەت بە دایکم، بە خەم و پەژارەوە چاوەڕوانی وەڵامی مامۆستا بوو. بەدەم گلەییەوە دەیگوت: "هیچ دەنگ و باسێکی نییە؟" براکەم پرسی: "ئەم مامۆستایە کێیە کە ئەوەندە باسی دەکەن؟"

گوتم: "سەیرە! خۆ هەمووی چەند ڕۆژێکە بۆم باس کردیت."

زۆر پەست بووم لەوەی وا زوو لەبیری چووەتەوە، چونکە لە ئەنجامی پرسیاری تایبەتی خۆیدا بۆم باسکرد.

"ڕاستە بۆت باسکردم، بەڵام..."

هەڵبەتە مەبەستی ئەوەبوو کە مامۆستا هێشتا لەلای ئەو مەتەڵ بوو. دەبوایە بەلامەوە گرینگ نەبێ مامۆستا بەلای ئەوەوە دەکاتە مەتەڵو لەگەز یان نا، تێی دەگات یان تێی ناگات. کەچی وێڕای ئەوەش پەست بووم، تۆرە بووم، کەوتمە بیری ئەوەی کە براکەم زۆر نەگۆڕاوە.

بەگوێرەی بیرکردنەوەو هزرینی ئەو، دەبوایە ئەو پیاوەی کە زۆرجار بە ئیعجابەوە بە (مامۆستا) ناوم دەبرد، کەسێکی پایەدار یان نێوداربێت. لە دڵی خۆیدا وای تەسەوردەکرد کە مامۆستا بەلای کەمەوە، وانە بێژێك بێت لە زانستگە. لەم رووەوە بەموو لە باوکم لای نەدابوو. رێك وەکو باوکم پێی وابوو مەحاڵە باوەڕ بەوە بکرێت کە پیاوێکی نەناسراو،و هیچ کارە، بتوانێ ببێ بە خاوەنی سەنگو ئیحتوبار. لە کاتێکا بابم پێی وابوو تەنیا خەڵکانی بێ بەهرەو بێ توانا، بە سەرگەردانیو بێکاری دەژین، کاکم پێی وابوو ئەو خەڵکانەی کە سوود لە بەهرەو توانای خۆ نابینن، شایستەی ئەوەنین گرنگییان پێ بدرێت. وتی: "ئیدی ئەمە کێشەی کەسانی خۆپەرستە. بەڕادەیەك گۆساخن وادەزانن هەقی خۆیانە بەسەرگەردانیو بێکاری بژین. تاوانە پیاو هەر توانا و بەهرەیەکی هەبێ تا ئەو پەڕی بەکارهێنان بەکاری نەبات."

هات بەسەرما لە براکەم بپرسم ئاخۆ کاتێ کە وشەی "خۆپەرست"ی بەکاربرد دەیزانی باسی چیدەکات. لەسەری رۆیی: "بەڵام پیاو نابێ بێزاربێ، گلەیی بکات. خۆشبەختانە پێدەچێ کارێکی بۆ دۆزیبیتەوە. باوکەش بەوە خۆشحاڵو دڵخۆشە."

هەڵبەتە بەبێ قسەی ئەسەحی مامۆستا، زۆر ئەستەم بوو،هەمان گەشبینی براکەمم دەرهەق بە ئایندەی خۆم هەبێت.

بەڵام زاتم نەدەکرد، بە ڕاستی گرێی دڵی خۆم بکەمەوەو ئەوەی لەبیرو لە مێشکمدایە بیڵێم. هەڵبەتە کە باسی ئەوەم کرد مامۆستا ئامادەیە یارمەتیم بدات، دایکم زۆر خۆشحاڵ بوو. بەڵام تازە بۆ من درەنگ بوو کە ئەوە بڵێم. منیش وەکو دایکم بەتاسەی وەڵامی مامۆستاوە بووم. لە دڵی خۆدا خۆزیام دەخواست وەڵامی نامەکە، ئەگەر وەڵام درایەوە، لە ئاستی خۆزیو ئاواتی خانەوادەکەمدا بێت. بیرم لە بابم دەکردەوە کە لەسەرە مەرگدا بوو، بیرم لە دایکم دەکردەوە، کە دەیویست بەو تۆزقاڵە هیوایەی لە دڵیا مابوو، بەو پەڕی توانا خۆی ئاسوودەو دڵخۆش بکات. بیرم لە براکەم دەکردەوە کە پێی وابوو شەرمە بۆ مرۆڤ لە پێناوی ژیانو بژێوی خۆیدا کار نەکات، بیرم لە مێردی خوشکەکەم، لە خاڵم دەکردەوە. لە خۆم پرسی: "باشە ئەمانە، ئەگەر مامۆستا هیچم بۆ نەکات، چ دەڵێن ؟"

ئەو شتەی کە بەلامە گرینگ نەبوو، بوو بە خەمم.

کاتێ بابم لینجاوێکی زەردباوی هەڵێنایەوە، ئاگادارییەکانی مامۆستاو ژنەکەیم وەبیر کەوتەوە. دایکم گوتی: "لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە جێگەدایە، ئاساییە، مەعیدەی تێك چوو بێت." کە تەمەشام کرد، جڵەوی فرمێسکی خۆم پێ نەگیرا. بەستەزمانە ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد نەبوو.

کە منو براکەم لە ژووری قاوەڵتی یەکمان گرت، گوتی: "گوێت لێ بوو؟" مەبەستی ئەوە بوو ئایا گوێم لە دکتۆرەکە بوو پێش ئەوەی بڕوات چی پێ گوتبوو. پێویستی بەوە نەدەکرد براکەم

هیچی تر بڵێت، چونکه هەموو شتێکم زانی. گوتی: " تۆ دەتوانی لێره بمێنیتەوەو کاروباری ماڵەکه بەڕێوه بەریت ؟" ورتەم لێوه نەهات. براکەم لەسەری ڕۆیی: "زۆر زەحمەتە دایکه بتوانێ کاروباری ماڵەکه بەرێوه بەرێ وانییه ؟" دیاربوو کەمێك له بێدەنگییەکەم قەڵس بووو حەزی نەدەکرد، منیش له زێدو زاگەی خۆمان دوور بکەومەوه.

"ئەگەر مەبەستت خوێندنەوەی کتێبان بێ، ئەوا ئێره باشترین شوێنه بۆ خوێندنەوه. ئەمە جگه لەوەی لێره هیچ کارێك ناکەیتو، پێموایه ئێرەت زۆر به دڵ دەبێت."

گوتم: "لەبەر ئەوەی تۆ برا گەورەیت، باشتر وایه تۆ بێی بۆ ئێره." به پەستیەوه گوتی: "چۆن دەتوانم شتی وەها بکەم؟" ئیدی زانیم، که برایەکەم، قەناعەتی تەواوی وابوو، که ئایندەی وەزیفەکەی له ئێستاوه دەست پێدەکات.

"چاکه، ئەگەر بەوه رازی نیت، ئەوا دەتوانین داوا له خاڵمان بکەین کاروبارەکانمان بۆ بەڕێوه بەرێت. بەڵام وێڕای ئەوەش خۆ دەبێ یەکێك ئاگای له دایکه بێت. جا ئیدی یان دەبێ دەگەڵ تۆدا بژی یان دەگەڵ مندا." گوتم: "کێشەکه ئەوەیه ئاخۆ رازی دەبێت ئەم ماڵه بەجێ بێڵێ؟"

بەو جۆره، له کاتێکا باوك هێشتا له ژیاندا بوو، جووته برا گەنگەشەی ئەوەیان بوو دوای مردنی ئەو چ بکەن.

*

بابم کەوته وڕێنه.دەیگوت: "ئاخۆ جەنەراڵ نوگی دەمبورێت، گەردنم ئازا دەکات ؟ به چ ڕوویەکەوه ڕوو بەڕووی ببمەوه؟ بەڵێ جەنەراڵ، بەم زووانه دەگەمه لات." که باوکم ئەو قسانەی دەکرد، ترس له دایکم دەنیشت، داوای لەمه دەکرد له دەوری خڕببینەوه. باوکیشم چەند وڕێنەکەی زیادی کردبا، ئەڵهای ئەوەی دەکرد هەمووان دەوری بدەین تا هەست به ترس نەکات. زیاتر له هەموو کەسێك ئەڵهای دایکمی دەکرد. چاوی به سەرانسەری ژوورەکەدا دەگێڕا، بۆ دایکم دەگەڕا، ئەگەر ئەوی بەدی نەکردبا، به متمانەوه دەیپرسی "ئۆمیتۆ له کوێیه؟ تەنانەت ئەگەر بەزاریش ئەوەی نەگوتبا، به چاوان ئەو پرسیارەی دەکرد.

زۆرجار هەڵدەستامو له دایکم دەگەڕام. هەنگێ کارەکەی بەجێده هێشتو خۆی بەژووری نەخۆشەکەدا دەکردو دەیگوت: "چیت دەوێ ؟" هەندێجار ورتەی له زار نەدەهاته دەرێ، تەمەشایەکی دەکردو هیچی دی. هەندێجاریش، بەزمانێکی ناسك هەندێ شتی چاوەڕوان نەکراوی وەك: "ئۆمیتۆ، زۆرم ئەزیەت دایت"ی دەگوت. له ناکاو ڕوندك چاوانی دایکمی تەڕی دەکرد. پاشان دایکم بیری دەکەوتەوه که له چاو ڕۆژانی ڕابردوودا گۆڕاوەو دەیگوت: "ئێستا زۆر نائومێد دیاره، پەکیەتی، بەڵام دەتوانم دڵنیاتان بکەم، که کاتی خۆی زۆر ترسناكو به سام بوو."

یەکێك لەو بەسەرهاتو حیکایەتانەی که دایکم به ئاوو تاودەیگێڕایەوه، ئەوەبوو که به کلکه گسکان لێی دەدا. زۆر جاری دی ئەم حیکایەتەمان بیستبوو، بەڵام هەنووکه به بایەخێکی زیاترەوه گوێمان لێدەگرت، وەکو ئەوەی ئەم بەسەرهاته یادگارێك بێ شایستەی شانازی.

بابم، تەنانەت لەو کاتانەدا کە مەرگ سێبەری تاریکی خۆی خستە سەر چاوانی، کەم‌و زۆر، بە ئاماژەیەکیش باسی وەسێتەکەی نەکرد.

براکەم گوتی: "پێت وانییە هەقە تا کار لە کار نەترازاوە بیری بخەینەوە؟" گوتم: "نازانم." دڵنیا نەبووم کە ئاخۆ دروستە لەو کاتەدا بابمان ناچاربکەین ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە یان نا. ئەنجام چووین بۆ لای خاڵم کە ڕێگەیەکمان بۆ دابنێ، ئامۆژگارییەکمان بکات، ئەویش دوو دڵ بوو.

"هەڵبەتە، ئەگەر شتێکی لەو بابەتەی لە زەیندا بێ، حەیفە بیری نەخەینەوەو ئەو شتە لەگەڵ خۆیدا بباتە ژێرگڵەوە. لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە کارێکی نا بەجێ بێ ئەگەر مەسەلەکە بوروژێنین."

بەر لەوەی بگەیەنە قەرارێك، بابم لەخۆ چوو. دایکم هەستی بە بورانەوەکەی بابم نەکرد. ئەوەی ڕاستی بێ زۆرخۆشحاڵ بوو، چونکە وایدەزانی لە شیرینە خەودایە. گوتی: "شوکر بۆخوا هێشتا دەتوانێ بەم شێوەیە بخەوێت، ئێستا دەتوانین بۆ خۆ هەلاژین."

بابم ناو بەناو چاوانی هەڵدەهێنان‌و لە ناکاو دەی پرسی فلان چی لێهات، بەردەوام ئاماژەی بۆ ئەو کەسە دەکرد کە بەر لە بورانەوەو لە خۆچوونەکەی بەلایەوەبوو. پێدەچوو بابم بایی خۆی هۆش‌و گۆشی هەبێت، لە داوێکی سپی یەکسەری دەچوو لە قوماشێکی ڕەشدا، بەڵام لێرەو لەوێ بچڕانی تێ کەوتبێت. بۆیە هیچ سەیر نەبوو کە دایکم بورانەوەکەی بە خەوێکی ئاسایی دەزانی.

بابم کەوتە ئەوەی لە زمان بکەوێ. زۆرجار قسانی دەبزرکان ڕستەکانی دەبوون بە بڵمە بڵمێکی پچڕ پچڕو لێی حاڵی نەدەبووین‌و نەمدەتوانی بزانم دەیەوێ چ بڵێت. بەهەرحاڵ، بەدەنگێکی بەرزی ئەوتۆ هەر ڕستەیەکی دەدرکاند، کە تەسەور نەدەکرا لە نەخۆشێکی وەکو ئەو بوەشێتەوە. سەرباری ئەوەش. وای لێهات بە باشی قسانی نەدەبیست، بۆیە ناچاربووین دەم بەگوێیەوە بنەین‌و بە دەنگی بەرز قسان بکەین.

"دەتەوێ سەرت فێنك بکەمەوە؟"

"بەڵێ."

ئاوی جەوەنەکەی ژێر سەریم گۆڕی. کیسەیەکم، تازە پڕکردبوو لە کڵۆ سەهۆڵان، نایە سەر تەوێڵی. زۆر بە ئەسپایی کیسەکەم دانا، تا نووکی تیژی کڵۆ سەهۆڵەکان ئازاری نەدەن، لەو ساتەدا، برایەکەم لە دەرگاوە هات‌و خۆی وەژووردا کرد، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، نامەیەکی دامێ. بەسەرسامییەکی زۆرەوە، بە دەستە ئازادەکەم، نامەکەم لێوەرگرت. زۆر قورس بوو، لەوە گەورەتر بوو لە زەرفێکی ئاساییدا جێی ببێتەوە. لە پارچە کاغەزێکی نووسینی ئەستوورەوە پێچرابوو، زۆر بە دانسقە پێچرابووەوەو مۆرکرا بوو. یەکسەر دیتم کە نامەیەکی تۆمارکراوە. کە وەرمگێڕا، ناوی مامۆستام بەسەرەوە بینی کە بە دەستێکی پەشۆکاو نووسرا بوو. جا چونکە لەوە سەرقاڵتر بووم ئەوسا بیکەمەوە، تەپاندمە گیرفانمەوە.

*

ئەو ڕۆژە حاڵی بابم تا بڵێی خراپ بوو. من کە بە دیارییەوە بووم، بەجێم هێشت و بەرەو گەرماوەکە ڕۆییشتم، لە ڕاڕەوەکەدا تووشی براکەم بووم.

براکەم گوتی: "کێوە دەچیت؟" لە پاسەوانی ئێشکگر دەچوو. "بەخۆت دەزانی وەزعی زۆر خراپە. دەبێ تا دەتوانی بەجێی نەهێڵی."

هەق بە برایەکەم بوو. گەڕامەوە بۆ ژووری نەخۆشەکە، نامەکەم بە نەکراوەیی لە گیرفانم دانا. بابم چاوی هەڵێنان و ناوی هەموو ئەوانەی ، کە لە دەوری دانیشتبوون، لە دایکم پرسی. دەگەڵ ناوی هەر یەکێك لە دانیشتووەکاندا، بابم سەرێکی دەلەقاند، پێدەچوو گوێی لە ناوەکان نەبوو بێت، بۆیە دایکم بە دەنگی بەرز ناوەکانی بۆ دووبارە دەکردەوە و گوتی: "گوێت لێیە؟"

بابم گوتی: "ئێوە زۆر لەگەڵما باش بوون، بە حەوسەڵە بوون، زۆر سوپاستان دەکەم."

ئەوسا جارێکی دی لە هۆش خۆی چوو. ئەو خەڵکەی لە دەوری ڕۆنیشتبوون، بە بێدەنگی چاویان تێبڕی کە بۆ ماوەیەکی کورت گیانی دەدا. پاشان یەکێك لە کۆمەڵەکە هەستا و خۆی بە ژوورەکەی تەنیشتا کرد. دوای تۆزێك یەکێکی دیکەیان هەستا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. من سێیەم کەس بووم کە لە ژوورەکە وەدەرکەوتم. بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە و بەنیاز بووم نامەکە لەوێندەر هەڵپچڕم. خۆ دەمتوانی بە دیار باوکمەوە ئەو کارە بکەم. بەڵام نامەکە بەقورسییەکەیدا دیار بوو کە زۆر دوورو درێژە، بۆیە ئەستەم بوو لە هەوەڵەوە تا کۆتایی لە ژووری نەخۆشەکەدا بیخوێنمەوە و کەس پێم نەبڕێت. بۆیە لە دەرفەتێکی وەها دەگەڕام کە لە ژوورەکەی خۆمدا و بێ ئەوەی کەس پێم ببڕێت، بیخوێنمەوە.

بەتوندی ئەو کاغەزە ئەستوورەم دڕاند کە نامەکەی تێوە پێچرا بوو. دیار بوو نامەکە بە دەستوخەتێکی جوان نووسرابوو، وشەکان لە نێوان هێڵی ئەستوونیدا نووسرا بوون. لاپەڕەکان دوو قەد کرا بوون تا بە ئاسانی بە پۆستەدا بنێردرێ.

سەرم لەم شتە دوورو درێژە سوڕما بوو کە مامۆستا نووسی بووی. بەهەرحاڵ خەریك بوو بە وردی نامەکە بخوێنمەوە. کەچی بیرم هەر لە ژووری نەخۆشان بوو. دڵم خەبەری دا کە بەر لەوەی فریای خوێندنەوەی نامەکە بکەوم، بابم شتێکی بەسەردێت. دڵنیا بووم کە برایەکەم یان دایکم یان خاڵم بانگم دەکەن. بەو نیگەرانی و پەریشانییەوە، لاپەڕەی یەکەمم خوێندەوە: "جارێکیان داوات لێکردبووم کە باسی ڕابردووی خۆمت بۆ بکەم. کاتی خۆی زاتم نەدەکرد ئەو کارە بکەم. بەڵام هەنووکە، پێموایە لەو کۆت و زنجیرانە ڕزگاربووم کە نەیان دەهێشت باسی حەقیقەتی خۆمت بۆ بکەم. ئەو ئازادییەی هەنووکە هەمە، لەو ئازادییە دنیایی و جەستەییانەیە کە زۆر دەوام ناکات. ئەگەر ئەم دەرفەت و دەلیڤەیە نەقۆزمەوە، جارێکی دی دەرفەتم بۆ ناڕەخسێت باسی ئەو شتانەت بۆ بکەم کە لە ئەزموونی تایبەتی خۆمەوە فێریان بووم، ئەمە جگە لەوەی لەلای تۆ بە درۆزن و بێ بەڵێن دەردەچم. جا چونکە زروف ڕێی نەدام سەربهوردی خودی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، بۆیە لێبڕام بە نووسین بۆتی بنووسم."

تا ئێرەم خوێندەوە و هۆی دوورو درێژی نامەکەم بۆ دەرکەوت. تەقریبەن هەر لە سەرەتاوە زانیم مامۆستا خۆی بەوەوە نەڕەنجاندووە کە هیچ شتێك لە مەڕ پیشەی ئایندەی من بنووسێت.

ئەوەی کە نیگەرانی کردبووم، ئەوە بوو مامۆستا کە حەزی لەنووسین نەدەکرد، چۆن ئەزیەتی کێشا بوو ئەم نامە دوورو درێژە بنووسێت. لە دڵی خۆدا پرسیم: "باشە بۆچی چاوەڕوانی نەکردووە تا جارێکی دی بۆ تۆکیۆ دەگەڕێمەوە ؟"

لە دڵی خۆدا دووبارەم کردەوە، "هەنووکە ئازادە، جارێکی دی هەرگیز ئازاد نابێت." بێهودە هەوڵم دا لە مانای وشەکانی تێبگەم، لە ناکاو تووشی نیگەرانی بووم.

ویستم لەسەر خوێندنەوە بەردەوام بم، بەڵام بەر لەوەی دەست بە خوێندنەوە بکەمەوە، گوێم لە دەنگی براکەم بوو کە لە ژووری نەخۆشانەوە گازی دەکردم. بەترسەوە هەستامو بە هەشتاو بە ڕاڕەوەکەدا بەرەو شوێنی خڕبوونەوەی خەڵکەکە چووم. خۆم بۆ ئەوە حازرکرد کە ئیدی تەواو باوکم کۆتاییەتی.

*

لەو ماوەیەدا کە من لە ژوورەوە نەبووم. دکتۆرەکە هاتبوو، وەکو هەوڵێك بۆ ئەوەی کە بابم ئاسوودە بکات، سەرقاڵی ئەوە بوو حوقنەیەکی لێبدات. پەرستارەکە، کە شەوێ بەدیار بابمەوە شەکەتو ماندوو بوو بوو، چوو بوو بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە تا بخەوێت. برایەکەم کە ئەم جۆرە بۆنانەی نەدی بووو، ئەزموونی یارمەتیدانو کۆمەکی نەبوو، پێدەچوو حایر مابێ کە چی بکات. کە بینی وەژوور کەوتم گوتی: "فریاکەوە، یارمەتیمان بدە" ئیدی بەلەز ڕۆنیشت. من چوومە شوێنی وی‌و یارمەتی دکتۆرەکەم دا.

لەوە دەچوو حاڵی بابم کەمێك چاکتر بووبێت. دکتۆرەکە نزیکەی نیو سەعاتێك‌و زیاتر چاوەڕوانی کرد، کاتێ کە لە ئەنجامی حوقنەکە دڵنیا بوو، هەستا بڕوات. بەر لەوەی بڕوات پێی گوتین هەر شتێك ڕووی دا خێرا بانگی بکەین.

جارێکی دی، لە کاتێکا هاماجی مەرگ باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکێشا، لە ژوور وەدەرکەوتم‌و بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە. لەوێندەر هەوڵمدا جارێکی دی نامەکە بخوێنمەوە. بەڵام زۆر تووڕە بووم. هەرکە لە پشتی مێزەکەم دانیشتم‌و دانەنیشتم ، ترسی ئەوەم لێهات لە ناکاو گوێم بە دەنگی بەرزی براکەم بزرینگێتەوەو بۆ ژووری نەخۆشەکەم گاز بکات‌و ڕەنگە بۆ دواجاریش بێ.

بە شێوەیەکی میکانیکی کەوتمە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان، بێ ئەوە لە مانای وشە ڕیزکراوەکان بگەم، نەمتوانی لە ماناو نێوەرۆکی نامەکە بگەم. ئەنجام گەییمە دوا لاپەڕە، خەریك بوو نامەکە قەد بکەمەوەو لەسەر مێزەکەی دابنەم ، لە پڕ ڕستەیەکی نزیکی کۆتایی نامەکە سەرنجی ڕاکێشام.

"لەو کاتەدا کە ئەم نامەیەت دەگاتێ، ڕەنگە من لەم دنیایە دەرچووبم، یانی تای تەرازووەکە بەو لایەدا قورس دەبێ کە مردووم."

شۆك بووم، دڵم کە تا ئەو ساتە یەکپارچە نیگەرانی بوو، وەستا. بەلەز کەوتمەوە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان، لە هەوەڵەوە، ڕستەیەکم لێرەو یەکێکم لەوێ دەخوێندەوە. بێهودە پەنام وەبەر ئەو وشانە دەبرد کە لەبەر چاوما کەوتبوونە سەما. ئەوەی لەو کاتەدا مەبەستم بوو بیزانم ئەوەبوو کە ئاخۆ مامۆستا هێشتا لە ژیاندایە یان نا. ئیدی رابردووی مامۆستام، ئەو ڕابردووە ئاڵۆزەی کە

بەڵێنی دابوو بۆمی باسبکات. لەبەرچاوکەوت، بەلامەوە گرینگ نەبوو. بەڵام ئەو شتەم نەدۆزییەوە کە بۆی دەگەڕام، بە توڕەیی و پەستی نامەکەم قەدکردەوە. گەڕامەوە بۆ دەرگای ژوورەکەی بابم تا بزانم چی بەسەرهات. ژوورەکە، بەشێوەیەکی سەیر بێدەنگ بوو. دایکم بە تاقی تەنیا بەلای جێگەکەی بابمەوە دانیشتبوو، شەکەتی و نائومێدی پێوە دیاربوو. ئاماژەیەکم بۆ کرد، کە هات بۆ لام پرسیم: "حاڵی چۆنە؟" گوتی: "پێدەچێ باش بێ." بەرەو لای بابم چووم دەموچاوم لێی نزیك کردەوەو گوتم: "چۆنی؟" بەسەر ئاماژەیەکی کرد، ئەوسا زۆر بە ڕوونی گوتی: "سوپاست دەکەم"، پێدەچوو بە باشی هۆشی بەخۆی بێ.

دیسان بۆ ژوورەکەی خۆم چوومەوە. ڕوانیمە سەعاتەکەم و کەوتمە تەمەشا کردنی بەرنامەی دەرچوونەکانی قیتارەکە. ئەوسا هەستام، جلەکانم ڕێك خستن و نامەکەی مامۆستام لەبەرکم ناو لە دەرگاکەی پشتەوە وەدەرکەوتم. بەغاردان بەرەو ماڵی دکتۆر، وەکو یەکێك لە ژێر باری کابوس دا بێت، پەل بوومەوە. دەمویست لە دکتۆرەکە بپرسم کە ئاخۆ ئەگەری ئەوە هەیە بابم تا دوو سێ ڕۆژی دی بمێنێ. بە تەما بووم لە دکتۆر بپاڕێمەوە کە هەرچۆنێ بووە، بەزەبری حوقنە بێ یان هەر وەسیلەیەکی دی کە لە توانای ئەودا بێ، بابم بۆ چەند ڕۆژێکی دی بهێڵێتەوەو نەیەڵێ بمرێت. لێ بۆ نەگبەتی نە دکتۆر لە ماڵەوە بووو نە من کاتی ئەوەم هەبوو چاوەڕوانی بکەم. بە هەرحاڵ، بەڕادەیەك پەشێوو پەریشان بووم خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، خۆم بە گالیسکەیەکی "ڕەکشە"دا کردو بە پەرۆشەوە داوام لە گالیسکەچییەکە کرد کە بەلەز بمگەیەنێتە وێستگەکە.

لە وێستگەکەدا بە پەلە پروزێ نامەیەکم بۆ داك و براکەم نووسیو بە گالیسکەچییەکەم گوت بەلەز بیگەیەنێتە ماڵی ئێمە. لە دڵی خۆدا گوتم ئەو نامەیەیان بۆ بنووسم لەوە باشترە بێ هیچ قسەیەك بەجێیان بێڵم. ئیدی، بەوپەڕی نائومێدیو هەر بۆ ئەوەی شتێك بکەم، سواری شەمەندەفەری تۆکیۆ بووم. کە لە فارگۆنی نمرە سێ دانیشتم گوێم پڕبوو لە هەراو زەنای مەکینەی قیتارەکە. ئەنجام توانیم نامەکەی مامۆستا لە هەوەڵییەوە تا کۆتایی بخوێنمەوە.

پەراوێز:

*- جەنەڕاڵ نوگی و ئەدمیراڵ توگومن،بەناوبانگترین قارەمانی شەڕی روسیا-ژاپۆن بوون. کاتێ کە ئەفسەرێکی گەنج بوو لە یاخیبوونەکەی (ساتسوما)دا لە هەنبەر دژمندا شکستی هێنا. دوای سی و پێنج ساڵ و پاش مردنی قەڕاڵ میگی خۆی کوشت. یانی سی و پێنج ساڵ چاوەڕوانی کڕینەوەی ئابڕووی خۆی کرد، تا ئەو کاتەی کە ئیدی نەیتوانی خزمەتی قەڕاڵەکەی خۆی بکات و دڵی بێنێتەوە جێ.

## بەشی سێیەم: مامۆستاو وەسێتنامەکەی

ئەم هاوینە دوو یان سێ  نامەی تۆم پێگەیی. ئەگەر لێم نەبێ بەدۆر ، لە نامەی دووەمتدا داوات لێکردبووم یارمەتیت بدەم کە وەزیفەیەکی لە بارو گونجاوت بۆ بدۆزمەوە. کە خوێندمەوە هەستم کرد کەمترین شتێك کە بتوانم بیکەم ئەوەیە وەڵامی نامەکەت بدەمەوە. بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم کە لە ئەنجامدا هیچم نەکرد. وەکو بەخۆت دەزانی من ناوسیاوم زۆر کەمن. راستتر ئەوەیە بڵێم من لەم دنیایەدا بەتاقی تەنیا دەژیم. ئیدی چۆن دەتوانم یارمەتی تۆ بدەم، سوودێکت پێبگەیەنم ؟ بەهەرحاڵ ئەوە شتێکی گرینگ نییە. دڵنیابە کاتێ کە نامەکەی تۆم پێگەیی بێهودە لە هەوڵی ئەوەدا بووم کە بڕیار بدەم دەبێ چ لە خۆم بکەم. لە سێ و دووی ئەوەدا بووم "ئایا ماقوولە بەم شێوەیە، وەکو مۆمیایەك لە نێو زندوواندا درێژە بە ژیان بدەم یان پێویستەکە..؟" ئەو دەمانە، هەرجارێ بیرم لە هەڵبژاردنەکەی دوایی دەکردەوە، ترسێکی گەورەم لێدەنیشت. وەکو پیاوێك وابووم کە بەرەو هەڵدرێکی بەردەڵانی هەزار بە هەزار غاربداتو بڕوانێتە خوارێو بۆشاییەکی بێ بن بدینێ. ترسنۆك بووم. وەکو زۆربەی ترسنۆکان گیرۆدەی

ئەوەبووم کە نەمدەتوانی بڕیاری یەکجارەکی بدەمو خۆم یەك لایی بکەمەوە. بۆ نەگبەتی، هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی گەر بێژم ئەوسا زۆر بەزەحمەت هەستم بە بوونی تۆ دەکرد. بۆیە بەلای منەوە مەسەلەی ژیانوئایندەی تۆ نەدەیکردە هیچو هیچ بایەخێکی نەبوو. بەلامەوە گرینگ نەبوو چی دەکەیت. بە گوێرەی بیرکردنەوەی من ئەم مەسەلەیە شایەنی ئەو هەموو باسو خواسە نەبوو.

نامەکەتم خستە چەکمەجەی نامەکانەوەو ئیدی نیگەرانو پەریشان لە بیری مەسەلەکەی خۆمدا بووم، سەبارەت بەتۆش چەند سەرم هێناو سەرم برد، تەنیا شایستەی ئەوە بوویت سووکە تەمەشایەکی پڕ تانەو تەشەرت بکەمو هیچی دی. لە دڵی خۆدا دەمگوت بۆچی کەسێکی ئاسوودەی وەکو تۆ تازە خویندنی تەواوکردووە، لە ئێستاوە بۆ کارو دۆزینەوەی کار بگرێو بگەڕێ ؟ جا لەبەر ئەوەی هەست دەکەم قەرزارباری ئەوەتم کە شتێکت دەربارەی ڕەفتاری خۆم بۆ روون بکەمەوە، بۆیە هەموو ئەمەت بۆ دەگێڕمەوە. کە دەتبینی لەگەڵ تۆدا ساردو زبرم، ئەمەم بە ئانقەستو بۆ ئەوە نەبوو کە تووڕەت بکەم. پێموایە کاتێ کە نامەکەم دەخوێنیتەوە پەی بەوە دەبەیت. بەهەرحاڵ، دەبوایە گرینگی بە نامەکەت بدەم، بە هەندی بگرم. تکایە لەو خەمساردییەم ببورە.

دوای ئەوە بە ماوەیەك بروسکەیەکم بۆ ناردیت. جا با ئەوەشت پێ بڵێم تەنیا مەبەستم ئەوەبوو جارێکی دی بتبینمەوە. هەروەها دەمویست چیرۆك وسەربهوردی ڕابردووی خۆمت، وەکو جارێکیان داوات لێکردبووم، بۆ بگێڕمەوە. کاتێ کە ئەو بروسکەیەم پێگەیی کە گوتبووت ناتوانی بێی بۆ تۆکیۆ، ئیدی گرفتاری نائومێدیەکی قووڵ بووم. لە بیرمە ماوەیەك بە بێدەنگی بەدیارییەوە دانیشتمو ما تەمەشای بکە. هەڵبەتە تۆش هەستت بەوەکردبوو کە بروسکەکە بە تەنیا بەس نییە، بۆیە لوتفت کردبووو یەکسەر دوای بروسکەکە نامەیەکت ناردبوو. لە نامەکەدا ئەوەت بە تەواوی ڕوون کردبووەوە کە لەبەرچی بۆ تۆکیۆ نەهاتبووی. بۆیە هیچ هەنجەتو بیانوویەکم بەدەستەوە نەما گلەیی ئەوەت لێبکەم کە بەدەنگ داواکەمەوە نەهاتی. ئاخر چۆن بتوانی لە کاتێکا بابت زۆر نەخۆشو هیلاکە، بەو حاڵەوە بەجێی بێڵیو بێی بۆ لای من؟

هەڵبەتە من هەڵە بووم. دەبوایە نەخۆشییەکەی بابتم لەبیر بوایە. ئەلهەقی کاتێ کە بروسکەکەم بۆ ناردیت، باوکتم هەر لە بیر نەمابوو. لە کاتێکا خۆم پێشتر لە مەترسیداری نەخۆشییەکەی بابتم ئاگاداركردبوویتەوە. جا چاك بزانە من لەو کەسانەم کە دەگەڵ خۆدا هەڤدژو ناکۆکن. لەگینە بەشێکی زۆری ئەم ناکۆکیو هەڤدژییە لە کەسێتی مندا، ئەگەر کاریگەریو باندۆری یادگارییەکانی ڕابردووم لەسەر نەبایە، نا ئاسایی دەبوو. یانی ئەم ناکۆکیو هەڤدژییە زادەی باندۆری ڕابردوو بوو بەسەر کەسێتی منەوە. بەهەرحاڵ من بە تەواوەتی بە ناکامی خۆم دەحەسم. دەبێ لەمبارەیەوە لێم ببوری.

کاتێ کە نامەکەم خوێندیتەوە-دوا نامەت-پەیم بەوە برد کە من هەڵەم کردووە. بۆیە بە ئەرکی خۆمم زانی بۆت بنووسمو ئەمەت پێ بڵێم. کارگەییە ئەوەی دەست بدەمە قەڵەم، بەڵام ئەنجام بێ ئەوەی تاقە دێڕێك بنووسم، لەسەر مێزەکەم دانایەوە. بە ڕاستی ئەو شتانەی کاتی خۆی پێموابوو شایستە باسکردنن، هەر هەمان ئەو شتانەیە کە لێرەدا باسیان دەکەم، هەڵبەتە کاتی

خۆی هێشتا وەختی نووسینی ئەم جۆرە نامەیە نەهاتبوو. هەر بۆیەش لە جیاتی نامە بە بروسکەیەکی لامسەرلایی ئاگادارم کردیتەوە کە پێویست ناکات بێیت.

*

پاشان دەستم بە نووسینی ئەم نامەیە کرد.. من فێری نووسین نیم، بۆیە زۆرم لەبەر گران بوو کە دەمبینی بەرانبەر بە وەسفی زۆر رووداوو بویەران، بەرانبەر بەدەربڕینی زۆر بیری تایبەتیم دەرهەق بەو ئازادیەی گەرەکمە، دەستە وستانم. زۆرجار خۆم هاندەدا کە واز لە نووسین بێنمو وەعدو بەڵێنەکەی خۆم نەبەمە سەر. هەرجارێك کە بەو بیانووەی ناتوانم لەسەر نووسین بەردەوام بم قەڵەمەکەم فرێ دەدا، قەت سەعاتێکی پێ نەدەچوو دەستم بە نووسین دەکردەوە. دیارە تۆ ئەمە والێکدەدەیتەوە کە نیشانەی پابەندی منە بە وەعدو بەڵێنەوە. هەڵبەتە من هیچ ئیعترازێکم نییە ئەگەر تۆ وای ببینی. وەکو دەزانیت من بابایەکم گۆشەگیرو لاتەریكو تەماسێکی یەجگار کەمم بە دنیای دەرەوە هەیە. کە دەڕوانمە دەورو بەری خۆم ،دەبینم لە ڕاستیدا هیچ ئیلتیزاماتێکم نییە. جا ئیدی ئەمە بە هۆی زروفەوە بێت یان بە هۆی بەرنامەی تایبەتی ژیانی خۆمەوە بێت، بۆیە بەو جۆرە ژیام، تا ژیانی خۆم لە هەر ئیلتیزامێك رزگاربکەم. بەڵام ئەمە مانای وانییە لە ناخی خۆدا هەست بە هیچ ئیلتیزامێك بەرانبەر بە خەڵکی دی ناکەم. بە پێچەوانەوە، چونکە هەستێکی توندم لەم رووەوە هەیە، بۆیە ژیانم بەم سەلبیاتە بردەسەر. من ئەوەندە بەهێزو توانا نیم کە بتوانم تەحەمولی ئەو ئازارانە بکەم کە ئەمجۆرە ئیلتیزاماتە بەسەر تاکیدا دەسەپێنن. یانی باجی ئیلتیزامات پێنادرێت. پاش ماوەیەکی دی بۆت دەردەکەوێ کە ئەگەر من بەرانبەر بە تۆ پابەندی وەعدو بەڵێنەکەی خۆم نەبوایەم، بە تەواوەتی هەستم بە نیگەرانی و ناڕەحەتی دەکرد. جا بۆ ئەوەی خۆم لەو ناڕەحەتییە ببوێرم ناچار بووم هەمدیس دەست بدەمەوە قەڵەم. بەڵام ئەمە تاقە ئەنگێزەی نووسینی ئەم نامەیە نەبوو. دڵنیابە، ئەنگێزەی ئەم نامەیە، بەدەر لە هەر هەستێکی پابەندیو ئیلتیزام، ئەوە بوو حەزم دەکرد شتێك دەربارەی ڕابردووی خۆم بنووسم. مادامێکی ئەو ڕابردووە، من بۆ خۆمو بە تەنیا جەڕباندوومە، رەنگە هەقی ئەوە بە خۆم بدەم وەکو موڵکی خۆم سەیری بکەمو بەتەنیا بە موڵکی خۆمی بزانم. باشە ئاسایی نییە بمەوێ ئەم شتە، کە موڵکی تایبەتی منە، بەر لەوەی بمرم بیدەم بە یەکێکی دی؟ بەلای کەمەوە وا بیردەکەمەوە، لەلایەکی دیکەوە حەزدەکەم تا لە ژیاندام ئەم موڵکە بە فیڕۆ بدەم، توڕی بدەم، نەك بیدەم بە کەسێك کە نەیەوێت. ڕاستت گەرەکە، ئەگەر کەسێکی لە بابەتی تۆ پەیدا نەبایە، هیچ کەسێك، تەنانەت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش، هەرگیز بەم ڕابردووەی منی دەزانی. حەزدەکەم، لە نێو میلیۆنان ژاپۆنی دا، ڕابردووی خۆم تەنیا بۆ تۆ بگێڕمەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە تۆ کەسێکی راستگۆو سەر ڕاستی و ، هۆیەکی تریشی ئەوەیە تۆ جارێکیان بەوپەڕی راستگۆیی گوتت دەتەوێ لە خودی ژیانەوە شت فێربیت.

بێگومان، من خەریکم بە ناو سێبەرە تاریکەکانی دنیای خۆمت دەخەم. لێ نابێ بترسیت. چاو ببڕە سێبەرەکانو ئەو شتە هەڵبژێرە کە لە ژیانی تایبەتیدا بەکەڵکت دێ. کە باسی تاریکی دەکەم، مەبەستم تاریکی ئەخلاقییە. من وەکو گووراوێکی ئەخلاقی لە دایك بوومو وا پەروەردە

بووم كە پیاوێكی ئەخلاقی بم. ڕەنگە بە ڕاستی ئەخلاق و ئاكارم لە ئاكارو ئەخلاقی گەنجانی ئەمڕۆ جیاواز بووبێت، بەڵام خۆ ئەخلاقیەتو ئاكاری تایبەتی خۆمە. نەچووم بیخوازم، چونكە پڕ بە بەری خۆمە، وەكو چۆن جلێك پڕ بە بەری پیاوێك بێ. بۆیە من پێموایە تۆ كە كەڵكەڵەی پێشكەوتنت هەیە، ڕەنگە شتێك لە ئەزموونی منەوە فێرببیت.

ئیدی بیرت دەكەوێتەوە چۆن خووت بەوەوە گرت گەنگەشەی بیروبۆچوونانی مۆدێرنم دەگەڵ بكەیت. هەروەها هەڵوێستی منیشت لەمەڕ ئەو بۆچوونە مودێرنانە بیردەكەوێتەوە، هەرچەندە من بە تەواوەتی نكۆڵیم لە بۆچوونەكانت نەكرد، بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنەم كە من نەمتوانی خۆم ناچار بكەم ڕێز لە ڕاوبۆچوونەكانت بگرم. ڕاو بۆچوونەكانت، بناغەو هێمێكی بتەویان نەبوو، ئەمە جگە لەوەی كە تۆ لەوە بچووكتر بوویت لە ڕووی ئەزموونەوە ڕەسیدو پشتیوانەت هەبێ. هەندێجار پێدەكەنیم. هەندێجار بە تەوسەوە لێت دەڕوانیم. ئەنجام داوات لێكردم ڕابردووی خۆمت بۆ بكەمەوەو بیخەمە بەرچاوت، وەكو ئەوەی وێنەیەكی لوول دراو بكەمەوە. هەنگێ بۆ یەكەمجار ڕێزم گرتیت. دیار بوو قەرارت دابوو، هەرچەندە قەرارەكەت لە ڕووی گوزارشتەوە زبر بوو، كە لایەنە زندووەكەی روحم كۆنترۆڵ بكەی، بە دەستی بێنی، بەو قەرارەت وڕوژام. بە نیاز بوویت دڵم شەق بكەیتو ئەو خوێنە ببینی كە تێی دەڕژا. ئەو كاتە من ژیانم لێدەچۆڕا، یەكپارچە ژیان بووم، نەمدەویست بمرم. بۆیە داواكەم ڕەفزكردیتو وەڵامی ئارەزووەكەتم بۆ رۆژێكی دی هەڵگرت. بەڵام هەنووكە بە خۆم خەریكم دڵمت بۆ شەق دەكەمو بە خوێنی خۆم دەمو چاوت تەڕبكەم. ئیدی پێم خۆشە، دوای ئەوەی دڵم لە لێدان دەكەوێ. ژیانێكی تازە لە سینەو دەروونتدا ئاكنجی دەبێت.

*

هێشتا نەگەیی بوومە بیست ساڵان كە داكو بابم پێكەوە لە دەست دان. پێموایە ژنەكەم جارێكیان بۆی باسكردیت كە هەردووكیان بە یەك نەخۆشی مردن. ئەگەر لێم نەبێ بە درۆ، منیش پێمگوتی كە تەقریبەن لە یەك وەختا مردن، كە تۆ زۆرت پێ سەیربوو. جا هەر بۆ زانیاری حەزدەكەم ئەو ڕاستیەت پێ بڵێم كە بابم بە تیفۆئید، یانی بەو نەخۆشییە سامناكە مرد، دایكیشم كە خزمەتی ئەوی دەكرد لەوەوە گرتی.

من تاقانەیان بووم. خانەوادەكەم دەوڵەمەند بوو، لە كەشو هەوایەكی پڕ سەخاوەتو دڵاوایی و ئارامی گەورەدا بووم. كاتێ كە بە خەیاڵ بۆ ڕابردوو دەگەڕێمەوە وا هەست دەكەم ئەگەر داكو بابم مابان — یان بەلای كەمەوە یەكێكیان– مابا، لەگێن بوو، لەسەر هەمان تەبیعەتی دڵاوایی و بەخشندەیی بمێنمەوە.

دوای ئەوان وەكو منداڵێكی تەنیاو بێكەسو وێڵ مامەوە. هیچ ئەزموونێكم نەبوو، نەچوو بوومە بنجو بناوانی هیچ كارو بارێكی دنیا. لەوە دەمەدا كە دایكم لە گیانەڵلادا بوو كەس پێی نەگوت كە بابم مرد. جا نازانم دەیزانی یان بە ڕاستی باوەڕی بە ئێمە دەكرد كە پێمان دەگوت خەریكە چاك دەبێتەوە. تەنیا ئەوە دەزانم كە داوای لە خاڵم كرد هەموو كاروبارەكان بگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەو كاتە من لەوێ بووم. بەسەر ئاماژەی بۆ من كردو بە خاڵی گوتم: "تكات

لێدەکەم ئاگات لە منداڵەکەم بێت ". پێدەچوو بیەوێ شتی دیکەش بڵێ، بەڵام نەیتوانی هیچ شتێکی دی بڵێ جگە لە ".... بۆ تۆکیۆ....." خاڵم بەلەز گوتی: "باشە. خەمت نەبێت."

وادیاربوو دایکم بە خێرایی ڕادەستی تاولەرز نەبوو، بۆیە پاشان خاڵم بە ستایشەوە گوتی: "ژنێکی بە ورەیە." لە بیرم نەماوە ئەو چەند قسە کەمەی کە دایکم کردنی دوا قسەی بوون یان نا. هەڵبەتە دەیزانی چ نەخۆشییەکی قورس و کوشندەیەتی، هەروەها دەشیزانی لە باوکمەوە گرتوویەتی. بەڵام من هەرگیز ئەوەم بۆ دەرنەکەوت کە ئاخۆ باوەڕی وابوو بەم نەخۆشییە دەمرێت. کە تایەکەی بەرز دەبووەوە زۆر بە ڕوونی قسانی دەکرد، بەڵام زۆربەی کات کە تایەکەی دەنیشتەوە هیچی لە بیر نەدەما. بۆیە من... بەڵام قەیدی نییە. ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە لەوساوە ئیدی ئاوێتەی گومانێکی قووڵ بووم، ئەو گومانەی کە هیچ شتێک بەبێ شیکردنەوەیەکی ورد قەبووڵ ناکات. هەرچەندە ئەم وەسفە پەیوەندییەکی نزیکی بە بەشی سەرەکی ئەم گێڕانەوەیەی منەوە نییە، لێ وا هەست دەکەم یارمەتی ئەوەت دەدات کە لە لایەنێکی کەسێتی من بگەیت. بۆیە هەر هەموو ئەم بڕگانە لەبەر ڕۆشنایی ئەم وەسفە بخوێنەوە. ئیدی ئەم تەبیعەتە تایبەتیەم کردیە کارێك کە نەك هەر گومان لە کەڵکەڵە خودییەکانی تاك بکەم، بەڵکو گومان تەنانەت لە کەماڵ و پوختەیی گشت تیرەی بەشەر بکەم. ئیدی بە خۆت حوکم بدە کە چ دەردو ڕەنجێکم کێشاوە، چ موعاناتێکم تەحەمول کردووە. زۆر لە بابەتەکە لام دا... جا ئەگەر هەڵوێستی من ڕەچاو بکەیت، دەبینی من کەسێکی زۆر ئارامم. تەنانەت هاڕەی ئەو قیتارانەشم نەدەبیست کە لە کاتی نووستنی خەڵکیدا دەنگیان بەرزەو دێتە بیستن. لە میانەی پەردەی پەنجەرە دارینەکانەوە ئاوازی خەمینی مێرووانم دەگەییە گوێ و وام هەست دەکرد باسی ئەو دڵۆپە ئاونگانە دەکەن کە جاڕی هاتنی وەرزی پاییز دەدەن. ژنەکەم بەوپەڕی پاکی و بێگەردی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنووێت. قەڵەمەکە بە دەستمەوە سووکێ بەسەر کاغەزەکەدا دەخشێ و پیت بە پیت دەسپێرێ و بەرەو پاینی لاپەڕەکە دەکشێ. کە لەپشتی مێزەکەمەوە دادەنیشم، دڵم ئارام دەگرێت. ئەگەر هەندێجار ڕیتمی حەرفەکانم لەنگ بێنە بەرچاو، نابێ وا تەسەور بکەی ئەنجامی شپرزەیی ئەقڵیمە، دەبێ بیگێڕیتەوە بۆ بێ ئەزموونیم لە قەڵەمڕانیدا.

*

بە هەرحاڵ. بێکەس و تەنیا، هیچ چارێکم نەما، ئەوە نەبێ بە پێی حەزەکانی دایکم پشت بە مامم ببەستم . لەلایەکی دیکەشەوە مامم هەموو مەسئولیەتێکی هەڵگرتم و کاروبارەکانی لە ئەستۆ گرتم. ئیدی مەسەلەی چوونمی بۆ تۆکیۆ بۆ تەرتیب کردم.

هاتم بۆ تۆکیۆ و چوومە زانستگە. ئەو وەخت و ڕۆژگارە خوێنکارانی کۆلیجان تا ڕادەیەك لە خوێنکارانی ئەمڕۆ دڕترو هۆڤی تر بوون. بۆ نموونە خوێنکارێك دەناسم شەوێك دەگەڵ مێرد منداڵێکی کرێکاردا لێی بوو بە شەڕ، هەر هەڵیگرتە قاپقاپەکانی و کێشای بە سەری منداڵەدا، خراپ ئەزیەتی دا. ئەم خوێنکارە سەرخۆش بوو، بۆیە کاتێ کە منداڵەکە لە گەرمەی شەڕە توندەکەدا کڵاوەکەی لێ ڕفاند هەستی پێ نەکرد. هەڵبەتە ناوی خوێنکارەکە لەسەر پارچەیەکی دیوی ناوەوەی کڵاوەکە، بە پیتی زەق و بەرجەستە نەخشێنرا بوو، پۆلیس ئامادەبوون لە

کۆلیجەکەی خۆی شکاتی لێبکەن، بەڵام بە هەوڵو تەقەللای چەند برادەرێك، مەسەلەکە تەپس کراو نەهێڵرا ئاشکرا ببێت. بەڵام تۆ لە ڕۆژگارێکی باشدا چوویتە کۆلیج، بۆیە هەقی خۆتە قێزت لەو ڕەفتارە زبرانە ببێتەوە. کاتێ کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە، هەست دەکەم ئێمە هەموومان کەودەنو گەوج بووین.

بە هەرحاڵ، ژیانی خوێنکاریی ئەوساکە، ژیانێکی سادەو خۆش بوو، ئەمڕۆکە ئەو جۆرە ژیانە نابینرێ. ئەو مانگانەیەی کە بابم بۆی دەناردم لە چاو ئەوەدا کە بابت بۆ تۆی دەنارد، تا ڕادەیەك کەم بوو. ( هەڵبەتە خەرجی ژیان لە چاو سەردەمی ژیانی خوێنکاریی مندا، بەرز بووەتەوە ) بەڵام من بیرمە، ئەو خەرجییەی بۆم دەنێردرا، سەرو زیادم بوو. یانی وەزع و حاڵی داراییم لەوە باشتر بوو کە بەغیلیو حەسوودی بە هاوپۆلەکانی خۆم ببەم. کاتێ بیر لەوە دەکەمەوە، هەست دەکەم لەوەیە گەلێك لە هاوپۆلەکانم بەغیلیان پێ بردم. جگە لەو ڕاستە خەرجییەی بۆم دەهات، بۆ پێداویستی کوتو پڕو کڕینی کتێبانیش پارەم بۆ دەنێردرا – زۆرم حەز لە کڕینی کتێبان بوو– لەو ڕووەوە بێ دڵی خۆم نەدەکرد.

جا چونکە کەسێکی ساویلکە بووم، نەك هەر متمانەم بە مامم دەکرد، بەڵکو بە نموونەو سەر مەشقیشم دەزانیو خۆم بە قەرزارباری دەزانی. مامم ئەهلی کاروکاسبی بوو. ماوەیەکیش بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ناوچە. وا بزانم بە هۆی ئەندامیەتی کۆمەڵەوە، بڕێك پەیوەندی دەگەڵ حیزبێکی دیاری کراودا پەیدا کرد. هەرچەندە لەگەڵ باوکمدا برا بوون، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاوازدا ڕۆییشتن. بابم پیاوێکی سادەی ڕاستو سەر ڕاست بوو، ئامانجی سەرەکی لە ژیاندا ئەوە بوو، لە ڕێڕەوی پێشینانی خۆی لانەدات، لەو دابو نەریتو کەلەپوورە لا نەدات کە لەوانەوە بۆی مابووەوە، دەس لەو میراتە نەدا کە لەوانەوە بۆی بەجێ مابوو. زۆری حەز لە کۆڕو مەجلیسی چا خواردنەوە بوو، حەزی لە خزمەتی گوڵان بوو، هەروەها حەزی لە شیعر خوێندنەوە بوو. لەوە دەچوو حەزی لە تابلۆو شتی عەنتیکەو کۆنە توحفانیش بێت.ماڵمان لە گوند بوو، لە بیرمە چەرچیەکی خەڵکی شار فێر بوو بوو دەهات بۆ لای باوکم و لەگەڵ خۆیدا تابلۆو وێنەو بوخوڕدانو ئەو شتانەی بۆ دێنا. ((شار لە شەش میلی گوندەکەمان بوو، مامم لەوێندەر دادەنیشت)). وابزانم بابم لەو کەسانە بوو کە خەڵکی بە دەوڵەمەندیان دەزانی، پیاوێکی دێهاتی خۆشئاکارو بە زەوق بوو. بۆیە جیاوازیو ناکۆکییەکی زۆر لە نێوان ئەوو براکەیدا هەبوو کە پیاوێکی بە چنگو دنیایی بوو. سەیر ئەوە بوو زۆریان یەکدی خۆش دەویست. زۆر جار باوکم ستایشی مامی دەکردم، دەیگوت پیاوێکی پیاوانەو تەواوە،و سیفەتەکانی ئەو لە سیفەتەکانی ئەم بەرزترە. جارێکیان بە من و دایکمی گوت: "پیاو کە میراتی داكو باوکی بۆ دەمێنێتەوە مێشکی تەمەڵ دەبێت. زۆر خراپە پیاو هەوڵنەدات بەڕەنجی شان بژێوی خۆی پەیدا نەکات".

پێموایە ئەو قسەیەی لە بەرژەوەندی مندا کرد. بەلای کەمەوە ئەوسا، نیگایەکی مانداری کردم. هەر لەبەر ئەمەشە کە زۆر باش قسەکانیم لە بیرماوە. ئیدی چۆن دەمتوانی گومان لەو

مامەم بکەم کە بابم ئەوەندە باوەڕی پێی بوو و بەو ڕادەیە دڵبەندی بوو؟ کاتێ باب‌و داکم مردن مامم نەك هەر بوو بەو کەسەی شانازی پێوە بکرێت، بەڵکو بوو بە زەرورەت.

*

کاتێ لە هاوینی دواتردا بۆ ماڵ گەڕامەوە، مامم بە خۆی و ماڵ‌و منداڵەوە، ماڵی گواستبووەوە بۆ خانووەکەی ئێمەو بە خۆی گەورەو خاوەنی ماڵی تازە بوو. بەر لەوەی من بچم بۆ تۆکیۆ، بە دوو قۆڵی ئەو قەرارەمان دابوو. چونکە من بە بەردەوامی لە ماڵ نەبووم، بۆیە ئەو تەگبیرە زەروری بوو. لە بیرمە کاتێ کە لەسەر ئەوە ڕێکەوتین بگوازێتەوە بۆ ماڵەکەی ئێمەو لە غیابی مندا موڵکەکانمان بەڕێوە بەرێت، بەدەم زەردەکەنێکەوە گوتی: "هەڵبەتە سەبارەت بە کارە تایبەتییەکانی خۆم، ژیانی ماڵە تایبەتییەکەی خۆم بۆ من زیاتر لە بارە تا لە ماڵێکا بژیم شەش دانە میل لە شارەوە دوورە".

ماڵەکەم، مێژوویەکی درێژی هەبوو، لە ناوچەکەشدا بە ناوبانگ بوو. لە گوندا، ڕەنگە تۆش ئەوە بزانیت، فەوتاندن یان فرۆشتنی ئەو ماڵە قەدیمیانە، بە تایبەتی ئەگەر میراتگری هەبێ، کاری کردەنی نییە، دەبی بەگەپجاڕ. هەنووکە خەمی ئەو شتانەم نییە، بەڵام ئەوسا گەنج بووم. لەو بەینەدا تیا مابووم، لە لایەکەوە حەزم دەکرد بۆ تۆکیۆ بڕۆم‌و لەلایەکی ترەوە دەترسام لە ئاستی بەرپرسیاریەتی میراتی داك‌و بابم نەبم‌و ببم بە گەپجاڕی خەڵکی.

مامم بە نە بەدڵی قایبل بوو بگوازێتەوە بۆ ماڵەکەی من. بە هەرحاڵ، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە دەسکاری ماڵە کۆنەکەی خۆی لە شارا نەکات‌و نەیفەوتێنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی کرد بتوانێ بچێتەوە ئەوێندەر. هەڵبەتە من هیچ ئیعترازێکم لەسەر ئەوە نەبوو.

بە قەد حەزی منداڵێك، ماڵەکەی خۆمم خۆشدەویست، کە بەجێم هێشت، خەریك بوو گڕم تێ بەر بێ بۆی. وەکو ڕێبوارێك کە مەنزڵی سەفەرەکەی هەر کوێیەك بێ، گومانی لەوە نەبێت هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ زێدو زاگەی خۆی دەگەڕێتەوە، منیش ئاوا بووم. بە حوسن‌و ڕەزای خۆم هاتم بۆ تۆکیۆ، زەڕەیەك گومانم لە دڵدا نەبوو، کە لە پشوودا دەگەڕێمەوە. بۆیە لەو شارە گەورەیەدا دەم خوێندن، گەمەم دەکرد، دەسوڕامەوە، بەڵام زۆربەی کات خەوم بە ماڵەکەمەوە دەبینی.

نەمدەزانی مامم چۆن لە غیابی مندا وەختی خۆی لە نێوان هەردوو ماڵەکەدا دابەش کردووە. بە هەرحاڵ وەختێ گەییشتمەوە، مامم‌و هەموو ئەندامانی خانەوادەکەی لە ماڵی مندا نیشتەجێ بوو بوون. پێموایە هەندێ لەو منداڵانەی کە هێشتا لە قوتابخانە بوون، لە ماڵەکەی شاریاندا دادەنیشتن‌و هەر لە عوتڵەو پشووەکاندا بۆ ماڵەکەی ئێمە دەهێنران.

هەر هەموویان بەدیتنی من خۆشحاڵ بوون. منیش خۆشحاڵ بووم، چونکە ماڵەکە بوو بوو بە شوێنێکی خۆش‌و بە سەفا، بێگومان لەوسا خۆشتر بوو کە داك‌و بابم مابوون، مامم کوڕە گەورەکەی خۆی کە چوو بووە ژوورەکەی من، لە ژوورەکەم دەرهێناو منی لەوێندەر ئاکنجی کرد. زۆرم گوت قەیدی نییە، مادامێکی ماڵەکە قەرەباڵغە، قەیدی ناکات من دەچمە ژوورێکی دیکە. بەڵام مامم قەبووڵی نەکرد. گوتی: "چۆن دەبێ، ئەمە ماڵی تۆیە."

که بیرم له باوکو دایکم کردەوە، خەمێکی تیژتێپەڕ دایگرتم، بە هەرحاڵ هاوینێکی خۆشم لەگەڵ خانەوادەکەی ماممدا بردە سەر. بە درێژایی ئەو هاوینەو لە نێو هەموو بیرەوەریو یادگارییەکانی ئەم هاوینەمدا تەنیا یەك شت تەنکە سێبەرێکی خستە سەر بیرەوەرییەکانم، ئەویش ئەوە بوو مامو ماموژنم پتر لە جارێك دایان بە گوێی منی تازە خوێنکاری زانکۆدا کە ژن بێنم. کە یەکەمجار باسی ژنیان بۆ کردم خەریك بوو تووشی شۆك بم، کە دووبارەیان کردەوە، زۆر بە توندی ئەو مەسەلەیەم ڕەفز کرد، بەڵام لە جاری سێیەمدا، ناچار بووم لێیان بپرسم بۆچی حەزدەکەن باسی ئەو شتە بکەن. بیانووەکەیان زۆر سادە بوو، گوتیان دەبێ بە زووترین کات ژن بێنم تا زوڕیەت بخەمەوەو جێی باوکم بگرمەوەو وەجاغی کوێر نەبێتەوە. من بەخۆیشم جەوەکەم بەلاوە خۆش بوو، چونکە بۆ بەسەربردنی عوتڵەو پشوو هاتبوومەوە، پێموابوو نابێ جەوەکە بشێوێ. دیارە شارەزای هەموو دابو نەریتو ڕێوڕەسمێکی گوند بووم، بۆیە سەیرم کرد پێشنیازەکەی مامم کە ژن بێنمو جێگیر بمو جێی بابم بگرمەوە، ماقوولیەتی تیایە، ئەمە جگە لەوەی هەر بەینی خۆمان بێ، خۆشم لە ناخا بیرۆکەکەم پێ خراپ نەبوو، بەڵام من تازە چووبوومە کۆلیجو هێشتا لە سەرەتای خوێندندا بووم. بۆیە مەسەلەکەو واقیعیەتی مەسەلەکە بەلای منەوە وەکو ئەوە بوو، بە دووربینێکی خراپ بڕوانیتە دیمەنێکی دوور، یانی لە خەیاڵپلاو زیاتر نەبوو.

*

ئیدی هەموو شتێکم دەربارەی ژنهێنان لەبیرکرد. پێموابوو هیچ یەکێك لە گەنجەکانی گروپەکەی من پابەندی دابو نەریتی خانەوادەیی نەبوو. هەرچییان پێ خۆشبا ئەوەیان دەکرد، ئەوەندەی من بزانم هەر هەموویان سەڵتو زوگورتی بوون. ئەگەر پیاو بە وردی لە مێژووی ژیانی شەخسییان وردبوایەتەوە، بۆی دەردەکەوت کە هەندێکیان وێڕای ڕەفتاری گۆساخانەیان، بە زۆر ژنیان بۆ هێنرا بوو، بەڵام من لەوە بچووکتر بووم، خۆ لەو شتانە هەڵقورتێنم. ئەمە جگە لەوەی، خۆ ئەگەر لەو بابەتە کەسانەشمان تیا بوایە، ڕەنگە ئامادە نەبووبن، باسی ژنهێنان بکەن، چونکە ئەمە خەمی خوێنکارانی گەنج نەبوو، کە بیرم لەم مەسەلەیە دەکردەوە، منیش هەمان هەڵوێستی ئەوانم هەبوو، بۆیە مەسەلەکەم بە خەم نەگرت، توانیم ساڵێکی دیکەی زانکۆ بە خۆشیو شادی ببەمە سەر.

لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، جارێکی دی جانتاکەم پێچایەوەو بەرەو هەوارگەری باوان گەڕامەوە. لە ماڵەکەمدا، کە داكو بابم تەمەنێکیان تیا گوزەراند بوو، مامو ئەندامانی خێزانەکەیم بە شادیو ڕووخۆشی بینی. جارێکی دی توانیم هەوای مەفتەنی خۆم هەڵمژم، ئەو هەوایەی کە هەنگێ وەکو جاری جاران لە گیانم خۆش بوو. زۆر خۆش بوو دوای ساڵێك لە ژیانی خوێنکاریی بۆ ئەوێندەر گەڕابوومەوە.

ئەم ژینگەیە بوو بوو بە بەشێك لە بوونمو جیا نەدەبووەوە، خۆشیو لەزەتەکەم زۆری نەخایاند، کە مامم جارێکی دی مەسەلەی ژنهێنانەکەی هێنایەوە گۆڕێ. بیانووی ئەمجارەشی بۆ ئەوەی کە ژن بێنم هەر هەمان بیانووی پار بوو. بەڵام ئەمجارەیان لە دڵی خۆیدا ئافرەتێکی بۆ

دانا بووم، بۆیە ئەمە کارەکەی هەندێ ئاڵۆزتر کردبوو. ئەو ئافرەتەی کە بە خەیاڵی ئەو بۆ من گونجاوو شایستەی من بوو، کچی خۆی بوو، واتە دۆتمامی من بوو. گوتی: "ئەمە قازانجی هەردوولایە.پاروو لە دەم بکەویٚ بۆ کۆش باشە. بابیشت، بەر لە مردنی، هەمان ڕەئی هەبوو."

باوەڕم بە قازانج و سوودی ئەم خزمایەتیە هەبوو، زۆر بە ئاسانی باوەڕم بەوەش کرد کە لەگینە بابم هەمان رەئی مامی هەبووبێ. بەڵام هەرگیز رۆژێ لە رۆژن ئەوەم بە بیردا نەهاتبوو دۆتمامەکەی خۆم بخوازم، خۆ ئەگەر مامم باسی قازانجی ئەم خزمایەتیەی بۆ نەکردبام، هەرگیز بە بیرشمدا نەدەهات. بۆیە سەرم سوڕما، وێڕای ئەوەش لە دڵەوە ئارەزووەکەی مامم بە ماقوول دەزانی. ڕەنگە ئەوەم لە سادەییو بێ هۆشی خۆمەوە بووبێت. پێموایە سەرچاوەی سەرەکی دوو دڵییەکەم دەرهەق بە خواستنی دۆتمامەکەم، ئەوە بوو کە وەکو پێویست بایەخم پێ نەدابوو، بە چاوی مشتەری سەیرم نەکردبوو. کە منداڵ بووم زۆرجا بۆ گەمەو یاری دەچووم بۆ ماڵی مامم لە شاری. لە بیرمە زۆرجار شەو لەوێندەر دەمامەوە. ئیدی منو دۆتمامەکەم هاوڕێی منداڵی بووین. هەڵبەتە بە خۆت دەزانی کە برا والحی خوشکی خۆی نابێت. رەنگە ئەمەی من دەیڵێم، لێدانەوەی هەمان قەوانی کۆن بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە قەناعەتم وایە بۆ ئەوەی خۆشەویستی بڕوێ دەبێ پێش هەموو شتێك، شتێکی تازە بکەوێتە نێوانیانەوە. سەبارەت بە دوو کەس کە لە مێژ بێ یەکیان ناسیبێو پەیوەندی بەردەوامیان هەبێ، زەحمەتە هەست بە زەرورەتی خۆشەویستی و دڵداری بکەن. وەکو هەوەڵێن بۆنی بخوردی داگیرساو، یان یەکەم تامو چێژی هەوەڵێن پێکی ساکی، خۆشەویستیش ساتی خۆی هەیە کە پیاو بە دڵو بە گیان هەستی پێ بکات.

رەنگە دۆستایەتیو دڵبەندی نەك ڤیانو خۆشەویستی بکەوێتە نێوان دوو کەسەوە کە زۆر باش یەکتر بناسن، بەبێ ئەوەی هەرگیز بگەنە ئەوساتە، ئەوساتە کەشف بکەن، ئەوساتەیان لێ هەڵبێ، چەندم کردو کۆشا نەمتوانی قەناعەت بە خۆ بێنم کە کیژە مامەکەم بخوازم. مامەکەم گوتی ئەگەر من بمەوێ، ئامادەیە مەسەلەکە دوا بخات بۆ دوای تەخەڕوجم. ئەوجا لەسەری رۆیی: "بەڵام وەکو دەڵێن (کاری خێر بە پەلە) من حەزدەکەم، ئەگەر بشێت، هەر ئێستا مەسەلەی خوازبێنیو مارەکردنەکە ڕابگەیەنم." جا من خواستنەکەیم بەلاوە گرینگ نەبوو چ جای دەزگیرانداریيەکەی، بۆیە رەفزم کرد. مامم دەموچاوی دا بە یەکدا. دۆتمامەکەشم کەوتە خوتەو بۆڵە نەك لەبەر ئەوەی بەبێ من هەڵی نەدەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەو ڕەفزکردنەی من کبریایی مێیاتی زامدار بوو و بە خۆیدا شکایەوە. زۆر چاك بۆم دەرکەوت چەند من ئەوم خۆشدەویست ئەویش هەر ئەوەندە منی خۆشدەویست. جارێکی دی بۆ توکیۆ رۆییشتمەوە.

*

لە هاوینی دواترا بۆ جاری سێیەم گەڕامەوە بۆ زێدی خۆم. وەکو جاران بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی کۆتایی تاقیکردنەوەکانم دەکرد، پاشان بەپەلە تۆکیۆم بەجێهێشت. بەڕاستی وڵات و زێدی خۆم لەلا شیرین بوو. هەڵبەتە تۆ دەزانی هەوای وڵات و زێدی پیاو لە هەوای هەر شوێنێکی دی جیاوازە. تەنانەت بۆنی خاکەکەشی شتێکی ترەو تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەمە

جگـه لـەوەی، هەسـتم دەکـرد وڵات ناسـکە یادگارییـەکانی داك‌و بـابم وەبـیر دێنێتـەوەو بەمـە ئاسوودەو دڵخۆش دەبم. بە تاسـەوە چاوەڕوانی مـانگی تـەمووزو ئـابم دەکـرد. چـونکە دەمتـوانی لەو دوو مانگەدا وەکو چۆن مـار دەچێتە کونـەوەو ئاسـوودەو ڕەحـەت لـە ژینگـەی خۆیـدا دەژی، بەو ئاوایە سەر ڕەحەت‌و دڵ ئاسوودە بژیم.

بە خەیاڵی خاوی خۆم وام دەزانی مەسەلەی ژنهێنان‌و خواستنی دۆتمامەکەم لە کۆڵ بووەوەو تەواو، ئیدی پێویست ناکات لەو ڕووەوە نیگەران بم. وامدەزانی کە پیاو لە ژیاندا بە ئاشکرا شتێکی ڕەفز کرد، ئیدی وازی لێ دێنن‌و دەبڕێتەوە. بۆیە شکانی قسەکەی مامم زۆری نیگەران نەکردم. دوای ئەوەی ساڵێکم بەسەر بردو بیرێکی ئەوتۆم لە مەسەلەکە نەکردەوە بە هەمان دڵی پڕجۆش‌و خرۆشی ئاسایی خۆمەوە بۆ زێدی خۆم ڕۆییشتمەوە.

هەرچییەك بوو، هەڵوێستی مامم بەرانبەر گۆڕا. وەکو جاران بە باوەشی کراوەوە پێشوازی نەکردم. جا چونکە من کەسێکی نەرمە تەبیعەت بووم، دوای چوار پێنج ڕۆژان ئەوجا هەستم بەمە کرد. یانی شتێك سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام، کە تەماشای دەوروبەری خۆم کرد، بینیم نەك هەر مامم ڕەفتاری لەگەڵما گۆڕاوە، بەڵکو مامۆژن‌و دۆتمامەکەشم وەکو ئەو گۆڕاون. تەنانەت کوڕە گەورەکەی مامیشم کە خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو و بە نیاز بوو بچێتە کۆلیژێکی بازرگانی لە تۆکیۆ، پێش ماوەیەکی کەم نامەیەکی بۆ ناردبووم و لەو بارەیەوە داوای ڕێنوێنی لێکردبووم، ڕەفتاری گۆڕا بوو.

من تەبیعەتم وابوو پرسیار لە خۆم بکەم. "بۆچی هەستم گۆڕاوە، هۆیەکەی چیە؟" ئەو پرسیارەم لە خۆ کرد. بەڵام دوای تۆزێك پرسیارەکەم گۆڕی: "بۆچی هەستیان گۆڕاوە، چ شتێك هەستی گۆڕیون؟" لە ناکاودا وام بە بیردا هات کە داك‌و بابە مردووەکانم، چاویان کردمەوەو پەردەیان لەسەر چاوانم هەڵگرت تا بتوانم دنیا بە ڕوونی وەکو چۆنە، بەو ئاوایە بدینم. تۆ دەزانی، لە کانگای دڵمەوە باوەڕم وابوو کە دایك‌و باوکم با لەم دنیایەش نەمابن، هێشتا خۆشیان دەویستم، وەکو ئەو کاتەی لە ژیاندا خۆشیان دەویستم. تەنانەت ئەو کاتەش هەستم نەدەکرد کە ئەمە زادەی کامڵ نەبوونی ئەقڵیم بێت، ئەمە ناچێتە ئەقڵەوە. ئیدی ئەمە تۆوی ئەفسانەیەك بوو لە پێشینانەوە بۆم مابووەوەو ڕەگی لە بوونمدا داکوتابوو.

چووم بۆ سەر ئەو گردەی کە داك‌و بابمی لێ نێژرابوون، کڕنووشم بۆ گۆڕەکانیان برد. هەم لە ڕووی خەمبارییەوەو هەم لە ڕووی منەتبارییەوە کڕنۆشم بۆ بردن. وەکو ئەوەی شادی ئایندەم لە دەستی ئەو جووتە مرۆڤە نێژراوەی ژێر ئەم تاوێرو گڵە ساردەدا بێت، لێیان پاڕامەوە کە ئاگایان لە چارەنووسم بێ. ڕەنگە پێکەنینت بەم قسەیە بێت، پێبکەنە، لۆمەت ناکەم. بەڵام من لەو جۆرە بەشەرە بووم.

لە ناکاوێکدا دنیای من گۆڕا. پێشتریش بەم ئەزموونەدا تێپەڕی بووم. پێموایە ئەمە لە تەمەنی شانزە- حەڤدە ساڵیدا بوو، لەکوت‌و پڕێکدا بۆم دەرکەوت کە لەم دنیایەدا جوانییش هەیە. چەند جارێك چاوەکانم هەڵگلۆفتن، باوەڕم بە چاوی خۆم نەدەکرد. ئەوسا دڵم بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "چەند جوانە!" لە تەمەنی شانزە هەڤدە ساڵیدا وەکو دەڵێن کوڕان و کچان خۆ

دەناسن "لە خۆشەویستی دەگەن". منیش وەکو خەڵکی دی، بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا توانیم بەو چاوە سەیری ئافرەت بکەم کە هیماو بەرجەستەی جوانییە لەم دنیایەدا. ئیدی ئەو جووتە چاوەم کە کوێر بوون لە ئاستی رەگەزی مێینەدا، هیچ چارێکیان نەما جگە لەوەی بکرێنەوەو دنیایەکی تەواو تازەیان لە بەردەما کەشف ببێت.

پێموایە هەستکردنم – هەستکردنە کوتوپڕەکەم- بە هەڵوێستی مامم ئەزموونێکی لەو بابەتە بوو. ئەم هەستو هۆشمەندییە زۆر لە ناکاو بوو. مامو خانەوادەکەی لەبەر چاومدا بە تەواوەتی گۆڕان، تووشی شۆك بووم. هەستم کرد ئەگەر فریای خۆم نەکەوم، تیادەچم.

*

وام هەست دەکرد قەرزارباری داكو بابە مردووەکەمم کە لە رێگەی مامەکەمەوە، ئەوە کەشف بکەم کە ئەو میراتەی بۆیان جێ هێشتبوومو بەوم سپاردبوو چەندە. پێدەچوو زۆر مژوڵو سەرقاڵ بێ، بە خۆیشی دانی بەوەدا دەنا، چونکە قەت لە چەند شەوێك پتر لە یەك شوێنەدا نەدەمایەوە. ئەگەر دوو رۆژی لە ماڵی ئێمەدا بەسەر بردبا ئەوا لە هەنبەر ئەوەدا سێ رۆژی لە شار دەبردەسەر. هەرجارێ دیبام، تووڕەو پەست بوو "زۆر مژولم، مژول..." خۆبەخۆ ئەو قسەیەی دەکردو ئەوسا بەلەز لەو شوێنە دەڕۆیی، بەر لەوەی بکەومە ئەوەی گومانی لێبکەم، دەمگوت ڕەنگە بەڕاستی مژولو سەرقاڵ بێت، یان کاتێ گاڵتەم پێی هاتبا، لە دڵی خۆدا دەمگوت، ڕەنگە مەشغەڵەتبازی دوا مۆدی باوبێت.. بەڵام پاش ئەوەی لێبڕام بە دوورو درێژی باسی میراتەکەمی دەگەڵ بکەم، گومانی ئەوەم لەلا چێبوو کە دەیەوێ خۆی لەم باسە بدزێتەوە. بە هەرحاڵ پەیوەندی کردنم دەگەڵیا ئاسان نەبوو.

پاشان بیستم مامم لە شاردا ماشقەیەکی هەیە. ئەم دەنگۆیەم لە رێگەی برادەرێکی سەردەمی قۆناغی خوێندنی ئامادەییمەوە پێگەیی. کە کەسێتی مامم دێنایە بەرچاوی خۆمو بیرم لە ئاشقێنیو ماشقەبازییەکەی دەکردەوە، هیچ بەلامەوە سەیر نەبوو. بەڵام ئەوەی پێم هەرس نەدەکرا ئەوە بوو کە تا بابم لە ژیاندا بوو، ئەم جۆرە دەنگۆیانەم دەربارەی (مامم) نەبیستبوو. هاوڕێکەم هەندی شتی دیکەشی بۆ گێرامەوە کە دەربارەی مامم دەگوتران: لەوانە هەرچەندە باسی ئەوە دەکرا کە سەردەمانێك پرۆژەی کارەکانی ناکام بوون، کەچی لەوە دەچێت لەم دوو سێ ساڵەی دواییەدا وەزعی بوژابێتەوە. ئەمەش بوو بە سەرچاوەیەکی تری گومانم لە مامم.

ئەنجام کۆنفرانسێکم دەگەڵی بەست. رەنگە ئەم قسەیە، کۆنفراسێکم لەگەڵ بەست، غەریب بێ، بەڵام ئەو وەسفە پڕ بە پێستی دانیشتنو قسەکانمانە. مامم مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی وەکو منداڵ مامەڵەم لە تەکدا بکات، کەچی من هەر لە سەرەتاوە بە گومانەوە تەماشام کرد. هەڵبەتە دەرفەتی ئەوە هەڵنەکەوت دۆستانە کۆتایی بە قسەکانمان بێنین.

بۆ نەگبەتی من هەنووکە زۆرم پەلەیە، ناتوانم بە دوورو درێژی باسی ئەنجامی کۆنفرانەسەکەت بۆ بکەم. ئەوەی ڕاستی بێ شتێکی لەوە گرینگتر هەیە دەمەوێ دەربارەی بنووسم. ناتوانم قەڵەمەکەم جڵەو بکەم، چونکە پێدەچێ گوری بەستبێتەوەو بە پەرۆشەوە بێت کە بگاتە بەشی سەرەکی چیرۆکەکە. جا لەبەر ئەوەی من بۆ هەتا هەتایە دەرفەتی ئەوەم لە دەست چووە کە لە

کاتی دەست بە تاڵی خۆمدا قسەت دەگەڵ بکەم، بۆیە ناتوانم هەر هەموو ئەو شتانەت پێ بڵێم کە لە دڵمدایەو دەمەوێ بیانڵێم. من نووسەرێکی خاوو نا ئازمووودەم و، کاتم کەمە.

هەڵبەتە ئەو رۆژەت لە بیرە کە گوتم لەم دنیایەدا شتێك نییە ناوی رەگەزی بەشەری بێت، ئەم رەگەزەی کە خراپی تاقە خەسڵەتیەتی، پیاو دەبێ هەمیشە ئاگای لەوە بێ کە زۆر ئاسانە پیاوێکی خانەدان، ئەگەر تەماحی خرایە بەر، ئەگەر لە رێ دەرکرا، بگۆڕێو ببێت بە پیاوێکی بودەڵەی خوبزەو خوێڕی. کاتی خۆی لە ڕووی دڵپاکی خۆتەوە ئاماژەت بۆ هەڵچوونی من کرد. کاتێ کە هۆی ئەو گۆڕانکاریەت لێ پرسیمو زۆر بە سادەیی وەڵامم دایتەوە کە هۆیەکەی (ماڵی دنیایە)، لەوە ناچوو قەناعەتت هاتبێ. ئێستاش ئەو بێ باوەڕییەم لەبەرچاوە کە نیشتە سەر سیمات. ئێستا دان بەوەدا دەنێم کە ئەوسا بیرم لە مامم دەکردەوە. بە دڵێکی سەرریژ لە ڕق، بیرم لەم مامم دەکردەوە، کە بەلامەوە هێماو نموونەی هەر هەموو ئەو پیاوە ئاساییانە بوو کە بە هۆی ماڵی دنیاوە بوو بوون بە دڕندە، بوو بوون بە نموونەی هەموو شتێکی نا شایستەو گوماناوی لەم دنیایەدا.

جا سەبارەت بە تۆ، کە حەزت دەکرد بە قووڵی بە دنیای فکرانا ڕۆبچی، هەڵبەتە وەڵامەکەمت بەلاوە قەناعەت بەخش نەبوو،دیارە بە وەڵامێکی سواوو پواوت زانیوە. بەڵام بەلای منەوە، ئەو وەڵامەی دابوومەوە حەقیقەتو ڕاستییەکی زندوو و حاشا هەڵنەگر بوو،زادەی هەڵچوون نەبوو؟ پێموایە ئەو و شانەی گوزارشت لە سۆزو گوداز دەکەن، بە سۆز بارگاوین، حەقیقەتی زندوویان زیاتر تیایە لەو وشانەی گوزارشت لە هرزینی ئەقڵانی دەکەن. خوێن داینەمۆی جەستەیە، جەستە دەجوڵێنێ. دیارە ئەرکی وشە، ئامانجی قسە هەر ئەوە نییە هەوا بجوڵێنێ: بەڵکو دەتوانێ شتی گەورەتر بجوڵێنێ.

*

بە کورتییەکەی مامم لە مەسەلەی میراتەکەمدا خاپاندمی. بە ئاسانی توانی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە چوو بووم بۆ تۆکیۆو لەو دووربووم، فریوم بدات. هێندە سادەو ساکار بووم، بە نیازپاکی خۆم متمانەی تەواوم پێکردو هەموو شتێکم نایە بەردەستی وی. هەڵبەتە ئەمەش بۆچوونی جیاواز هەڵدەگرێت: ڕەنگە ئەوانەی کە خەمی دنیامان بە کۆڵا نەداوەو دنیا پەروەری بە فەزیلەتێکی گەورە نازانن، ئەم پاکیو سادەییەیان زۆر بە دڵ بێت، بە هەرحاڵ، هەرچەند بیر لەو رۆژگارە دەکەمەوە بە دەستی خۆم نییە دەبێ کۆڵێك نەفرەت لە خۆم بکەم کە بۆ ئەوەندە خۆشباوەڕو دڵساف بووم. لە دڵی خۆدا دەڵێم: "بۆچی بەم تەبیعەت باشییە خوڵقاوم؟" بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم هەندێجار خۆزیا دەخوازم کە ئەو بێگەردیو خۆشباوەریەی جارانم لە دەست نەدابا، بگرە خۆزیا دەخوازم بتوانم ببمەوە بە بەشەرەکەی جاران. هیوادارم ئەوە بزانیت کە تۆ وەختێ تووشی من بوویت، لەوتا بووم. خۆ ئەگەر قەراربێ پیاو لەبەر ئەوە رێزی کەسانی لەخۆی بە تەمەنتر بگرێت کە دنیایان لەو زیاتر دیوە، پتر لەو ژیاونو پتر لەو لەوتاون، ئەوا دڵنیام من شایستەی رێزی تۆم.

بێگومان، ئەگەر بە گوێی مامم کردباو دۆتمامەکەی خۆم خواستبا، لە ڕووی مادییەوە قازانجم دەکرد. دیارە لە ڕووی خۆ پەرستییەوە حەزی دەکرد کیژەکەی بخوازم. لە ڕاستیدا ئەوەی لە دڵیا حەشاری دابوو، قازانج و بەرژەوەندی هەردوو خانەوادەکە نەبوو: بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو پەرە بە نەخشەو پرۆژە بنەڕەتییە تایبەتییەکانی خۆی بدات. من دۆتمامەکەم خۆش نەدەویست، بەڵام ڕقیشم لێی نەبوو. ئێستا کە بیردەکەمەوە زۆر خۆشحاڵم کە نەمکرد بە شەریکی ژیانی خۆم. ئەگەر بمخواستایە بە حەقیقەت دەبووم بە قوربانییەکی خاپاندن، بەلای کەمەوە دڵخۆشی خۆم بەوە دەدەمەوە کە لە تاقە مەسەلەیەکدا، ویستی خۆمم سەپاند. بە هەرحاڵ ئەمە گرینگ نییە. سەبارەت بە تۆش، لەگینە وات بە ئەقڵابێت کە من تا ڕادەیەك گەوج و سەتحیم.

هەندێ کەس و کاری دیکەی من کەوتنە بەینەوە کە من و مامم ئاشت بکەنەوە. باوەڕو متمانەم بە کەسیان نەبوو. لە ڕاستیدا وەکو نەیاری خۆم تەماشام دەکردن. پێموابوو، مادامێکی مامم خەڵەتاندمی، ئەوانیش هەر هەمان کاری ئەوم دەگەڵ دەکەن. لە دڵی خۆدا گوتم: "هاتو مامم، کە باوکم ئەو هەموو مەدح و سەنایەی دەکرد، هەڵی خەڵەتاندم، ئیدی بە چ ئەقڵێکەوە باوەڕ بەمانە بکەم؟".

هەرچۆنێ بوو، توانیم لە ڕێگەی ناوبژیوانی ئەوانەوە، هەرچیەکم مابوو وەری بگرمەوە. ئەوەی مابوو زۆر لەوە کەمتربوو کە بە تەمای بووم. ئیدی دوو ڕێگام لەبەردەم بوو: یا ئەوەی دابوومیەوە وەری بگرم و دەنگ نەکەم یان قاپی دادگای لێبگرم. توڕە بووم، بەڵام دانم بەخۆدا گرت، ترسام ئەگەر ڕێگەی دووەم بگرم، ناچاربم ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەم تا دادگا بڕیاری خۆی دەدا. خوێنکار بووم و کات بۆ من زۆر گرینگ بوو. حەزم نەدەکرد لە خوێندنەکەم دابڕێم. ئیدی برادەرێکی سەردەمی قۆناغی خوێندنی ناوەندیم هەبوو و لە شار دادەنیشت، چووم بۆ لای ئەوو داوام لێکرد یارمەتیم بدات هەرچیم هەیە بۆم بکات بە پارە. ئامۆژگاری کردم کە کاری وانەکەم، بەڵام بە گوێم نەکرد. بڕیارم دا ماڵەکە بەجێ بێڵم و بۆ ماوەیەکی زۆر دووربکەومەوە. سوێندم خوارد کە جارێکی دی هەرگیز چارەی مامم نەبینم. بەر لەوەی بڕۆم، چوم سەرێکی دیکەی گۆڕی داك و بابم دا. ئیدی لەو ساوە تا ئێستا سەرم نەداونەتەوە، باوەڕیش ناکەم جارێکی دی سەریان بدەمەوە.

هاوڕێکەم هەموو کاروبارەکانی وەکو چۆن داوام کردبوو، بەو ئاوایە بۆ جێبەجێ کردم، هەر چەندە بە ماوەیەکی زۆر دوای گەڕانەوەم ئەوسا فریاکەوت و توانی بۆمیان جێبەجێ بکات. فرۆشتنی زەوی و زاری گوند کارێکی ئاسان نەبوو. ئەمە جگە لەوەی کڕیاران هەمیشە چاویان لەوە بوو، ناچاریی فرۆشیار بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. ئەنجام ئەو پارەیەی کە وەرمگرت زۆر کەمتربوو لەوەی زەوییەکەم دەیهێنا. بۆ ئەوەی لێم بە درۆ نەبێت، کاتێ کە ماڵەکەم بەجێ هێشت تێکڕای سەرمایەکەم بریتی بوو لە چەند کۆمپیالەیەکی کەم کە لەگەڵ خۆمدا هێنام و، برێك پارەی نەخت کە بەرە بەرە لە ڕێگەی هاوڕێکەمەوە وەرم دەگرت. بێگومان بەشە میراتە ئەسڵەکەم زۆر لەوە زیاتری دەکرد. ئەوەی کە لەبەرم گران و ناخۆش بوو، ئەوە بوو کە بە خۆم نەبوو بوومە هۆی لە کەمی دانی سەروەت و سامانی ماڵباتەکە. بە هەرحاڵ ئەوەی بۆم مایەوەو دەستم

کەوتەوە بەشی خوێنکارێکی بە زیادەوە دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێ، نەمتوانی پتر لە نیوەی قازانجی سەرمایەکەم خەرج بکەم.

ئەگەر وەکو خوێنکارێك هەندێ کەم دەرامەتتر بام، ناچار نەدەبووم بکەومە هەندێ هەڵوێستەوە کە بە خەویش بە بیرما نە هاتبوو، وەکو پاشان تێی کەوتم.

*

کە پێویستم بەوە نەما وەکو جاران ڕەزیلی بکەمو دەست بگرمەوە، کەوتمە بیرکردنەوە کە لە بەشی ناوخۆیی، کە یەکپارچە هەراو پەشێویو فەوزابوو بێمە دەرێو بۆ خۆم ماڵێکی سەربەخۆ بگرم. بەڵام وێڕای ئەوەش لە هەوەڵەوە دوودڵ بووم لە جێبەجێکردنی ئەم بیرۆکەیە. تاقەتی ئەوەم نەبوو پێداویستی ناومال بکڕم، بچم پیرەژنێکی ئەمینو دەستپاکی جێگای متمانە بدۆزمەوە کە لە غیابی مندا ماڵەکەم بە باشی بۆ بەڕێوەبەرێت. بە هەرحاڵ ڕۆژێك لێبڕام بۆ پیاسە بچمە دەرێو چاوێکیش بگێڕم بزانم ماڵێکی چۆڵم دەست ناکەوێ کە دڵم بیگرێت. بە لای چەپی گردی هونگودای دا کەوتمە ڕێ، ئەوسا بە نشێوەکەی کویشیکاوادا بەرەو پەرستگەی دینزون هەڵگەڕام. هەموو ناوچەکە لەوەتای قیتاری بۆ هاتبوو و قیتاری پێدا تێدەپەڕی بە ڕواڵەت گۆڕا بوو، بەڵام جاران کە پیاو بە نشێوەکەدا سەردەکوت تەنیا دیوارە گڵەکەی سایلۆکەی لە دەستە چەپدا دەبینی، بەلای دەستە ڕاستدا تەنیا کێڵگەو مەزرا بوو. هەڵوەستەیەکم کرد، بێئەوەی بیر لە شتێکی دیاریکراو بکەمەوە، تەمەشای گردەکەی ئەوبەری دۆڵەکەم کرد.

دیمەنەکە، تەنانەت بۆ ئێستاش ناشیرین نەبوو، بەڵام ئەوسا جوانتر بوو. دنیا تا چاو بڕدەکات یەکپارچە سەوز بوو: دیمەنێك بوو ئارامیو ئۆخژنی بە دڵو دەروون دەدا. لە دڵی خۆمدا کەوتمە سێو دووی ئەوەی تۆ بڵێی لەو بەرەوە ماڵێك، خانوویەك دەست نەکەوێت. بە نێو کێڵگەکاندا ڕۆییشتم، گەییمە کۆڵانێکی تەنگەبەر، بەرەو باکوور درێژەم بەڕێی خۆم دا. تاکو ئەمڕۆکەش ئەم ناوچەیە دیمەنێکی شێواوی بێ سەروبەری هەیە. ئیدی بە خۆت بیهێنە بەرچاو کە دەبێ جاری جاران چۆن بووبێ. بەو ناوەدا سوڕامەوە، کوچەو کۆڵانی دنیام تەی کرد تا گەییمە دوکانێکی شیرینی فرۆشی. وەژوورکەوتمو پرسیارم لە ژنە دوکاندارەکە کرد ئاخۆ خانوویەکی بچکۆلەی باشی پێ شك نایەت کە بە کرێی بگرم. گوتی: "با جارێ بیرێکی لێبکەمەوە..." بۆ ساتێك وەکو یەکێك بە جدی بیربکاتەوە، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا گوتی، "ببورە، لەم کاتەدا هیچ ماڵێکم بیر ناکەوێتەوە" سەیرم کرد هیچ ئومێدێك نییە، لەسەر ڕۆییشتن بووم کە لێی پرسیم، " قەیدی ناکا لەگەڵ خێزاندا بێ؟" ئەمە ڕایگرتم. لە دڵی خۆدا گوتم، لەگینە دانیشتن لەگەڵ خێزانێکی ئارامو بێدەنگدا وەکو میوانێکی تاقانە کە کرێی خۆی بدات، گونجاوتر بێ تا پیاو ماڵێکی سەربەخۆ بەکرێ بگرێت. دانیشتمو ژنەی تاین کەوتە باسی ئەوەی کە ماڵباتێك دەناسێت ڕەنگە جێم بکەنەوە.

ماڵباتێکی سوپاییە، بۆ زانیاری وردتر، خێزانێکە کە لە کۆندا سەر بە چینی سوپاییان بوو. ژنەی دوکاندار پێی وابوو کە سەر گەورەی خێزانەکە لە جەنگی چین – ژاپۆندا کوژرا بوو، ئیدی ئەم ماڵباتە نەگبەتو لێقەوماوە تا پاریش لە ماڵە کۆنەکەیاندا، نزیکی "قوتابخانەی ئەفسەران"

له ئیشیگایا، دەژیا. بەڵام سەیریان کرد ئەو خانووە زۆر گەورەیە- لەو جۆرە ماڵانە بوو کە مەڕ بەندو تەویلەو گەوڕانی بە دەمەوەیە- ئیدی فرۆشتیانو گواستیانەوە بۆ خانوویەکی بچووکتر. ژنەی دوکاندار پێی گوتم سیٚ کەس لەو ماڵەدان: بێوەژنێكو کیژەکەیو کارەکەرێك. دیار بوو، بێوەژنەکە بە ژنەی دوکانداری گوتبوو کە خانووە تازەکەیان هەندێك چۆڵەو بۆنی چۆڵەوانی لێدێت، و ئەگەر کرێچییەکی باش پەیدا ببێت ئامادەیە جێی بکاتەوە.

له دڵی خۆدا گوتم ئەگەر وابیٚ مانای وایە ماڵێکی ئارامو بێدەنگەو ئەمە پڕ بە پێستی منە. مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێت. بەڵام دەترسام ئەو خێزانە جێی خوێنکارێك نەکەنەوە کە هیچی لە بارەوە نازانن، ئەمە وای لێکردم بیر لەوە نەکەمەوە بۆ ماڵەکە بچم. وێڕای ئەوەش ئەوەم بیری خۆم خستەوە کە من وەکو خوێنکارێك زۆر سەلاروسەنگین دەنوێنم. هەڵبەتە لەبەر خۆتەوە پێدەکەنیتو دەڵێیت: "دەبیٚ شەپقەی زانکۆیی خۆی چی بیٚو سەنگی چی بێت؟" بەڵام ئەو رۆژگارو سەردەمە، زۆر بەرێزەوە تەمەشای خوێنکاری زانستگە دەکرا، زۆر لە ئێستا زیاتر. بۆیە شەپقە چوار گۆشەییەکەم، ورەی بەرزکردمەوە. بە گوێرەی رێنوێنییەکانی ژنەی دوکاندار ملی رێگەم بەرەو ماڵەکە گرت.

خۆم بە بێوەژنەی خودان ماڵ ناساندو مەبەستی چوونەکەمم پیٚ گوت. بە ناسکی پرسیاری رابردوومو زانستگەکەمو بواری خوێندنەکەمو ئەو شتانەی لێکردم. بێگومان وەڵامەکانمی بەدڵ بوو بوو، بۆیە بیٚ سیٚو دوو گوتی دەتوانم هەرکاتیٚ خۆم بمەویٚ بگوازمەوە بۆ ئەوێندەر.

خانمی خاوەن ماڵ زۆر سەربەستو ڕاشکاو، بیٚ شێلەو بێلە بوو، زۆر کاری تێکردمو لە دڵی خۆدا گوتم: "تۆ بڵێی هەموو ژنە سەربازان وەکو ئەوبن؟" لە هەمان کاتدا پێم سەیر بوو خانمێکی خودان شەخسیەتی وا بە هێز، هەست بە ترسو تەنیایی بکات.

*

یەکسەر گوێزامەوە. هەمان ئەو ژوورەیان دامیٚ مامەڵەکەمان تیاکرد. جوانترین ژووری ماڵەکە بوو. پێشتر لە شوێنێکی زۆر پیسدا دەژیام: لە کاتی مندا، بەشی ناوخۆیی چاكو نمرەیەك لە ناوچەی هونگودا کەم بوو. ئیدی خووم بەوە گرتبوو لە ژووری زۆر فاخیر بە پێوەری خوێنکاران، دابنیشم. بەڵام ژوورە تازەکەم، لە چاو هەر هەموو ئەو ژوورانەی کە پێشتر لە تۆکیۆدا بە کرێم گرتبوون، دڵگیرتر و خۆشتر بوو. کە هەوەڵجار گواستمەوە بۆ ئەوێندەر هەستم دەکرد ڕەنگە لەوە فاخیر تر بێت کە خوێنکارێك تیای دابنشێت.

ژوورێکی هەشت سووچ بوو. تاقێکی تیا بوو، چەند ڕەفەیەکی بە نەخشو نیگاری لە تەنیشتەوە بوو. لە دەستی بەرانبەر بانیژەکەوە، گەنجینەیەکی بە پانی دوو مەتری تیا بوو بۆ جلكو بەرگ، پەنجەرەی تیا نەبوو، بەڵام ژوورەکە بەسەر بانیژەیەکی هەتاوگری روو لە باشوور دەکرایەوە.

کە گواستمەوە بۆ ژوورەکە، گوڵدانێکم لە دەلاقەکەدا بینی. گیتارێك بە دیواری دەلاقەکەوە هەڵپەسێردرابوو، نە گوڵەکانو نە گیتارەکە دڵیان نەکردمەوە. چونکە لەبەر دەستی بابێکدا پەروەردە بوو بووم کە حەزی لە هەندیٚ شتی دیاریکراو بوو، وەکو شیعری چینیو خەتو

سرووتی چا خواردنەوە، بۆیە لە منداڵییەوە کەسێکی زەوق وشك‌و دژ پەسند بووم. ئەمەم زیاتر لەوەدا بۆ دەرکەوت کاتیٚ کە دیتم ئەو گوڵدان‌و گیتارەیان بۆ زیاتر رازانەوەو جوانکردنی ژوورەکە داناوە، پەستی دایگرتم..

بەهۆی مامەوە زۆربەی توحفەو شتە هونەرییەکانی باوکم فەوتان، چەند پارچەیەکی کەمم بۆ مایەوە کە زۆربەیانم بە ئەمانەت لە گوندەکەی خۆمان، لە لای برادەرێکم دانان، وێڕای ئەوەش چوار پێنج وێنەی هەڵواسین سەرنجیان ڕاکێشام، بەر لەوەی بەرەو تۆکیۆ وەڕیٚ بکەوم، لە چوارچێوە دارینەکانیانم دەرهێنان‌و لە بنی جانتاکەمم نان. بەتاسەوە بووم یەکێك لەو وێنانە لە ناو تاقی ژوورە تازەکەم هەڵواسم، بەڵام کە گوڵەکان‌و گیتارەکەم بینی، سارد بوومەوە. پاشان کە زانیم ئەو گوڵانە بۆ دڵخۆشی من لەوێندەر دانراون، لە دڵی خۆدا هەم خۆشحاڵ بووم‌و هەم پەست. دیار بوو گیتارەکە لە هەوەڵەوە لەویٚ بوو، وا بزانم جێیان دەست نەکەوتبوو بۆیە نەیان گواستبووەوە.

لەگینە هەنووکە سێبەری کچێکی گەنج بە بەرچاوی ئەقڵتدا تیٚ بپەڕیٚ، کچێکی گەنجت بێتە بەرچاو. جا با ئەوەشت پیٚ بڵێم کە من تەنانەت بەر لەوەی بگوازمەوە، هەستم دەکرد کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتووەتە سەر کە زیاتر دەربارەی ئەو کچە بزانم. بەڵام نەمدەزانی بۆچی شەرم دەکەم، هۆیەکەی ئەو کونجکاوییە زەقە بوو یان ئەوە بوو کە هێشتا شەرمی گەنجایەتی بەری نەدابووم، ئیدی هۆیەکەی هەر چییەك بوو، کاتیٚ کە بە کیژە خانیان (ئوجوسان– ojosan) ناساندم زۆر پەشۆکام. ئەویش لە شەرماندا سوور هەڵگەڕا.

پێشتر لەبەر رۆشنایی دیمەن‌و ڕەفتاری دایکیدا، وێنەیەکی کەسێتی ئەوم لە زەینی خۆدا بەرجەستە کردبوو. ئەم وێنەیە جوانترو دڵراکێشەرتری نەنواند، من کە پێموابوو دایکی ژنی سەربازێکی نموونەیی‌و سەنگین بووە، وام وێنا دەکرد ئەمیش کیژی سەربازێکی نموونەییە، بەڵام کە چاوم بە دەموچاوی (ئوجوسان) کەوت، هەموو خەیاڵەکانی پێشووم دەربارەی وی ڕەوییەوەو هیچی نەما، هۆشمەندی‌و وەعییەکی تازەم لا پەیدا بوو، وەعیەکی گەورەتر لە هەر وەعییەکی دیکەی پێشووم، ئەویش وەعی بوو بە شکۆو سامی رەگەزەکەی دی. دوای ئەوە نە گوڵەکانی ناو تاقەکە پەستیان دەکردم‌و نە بوونی گیتارەکە بێزاری دەکردم.

هەرجاریٚ گوڵی نێو ئینجانەکە بە حاڵ سیس ببوایەن، دەچوومە ژووریٚ‌و دەیگۆڕین. هەندێجار دەچووە ژووریٚ تا گیتارەکە بۆ ژوورەکەی خۆی ببات، کە رێك لە بەرانبەر ژوورەکەی من بوو. هەنگیٚ لە پشت مێزەکەمەوە دادەنیشتم‌و چەناگەم لە نێو هەردوو لەپم دەناو، گوێم لە دەنگی گیتارەکە دەگرت. لێم ئەسەح نەبوو کە ژەنینەکەی باش بوو یان خراپ. چونکە قەت ئاوازێکی هەندیٚ قورس‌و ئاڵۆزی نەدەژەن، گومانی ئەوەم لێدەکرد کە سازڤانێکی تەواو عەیارو کارامە بیٚ، ئەوەی ڕاستی بیٚ، قەناعەتم وابوو ئەوەندەی لە گوڵداریدا وەستاو دەست ڕەنگین بوو، لە سازڤانیدا، یانی لە گیتار ژەنیدا وانەبوو. جا چونکە بە خۆم شتێك لە هونەری گوڵداری‌و گوڵپەروەری دەزانم، بۆیە دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم (ئوجوسان) لەو بوارەدا خانم بوو نە گاڵتە.

بە هەرحاڵ، ئیدی کردبووی بە عادەت،کە تاقی ژوورەکەی بە هەموو جۆرە گوڵێك دەڕازاندمەوە، بەرە بەرە شەرمی شکا، گوڵەکان هەمیشە بە هەمان تەرازو لە هەمان گوڵداندا ریز دەکران و ڕێك دەخران. وێڕای ئەوەش، شتی هەرە سەیرو غەریب مۆسیقاکە بوو. ئەوەی کە پیاو گوێی لێدەبوو زنجیرە دەنگێکی دووبارەو پچڕ پچڕو ریتمدار بوو. زۆر زەحمەت بوو پیاو بزانێت چ گۆرانییەك دەگەڵ ئەم دەنگانەدا دەسازا. من ناڵێم گۆرانی نەدەگوت، گۆرانییەکەی خاو بوو، پیاو دەتوانێ بڵێ ئاوازی دڵ بوو...

بە هەرحاڵ، بە خۆشحاڵییەوە ڕوانیمە گوڵەکان کە زۆر بە خراپی تەرتیب کرا بوون و گوێم لە مۆسیقا غەریبەکە گرت.

*

کە بۆ دواجار گوندەکەی خۆم بە جێهێشت ئەو کاتانە رقم لە هەموو تیرەی بەشەر بوو. ئەو کاتانە قەناعەتی تەواوم بەم بیرۆکەیە بوو کە مەحاڵە متمانە بە خەڵکی بکرێت. ئەوسا کەوتمە ئەوەی بیر لە مامم و مامۆژنم و هەر هەموو خزمانی دی بکەمەوە کە لەلای خۆمەوە وەکو نموونەی هەموو تیرەی بەشەر رقم لێیان بوو. کە بە قیتار بەرەو تۆکیۆ کەوتمە ڕێ، لە نێو قیتارەکەدا خۆ بە خۆ بە گومانەوە سەیری هاوسەفەرەکانی خۆم دەکرد. کە یەکێکیان قسەی دەگەڵ دەکردم، زیاتر گومانم دەکەوتە دڵ. دڵم زۆر تەنگ بوو، دەتگوت قوڕقوشمم قووت داوە. ئەعسابم هاڕوژا بوو. من دڵنیام، وەزع و حاڵی زەینیم کردیە کارێك کە بیر لەوە بکەمەوە لە بەشی ناوخۆیی دەرچم. هەڵبەتە زۆر ئاسانە ئەگەر هۆی دەرچوونم لەبەشی ناوخۆیی بگێڕمەوە بۆ ئەوەی کە پارەیەکم هاتبووە دەست، بەڵام من دڵنیام ئەگەر هۆیەکەی تەنیا هۆی ئابووری بوایە خۆم تووشی سەریەشەی گواستنەوە نەدەکرد.

دوای ئەوەی گواستمەوە بۆ کویشیکاوا، تا ماوەیەکی باش ئیسراحەتم بەخۆوە نەبینی. هێندە بە کونجکاوی دەمڕوانییە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆم، لە خۆم تەریق دەبوومەوە. ئەوەی زۆر سەیر بوو، وام لێهات رۆژ بە رۆژ پتر حەزم لە بێدەنگی دەکرد، بەڵام ئەقڵ و چاوانم زیاتر کرانەوە، بە کزی لە پشت مێزەکەمەوە دادەنیشتم و وەکو پشیلە چاودێری هەڵسوکەوت و رەفتاری خەڵکەکەی تری ماڵەکەم دەکرد. هەستم دەکرد نەهەقییان دەرهەق دەکەم، بە بێزارییەوە بەخۆم دەگوت: "من وەکو گیرفانبڕێك ڕەفتار دەکەم کە دزی نەکات."

لەگینە لە خۆت بپرسیت: "باشە ئەوێك کە بەڕاستی ئەوە حاڵی بوو بێ، چۆن توانیویەتی مەیل بە (ئوجوسان) بدات؟ چۆن توانیویەتی لەزەت لە ڕێکخستنی خراپی گوڵەکان و گیتار ژەنیەکەی بدینی؟".

دەتوانم وەڵام بدەمەوە کە من بەڕاستی ئەوسا ئەم سۆزە هەڤدژانەم جەڕباند، تەنیا ئەوەندەم لە دەست دێت بەوپەڕی راستگۆیی ئەم هەستانەت بۆ وەسف بکەم. من دڵنیام کە تۆ توانای تەواوت هەیە کە شرۆڤەیەکی قەناعەتبەخش بدۆزیتەوە. بەڵام با ئەمەش بڵێم: من خەریکم لە مەسەلە مادییەکاندا گومانت دەرهەق بە خەڵکی لادروست دەکەم. بەڵام هێشتا نەگەییوومەتە قەناعەت گومان لە خۆشەویستی بکەم. بۆیە، هەرچەندە لەوەیە ئەمە بەلای خەڵکی ترەوە سەیربێ،

هەروەها بەلای منیشەوە کە بیری لێدەکەمەوە هەڤدژ دەنوێنێ، بەڵام من بە تەواوەتی لەوە نەگەییووم کە چ کێشماکێشێك لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە زەینییەدا هەیە.

عادەتم وا بوو کە بێوەژنەکەم بە (ئوکوسان– خاتوون)بانگ دەکرد، بۆیە لە ئێستا بە دواوە هەر بەو وشەیە ناوی دەبەم. ئوکوسان عادەتی وابوو ستایشی تەبیعەتی ئارامو ،خۆی گوتەنی ئارامییەکەی دەکردم.

جارێکیان ستایشی کردم کە لە دەرسەکانمدا کۆشیارم. بەڵام هیچی دەربارەی سڵۆکیو ڕەمۆکیم نەگوت. ئیدی نازانم نەیتوانی پەی بە ڕەفتاری غەریبم بەرێت یان لەبەر سەلاریو بە ئەدەبی خۆی هیچی نەگوت، بەڵام وادیار بوو زیاتر مایل بوو کە بە چاوی خۆشەویستی سەیرم بکات.

جارێکیان کار گەییە ئەوەی بە دەنگێکی میهرئامێزەوە پێم بڵێ کە کەسێکی دڵاوام. بە شەرمێکی زۆرەوە، بەڕادەیەك گۆناکانم لە شەرما سوور هەڵگەڕان، گوتم کە بە هەڵەدا چووە. بەوپەڕی جددی گوتی: "تۆ بۆیە وا دەڵێیت چونکە هەست بە چاکییە تایبەتیەکانی خۆت ناکەیت." پێدەچێت بە تەمای ئەوە نەبووبێ خوێنکارێك لە ماڵی ئەودا ببێت بە کرێچی. کاتێ کە بە دراوسێکانی ڕاگەیاند بوو بە تەمایە کرێچیەك ڕابگرێ، لە دڵی خۆیدا بە هیوای ئەوە بوو بوو کە ئەو کرێچییە فەرمانبەرێکی مەدەنی بێت. پێموایە ئەمە زادەی ئەو قەناعەتە بوو کە هەر فەرمانبەرێکی بچووکی کەم مووچە ،بەوە قاییل دەبێت لە ماڵی کەسێکی دیدا ببێ بە کرێچی. جا کە بە دڵاوایی وەسف کردم، دەبێ، دەگەڵ ئەو فەرمانبەرە مەدەنییە شڕۆڵەیەی خەیاڵدانی خۆیدا بەراوردی کردبم. ڕاستە من دارا بوومو بە شێوەیەك دەژیام کە مەحاڵ بوو خەڵکانی کەم دەرامەت بتوانن بەو شێوەیە بژین. بۆیە لە پارە خەرج کردندا درێغیم نەدەکرد تا ئازاد بم. بەڵام ئەم جۆرە ئازادییە پەیوەندی بەتەبعی مرۆڤەوە نییە. لەوە دەچوو ئوکوسان وەکو هەر ژنێك، ئەم هەڵوێستەی من لە هەنبەر پارەدا، بە نیشانەی دڵاوایيو سەخاوەتی من بزانێت.

*

بەرە بەرە شێوازی ئوکوسان دەرهەق بە من، حاڵەتە زەینییە تایبەتییەکەی گۆڕیم. ئەو سرکیو سڵۆکییەی جارانم نەما، هەستم بە ئارامیو ئاسوودەییەکی زیاتر دەکرد. ئەوەی زۆری ئاسوودە کردم ئەوە بوو کە ئوکوسانو باقی ئەندامانی خێزانەکە، هەستیان بە ڕەفتاری گومانامێزو تەریکی من، نەکرد. چونکە هیچ شتێك لە دەوروبەرما نەبوو مایەی گۆشەگیریو دوورەپەرێزی بێ، ئیدی بەرە بەرە ئارامی لە دڵو دەروونم گەڕا.

ئوکوسان، ژنێکی ئاقڵو زیرەك بوو، لەوەیە بۆیە بەو شێوەیە رەفتاری کردبێ، چونکە پەی بە بارە دەروونییەکەم بردووە. لەوەشە هەر بەڕاستی بە کەسێکی هێمنو بەخشندەو ئارامی زانی بم. رەنگە ئارامییەکەمی بەدڵ بووبێ، چونکە پێم وانییە دیمەنو رەفتاری رواڵەتیم، ناخی شپرزەمی نواندبێتەوە.

بەرە بەرە تا زیاتر ئارامم دەگرت، باشتر ئەو خانەوادەیەم دەناسی. کار گەییە ئەوەی دەگەڵ ئوکوسانو ئوجوساندا نوکتەمان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە.

هەندێجار دەعوەتی چایان دەکردم. هەندێ ئێوارانیش کە دەچوومە دەرێ، شیرینیم دەکڕی‌و بۆ ژوورەکەی خۆمم دەعوەت دەکردن. لە ناکاو هەستم کرد بازنەی ناسیاوانم بە شێوەیەکی بەرچاو گەورە بووەوە. ڕاستە وەختێکی زۆر بە قسانەوە بە فیڕۆ درا، دەبوایە ئەو وەختە بۆ دەرس‌و دەورو خوێندن تەرخان بکرێت، زۆرم پێ سەیر بوو کە من قەت بیرم لەوە نەکردبووەوە. هەڵبەتە ئوکوسان بە درێژایی ڕۆژ کارێکی کەمی دەکرد. ئەوەی زۆرم پێ سەیر بوو (ئوجوسان) هەرگیز ماندوویەتی پێوە دیار نەبوو، لە کاتێکا نەك هەر دەوامی قوتابخانەی دەکرد، بەڵکو دەرسی گوڵ ڕێکخستن‌و گیتارژەنیشی دەخوێند. ئیدی هەرسێکمان ئامادەیی تەواومان تیا بوو، هەرکە دەرفەت هەڵکەوتبا، بەسێ قۆڵی پێکەوە دانیشین‌و بە وردە قسانەوە یەکدی سەرگەرم بکەین.

ئاسایی بوو کە (ئوجوسان) دەهاتە سەردانم. هەندێجار دەهاتە سەر بانیژەکەو هەندێجار لە هۆڵەکەوە دەهات و بۆ ساتێك لەبەر دەرگای ژوورەکەی مندا دەوەستاو ئەوسا بە ناو بانگی دەکردم‌و دەیگوت "سەعی دەکەیت؟" زۆرجار کتێبێکی گەورەو ئەستوورم لەسەر مێزەکەم دەکردەوەو بە جدی تەمەشام دەکرد. بۆیە دەبێ وەکو کەسێکی نیمچە زانا هاتبمە بەرچاو. جا بۆ ئەوەی لێم بە درۆ نەبێت، ئەو دەمانە زۆر لە خوێنکار نەدەچووم، ڕاستە بە درۆوە سەیری زۆر کتێبانم دەکرد، بەڵام لە ڕاستیا چاوەڕوانی هاتنی ئوجوسان بووم. خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت دیار نەبا، هەڵدەستام‌و دەچووم بۆ ژوورەکەی‌و دەمگوت "سەعی دەکەی؟" ژوورەکەی کیژەخان بە تەنیشت هۆڵەکەوە بوو. ئوکوسان هەندێجار لە هۆڵەکە دادەنیشت‌و هەندێجاری دی لە ژووری کچەکەی دادەنیشت. جووتە خانم هەردوو ژوورەکەیان وەك یەك ژووری گەورە بەکاردێنا، کەسیان هیچ ژوورێکیان بە ژووری تایبەتی خۆی نەدەزانی. هەرجارێ لە دەرێی دەرگاکەوە بانگم لێکردبان، هەر ئوکوسان دەیگوت "وەرە ژووری". بەڵام (ئوجوسان) ئەگەر لەوێش با، زۆر بە کەمی لەگەڵ دایکیدا خوڵکی دەکردم.

هەندێجار، کاتێ کە ئوجوسان بە کارێك بۆ ژوورەکەم دەهات، بە مەبەستی قسەو گفتوگۆ دادەنیشت. لەو کاتانەدا هەستم بە پەشۆکان‌و شڵەژانێکی غەریب دەکرد. هەندێجاری کەم دەمتوانی قەناعەت بە خۆم بکەم کە ئەم شڵەژان‌و پەشۆکانەی من، پەشۆکانی ئاسایی گەنجێکە کە خۆی بە تەنیا دەگەڵ کیژێکی گەنجدا بینیوە. زیاتر هەستکردن بە نیگەرانی بوو تا پەشۆکان، هۆی ئەم نیگەرانییە، ئەو هەستە نا ئاساییە بوو کە دەرهەق بە خۆم هەم بوو، هەستم دەکرد بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرانبەر بە خودی ڕاستەقینەی خۆم خایەنم. بەڵام ئەو وا نەبوو، زۆر ئاسوودەو دڵنیا دیاربوو. بە ڕادەیەك بێ خەم بوو کە من لە خۆم دەپرسی " تۆ بڵێی ئەمە هەمان ئەو کیژە بێ کە لە کاتی دەرس‌و مەشقی گیتاردا گوێم لە دەنگی دەبێ ؟" هەندێجار کە زۆر دەمایەوە، دایکی گازی دەکرد.

ئێستاش لە بیرمە، زۆرجار تەنیا بەوەندە وەڵامی دەدایەوە "واهاتم"، و نەش دەڕۆیی. بە هەرحاڵ ئوجوسان منداڵێك بوو لەو گۆڕە. من ئەوەم بە تەواوەتی لەلا عەیان بوو. شتێکی دیکەشم لەلا روون بوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەیویست تێم بگەیەنێت گەورە بووەو منداڵ نییە.

*

که دەڕۆیی ئۆخژنێکم لە دڵ و دەروون دەگەڕا. لە هەمان کاتدا ژوورەکە لەبەر چاوم چۆڵ دەبوو، لە دڵی خۆدا داوای بوردنم لێدەکرد، بۆ ئەو ئاسوودەییەی هەستم پێکرد. ڕەنگە ڕەفتاری من ئافرەتانە بووبێ. بێگومان مەسەلەکە وادێتە بەرچاوی گەنجێکی تازەی وەکو تۆ. بەڵام زۆربەی زۆرمان لەو ڕۆژگارەدا وا بووین.

به دەگمەن ئوکوسان لە ماڵ دەچووە دەر. هەر کاتێکیش چووبا دەرێ، هەوڵی دەدا ئوجوسان لەگەڵ خۆیدا بەرێت. ئیدی نازانم ئەمەی لەبەر هۆیەکی تایبەتی دەکرد یان بەبێ هۆ دەیکرد. لێرەدا قسەیەك دەکەم هەرچەندە بۆ من جوان نییە، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەك بە وردی چاودێری ئوکوسانم کرد، بە ئەسەحی بۆم دەرکەوت کە هانی هەردووکمانی، هەم منو هەم کیژەکەی دەدا کە باشتر هۆگری یەك ببین. لەلایەکی دیکەشەوە، هەندێجار سڵێ لە من دەکردەوە، خۆی دوور دەگرت. کە یەکەمجار ئەم تێبینیەم لا دروست بوو، تۆزێك پەستو ناڕەحەت بووم.

وەکو دەبینی، من دەمویست بزانم هەڵوێستی ڕاستەقینەی چییە. ڕەفتاری، بەلای کەمەوە لە ڕوانگەی منەوە زۆر ئالۆژیکی بوو. چونکە مامم تازە خەڵەتاندبوومی. بۆیە نەمدەتوانی گومان لە دووفاقی ئوکوسان نەکەمو یەکێك لەو دوو هەڵوێستەی بە خەڵەتاندنی تەواو نەزانم. هەرچی سەرم دێناو سەرم دەبرد، سەرم لە هەڤدژی ڕواڵەتی ڕەفتاری ئەو ژنە دەرنەدەکرد. لە دڵی خۆدا دەمپرسی "بۆچی بەو شێوە غەریبە ڕەفتاری دەکرد؟" کە هیچ وەڵامێکی پرسیارەکەی خۆمم دەست نەدەکەوت، بە توڕەیی لەبەر خۆمەوە دەمپرتاند "ژنان!" دوای ئەوە هەوڵم دەدا بەوە قەناعەت بەخۆ بێنم کە ئوکوسان بۆیە ئەو ڕەفتارەی دەکرد چونکە ژن بوو،و ژنان، بە هەرحاڵ، گەوجن.

وێڕای ئەوەی ڕقم لە خێڵی ژنان بوو، کەچی هەستم دەکرد مەحاڵە بتوانم ڕقم لە (ئوجوسان) ببێتەوە. لە حوزوری ئەودا ئەو بۆچوونەم لە حەوت کێوان ئاوا دەبوو. ئەشقی ئەو لە دڵی مندا زیاتر عیبادەتو تەقوا بوو تا خۆشەویستی. ڕەنگە پێت سەیر بێ کە ئەم وشەیە، بە ماناو دەلالەتە ئاینییەکەی، بۆ وەسفی هەستی خۆم بەرانبەر ئافرەتێك بەکار دەبەم. بەڵام من تا نهوژی باوەڕم وایە – باوەڕی تەواو– کەخۆشەوستیو ڤیانی ڕاستەقینە زۆر لە ئیمانو باوەڕی ئاینییەوە دوور نییە. هەرجارێ کە دەموچاوی (ئوجوسان)م دەبینی هەستم دەکرد خۆم جوان بووم. هەرجارێ کە بیرم لێدەکردەوە، لە ناخی ناخەوە دەگەشامەوە، هەستێکی تازەی بەرزی، ناخی فەتح دەکردم. جا ئەگەر ئەم شتە گۆنگ و ئالۆزەی ناوی دەنەین ڤیانو خۆشەویستی، ئیدی لە شێوە قودسیو پاکەکەیەوە بێ یان لە شێوە دنیاییەکەوە بێ، بتوانێ غەریزە بە دەنییەکانی مرۆڤ بهاڕوژێنێ، ئەوا بە دڵنیاییەوە خۆشەویستیەکەی من لە جۆرە باڵاکە بوو. من نەمگوتووە وەکو پیاوانی دی نەبووم. منیش لەگۆشتو خوێنم. بەڵام ئەو چاوانەم کە دەی بینیو ئەو بیرەی لە مێشكو خەیاڵمدا لەمەڕ ئەو چێ بوو بوو، لە هەر ئارەزوویەکی بەدەنی بە دوورو بە دەر بوون.

پەیوەندی سێ قۆڵی نێوانمان تا ڕادەیەك ئاڵۆزکا. ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دڵبەندی کیژە بوومو لە دایکەکەی دڕدۆنگ بووم. بە هەرحاڵ، بە دەگمەن ڕێگەمان بە هەستی خۆ دەدا، بەدیاربکەوێ،

هەروەها کەس بە ئاشکرا هەستی بە گۆڕانی جەوی ماڵەکە نەکرد. دوای ئەوە لە ناکاودا کەوتمە سێ‌و دووی ئەوە کە ئاخۆ ئەو هەڵوێستەم بەرانبەر ئوکوسان ڕاست بوو، کەوتمە بیری ئەوەی مەرج نییە ئەم هەڤدژییە ئاشکرایەی رەفتاری ئەو نیشانەی خاپاندن بێت، بە پێچەوانەی گومانی پێشوومەوە، ڕەنگە هیچ یەکێك لە دوو هەڵوێستەکەی هەوڵی بە ئانقەست نەبێ بۆ خەڵەتاندنی من. گەییمە ئەو قەناعەتەی لەگینە ئەم دوو هەڵوێستە بە ڕواڵەت هەڤدژە، پێکەوەو شان بە شانی یەك هەبن ، مەرج نییە هەبوونی یەکێکیان ئەوی تریان بسڕێتەوە. تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە پڕ کەوتە سڵ کردنەوەو دووره پەرێزی، پاش ئەوەی کچەکەی هاندا دەگەڵ مندا میهرەبان بێت، ئەنجام هاتمە سەر ئەو قەناعەتەی کە بیری خۆی نەگۆڕیوە: تەنیا وەکو دایکێك، لە سنووری هەستکردن بە مەسئولیەت نەی دەویست زیاتر لێکدی نزیك ببینەوە. منێك کە هیچ نیازێکی خراپم نەبوو، بەتەواوەتی هەستم دەکرد، کە پێویست ناکات ئوکوسان نیگەران بێت. ئیدی لەوەوە دڵم لێی پاك بووەوەو وازم لە بوغزاندنی هێنا.

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، کاتێ لە روانگەیەکی جیاوازەوە کەوتمە تاقیبی رەفتاری ئوکوسان دەرهەق بە خۆم، گەییمە قەناعەت کە نەك هەر متمانەیەکی زۆری داومەتێ. بەڵکو لە یەکەم دیدارمانەوە متمانەی پێ کردووم. ئەم کەشفە بۆ من شۆکێکی گەورە بوو، منێك کە فێری ئەوە بووم متمانە بەکەس نەکەم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: "تۆ بڵێی ژنان بەهرەو توانایەکی خۆڕسکی ئەوەندە گەورەیان پێ بەخشرا بێت، کە هەر لە یەکەم ساتەوە بزانن متمانە بە کێ دەکەن‌و بەکێی ناکەن ؟" پاشان لە خۆم پرسی: "باشە پیاوان هەمیشە ژنان ناخەڵەتێنن، چونکە خۆشباوەڕن‌و زوو متمانە بە بەرانبەر دەکەن؟" خۆش ئەوەیە کە بیردەکەمەوە سەیر دەکەم ئەوسا هەرگیز ئەوەم بە خەیاڵیدا نەدەهات کە متمانەی خۆم بە ئوجوسان تاقی بکەمەوە، متمانەیەك بوو خۆڕسك‌و خۆبەخۆ، هەرچەندە من سوێندم خواردبوو هەرگیز متمانەو باوەڕ بە کەس نەکەم، کەچی متمانەی تەواوم بە (ئوجوسان) کرد. بەڵام هەرچیم دەکرد سەرم لەو متمانەیە دەرنەدەکرد کە ئوکوسان بە منی هەبوو، نەدەچووە ئەقڵمەوە، باوەڕکەردەنی نەبوو.

شتێکی زۆر کەمم لەمەڕ ماڵی خۆم بۆ باسکردبوو. کەم‌و زۆر باسی ئەوەم بۆ نەکرد بوو کە بۆچی ماڵەکەی خۆم بە جێهشتووە. ئەوە شتێك بوو حەزم نەدەکرد هەر بیریشی لێ بکەمەوە، چ جای باسی بکەم. هەمیشە هەوڵمدەدا ئوکوسان بێنمە قسان‌و باسی ژنانی ڕابردووی خۆی بکات، بەڵام بێهودە، حەزی نەدەکرد هیچم بۆ باس بکات. زۆرجار داوای دەکرد باسی ماڵ‌و ماڵباتی خۆمی بۆ بکەم. ئەنجامی هەموو شتێکم بۆ باسکردن. کە گوتم، جارێکی دی هەرگیز ناچمەوە بۆ ماڵی خۆم، چونکە جگە لە گۆڕی داك‌و بابم هیچی ترم لەوێندەر نەماوە، خەم‌و پەژارەیەکی زۆر نیشتە سەر سیمای ئوکوسان، (ئوجوسان) هۆن هۆن گریا. هەستم کرد کارێکی چاکم کرد کە سەربهوردی خۆم بۆ گێڕانەوەو دڵم خۆش بوو.

دوای ئەو قسانە، ئیدی ئوکوسان وەکو ئەوەی مەزندەکانی دەربارەی من ڕاست دەرچووبن، رەفتاری گۆڕا، وەکو خزمێکی گەنجی خۆی مامەڵەی لە تەکما دەکرد. ئەمەم پێ ناخۆش نەبوو. بە پێچەوانەوە پێم خۆش بوو. بە هەرحاڵ، دوای ماوەیەکی کەم، هەمدیس کەوتمە گومان لە

نیازو مەبەستی. ئەوەی وای لێکردم بکەومە ئەو گومانە زەینییەوە، شتێکی زۆر تورەهات بوو، کەچی وێڕای ئەوەش ڕۆژ بە ڕۆژ گومانم زیاتر دەبوو. بویەرێکی زۆر چکۆلە – لە بیرم نەماوە چی بوو– گومانی ئەوەی لا دروستکردم کە ئوکوسان، تەماحی ئەوەی پێمە کچەکەیم بە سەردا ساغ بکاتەوە، هەڵبەتە بە هەمان نیازو مەبەست کە مامم دەیویست کچەکەی خۆیم بەسەردا بسەپێنێ، ئیدی ئەو ئوکوسانەی کە بە کەسێکی مێریڤانو دڵۆڤانم دەزانی لەبەر چاوم بوو بە کەسێکی فێڵبازی ئۆینباز. زۆر پەست بووم.

کە ئوکوسان یەکەمجار پێی گوتم لەبەر تەنیایی حەزی کردووە کرێچی یەك ڕابگرێت، باوەڕم پێکرد، پاش ئەوەی باشترم ناسی، لەسەر هەمان ڕەئی خۆم مامەوە. هیچ شتێك لە گۆڕێ نەبوو گومان لە ڕاستگۆیی بکەم. لەلایەکی دیکەشەوە ئافرەتێکی دەوڵەمەند بوو، بە هەرحاڵ بە تەماحی دارایی هیوای ئەوەی پێم بوو کە لە ئایندەدا کچەکەیم بداتێ.

جارێکی دی خۆم لە هەڵوێستی بەرگریدا بینییەوە. هەڵبەتە هیچ قازانجێکم لەم هەڵوێستە نەدەکرد، چونکە لە خۆشەویستی ئوجوساندا نقوم بوو بووم. بە تەوسەوە بەخۆم پێکەنیم. لە دڵی خۆدا گوتم من کەرم. ئەگەر گومان بەری دابام ئەو هەموو کول و کۆڤان و معاناتەم نەدەچەشت، بە گەوجێتیو ڕاڕایی خۆم پێدەکەنیم. کاتێ گومانی ئەوەم بە دڵدا هات کە لە گینە ئوجوسانیش وەکو دایکی لەگەڵم بە فێڵو دەهۆیان بێ، بەڕاستی هێندەی دی دڵم ڕەش بوو. کە بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕەنگە بە جووتە لەپشت منەوە خەریکی پیلانگێری بن، بە جارێ ئارامم لێدەبرا، نەك هەر دڵم تەنگ دەبوو، بەڵکو نائومێدیش دەبووم. کەچی لایەنێکی دیکەم متمانەیەکی ڕەهای بە ئوجوسان هەبوو. ئیدی لەو بەینەدا، بێ جوڵە، لە نێوان باوەڕکردنو گوماندا لە مۆلەق مابووم. بەلای خۆمەوە هەردوو حاڵەتەکە، زادەی خەیاڵی من بوون، کەچی وێڕای ئەوەش وەکو دوو حەقیقەت دەهاتنە بەرچاوم.

ئیدی دەوامی زانستگەم دەکرد، دەچوومە دەرسەکانەوە، بەڵام ئەو مامۆستایانەی کە لە پشت تریبونەکان دەوەستان، زۆر دوور دیاربوون، دەنگیان نزم بوو. نەمدەتوانی بخوێنم. پیتە چاپکراوەکانی بەر چاوم بەر لەوەی بگەنە مێشکم، وەکو دووکەڵ دەچوون بە ئاسماناو ون دەبوون. ئیدی بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشام، زۆر کەمدوو بوو بووم. دوو سێ برادەر کە گومانیان لەم بێدەنگییەم هەبوو، هەر بۆ ڕابواردن بەوانی دیکەیان گوتبوو گوایە چوومەتە جۆرە خەلوەتو ڕامانێکی قووڵی فەلسەفییەوە. هیچ کاردانەوەیەکم نیشان نەدا کە لەو وەهمەیان دەربێنم. لە دڵی خۆدا پێم خۆش بوو، لە بێ ئەقڵی خۆیان ئەو خەرمانەیەیان لە دەورم دروست کردبوو. بە هەرحاڵ زۆر لەم دەورە ڕازی نەبووم. و هەندێجار و ناوبەناو جۆرە هەرایەکی گاڵتینەم دەنایەوە، کە بە ئاشکرا حایر دەمان.

میوانی زۆر هاتوچۆی ماڵەکەیان نەدەکرد. دیاربوو ئوکوسان خزمو کەسوکاری کەم بوون. هەندێجار کیژانی هاوپۆلی (ئوجوسان) سەریان دەدا، ئەوەندە هێدی و هێمن بوون کە پیاو لە ماڵەکەدا هەستی پێنەدەکردن. تومەز ئەم ئارامییەیان لەبەر من بوو و من بەمەم نەدەزانی. بەڵام ئەو برادەرانەی بۆ سەردانی من دەهاتنە ماڵەکە، ڕاستە گۆساخو بێ شەرم نەبوون، بەڵام

ئەوەندەش شەرمنو بە نەزاکەت نەبوون کە لەبەر ئیسراحەتی خەڵکانی تری ماڵەکە بە چپە بدوێن، لەو حاڵەتانەدا من هەموو مافێکی خاوەن ماڵم هەبووو دەتگوت بەڕاستی خاوەن ماڵم، کەچی (ئوجوسان) وەکو میوانی ناوەخت وابوو.

به هەرحاڵ ئەمە شتێکی گەورەو گرینگ نییە، بۆیە بۆتی دەنووسم چونکە لەم کاتەدا بەخەیاڵمدا هات: ئەمە جگە لەوەی ڕێگەی شتێکی کەم بایەخترم بۆ دەکاتەوە. ڕۆژێك گوێم لە دەنگی پیاوێك بوو کە لە ژوورەکەی (ئوجوسان)ـەوە دەهات، جا چونکە میوانی ئوجوسان بوو، زۆر لە میوانەکانی من هێدی تر قسەی دەکرد. بۆیە مەحاڵ بوو گوێم لە قسەکانی ببێت. بە ڕقێکی زۆرەوە، نائومێدانە لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتم. لە خۆم دەپرسی ئاخۆ خزمیەتی یان هەر برادەرەو هیچی دی، ئاخۆ گەنجە یان پیر؟ هەڵبەتە مەحاڵ بوو لە ژوورەکەی خۆمەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەست بکەوێ. مەحاڵیش بوو خۆم بە ژوورەکەی (ئوجوسان)دا بکەم تا بزانم میوانەکەی کێیە. زۆر خراپ هاڕوژابووم: بەڕاستی لە عەزابدا بووم. کاتێ کە پیاوەکە ڕۆیی، لە ژوورەکەی خۆم وەدەرکەوتم تا بزانم کێیە، دایكو کیژ وەڵامێکی سادەیان دامەوە. ئەوەندە سادە بوو کە باوەڕم نەدەهات.

بە گومانەوە نیگام کردن، زاتی ئەوەم نەبوو لەسەر پرسیارەکەم بڕۆم. هەڵبەتە مافی ئەوەشم نەبوو زیاد لە پێویست فزوڵی و لاپرەسەنی بکەم، دەبوایە ڕێزو کەرامەتی خۆم بپارێزم، چونکە ڕێزو کەرامەتی خۆم خۆش دەویست. ئەوەی ڕاستی بێ ئەم خوددۆستیە وەکو پێویست فریام نەکەوت، نەیتوانی فزوڵیەتە زەقو ناشیرینەکەم بشارێتەوە کە زەق زەق بە سیمای پەستو تووڕەمەوە دیار بوو. هەردووکیان پێکەنین. بە ڕادەیەك پەشۆکام کە نەمزانی پێکەنینەکەیان لە رووی ڕابواردنەوە بوو یان لە ڕووی دۆستایەتیەوە. پاشان چەندین جار لە خۆم پرسی، "ئایا گەوجاندومیان یان نا؟"

ئازادی ئازاد بووم، دەمتوانی بە کەیفی دڵی خۆم بکەم، چیم دەوێ بیکەم. دەمتوانی بە بێ پرسی هیچ کەسێك، و هەرکاتێ بمەوێ زانستگە تەرك بکەمو بۆ کوێم دەوێ بڕۆم، بە کەیفی دڵی خۆم بژیم، ئەگەر ئارەزووم لێبوو ژن بێنم. زۆرجار، دەهات بەسەرما کە خوازبێنی ئوجوسان لە ئوکوسان بکەم.

بەڵام هەموو جارێ کە لێدەبڕام ئەو کارە بکەم، بەلەز ڕەئیم دەگۆڕی. لەوە نەدەترسام کە داواکەم ڕەفز بکرێت. ڕاستە ژیان بەبێ ئوجوسان دەگۆڕا، بەڵام من وام بیردەکردەوە دنیا ئاخر نابێتو لەوەیە دەرروویەکی باشتر بکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی پێموابوو ئەوەندەم جورئەت هەیە کە ئەم گۆڕانە تەحەمول بکەم. بەڵام ئەو بیرۆکەیەم پێ قووت نەدەچوو ئوکوسان بم خەڵەتێنێو ناچار بم ئەو چەشنەیە بخۆم کە بۆی داناوم. بە هەرحاڵ، بەڵێنم بە خۆم دا، کە مەحاڵە بێڵم کەس هەمان گەمەی مامم لەگەڵدا بکاتەوە.

*

کە ئوکوسان دەیبینی جگە لە کتێبان چ شتێکی دی ناکڕم، پێی گوتم کە دەبێ جلکی تازە بۆ خۆم بکڕم.بەڕاستی هەموو جلکەکانم لۆکەی چنراوی خۆماڵی بوونو، ئەوانە بوون کە لە

شارۆچکەکەی خۆم بۆیان درووو بووم. ئەو زەمانە باوی ئەوە نەبوو خوێنکاران جلکی حەریر لەبەر بکەن. لە بیرمە جارێکیان برادەرێکم کراسێکی حەریری خالیسەی لە کەسوکارییەوە بۆ هاتبوو، بابی ئەم برادەرە بازرگانێکی خەڵکی یوکوهاما بوو، حەزی لە خۆ نواندنو فەخرفرۆشی دەکرد. کاتێ کراسەکە گەیی، هەموومان بە برادەرەکەمان پێکەنین. زۆر پەشۆکاو کەوتە عوزرخوایی. ئیدی کراسەکەی لە جانتاکەی ناو لەبەری نەکرد. ئەنجام هانماندا کە لەبەری بکات. بۆ نەگبەتی کێچ تێی دابوو. دیارە برادەرەکەم بەمە خۆشحاڵ بوو، هیچ وەختێکی بە لەناو بردنی کراسە بە ناوبانگەکەیەوە بە فیڕۆ نەدا، لە شێوەی پریاسکەیەکدا لوولی دا، لە یەکێك لە پیاسەکانیا لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتو لە (نیزو) فڕێی دایە چاڵێکی قووڵەوە. من بە خۆم لەو پیاسەیەدا لەگەڵی بووم. ئێستاش لە بیرمە کە چۆن لەسەر پردەکە وەستامو بە خۆشحاڵییەوە دەمڕوانییە برادەرەکەم. ئەوسا هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەدەهات کە کەسێکی دەست قلپە.

هەموو ئەم شتانەی کە بۆتی باس دەکەم، ئەو کاتانە بوو کە هێشتا لە بەشی ناوخۆیی بووم. ئیدی لەو ساوە فامم کردەوە، بەڵام هێشتا هۆشو گۆشی ئەوەم لا دروست نەبوو بوو کە گرینگی بە جلو بەرگ بدەمو لەو ڕووەوە بە خۆم ڕابگەم. هێشتا ئەو قەناعەتە سەیرەم هەبوو کە جلو بەرگیش وەکو سمێڵ دوای تەخەڕوج دێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو کە بە ئوکوسانم گوت کتێب لە جلکان پێویست ترە. کە زانی ژمارەیەکی زۆری کتێبانم کڕیوە، لێی پرسیم: "باشە پێم بڵێ، تۆ هەموویان دەخوێنیتەوە؟" هەڵبەتە هەندێ کتێبی پێویست و سەرچاوەیی وەکو فەرهەنگو قاموسانیان تێدابوو، بەڵام زۆر کتێبیشی تیا بوو کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەر نەشم کردنەوە.تیا مابووم چ وەڵامێکی بدەمەوە. لە دڵی خۆدا گوتم مادامێکی شتی نا پێویست دەکڕم، خۆ وەکو پارە لە کتێبان سەرف دەکەم با لە جلکانیشی سەرف بکەم. ئەمە جگە لەوەی دەمویست دیارییەك بۆ (ئوجوسان) بکڕم، وەکو کوڵوانەیەك یان پارچە قوماشێك، وەکو وەفاداریو پێزانین بەرانبەر بەو هەموو سۆزەی دەربارەی من هەیان بوو. ئیدی داوام لە ئوکوسان کرد لوتف بکات شتێکی لەبار بۆ منو بۆ کیژەکەشی بکڕێت.

ئوکوسان قەبووڵی نەکرد بە تەنیاو هەر خۆی بچێ بۆ بازاڕ، داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم. هەروەها سوور بوو لەسەر ئەوەی کچەکەشی لەگەڵماندا بێت. جا چونکە ئێمە لە کەشو هەوایەکی زۆر جیاواز لە هی ئێستا پەروەردەبووبووین، ئیدی ئێمەی خوێنکار بەوە ڕانەهاتبووین خەڵکی لە جادەوباندا دەگەڵ ئافرەتانی گەنج دا بمان بینن. ئەوسا زۆر لە ئێستا پتر پابەندی دابو نەریتان بووم. لە سەرەتاوە دوو دڵ بووم، بەڵام ئەنجام بەسەر ترسی خۆدا زاڵ بووم، دەگەڵ جووتە خانمدا دەرچووم.

ئوجوسان، بە تەواوەتی خۆی لە تەل دابوو. هەرچەندە بەخۆی سپییەکی ناسك بوو، بەڵام سپیاوێکی هێندە زۆرو خەستی کردبوو لەوە ناچوو دەگەڵ زەوقی ساغڵەمدا تێکبکاتەوە. ڕێبواران تەماشایان دەکرد. ڕاستت گەرەکە ئەوەی ئەم هەستەی لا دروست کردم ئەوە بوو پاش ئەوەی تێر سەیری ئەویان دەکرد، ئەوسا دەکەوتنە تەمەشاکردنی من.

بە سێ قۆڵی چووین بۆ کۆگای (نیهونباشی)و شتی دڵخوازی خۆمان کڕی. دوو دڵ بووین کە چی بکڕین، وەختێکی زۆر، زیاتر لەوەی چاوەڕوانم دەکرد لەوێندەر ماینەوە. ئوکوسان سوور بوو لەسەر ئەوەی ڕەئی خۆم لەسەر هەموو ئەو شتانە بدەم کە پیشانمان دەدرا. بۆ نموونە پارچە قوماشێکی دەدا بەسەر شانی (ئوجوسان)دا داوای لە من دەکرد چەند هەنگاوێك بچمە دواوەو دەیگوت "چۆنە، بە دڵتە؟"

هەوڵمدەدا بە دروستی دەوری خۆم بدینم، هەرگیز ڕەئی خۆم نەدەشاردەوە، دەمگوت: "پێناچێ زۆر زۆر باش بێت" یان "بەڵێ، بە تەواوەتی لێی دێت.".

ئەنجام کاتێ لە کۆگاکە وەدەرکەوتین، وەختی فراڤین بوو. ئوکوسان ، بۆ ئەوەی سوپاسی ئەو لوتفەی من بکات،گوتی حەزدەکات دەعوەتی فراڤینم بکات. بردینی بۆ شەقامێکی لاوەکی تەنگ بە نێوی (کیهارادانا) کە شانۆیەکی چکۆلەی قەدیمی تەرزم تیا بەدی کرد. ئەو خوارنگەیەی چووینێ ، وەکو شەقامەکە تەنگ بوو. شارەزای ئەم شوێنە نەبووم، پێم سەیر بوو کە ئوکوسان زۆر شارەزا بوو.

کە بۆ ماڵ گەڕاینەوە ئێوارەیەکی زۆر درەنگ بوو، ئێوارەی شەممە لەسەر یەك شەممە بوو، یەك شەممەم لە ژوورەکەی خۆم بەسەر برد. کە بەیانی ڕۆژی دوو شەممە چووم بۆ زانستگە، یەکێك لە برادەرەکانم هات بۆ لام و کەوتە تەشەران. بە تەوسەوە گوتی: " کەی ژنت هێناوە ؟" با ئەوەشت پێ بڵێم کە: " ژنەکەت زۆر جوانە ."

دیار بوو بە سێ قۆڵی لە (نیهونیاشی) بینی بوومانی.

*

کە گەییمەوە ماڵێ، قسەکانی برادەرەکەمم بۆ ئوکوسانو (ئوجوسان) گێڕایەوە. ئوکوسان پێکەنی. ئەوسا نیگایەکی غەریبی کردمو گوتی: "هەڵبەتە تا ڕادەیەك بەوە ناڕەحەت بوویت." یەکسەر بیرم لەوە کردەوە کە ڕەنگە ئەمە وەسیلەی ئافرەت بێت تا پیاو بێنێتە قسانو قسەی دڵی کەشف بکات. هەق وابوو هەر ئەوسا هەستی خۆم بەرانبەر بە کچەکەی، بە ڕاشکاوی بۆ دەربڕیبا. بەڵام ئەوەندە دوو دڵ بووم، کە جڵەوی خۆم گرتو ڕاستیم پێنەگوت. ئەوسا دوور لە باسی خۆم، سەری قسەم بادایەوەو کەوتمە باسی شووکردنی (ئوجوسان).

دەمویست بزانم ئوکوسان چ نەخشەیەکی بۆ کیژەکەی پێیە. هەڵبەتە بە ئاماژان ئەوەی روون کردەوە کە (ئوجوسان) چەندین داواکاری هەبوون. ئەوەشی روونکردەوە کە مادامێکی کیژەکەی دەوامی مەکتەب دەکاتو هێشتا خوێنکارە، بۆیە حەزناکات پەلە بکات. هەرچەندە ئەمەی بە ئاشکرا نەگوت، بەڵام متمانەی تەواوی بە جوانی کچەکەی هەبوو و پێی وابوو دەتوانێ هەرکاتێ بیەوێ، بە مێردی بدات. (ئوجوسان) تاقانەی بوو، بۆیە ئاسایی بوو حەزنەکات لێی جیا ببێتەوە. پێموایە تیا مابوو و نەیدەزانی ئایا ڕێی بدات شوو بکاتو بڕواتو ببێ بە ئەندامی خێزانێکی دی، یان مێردێکی بۆ بدۆزێتەوە، بیهێنێتە سەر ماڵو لەگەڵ ئەماندا بژی.

تا زیاتر بە تانی قساندا دەچووین، هەستم دەکرد شتی گرینگ تر لە ئوکوسانەوە فێر دەبم. بەڵام دەرفەتی ئەوەم لە دەست دا کەباسی خۆم بکەم. کە بیرم کردەوە ناتوانم لەم کاتەدا بە یەك

وشەش باسی خۆم بکەم، لێڕام، بەدەر لە هەر زبریو گۆساخییەك و، بەلەز مەجلیسەکە بەجێ بێڵم. کە قسەکانی بەیانیی برادەرەکەمم بۆ گێڕانەوە (ئوجوسان) لە نزیکی منەوە دانیشتبوو: تەنانەت بە شۆخیو شادییەوە گوتی: "زۆرە، واش نا!" بەڵام لە گەرمەی قسەکاندا، بە ئەسپایی خۆی گەیاندبووە سووچی ژوورەکە، لەوێندەر پشت لە ئێمە دانیشتبوو. هەڵبەتە من تا ئەو کاتە کە خەریك بوو هەڵدەستام تا بڕۆم، هەستم بەوە نەکرد بوو کە چووەتە سووچی ژوورەکە. کە سوڕامەوەو تەمەشام کرد، پشتیم بینی. دیارە زۆر ئەستەم بوو، بتوانم بەبێ ئەوەی دەموچاوی ببینم، بتوانم بیروبۆچوونەکانی بخوێنمەوە. تەنانەت بە مەزەندەش نەمدەتوانی هەستی بەرانبەر بە شووکردن بزانم، لەبەر دۆڵابی جلەکانیدا دانیشتبوو.

دەرکەی دۆڵابەکە کرابووەوە، زانیم شتێکی لێ دەرهێناو لە کۆشی ناو کەوتە تەمەشاکردنی. لە میانەی دەرگا کراوەکەی دۆڵابەکەوە چاوم بەو پارچە قوماشە کەوت کە پێرێ کڕی بووم. ئەو پارچە قوماشەی بۆ ئەوو ئەوەی بۆ خۆمم کڕی بوو، هەردووکیان لەسەر یەك دانرا بوون.

لەوەی پتر بە تانی قساندا نەچووم، خەریك بووم هەڵدەستام، لە ناکاو ئوکوسان بە جددی گوتی "تۆ چی دەڵێی؟" بەڕاستی بۆ ساتێك غافڵگیر بووم، پرسیم باسی چی دەکات. پاشان زانیم پرسیاری ئەوەم لێدەکات کە کیژەکەی شوو نەکات یان بە زووترین کات شوو بکات. گوتم: "ئا، پێموایە پێویستە ماوەیەك چاوەڕوان بکات، وا نییە ؟" ئوکوسان گوتی ئەویش هەمان بۆچوونو ڕەئی هەیە.

پەیوەندی سێ قۆڵی ئێمە گەیی بووە ئەم ڕادەیە، کە پیاوێکی دیکەمان لێ پەیدا بوو. بوو بە ئەندامێکی ماڵەکە. بەم کارەی ئاوەڕۆی چارەنووسی منی گۆڕی. ئەگەر ئەم پیاوە نەهاتبایە ڕێگام، ڕەنگە هەرگیز پێویستی بەوە نەکردبایە نها ئەم نامە دوورو درێژە بۆ تۆ بنووسم. شەیتان، وەکو دەڵێن لە پێش منەوە تێپەڕی، بۆ ساتێك سێبەری خۆی بەسەردا کێشام. نەمدەزانی ئەم تێپەڕ بوونەی ئەو ژیانی بۆ هەتا هەتایە ڕەش کردم. با ئەوەشت پێ بڵێم من بەخۆم ئەم پیاوەم بکێش کرد بۆ ماڵەوە تا دەگەڵ ئێمەدا دانیشێت. هەموو شتێکم لەمەڕ پیاوەکە بۆ ئوکوسان گێڕایەوە پاشان لێم پرسی ئاخۆ قەبوولٌ دەکات بێتو لەگەڵ ئێمەدا دانیشێت. لە هەوەڵەوە ڕەفزی کرد، قاییل نەبوو. بەڵام کە هەستی کرد، من ناچارم دەعوەتی بکەم، کەمێك نەرم بوو. ئەنجام توانیم قەناعەتی پێ بکەمو ئەو کارە بکەم کە بەڕاستم دەزانی.

*

لێرەدا برادەرەکەم بە (ك) ناو دەبەم، ناوی دەنەم (ك). منو (ك) برادەری منداڵی بووین. بۆیە پێویستم بەوە نەبوو بڵێم خەڵکی هەمان گوندو شارەدێ بووین. ك، کوڕی قەشەیەکی سەر بە مەزەبی (شینشو) بوو، کوڕی دووەمی بوو، نێردرا بوو بۆ ماڵی دکتۆرێکی دیاریکراو تا بیکات بە زڕکوڕی خۆی. کڵێسای (هونگان) لەو هەرێمەدا کە منی تیا لە دایك بوو بووم، لە هەموو کڵێساکانی دی بە دەسەڵات تر بوو. قەشەکانی (شینشو) لە قەشەی هەموو تایفەو مەزەبەکانی دی دەوڵەمەندتر بوون. بۆ نموونە ئەگەر قەشەیەکی شینشویی کچێکی سەرو عوزر شۆری هەبوایەو بیویستایە بە شووی بدات، بیدات بە کەسێك لە ماڵباتێکی باشو خانەدان، ئەوا بە

فەزڵی ئەو یارمەتییە داراییە چەورەی کە ئەبرەشیەکەیان پێشکەشی دەکرد، کۆسپێکی ئەوتۆی نەدەهاتە ڕێ. دیارە کە خەرجی زەماوەندەکە لە کیسەی یارۆی قەشە دەرنەدەچوو.

لەبەر ئەم جۆرە هۆیانە، قەشەی کڵێسای شینشو بە شێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو و دەوڵەمەند بوون. ژیان‌و گوزەرانی ماڵباتی (ك) باش بوو. بەڵام نازانم ئیمکانی ئەوەیان هەبوو کوڕەکەیان بۆ تۆکیۆ بنێرن تا خوێندن تەواوبکات یان نا. هەروەها نازانم ئاخۆ کوڕەکەیان بۆ ئەوە دابوو بەو دکتۆرە کە دەرفەتی خوێندن‌و ڕۆشنبیریی باڵای بۆ بڕەخسێت یان لەبەر شتێکی دی بوو. هۆیەکەی هەرچییەك بووبێ، گرینگ ئەوسا (ك) بە ناوی تەبەنییەوە چوو بۆ ماڵی دکتۆرەکە. ئەمەی باسم کرد هی ئەو کاتانەیە کە هێشتا قوتابی ناوەندی بووین. تەنانەت ئێستاش کە بیرم دەکەوێتەوە، لە کاتی خوێندنەوەی ناوەکانماندا، لە ناکاو ناوی برادەرەکەم گۆڕا، سەرم سوڕما.

ماڵباتە تازەکەی (ك) دەوڵەمەند بوون، لەسەر کیسەی ئەوان هات بۆ تۆکیۆو درێژەی بە خوێندن دا. هەرچەندە من‌و (ك) پێکەوە نەهاتبووین بۆ تۆکیۆ، بەڵام لە هەمان بەشی ناوخۆیی یەکمان گرتەوە. ئەو زەمانە باو بوو کە دوو یان سێ خوێنکار لە یەك ژووردا بژین‌و بخەون، لەسەر چەند مێزێك بە تەنیشت و بە ریزی یەکەوە کاربکەن، من‌و (ك) وا بووین. ڕێك دەتگوت کێوین، وەکو چۆن دوو حەیوانی کێوی، کاتێ ڕاو دەکرێن‌و لە قەفەز دەنرێن، خۆ دەدەنە پاڵ یەك‌و بە تووڕەیی لە نێو قەفەزەکەیانەوە دەڕواننە دنیای دەرێ، ئێمەش بەو ئاوایە رەفتارمان دەکرد. لە تۆکیۆو خەڵکی تۆکیۆ دەسڵەمینەوە. وێڕای ئەوەش کە دەچووینە ژوورە چکۆلەکەی خۆمان، گاڵتەمان بە هەموو دنیا دەکرد.

بەڵام خەڵکانێکی کۆشیار بووین‌و بەڕاستی بە تەما بووین ڕۆژێ لە ڕۆژان ببین بە پیاوانی گەورەو بە ڕاستی( ك) کۆشیار بوو. جا چونکە لە پەرستگەدا لە دایك بوو بوو، زۆرجار باسی (تەرخانکردنی زەین)ی دەکرد. سەبارەت بە من، وام دەهاتە بەرچاو کە ئەم دەستەواژەیە دەقاو دەق ڕەنگدانەوەی ژیانی رۆژانەیەتی. ئیدی (ك) لەدڵمدا گەورە بوو، ڕێزی زۆر بوو، ئیدی عادەتی وابوو، هەر لە منداڵی ڕا، لە ڕۆژگاری قوتابخانەوە، بە خستنە رووی دۆزو مەسەلەێن دژواری وەکو دۆزی ئاین‌و فەلسەفە، سەرسامم بکات، ئیدی نازانم ئەمە زادەی کاریگەریی بابی بوو یان زادەی ئەوە بوو لە ماڵێکدا هاتبووە دنیا کە جەوی ئاینی‌و پەرستگایانی بەسەردا زاڵ بوو. بە هەرحاڵ وام دەهاتە بەرچاو لە قەشەیەك زیاتر خەسڵەت‌و خووی قەشەی ئاسایی تیایە. زڕ داك‌و بابەکەی، لە بنەڕەتدا بەو مەبەستە بۆ تۆکیۆیان نارد بوو کە بیکەن بە دکتۆر. بەڵام (ك)، کە یەجگار سەرسەخت‌و نەژنەو بوو، بەو نەفەسەوە هاتبوو بۆ تۆکیۆ کە هەرگیز نەبێت بە دکتۆر. گلەییم لێکردو پێمگوت بەم کارەی داك‌و بابی دەخەڵەتێنی. وەکو پیاو حاشای لێنەکرد، پاشان وەڵامی دایەوە ئەگەر واش بێ بەلایەوە گرینگ نییە، مادامێکی ئەو کارە بەرەو (ڕێگای دروستی) دەبات. پێدەچوو بە خۆیشی نەزانێت مەبەستی لە (ڕێگای دروست) چییە، هەڵبەتە من نەمدەزانی. بەڵام بەلای ئێمەوە وەکو دوو گەنج، ئەم وشەو زاراوە گۆنگانە، تەواو پیرۆز دەهاتنە بەرچاو. هەرچەندە من هیچم نەدەزانی، بەڵام بە بۆچوونی خۆم دڵنیا بووم هیچ عەیبێك لەو

قەرارەیدا نییە کە بڕیاری داوە بە ئەقڵی خۆی بکات. بۆیە ڕەزامەندی تەواوم لەسەر رایەکانی (ك) دەربڕی. نازانم ئەم ڕەزامەندییەی من تا چەند (ك)ی هاندا. بێگومان،( ك )کە خاوەنی ئەقڵیەتێکی دەگمەن بوو، چەندیش لێی دوورکەوتبامەوە، رەئی خۆی نەدەگۆڕی. هەرچەندە بە تەمەن بچووك بووم، بەڵام ئەقڵم بەوەدا دەشکا کە ئەم هاندانەی (ك) لەلایەن منەوە، ئەگەر بەهۆی قەرارەکەی خۆشیەوە، شتێکی بۆ پێش بێت، ئەوا مەسئولیەتی ئەو شتە لە ئایندەدا شانی منیش دەگرێتەوە، بۆیە ئامادە بووم، ئەگەر لە ئایندەدا شتی وا ڕوو بدات، باجی ئەو ڕەزامەندییە گەرمو گوڕەی خۆم بدەم. کاتیٚ بە چاوی کراوەو پوختەوە بڕوانینە کردارەکانی ڕابردوومان، بە تەواوەتی ئامادەم پشکی خۆم لەو مەسئولیەتە هەڵبگرم، هەرچەندە لەو ساتەدا هەستم بەوە نەدەکرد ئامادەم بۆ ئەو هەڵوێستە.

*

(ك )و من چووینە هەمان کۆلیج. بیٚ ئەوەی هیچ جۆرە داچڵەکینێکی ویژدانی پێوە دیار بیٚ، بەو پارەیەی کە زڕداكو بابەکەی بۆیان دەنارد کەوتە پەیگیری "ڕێگا دروستە" خۆشەویستەکەی خۆی، دەتوانم بڵێم لە فریوکارییەکەی خۆیدا لە من کەمتر نیگەران بوو، دڵنیا بوو کە هەرگیز ناگیرێت، هەروەها زۆر دڵنیا بوو کە ئەگەر بشگیرێت، هەرگیز گوێی ناداتیٚ.

لە پشووی هاوینی یەکەممماندا،( ك) نەچووەوە بۆ شارۆچکەکەی خۆی. گوتی لە پەرستگەیەك دا لە (کوماگومی) ژوورێك بە کریٚ دەگرێت. بەڕاستیش کە لە سەرەتای مانگی ئەیلولدا بۆ تۆکیۆ گەڕامەوە، سەیرم کرد لە پەرستگەیەکی پیسدا لە نزیکی (کانون)ی مەزندا نیشتەجێیە، ژوورەکەی زۆر بچووك بوو، زۆر لە بینای سەرەکی پەرستگەکەوە نزیك بوو. هەنگیٚ بۆم دەرکەوت کە ژیانی بەرەبەرە دەگۆڕێت بۆ ژیانی بابایەکی غەیبزان. تەزبیٚحێکی لە مەچەکی دەئالاٚن، کە لێم پرسی ئەمە چیەو مەبەستی لەمە چیە، بە بەرچاومەوە بە پەنجەکەڵە کەوتە ژماردنی دەنکەکانو دەیگوت: یەك، دوو .... هتد، هەڵبەتە لە ڕۆژێکدا چەندین جار ئەو کارەی دووبارە دەکردەوە بەڵام لە مانای پەنهانی ئەم ژماردنکارییە حاڵی نەبووم. نەمزانی مەبەستی چی بوو، لە فکران ڕاچووم... ئاشکرایە ژماردنی کۆمەڵە مirووییەکی هۆنراوە بە پەتێکی بازنەیی، کۆتایی نایەت، (ك) بە چ مەبەستێك ئەو میروانەی دەژمارد، چ بیرێکی لە مێشکدا بوو؟ ئێستاش زۆرجار ئەم پرسیارە بێهودەیەم بە مێشکدا دێت.

هەروەها ئینجیلێکشم لە ژوورەکەیدا بینی. تۆزێکم پیٚ سەیر بوو. هەرچەندە دێتەوە بیرم کە لە بۆنەیەکدا باسی گفتوگۆکانی بووزای کرد، بەڵام هەرچەند بیردەکەمەوە بیرم نایەت قەت ناوی نەسرانیەتی هێنابیٚ. (ك) گوتی ئەم ئینجیلە تەنیا بۆ ئەوەیە پێی وایە ئاساییە پیاو کتێبێك، کە لەلای خەڵکانێك بایەخێکی باڵای هەیە، بخوێنێتەوە. لەسەری ڕۆیی کە بە نیازە ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت قورئانیش بخوێنێتەوە.

ئەنجام لە پشووی هاوینەی دواترا، پاش ئەوەی ناچاریان کرد، ڕۆیشتەوە بۆ لای کەسوکاری. لەوە دەچوو لەویٚ، لە ماڵی خۆیان هیچ شتێکی دەربارەی بواری خوێندنەکەی باس نەکردبێت، پێدەچوو کەسوکارەکەشی هیچ گومانێکیان لێنەکردبێت. هەڵبەتە تۆ وەکو کەسێکی ڕۆشنبیر،

ئەم شتانە باش دەزانی، بەڵام سەیر ئەوەیە خەڵکی بە شێوەیەکی گشتی غافڵن لە ژیانی خوێنکارو پرەنسیپێن ئەکادیمی و ئەو شتانە. ئەو شتانەی کە بەلای ئێمەمانانەوە دەکەنە زانیاری ئاسایی، هەرگیز لەلایەن خەڵکانی دەرێی بازنەی جیهانی ئێمەوە نایەتە زانین. ئەوجا ئێمە لە کەش‌و هەوایەکی تا ڕادەیەك تەریك‌و گۆشەگیردا دەژین، بۆیە ئێمەش ئەگەر مایل بین بەلای ئەوەدا کە مەسەلەو پرسە ئەکادیمیەکان، چ گرنگ بن‌و چ ناگرینگ، لە هەموو کایەکانی ژیاندا زۆر بە باشی زانراون، ئەوا بە هەڵەدا چووین‌و لە گلەیی بەدەرنابین. پێدەچوو، (ك) لەو مەسەلانەدا لە من زیاتر شارەزای ژیان‌و خەڵکی بێت. کەسوکارەکەی بەجیٚ هێشتبوو بەبیٚ ئەوەی هیچ پەژارەو نیگەرانییەکی پێوە دیاربێت. پێکەوە بەرەو تۆکیۆ ڕۆییشتین، کە سواری قیتار بووین لە (ك)م پرسی کە وەزعی دەگەڵ کەسوکاریا چۆن بوو. وەڵامی دایەوە هەموو شتێك ئاسایی بوو.

لە سەرەتای پشووی هاوینی سێیەمدا، کە لە کۆتایی ئەو پشووەدا بوو من لێبڕام بە یەکجارەکی مەفتەن‌و زاگەی داك‌و بابم بە جیٚ بێڵم، زۆرم لە (ك) کرد کە سەری کەس‌وکاری بدات، بەڵام بە گوێی نەکردم. لە ڕاستیدا لێی پرسیم بۆچی هەموو ساڵێك دەچمەوە بۆ لای کەسو کارم. ئەو حەزی دەکرد لە تۆکیۆ بمێنێتەوەو بخوێنیٚ، بە دوو دڵی لە تۆکیۆ بە جێم هێشت‌و بە تەنیا بۆ گوندەکەی خۆمان ڕۆییشمەوە. سەبارەت بەو دوو مانگەی لەگوندەکەی خۆمانم بردە سەرو کارێکی یەجگار زۆریان کردە سەر ژیانی ئایندەم، هیچ نانووسم، چونکە پێشتر باسم کردووە. بە دڵێکی پڕ لە خەم‌و پەژارەو وەڕەزیی‌و ترسەوە جارێکی دی‌و لە مانگی ئەیلولدا (ك)م بینییەوە. سەیرم کرد زروق ئەو بەرەو خراپتر چووە. بەبیٚ ئەوەی بە من بڵیٚ نامەیەکی بۆ داك‌و بابی ناردبوو و دانی بەوەدا نابوو کە خەڵەتاندوونی.

هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە لێبڕابوو کە لە ئەنجامدا ئەو جۆرە ئیعترافنامەیە بنووسێت. پێدەچوو بە ئومێدی ئەوە بوو‌بیٚ کە بڵێن تازە لەوە درەنگترە نەخشەکەی بگۆڕێت‌و ئیدی ڕێی بدەن، چەندیش لێی پڕبن، درێژە بە خوێندنی ئەو ڕشتەیە بدات کە خۆی حەزی لێدەکرد. بە هەرحاڵ، پێدەچوو (ك) کاتیٚ کە خۆی ئامادە دەکرد بچێتە زانستگە بە نیازی ئەوە نەبوو‌بیٚ داك‌و بابی بخەڵەتێنیٚ. لەوەشە پەی بەوە بردبێت کە مەحاڵە بتوانیٚ تا سەر لەسەر فریودانیان بەردەوام بێت، ئەگەر سووریش بیٚ لەسەر ئەو کارە.

*

زڕ بابەکەی (ك) کە نامەکەی خوێندبووەوە، تووڕە بوو بوو. بە نامەیەکی توند وەڵامی دابووەوە کە ناتوانیٚ پارە بە کەسێکی بیٚ سەروبەری ئەوتۆ بدات کە غەش لە دایك‌و بابی خۆی بکات.( ك) نامەکەی پیٚ نیشاندام. هەروەها نامەیەکی دیکەشی نیشاندام کە لە هەمان کاتدا پێی گەیی بوو کە نامەی یەکەمی پێگەیی بوو. نامەی دووەم هی خانەوادە ئەسڵەکەی خۆی بوو. ئەمیش وەکو نامەی یەکەم زۆر توندو سەرزەنشت ئامێز بوو. ڕەنگە هۆی توندی نامەکەی دووەم ئەوە بوو‌بیٚ کە کەسوکارە ئەسڵەکەی لە هەنبەر ئەو ژن‌و پیاوەدا کە (ك) یان گرتبووەخۆ، هەستیان بە منەتباری کردبێت. بە هەرحاڵ (ك) پێی وابوو بیرکردنەوە لەوەی کەسێك بە هانایەوە بچیٚ‌و

فریای بکەویٚ کات بە فیڕۆدانە. ئیدی بە هۆی ئەم بویەرە ناخۆشەوە بۆ لای داك‌و بابە ئەسڵەکەی بگەڕێتەوە، یان بیر لەوە بکاتەوە بە هەرشێوەیەك بووە زڕداك‌و بابەکەی ئاشت بکاتەوەو لە نك وان بمێنێتەوە، ئەمە مەسەلەیەکە رۆژگار یەك لایی دەکاتەوە، ئەوەی کە گرینگ بوو و دەبوایە راستەوخۆ بیری لێبکاتەوە و گرینگی بداتیٚ مەسەلەی دانی کرێی خوێندنەکەی بوو.

پرسیاری ئەوەم لە (ك) کرد کە ئاخۆ هیچ بیرۆکەیەکی دیاریکراوی لەمەڕ ئەو مەسەلەیە هەیە، (ك ) بەرسڤی دایەوە، بیری لەوە کردووەتەوە کە لە قوتابخانەیەکی شەوانە دەرس بڵێتەوە. زروڤ ئەوسا لە چاو ئێستادا زۆر باش بوو، کار دۆزینەوە ئەو قورسە نەبوو، کە ڕەنگە تۆ تەسەوری بکەیت. بۆیە پێموا بوو (ك) بەباشی تەگبیری خۆی دەکات‌و کارەکەی ڕایی دەکات.

لە هەمان کاتدا هەستم بەوەش کرد کە لەم مەسەلەیەدا منیش بەرپرسیارم ،چونکە کاتیٚ (ك) بڕیاری دا دژی مەیل‌و ئارەزووەکانی زڕ بابەکەی بوەستێتەوە، من هانم دەدا. بۆیە لەو قۆناغەدا نەمدەتوانی لە دوورەوە بوەستم‌و بەخەمساردی بڕوانمە ئەو کێشەیەی هاوڕێکەمی تێکەوتبوو. یەکسەر یارمەتییەکی داراییم پێشکەش بە (ك) کرد. (ك) بیٚ چەندوچوون ڕەفزی کرد. زۆری لەزەت لەوە دەبینی کە بە ڕەنجی شانی خۆی بژی تا چاوی لە یارمەتی‌و دەسەنەی هاوڕێکەی بیچ. بە کورتی پێی وابوو کە پیاو گەییە زانستگە شەرمە نەتوانیٚ وەکو مرۆڤێك کێشە تایبەتیەکانی خۆی چارەسەر بکات. نەمدەتوانی هەستی (ك) بریندار بکەم تەنیا لەبەر رازی کردنی هەستی تایبەتی خۆم بە مەسئولیەت. بۆیە وازم لە (ك) هێنا بە کەیفی دڵی خۆی بکات.

دوای ماوەیەکی کورت (ك) کاری دڵخوازی خۆی دۆزییەوە. ئیدی خۆت تەسەوری بکە ئەو کارە، بۆ (ك) کە کات‌و وەختی خۆی زۆر بەلاوە گرینگ بوو، چەند بە سویٚ‌و ئازار بوو. بەم بارە قورسە تازەیەی سەر شانییەوە لە جاران پتر مکوڕ بوو لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بێت. خەمی ئەوەم بوو ماندوویەتی کار لە سیحەتی بکات، بەڵام پیاوێکی بە ورە بوو و گوێی بە نیگەرانییەکانی من نەدا.

لەو سەروبەندەدا، پەیوەندی نێوان (ك)و زڕبابەکەی لە جاران خراترو ئاڵۆزتر بوو. ئیدی (ك) ئەو وەخت‌و کاتەی جارانی بە دەستەوە نەما کە وەکو جاران پێکەوە قسان بکەین، بۆیە ئاگام لە هەموو شتێکی (ك) نەما، بەڵام ئەوەم زانی کە چارەسەری کێشەکەی زۆر ئاڵۆزکا. هەروەها ئەوەشم زانی کە کەسێك خەریکی ناوبژی کردنیانە. ئەو کەسە نامەیەکی بۆ (ك) ناردبوو کە بچێت بۆ ماڵیان. کەچی (ك) ڕەفزی کردبوو و گوتبووی مەحاڵە شتی وەها بکات. ئەم لاساری‌و عینادیەی ئەو، هەرچەندە بە کەسوکارەکەی خۆی ڕاگەیاند بوو کە ناتوانیٚ لەو پشووەدا تۆکیۆ بەجیٚ بێڵیٚ‌و بڕواتەوە بۆ لای کەسوکاری، هێندەی دیکە هەڵوێستەکەی خراپ کرد، بەم کارە نەك هەر هەستی زڕداك‌و بابەکەی ئازار دابوو، بەڵکو داك‌و بابە ئەسڵەکەشی تووڕە کرد. جا من لەلای خۆمەوەو لە ژێر کاریگەریی نیگەرانی خۆداو بەو نیازەی دڵیان بدەمەوەو لە خەمیان کەم بکەمەوە، هەستام نامەیەکی سازشکارانەم بۆ ناردن، بەڵام دیار بوو هیچ کارێکی تیٚ نەکردبوون. پێدەچوو نامەکەم شایستەی ئەوە نەبوو بیٚ بە تاقە وشەیەکیش بەرسڤی بدەنەوە. منیش تووڕە

بووم. تا ئەو کاتە بە حوکمی زروفەکە هاوسۆزی (ك)م دەکرد. بەڵام دوای ئەوە بڕیارم دا، بە هەق و بە نەهەق، ئەگەر ڕاست بێ یان هەڵە تای ئەو بگرم و پشتگیری لێبکەم.

(ك) لە ئەنجامدا بڕیاری دا بەفەرمی بگەڕێتەوە نك خانەوادەو ماڵباتە ئەسڵیەکەی خۆی. ئیدی کەوتنە ئەوەی کە زڕ باب و داکە رەحمەتیەکەی تا ئەو کاتە چییان لە خوێندن و بۆ خوێندنی (ك) خەرج کردووە، کۆ بکەنەوەو بیاندەنەوە. بە هەرحاڵ کەسو کارەکەی لەمە پتری بۆ ناکەن. دەڵێن تازە دەستیان لەو (ك) شۆردووە. (ك) ئەو دەربڕین و دەستەواژە کۆنەی بەوە لێکدایەوە کە گوایە (لەماڵی بابی دەرکراوە) لەلایەکی دیکەشەوە، رەنگە کەسوکارەکەی مەبەستیان ئەوە نەبووبێ کە چیتر مامەڵە لەتەك (ك)دا نەکەن، بەڵام (ك) هەستی بەوە کرد کە ئەمە مەحرووم کردنیەتی لە بەشە میرات. (ك)،دایکی خۆی نەبوو، بۆیە زۆر نزیك بوو بەشێك لە کەسایەتی وی زادەی پەروەردەی باوەژنەکەی بووبێ. بە هەرحاڵ پێموایە ئەگەر داکی خۆی هەبایە، ئەو بۆشایی و کەلێنە گەورەیە نەدەکەوتە نێوان ئەوو کەسوکارییەوە. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە بابی (ك) قەشەو کاهین بوو، بەڵام پێموایە لە ڕووی پابەندی و ڕێزی نەگۆڕی بە ئابڕوو و بۆ ئابڕوو، زیاتر لە ساموورای دەچوو تا لە قەشەو کاهین.

*

کە نامەیەکی دوورو درێژی مێردی خوشکەکەی (ك)م پێ گەیی تارادەیەك ئەو مقۆمقۆیەی لەسەری بوو کەم بووەوە. (ك) پێی گوتم ئەم زاوایەیان خزمی زڕ داك و بابەکەیەتی، دەورێکی گرینگی لە مەسەلەی تەبەنیکارییەکەیدا بینی و هەروەها لە هەڵوەشانەوەی تەبەنیەکەشدا هەمان ڕۆڵی گرینگی بینی.

مێردی خوشکەکەی لەم نامەیەدا تکای لێکردبووم کە بزانێ ئاخۆ (ك) چۆنە، ئایا کەیفی قنجە. هەروەها لە نامەکەدا گوتبووی خوشکەکەی زۆر نیگەرانی ئەوەو حەزدەکات بە زووترین کات هەواڵی بزانێت. (ك) خوشکەکەی لە برا گەورەکەی کە لە پاش بابی هەمان پۆستی قەشایەتی ئەوی وەرگرتبوو، خۆشتر دەویست. ئەمانە لە یەك دایك بوون، بەڵام (ك) زۆر لە خوشکەکەی بچووکتر بوو. (ك) ئەوی زیاتر بە دایك دەزانی تا باوەژنەکەی.

نامەکەم بە (ك) نیشان دا. هیچ تەعلیقێکی نەبوو جگە لەوەی کە بە خۆشی دوو سێ نامەی بە هەمان ناوەڕۆك لە خوشکەکەیەوە پێ گەییوەو وەڵامی داوەتەوە کە پێویست بە نیگەرانی ناکات و باخەمی نەبێت. بۆ نەگبەتی خوشکەکەی شووی بە پیاوێکی سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند نەکردبوو. هەرچەندە هاوسۆزی دەگەڵ (ك) کرد، بەڵام نەی توانی هیچ کۆمەکێکی دارایی بکات.

وەڵامی مێردی خوشکەکەی (ك)م دایەوەو تەقریبەن هەمان ئەو شتانەم دووبارە کردنەوە کە (ك) لە نامەکانی پێشتریدا باسی کردبوون. بە هەرحاڵ، بە چەند وشەیەکی ئاودار جەختم لەسەر ئەوە کردبووەوە کە (ك) دەتوانێ هەمیشە، ئەگەر بە پێویستی زانی، پشت بە من ببەستێت. هەڵبەتە ئەوە قسەی دڵم بوو. هەروەها هەستم کرد ئەرکی سەرشانمە بەوپەڕی تواناوە، نیگەرانی و پەریشانی خوشکەکەی (ك) سووك بکەم. بەڵام هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو، کە سوور

بوونم لەسەر كۆمەكی (ك) زادەی ڕقێكی نا ڕاستەوخۆ بوو كە لە بابیو لە زڕداكو بابەكەیم هەڵگرتبوو. زڕ داكو بابەكەی منیان خۆش نەدەویست.

تەبەنییەكەی (ك) لە ساڵی یەكەمی زانستگەیدا هاتە هەڵوەشانەوە. دوای ئەوە بە درێژایی ساڵو نیوێك زۆر بە جددی كەوتە كار كە بژێوی خۆی دابین بكات. ئەنجام كەوتمە بیركردنەوە لەوەی كە ئەم گوشارە بەردەوامە كاری لە حاڵەتی بەدەنیو حاڵەتی ئەقڵی (ك) كردووە. هەڵبەتە بەر لەوەی قرێری ئەوە بدات لەو ماڵباتەی كە تەبەنیان كردبوو، جیا ببێتەوە، شەڕێكی قورسی لەگەڵ كردن، ئەو شەڕە لە ڕووی دەروونییەوە كارێكی زۆری تێكرد. زۆر دڵی ناسك بووەوە، ئیدی بوو بوو بە بەشەرێكی زۆر عاتیفیو سۆزاوی، هەندێجار كە قسەی دەكرد لە تۆ وایە نەگبەتی هەموو تیرەی بەشەری بەكۆڵەوەیە. كە یەكێك بە ئاستەم ئاماژەی بۆ ناماقولیەتی ئەم هەڵوێستە كردبایە، زۆر تووڕە دەبوو و دوای ئەوە دەكەوتە خەمی ئایندەی خۆی كە وەكو جاران مسۆگەر نەبوو. ڕاستە هەركەسێك كە دەچێتە زانستگە، وەكو یەكێك دەست بە سەفەرێكی دوورو درێژ بكات، هەزارو یەك هیواو ئاواتی لە دڵدایە، بەڵام پاش ساڵێك یان دووان زۆربەی خوێنكاران لە پڕ هەست بە خاوی پێشكەوتنی خۆیان دەكەن، یانی چاوی ڕەشیان كاڵ دەبێتەوە. دوای ئەوەی كە خوێندن تەواودەكەنو دەردەچن، تێدەگەن دوای خەیاڵ كەوتبوون. هەڵبەتە (ك) لە كاری خۆیدا گەیی بووە ئەم قۆناغە. لێ نائومێدیو نامرادی ئەو لەوە زیاتر بوو كە لە نێو هاوڕێ خوێنكارەكانیا باوبوو. ئەنجام قرێرم دا تاقە شتێك كە بە من بكرێ ئەوەیە هەوڵبدەم كەمێك باری دەروونی سووك بكەم، دڵخۆشی بدەمەوە.

پێمگوت نابێ زیاد لە پێویست كاربكات. پێمگوت دەبێ لە پێناوی ئایندەی مەزنی خۆیدا، ئیسراحەت بە خۆی بدات. جاچونكە من دەمزانی (ك) كەسێكی زۆر سەرسەختە، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە نەبووم ئەو كارەم بە ئاسانی بۆ بكرێتو بۆم بچێتە سەر. لێ هەركە دەست بەكار بووم، یەكسەر بۆم دەركەوت ئەركەكەم زۆر لەوە سەخت ترو دژوارترە كە وێنام دەكرد. باوەڕی وا بوو كە خوێندنو زانیاری خوێنەواری مەبەستو ئامانجی ئەو نەبووە. گوتی گرینگ ئەوەیە لە میانەی مومارەسەی نێروی ویستو ئیرادەوە، ببێ بە كەسێتییەكی بە هێزو ئاشكرایە ئەمە تەنیا بەوە دێتە دی كە پیاو لە قەیرانو ئاستەنگێكی دارایی دژواردا بژی. ئەگەر ئەمە لە مەحەكی پێوەری كەسێكی ئاسایی بدرێت، ڕەنگە تۆزێك شێتانە بێتە بەرچاوو لەوەیە وەكو سووكە شێتێك بنوێنێ. وێڕای ئەوەش هەرگیز ئەوەی لێدەرنەكەوت كە قەیرانە داراییە دژوارەكە بووبێتە مایەی ورە بەرزی ئەو. بەڕاستی ئەم قەیرانە داراییە كردی بە پیاوێكی پەریشان دەروون. بە نائومێدییەوە وام نواند كە ڕاستگۆیانە دەگەڵ ڕایەكانی ئەودام. گوتم هەمیشە ئارەزووی ئەوەم كردووە وەكو ئەو بژیم (تا ڕادەیەكیش ڕاستم دەكرد. هەمیشە (ك) لە گەنگەشاندا باڵا دەست بوو، دەیتوانی لە هەر ساتێكدا قەناعەتم پێبكات.) ئەنجام پێشنیازم كرد دەگەڵ مندا دابنیشێت تا بتوانم فێری ئەوە بم وەكو ئەو بژیم. بە هۆی سەرسەختیو منجڕی ئەوەوە ناچار بووم ملی بۆ بدەم. بەڵام ئەنجام توانیم بیهێنمە ماڵەوە.

*

ژوورێکی چکۆلە بە دەم ژوورەکەی منەوە بوو. بۆ گەیشتن بە ژوورەکەی من، دەبوایە لە ژووری دانیشتنەوە، کە لە پێشەوە بوو، بەم ژوورە چکۆلەیەدا تێپەریت. بۆیە شوێنەکەی لە بار نەبوو. (ك)م لەم ژوورەدا دانا. مەبەستم ئەوە بوو کە (ك) لە ژوورەکەدا شەریکم بێتو ژوورەکەی دی بە چۆڵی بێڵینەوەو ئەگەر پێویستی کرد بە شەریکی بە کاری بێنین. کەچی (ك) بە گوێی نەکردمو گوتی حەزدەکات ژووری تایبەتی خۆی هەبێت، با بچووکیش بێت.

وەکو پێشتر گوتم، ئوکوسان لە هەوەڵەوە دژی ئەم تەرتیبە بوو. گوتی ڕاستە دوو کرێچی باشترە لە یەکێك، سیان بە قازانجترە لە دووان. بەڵام تێی گەیاندم کە هوتێلی دانەناوەو حەز ناکات کرێچی تر ڕابگرێت. پێمگوت هاوڕێکەم کوڕی باشەو هیچ سەریەشەیەکی بۆ چێناکات. بەرسڤی دایەوە کە حەزناکات هیچ غەوارەیەك، چ لاسارو چ سەلار بیٚ، لەماڵەکەیدا جیٚ بکاتەوە. گوتم خۆ منیش غەوارەم. بەرسڤی دایەوە کە لە هەوەڵەوە دەیزانی دەتوانیٚ متمانەم پیٚ بکات . بزەیەکم بۆ کرد. پاش ئەوە شێوازی خۆی گۆڕی. گوتی ڕۆژیٚ دیٚ لەوە ژێوان دەبمەوە کە ئەم کەسەم هێناوەتە ماڵەوە. لێم پرسی چۆن دەزانی، بزەیەکی بۆ کردو هیچی تر.

ئەلهەقی خۆیشم نەمدەزانی بۆچی ئەوەندە مکووڕم لەسەر ئەوەی (ك) بێنمە لای خۆمو بیکەم بە شەریکی ژوورەکەم. بەڵام هەستم دەکرد ئەگەر وا نەکەمو مانگانە یارمەتیەکی نەختی بدەم، ڕەنگە یارمەتییەکەم لێوەرنەگرێت. کەسێکی ئەقڵیەت سەربەخۆ بوو. بۆیە پێموابوو باشتر وایە بیهێنمە ماڵەکەی خۆمو بیکەم بە شەریکی ژوورەکەم و بە دزی ئەوەوە، پارەیەکی زیاتر بە ئوکوسان بدەم تا خواردنمان بۆ ئامادە بکات. بەڵام نەمویست باسی ئاستەنگی دارایی (ك) بۆ ئوکوسان بکەم.

بە هەرحاڵ، من جەختم لەسەر ئەوە کردەوە کە (ك) نەخۆشەو حەزدەکەم ئاگام لێی بێت. گوتم ئەگەر بە تەنیا بژی بێگومان ڕۆژ بە ڕۆژ خراتر دەبیٚ. باسی ئەو کێشانەی (ك)م بۆ ئوکوسان کرد کە دەگەڵ زڕ داكو بابەکەیدا تووشی بووەو چۆن لە ئەنجامدا کەسوکار دەریان کردووە. گوتم بۆیە حەزم کردووە بیهێنمە لای خۆم، تا گەرمو گوڕییەك بە ژیانی ساردوسڕو ترسناکی ببەخشم. ئیدی پرسیم ئاخۆ ئوکوسانو ئوجوسان دەتوانن چاویان لێی بێتو ئەو سۆزەی بدەنیٚ کە زۆری پێویستە. ئوکوسان، ئیعترازی زیاتری نەگرت. هیچ شتێکم لە مەڕ ئەم دانوستانە بۆ (ك) نەگێڕایەوە. بەوە خۆشحاڵ بووم کە هیچی دەربارەی ئەو قسانە نەدەزانی کە سەبارەت بە هاتنی ئەو بۆ ماڵەکەمان کردبوومان. بۆیە زۆر بە ئاسوودەییو بیٚ منەتی هاتو منیش بە شێوازی ئاسایی خۆم پێشوازیم کرد.

ئوکوسانو ئوجوسان جانتاکانیان لەگەڵدا کردەوە، زۆر بە سۆز بوون لەگەڵیا– هەرچەندە (ك) لە باری دەروونییەوە هەر وەکو خۆی بوو– بەڵام من زۆر دڵخۆش بووم، چونکە هەستم کرد، لە ڕووی ڕێزو حورمەتەوە هاوسۆزی دەگەڵ (ك)دا دەکەن.

کە ڕەئی (ك)م دەربارەی ماڵە تازەکە پرسی، تەنیا ئەوەندەی گوت کە "خراپ نییە" بەڕاستی وەڵامەکەیم لە دڵ گران بوو، چونکە وەڵامێکی ناشایستە بوو، بە تایبەتی تا ئەو کاتە لە ژوورێکی پیسی شێداری ڕوو لە باکوور دەژیا. خواردنەکەشی وەکو ژوورەکەی پیس بوو.

ئەوەندەی من دەمزانی لە قولایی دۆڵێکی تاریکەوە دەرهێنرا بوو بۆ لوتکەی چیایەکی روناکی هەتاوگیر. هەڵبەتە بەشێك لەم بیّ موبالاتیو خەمسارییەی زادەی نەژنەویو سەرسەختیو عینادییەکەی بوو، بۆیە ئەو گۆڕانەی بە هەند نەگرت، من دەمزانی کە بە تەبیعەت کەسێکی خەمساردو بیّ موبالاتە. جا چونکە لە سایەی کاریگەریی باوەڕێن بووزیەتدا گەورە بوو بوو، پێدەچوو ڕێزی ئاسوودەیی مادی بە جۆرە نەمرییەك بزانیّ.

لەلایەکی تریشەوە چونکە چیرۆکانی لەمەڕ گەورە ڕەبەنو کەشیشانی کۆنی نەسرانییان خوێندبووەوە، فێری ئەوە بوو بوو جەستەو روح بە دوو قەوارەی ئەوتۆ بزانیّ کە بە تۆبزی لێکدی جیا بکرێنەوە. بەڕاستی هەندێجار وا بیری دەکردەوە کە پێویستە لە پێناوی شکۆو جاویدانی ڕوحدا، بە سەختی مامەڵە دەگەڵ جەستەدا بکرێت.

بڕیارم دا باشترین شت ئەوەیە کە خۆم لە هەر گەنگەشەو موناقەشەیەکی بدزمەوەو، بڕیارم دا پارچە سەهۆڵەکە لەبەر هەتاو بە جیّ بێڵمو چاوەڕوان بکەم تا دەتوێتەوەو دەبێت بە ئاوێکی فێنك. ئیدی پێموا بوو هەنگیّ دەکەوێتە دیتنی شێوازە هەڵەکانی خۆی.

*

ئوکوسان هەمان مامەڵەی جارانی دەگەڵ دەکردم. بەرە بەرە پتر گەشامەوەو دڵم خۆش بوو کە هەستم بە کاریگەریی ئەرێنی ئەم مامەڵەیەی ئوکوسان دەگەڵ خۆمدا کرد، بڕیارم دا هەمان مامەڵە دەگەڵ (ك) بجەڕبێنم. دەمێك بوو هەستم بەوە کردبوو کە دەزانێت جیاوازییەك لە نێوان کەسێتی هەردووکماندا هەیە، بەڵام لە دڵی خۆدا گوتم مادامێکی بە هۆی تێکەڵاویمەوە دەگەڵ ئەم ماڵەدا، رادەی هەڵچوونەکانم هاتووەتە خواریّو کەم بووەتەوە، دیارە دەبیّ (ك)یش لە سایەی کەشوهەوای ئەم ژیانە تازەیەدا کەمێك هێور ببێتەوە.

(ك) ئیرادەیەکی لە من بە هێزتری هەبوو، بێگومان دوو هێندەی منی خوێندبووەوە، ئەمە جگە لەوەی هەر بە تەبیعەت لەمن زیرەکتر بوو. بەڵام ناتوانم زۆر شت دەربارەی ئاستی ئەکادیمی ئەو لە زانستگەدا بڵێم، چونکە لە دوو ڕشتەی جیاواز دەمانخوێند، بەڵام لە ئامادەییو کۆلیجدا کە لەیەك پۆلدا بووین، هەمیشە لە پێش منەوە بوو. بە ڕاستی وام لێهاتبوو، لە هەموو شتێکدا خۆم لە (ك) بە کەمتر دەزانی. بەڵام کاتیّ کە باسی ئەوەم دەگەڵ کرد بگوازێتەوەو بێت دەگەڵ مندا ئاکنجی ببێت، پێموابوو بۆ یەکەمجار من لەو ماقووڵتر بیرم کردەوە. وام هاتە بەرچاو کە نەیتوانی هەست بە جیاوازی نێوان عینادیو سەبر بکات. جا دەمەویّ هەنووکە باش گویّ لە قسەکانم بگریت.

مەبەستم لەم قسانە قازانجی تۆیە –گەشەکردن– یان داروخانی–جەستەو ئەقڵی مرۆڤ بەندە بە ئەنگێزە دەروونییەکانییەوە. جا ئەگەر پیاو زۆر وریا نەبیّو زوو فریای خۆی نەکەوێت ئەنگێزەو سۆنگە دەروونییەکان بەرە بەرە زیاد دەکەنو دەئالۆزکێن. پاشان، دوای ئەوەی کار لە کار دەترازیّ ئەوسا بۆی دەردەکەویّ کە جەستە یان ئەقڵی پوکاوەتەوە. بە گوێرەی بۆچوونی پزیشکان، گەدەی مرۆڤ لە هەموو شتێك گرینگترەو هیچ شتێك هێندەی گەدەی مرۆڤ شایستەی بایەخ پێدان نییە. بۆ نموونە جگە لە شۆربا هیچ شتێکی دیکە بە گەدە مەدە، ڕۆژێك دیّ بە

ئاشکرا ئەوەت بۆ دەردەکەوێ کە جگە لە شۆربا توانای هەرەسکردنی هیچ شتێکی دیکەی نییە. لەبەر ئەمەیە پزیشکان داوامان لێدەکەن گەدەی خۆمان لەسەر هەموو جۆرە خواردنێك ڕابێنین. بەڵام من پێموایە مەسەلەکە هەر راهێنان نییە، بەڵکو پتر زیادکردنی توانای گەدەیە لە رێگەی مونەبیهاتی بەرە بەرەوە. جا بۆ خۆت تەسەوربکە ئەگەر کردەکە پێچەوانە بکرێتەوە ئەنجام‌و کاریگەرییەکەی چ دەبێت، (ك) لە من بە تواناتر بوو، بەڵام پێدەچوو ئەم حەقیقەتە سادەیە نەبینیێ. پێی وابوو: مرۆڤ هەر ئەوەندەی زەحمەتە تا لەسەر مەینەت‌و مەشەققەت‌و دژوارییان رادیێ، ئیدی نایبینیێ. بەڕای ئەو دووبارە کردنەوەی مونەبیە بۆ خۆی شتێکی باشە. وا بزانم پێی وابوو رۆژێ دیێ هەست بە مەشەقەت ناکات. هەرگیز ئەوەی بە ئەقڵا نەدەچوو کە ئەم شتە لە ئەنجامدا وێرانی دەکات، لە بەینی دەبات.

ویستم هەموو ئەم شتانە بە (ك) بڵێم. بەڵام دەمزانی بە توندی بەرپەرچم دەداتەوەو دژم دەوەستیێ. لە دڵی خۆدا گوتم بێگومان بەدەم گەنگەشەوە ئاماژە بۆ پیاوانی ڕابردوو دەکات‌و بە نموونەیان دێنێتەوە. جا چونکە لە هەنبەریا کەسێکی حەلیم‌و بە حیلم بووم، هەنگیێ ناچار بووم ئاماژە بۆ جیاوازی نێوان ئەوو ئەوان بکەم. بەڵام ئەوە بە لۆمە دەزانێت‌و لە جاران توندتر دەبێت بۆ ئەوەی هەقانیەتی بۆچوونی خۆی بسەلمێنیێ. دوای ئەوەی ئەمە دەکات هەنگیێ هەست دەکات ناچارە ئەوە تەتبیق بکات کە لە موناقەشەکەیدا دەگەڵ منا، بەرگری لێدەکرد. لەم ڕووەوە زۆر ترسناك‌و کاریگەر بوو. یانی بە تاسەوە بەرەو وێرانکردنی خۆی دەچوو. بەڵام هەرچۆنیێ سەیرت کردبا، کەسێکی ئاسایی نەبوو. بە هەرحاڵ، بەڕادەیەك کەسێتی ئەوم دەناسی کە نەمدەتوانی بیێ پەردەو راستگۆیانە بیرکردنەوەی خۆمی پیێ بڵێم. ئەوەی زیاتر لێی دەترسام ئەوە بوو لەو دوایيانەدا تووشی دەروون ئاڵۆزی بوو بوو، دەترسام ئەگەر لە گەنگەشەدا بیبەزێنم، زیز ببێت‌و بتۆرێت. لەوە نەدەترسام شەڕی لەگەڵ بکەم، بەڵام کاتیێ ئەوەم بیردەکەوتەوە کە تەنیایی چ ئازارێکی دام، زات ناکەم (ك)ی برادەرم بخەمە گۆشەگیرییەکی ترسناکی وەکو ئەوەوە کە خۆمی تێکەوتبووم، یان تووشی تەنیاییەکی زۆر خراپتر لەو تەنیاییەی بکەم کە خۆم جەڕباندم. بۆیە، تەنانەت پاش ئەوەش کە گواستیەوە لای من، هەوڵمدەدا بە ئاشکرا گلەیی لە رەفتاری نەکەم. لێبڕام بە کاوەخۆ چاوەڕوان بکەم تا بزانم گۆڕینی ژینگەکە چ باندۆرو کاردانەوەیەکی لەسەری دەبێت.

*

بە دزییەوە چوومە نك ئوکوسان‌و ئوجوسان‌و داوام لێکردن تا دەتوانن زیاتر (ك) بدوێنن. چونکە پێموابوو ئەو ژیانی بێدەنگییەی کە (ك) تا ئێستا بەسەری بردبوو، کارێکی نەرێنی کردبووە سەر دەروونی. وام هەست دەکرد دڵی، وەکو پارچە ئاسنێك، بە هۆی بەکار نەهێنانەوە ژەنگی هەڵێناوە.

ئوکوسان بەدەم پێکەنینەوە گوتی: (ك) لەو کەسانەیە کە ناشێت لێیان نزیك ببیتەوە. بۆ نموونە ئوجوسان هەڵوێستێکی خۆی دەگەڵ (ك)دا بۆ گێرامەوە. ئوجوسان چوو بوو بۆ لای (ك)و لێی پرسی بوو کە ئاخۆ ئاگردانەکەی ئاگری تێدایە یان نا.

گوتبووی: "نەخێر"

- باشە، ئاگرت ناوێ؟
- نەخێر، سوپاس.
- هەست بە سەرما ناکەیت؟
- با، لێ پێویستم بە ئاگر نییە.

ئیدی ڕەفزی کردبوو لەوەی پتر لەسەری بڕوات.

کاتێ کە ئەم ڕووداوەیان بۆ گێڕامەوەو گوتیان "کەسێکی ئەتوار غەریبە، وا نییە؟" هیچم بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ پێبکەنم، هەستم دەکرد، وەسفێکی پڕ بە پێستی خۆیەتی. ئەلهەقی دنیا بەهار بوو، ئاگر زۆر پێویست نەبوو. بەڵام نەمدەتوانی هیچ گلەییەك لە جووتە خانم بکەم کە پێیان وابوو (ك) کەسێکی توش‌و دژوارە.

ئەوپەڕی توانای خۆم خستە کار کە دەوری میانچییەکی هەمیشەیی بدینم تا پەیوەندییەکی باش لە نێوان (ك)و جووتە خانمدا چێبکەم. ئەگەر وا ڕێکەوتبا کە دەگەڵ (ك)دا قسان بکەم، داوام لە جووتە خانم دەکرد بەشداری قسەکانمان بکەن. یان ئەگەر بە ڕێکەوت دەگەڵ جووتە خانمدا بام، هەوڵم دەدا (ك) لە ژوورەکەی بێنمە دەرێ‌و بێت لەگەڵ ئێمەدا دانیشێت. بۆ هەر دەرفەتێك شێوازێکی تازەم هەڵدەبژاردو بە گشت توانایەکی خۆمەوە هەوڵمدەدا پێکەوە کۆیان بکەمەوە. هەڵبەتە (ك) ئەمەی پێ خۆش نەبوو. هەندێجار لە ناکاودا هەڵدەستاو بێ چ قسەیەك مەجلیسەکەی بە جێ دەهێشتین. هەندێجار کە بانگم دەکرد، لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرێ. جارێکیان لێی پرسیم: "بۆچی لەزەتێکی زۆر لە قسەی پووچ‌و بێ سوود دەبینی؟" هەرچەندە لە ناخی دڵەوە دەمزانی سووکایەتی پێکردووم، بەڵام تەنیا بە ڕوویا پێکەنیم‌و هیچی تر.

یانی، لەوەیە من شایستەی ئەم سووکایەتییە بووبم، بۆچوونی وی لە هەموو شتێکدا لە بۆچوونی من باڵاتر بوو. من نکۆڵی لەمە ناکەم. جا ئەگەر بەرزێتی تەنیا لە بۆچوونی بەشەردا بێت، هەنگێ وەکو ئینسان هیچ ئومێدێکی لێناکرێ. بۆیە بڕیارم دا ئەوەی کە ئەو بەر لە هەر شتێك پێویستی پێیەتی مرۆڤدۆستییە، ببێ بە کەسێکی ئینسانی. ئەوەم بۆ بە دیارکەوت سەری مرۆڤ چەند پڕ بێت لەوێنەی شکۆو شکۆداری، ئەگەر بەر لە هەر شتێك مرۆڤدۆست نەبێ، هیچ فایدەیەکی نییە، وەکو هەوڵێك بۆ ئەوەی بیکەم بە کەسێکی مرۆڤدۆست تر، پاشان هەوڵمدا کە زۆرترین وەخت دەگەڵ جووتە خانمدا بەسەر بەرێت. پێموا بوو، هەرکە لەگەڵ ئەو هاماج‌و جەوەدا ڕاهات کە حوزری ژنان دەیخولقێنێ، لە گۆشەگیری دەردەچێت‌و کەمێك دەبوژێتەوە.

دیار بوو تاقیکردنەوەکەم بەرە بەرە سەری گرت. ئەوەی لە سەرەتاوە زۆر ئاسێ دەهاتە بەرچاو، ئاسان‌و ئاسانتر بوو. پێموا بوو (ك) فێری ئەوە بوو دان بە بوونی دنیایەکی غەیرەز دنیایەکەی خۆیدا بنێت. ڕۆژێکیان پێی گوتم ژنان ئەو سووك‌و قێزەونانە نین کە پیاو تەسەوری دەکات. (ك) هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوو لە ژنان کە هەمان زانیاری‌و ڕۆشنبیریی پیاوانیان هەبێت. کە لە ژنان نائومێد دەبوو ئیدی بە چاوی سووکەوە تەمەشای دەکردن. نەیدەزانی شێوازی حوکمدان لەسەر ژن شتێکەو شێوازی حوکمدان لەسەر پیاو شتێکی ترە: پێمگوت:

ئەگەر منو تۆ، باقی تەمەنمان بە سەڵتیو بە دەم قسانەوە بەرینە سەر، ئەوا بە دوو هێڵی راستی هاوتەریب، لە ژیانا دەچینە پێش." گوتی: "بێگومان.". لەو کاتەدا بیرم بە ئوجوسانەوە مژول بوو، دیارە بیرو هزرەکانم لە باندۆرو کاریگەریی ئەم حەقیقەتە بەدەر نەبوو. بەڵام تاقە وشەیەکم دەربارەی هۆی بنەڕەتی ئەم ئاماژەیە، بە (ك) نەگوت.

زۆرم پێخۆش بوو کە دەمبینی خەریکە وردە وردە لە قەڵای کتێبەکانی دێتە دەرێو دڵی لە گومانو ڕاڕایی پاك دەبێتەوە. هەڵبەتە لە سەرەتاوە بەو ئومێدە هێنامەماڵەوە بۆ لای خۆم، بۆیە ئاسایی بوو دڵم بە سەرکەوتنی نەخشەکەی خۆم خۆش بێت. بە دزی (ك)وە بە ئوکوسانو ئوجوسانم گوت زۆرم دڵ بەوە خۆشە کە دەبینم گۆڕاوە. هەستم کرد ئەوانیش دڵیان بەمە خۆشە.

*

هەرچەندە منو (ك) خوێنکاری هەمان کۆلیج بووین، بەڵام بابەتی خوێندنەکەمان جیاواز بوو. بۆیە لە کاتی جیاوازدا لە ماڵ دەردەکەوتینو بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە. ئەگەر من لە پێش ئەودا بۆ ماڵ گەڕابامەوە لە ڕاستیدا بە ناو ژوورەکەی ئەودا دەڕۆییشتم تا بگەمە ژوورەکەی خۆم، خۆ ئەگەر بە ڕێکەوت لە دوای ئەو بگەڕابامەوە، هەنگێ یەك دوو وشەی ڕەوتەنیم بە گوێیدا دەدا. (ك) کە گوێی لەوە دەبوو کە خەریکم دەرگاکە دەکەمەوە، هەر کتێبێکی لەبەر دەست بوایە سەری هەڵدەبڕیێ و وەڵامی سڵاوەکەمی دەدایەوەو دەیگوت "ئێستا دێیتەوە؟" یان بە بێدەنگی سەرم بۆی دەلەقاند یان دەمگوت "بەڵێ"و بەلای مێزەکەیدا تێدەپەڕیم.

ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت بە دەم ڕێوە بۆ ماڵ، چووم بۆ (کاندا)، بۆیە لە ڕۆژان درەنگ تر گەڕامەوە. بە پەلە بەرەو دەرگاکەی پێشەوە ڕۆییشتم، دەرگاکەم کردەوە، دەنگێکی کەمی لێوە هات. هێشتا لەو کارە نەبوو بوومەوە، گوێم لە دەنگی ئوجوسان بوو. دڵنیا بووم دەنگەکە لە ژوورەکەی (ك)وە دێت. ژوورەکەی ئوجوسان کەوتبووە پشت هۆڵەکەوە ،کە لە بەرانبەری ژووری دانیشتندا بوو. ژوورەکەی (ك) کەوتبووە سەمتی چەپی ژووری دانیشتنو ژوورەکەی من لە دوای ژوورەکەی (ك) دەهات. ماوەیەکی زۆر بوو لەو ماڵە دەژیامو هەر دەنگێك بهاتبایە دەمزانی لە کوێیەوە دێت. بەلەز دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخست. ئوجوسان لە قسە کردن وەستا. لە زەرفی ئەو ماوەیەدا کە پێڵاوەکانم داکەندو– نەعلە قورسە قەیتاندارەکانم، کە لەو ڕۆژگارەدا باوی بوو– لەپێ کردن، هیچ دەنگێك لە ژوورەکەی (ك) نەما. پێم سەیر بوو. کەوتمە بیری ئەوەی ڕەنگە من هەڵە بووبم. بەڵام کە دەرگای ژوورەکەی (ك)م کردەوە گوتی: "ئێستا دێیتەوە ؟" بەڵام ئوجوسان لە جێی خۆی هەڵنەساو بە دانیشتنەوە گوتی: "بەخێر بێیتەوە." هەرچەندە ڕەنگە وانەبێ، بەڵام جۆرە ساردییەکم لە مەرحەباکەیدا هەست پێکرد. پێم سەیر بوو کە سەدای دەنگی تا ڕادەیەك نا ئاسایی بوو. بە ئوجوسانم گوت "ئوکوسان لە کوێیە؟" پرسیارەکەم بە هیچ نیازو مەبەستێکی خراپ نەبوو. بۆیە ئەو پرسیارەم کرد چونکە کپیو کڕییەکی نائاسایی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشابوو.

دەرکەوت کە ئوکوسان لە ماڵ نەبوو. دەگەڵ کارەکەرەکەدا دەرچوو بوو. (ك)و ئوجوسان بە تەنیا لە ماڵەوە بوون. ئەمەم پێ سەیر بوو. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئوکوسان منو ئوجوسانی لە ماڵەوە بە تەنیا جێنەهێشتبوو. لە کاتێکا من لە (ك) کۆنتر بووم دەگەڵیاندا. لە ئوجوسانم پرسی ئاخۆ ئوکوسان بە کاری زەرووری و پەلە دەرچووە، هەموو وەڵامەکەی پێکەنینێك بوو. زۆر رقم لەو ژنانە بوو کە لەو جۆرە کاتانەدا پێدەکەنین. پێموایە پیاو دەتوانێ چاوپۆشی لەم عەیبە بکاتو بەو چاوە تەمەشای بکات کە ئەوە عادەتی باوی هەر کیژێکی گەنجە. بە هەرحاڵ، ئوجوسان، پێکەنینی لەسەر پێ بوو، بە توڕەهاتترین شت پێدەکەنی. کاتێ کە ئوجوسان، جددیەتی سیمای بەدی کردم، بە خۆدا هاتەوەو گوتی نەخێر هیچ کارێکی زەرووریو بەپەلە لە ئارادا نەبوو. جا چونکە من کرێچی وان بووم، بە ماق خۆمم نەدەزانی پرسیاری زیاتری لێبکەم. بۆیە هیچی ترم نەگوت.

چوومە ژوورەکەی خۆم، هێشتا جلەکانم بە تەواوی دانەکەند بوو کە ئوکوسانو کارەکەرەکە گەڕانەوە. دوای ئەوە بەماوەیەکی کەم خوانی فراڤین کۆی کردینەوە. بەر لەوەی بە تەواوەتی وبە باشی ئەم بنەماڵەیە بناسمو تێکەڵاویان ببم، عادەت وا بوو هەموو ژەمێك بەشە خواردنی منی دەخستە سەر سینییەكو بۆی دێنام بۆ ژوورەکەم. بەڵام زۆر زوو قۆناغی کرێچیاتیم بڕیو کردیانم بە یەکێك لە خۆیانو هەموو ژەمێکم دەگەڵ ئەوان دەخوارد. بۆیە کاتێ کە (ك)م هێنایە لای خۆم، داوام لێکردن بۆ نان خواردن بانگی بکەنو دەگەڵ ئێمەدا نان بخوات. جا بۆ ئەوەی ئەو داوایەی منیان زۆر لەبەر گران نەبێت، مێزێکی سووکەڵەی دارم کڕی کە قاچەکانی دەنووشتایەوە. ئەو جۆرە مێزە ئێستا لە هەموو ماڵێکدا هەن، بەڵام ئەوسا دەگمەن بوون. کەم ماڵ هەبوون ئەو جۆرە مێزەیان هەبێ. زۆرم لەخۆ کرد ئەوجا توانیم بیکڕم، یەکێك لە وەستایەکانی (ئوتشا نومیزو) بە تایبەتی بۆی دروستکردم.

لە کاتێکا هەموو لە دەوری ئەو مێزە دانیشتبووین، ئوکوسان پێی گوتم ئەو ڕۆژە ماسی فرۆشەکە لە کاتی خۆیدا نەهاتبوو، بۆیە چوو بوو بۆ بازاڕ تا هەندێ ماسییمان بۆ بکڕێت. لە دڵی خۆدا گوتم: بەڵێ! باشە کە کرێچی هەیە بۆ شتی وەها دەکات. ئوجوسان تەمەشایەکی کردمو دەستی بە پێکەنین کرد. بەڵام کە دایکی سەرزەنیشتی کرد یەکسەر پێکەنینەکەی بڕی.

*

جارێکی دیکە، پاش نزیکەی هەفتەیەك، کە بۆ ماڵ گەڕامەوە سەیرم کرد (ك)و ئوجوسان لە ژوورەکەی (ك) دان قسان بۆ یەکتر دەکەن. ئوجوسان کە چاوی بە من کەوت دەستی بە پێکەنین کرد. پێموایە دەبوو ئەوسا پێی بڵێم بۆچی پێدەکەنی. بەڵام لە جیاتی ئەوە بەبێ ئەوەی ورتەم لێوە بێت، یەکسەر خۆم وەژوورەکەی خۆمدا کرد. دەرفەتی (ك)م نەدا وەکو هەمیشە بڵێ "ئێستا هاتیتەوە ؟" دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، گوێم لێ بوو ئوجوسان بۆ ژووری قاوەڵتی گەڕایەوە.

دوای فراڤین، قەناعەتم بە (ك) هێنا کە پێکڤە بچینە پیاسەو گەڕان. لە پشت پەرستگەی (دینزوین)ەوە بە ڕێکەوتین و بە دەوری بێستانەکەدا سووڕاینەوەو بەرەو قوڵایی نشێوەکەی (تومیزاکا) داگەڕاین. پیاسەیەکی تارادەیەك دوورو درێژ بوو، بەڵام بە درێژایی ئەوە ماوەیە زۆر

کەم قسانمان کرد. (ك) بە تەبیعەت لە من کەمدووتر بوو. هەروەها منیش کەسێکی سوێرە قسە نەبووم. بەڵام لەم بۆنەیەدا ویستم قسەیەکی دەگەڵ بکەم. زیاتر مەبەستم ئەوە بوو دەربارەی ئەم خانەوادەیە قسە بکەین کە دەگەڵیان دەژیاین. دەمویست بزانم (ك) چۆن دەڕوانێتە ئوکوسان‌و ئوجوسان. بەڵام وەڵامەکانی زۆر ئاڵۆزو گۆنگ بوون، بە هەرحاڵ وێڕای ئاڵۆزیانیش تا ڕادەیەك کورت‌و سادە بوون. پێدەچوو مەسەلەی خوێندنەکەی خۆی بەلاوە گرینگتر بێ تا مەسەلەی جووتە خانمەکە. بەڕاستیش تاقیکردنەوەکانی ساڵی دووەم نزیك دەبوونەوە، پێموایە لە روانگەی کەسێکی ئاساییەوە، (ك) لە من زیاتر لە خوێنکار دەچوو. لە بیرمە کە ئاماژەی بۆ سویدنبرگ‌و شوێنانی دی دەکرد سەرم سوڕ دەما. من کەسێکی پەیگیر نەبووم.

کە تاقیکردنەوەکانمان سەرکەوتووانە بڕی، ئوکوسان بە دەرچوونمان زۆر خۆشحاڵ بوو و گوتی: "زۆر چاکە، تەنیا یەك ساڵتان ماوە." چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە ئوجوسانیش بەو زووانە تەخەروج بکات کە هەموو ئاواتێکی ئوجوسان ئەوە بوو. (ك) پێی گوتم، ئافرەتان کە تەخەروج دەکەن پێناچێت هیچ شتێك فێر بووبن. کەمترین بایەخی بۆ ئەو شتانە دانەدەنا کە ئوجوسان لە دەرێی قوتابخانە فێریان دەبوو، وەکو کوتو( جۆرە سازێکی وەکو گیتارە) و ڕێکخستنی گوڵان‌و خەیاتی. ئێکەنینم بە گەوجێتی ئەوهات. جارێکی دیکە پێمگوت ئەمجۆرە حوکمدانە لەسەر ئافرەتێك کارێکی ناپەسەندە. هیچ موناقەشەیەکی نەکردم. لەوەش نەدەچوو قەناعەتی بە قسەکەم هێنابێت. ئەوەم بەلاوە خۆش بوو. ئەو هەڵوێستەیم بەوە لێکدایەوە کە مەسەلەکەی بەلاوە گرینگ نییەو بە شایستەی موناقەشەی جددی نازانێت‌و ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە بە چاوی سووك دەڕوانێتە ژنان. ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی، کە ئوجوسان بەلای منەوە نموونەی مێیاتی بوو، بەلای (ك)ەوە بایەخێکی زۆر کەمی هەیە. دیار بوو کەمێك غیرەم لە (ك) دەکرد. پێشنیازم بۆ (ك) کرد، پێویستە هەر یەکەمان لە ماوەی پشووی هاویندا بۆ شوێنێ سەفەر بکەین. گوتی زۆری دڵ بەوەوە نییە کە تۆکیۆ بە جێ بێڵێ. هەڵبەتە لە وەزع‌و حاڵێکدا نەبوو بتوانێ بۆ هەر شوێنێکی بوێ، بڕوات، بەڵام ئەگەر من دەعوەتم بکردایە ڕەنگبوو دڵی نەرم ببێت. لێم پرسی بۆچی دڵی بە سەفەرەوە نییە. گوتی هیچ هۆیەکی تایبەتی نییە، تەنیا ئەوەیە دەیەوێ بمێنێتەوەو کتێبان بخوێنێتەوە. گوتم باشتر وایە، هەر بۆ سەلامەتی خۆمان بڕۆین بۆ سەیرانگەیەکی فێنك و لەوێندەر کتێبان بخوێنینەوە. پێی گوتم ئەگەر ئەوە هۆی سەفەرەکەم بێ، بۆم هەیە بە تەنیا بڕۆم. بەڵام حەزم نەدەکرد بە تەنیا لە ماڵەوە بە جێی بێڵم. بە گومانەوە دەمڕوانییە ئەو ئولفەتەی دەگەڵ جووتە خانمدا پەیدای کردبوو. ڕەنگە بپرسیت "باشە خۆت ئەوەت نەدەویست؟ بە خۆت (ك)ت بە سەریاندا نەدا؟" هەڵبەتە گەوج بووم. کە ئوکوسان بینی بە خۆمان ناتوانین بسازێین، کەوتە بەینەوەو یارمەتی داین کە خۆمان ساغ بکەینەوە. ئەنجام بڕیارمان دا هەردووکمان بۆ کەناری (بوشو) بڕۆین.

*

(ك) سەفەری زۆری نەکردبوو، ئەمە یەکەم سەفەری من بوو بۆ (بوشو) جا چونکە شتێکی ئەوتۆمان دەربارەی ئەم بەشەی گوند نەدەزانی، زۆر بەلەز لە کەشتیەکە دابەزین. جوان لە بیرمە

کاتێکمان زانی خۆمان لە شوێنێکدا بینیەوە پێیان دەگوت (هوتا). ڕەنگە ئێستا ئەو شوێنە گۆڕا بێت، بەڵام ئەوسا گوندێکی درێوی ڕاوە ماسییان بوو. بۆنی ماسی بە هەموو لایەکدا بڵاو بوو بووەوە، هەرکاتێ بمان ویستبایە خۆبشۆین شەپۆل خۆی پێدا دەکێشاین‌و بەردو کەڤری گەورەمان وێدەکەوت، کە لە ئاوەکە دەردەکەوتین، پێستی دەست‌و لاقمان داماڵا بوو.

زۆر زوو لەو شوێنە وەڕەز بووم. بەڵام (ك) نە پێی خۆش بوو نە پێی ناخۆش بوو. هەرچەندە بەبێ ڕوشان لە ئاوەکە دەرنەهات، لێ پێدەچوو، زۆر گوێی لەم ژینگەیەی نەبێت. لە ئەنجامدا توانیم قەناعەتی پێ بێنم کە (هوتا) شوێنێکی نا پەسندە، ئەوێمان بەرەو (تومیورا) بە جێهێشت. لەوێشەوە ڕۆییشتین بۆ (ناکو). بە شێکی کەنارەکەی ئەوێندەر پڕ بوو لە خوێنکاران، ئیدی بە ئاسانی شوێنی لەبارمان بۆ گەشت‌و گوزار دۆزییەوە. زۆرجار من‌و (ك) لەسەر تاوێرەکانی نزیکی کەنارەکە دادەنیشتین‌و چاومان دەبڕییە دەریاکە، کە تا ئەو دیوی ئاسۆ درێژ دەبووەوە. دیمەنی ژێر تاوێرەکان جوانیەکی تایبەتی هەبوو. ماسی ڕەنگاو ڕەنگی بریقەدارمان بینی، هەندێکیان سوورو هەندێکیان شینی تۆخ بوون، لەو جۆرانە بوون کە پیاو لە بازاڕی ماسی فرۆشاندا نەیدەبینین، زۆر جار کتێبم دەگەڵ خۆدا دەبردو لەوێ لەسەر تاوێرەکان دەمخوێندەوە. کەچی (ك) هیچی نەدەکردو بە بێدەنگی لە نزیکمەوە دادەنیشت. ئیدی لێم ئەسەح نەبوو کە (ك) خەریکی ڕامانە، یان مەستی جوانییەکەی دەوروبەریەتی یان زندەخەونان دەبینێ. ناو بەناو چاوم هەڵدەبڕی‌و لێم دەپرسی کە چ دەکات. دەیگوت "هیچ". زۆرجار لە دڵی خۆدا دەمگوت چەند خۆش دەبوو ئەو کەسەی کە بە هێمنی لەلامەوە دانیشتووە (ك) نەبوایە، بەڵکو ئوجوسان بوایە. بۆ نەگبەتی ئەم بیرکردنەوەیە گومانێکی وەهای خستە دڵمەوە کە لە خۆم دەپرسی ئاخۆ (ك) کە لەوێ دانیشتووە، غەرقی هەمان بیروخەیاڵە کە من خەونم پێوە دەبینی. هەنگێ تووشی نیگەرانی دەبووم‌و هیچ لەزەتێکم لەو کتێبە نەدەبینی کە دەمخوێندەوەو بە دەنگی بەرز دەکەوتمە هاوار. ئیدی سوکناییم بەوە نەدەهات هەست‌و سۆزی ئاسایی خۆم بەخوێندنەوەی قەسیدەیەك یان چڕینی گۆرانییەك دەربڕم. لە جیاتی ئەوە وەکو کێوییەکی بەرەڵڵا هاوارم دەکرد. جارێکیان لە پشتەوە ملی (ك)م گرت‌و گوتم: "ئەگەر بتخەمە دەریاکەوە چ دەکەی؟" (ك) لە جێی خۆی نەبزووت. بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە گوتی: "شتێکی زۆر باشە. تکایە ئەو کارە بکە." بە پەلە دەستم لەسەر ملی لابرد.

هەنگێ پێدەچوو (ك) بەرەو باشی بچێت‌و ئەو عەسەبیەتەی جارانی نەمێنێ. کەچی من بەرە بەرە بەرەو دەمارگرژی دەچووم. بەغیلیم بە (ك) دەبرد کە لە من هێمنتر بوو. بوغزاندم. ئەوەی بێتاقەتی دەکردم ئەوە بوو هەرچیەکم دەکرد گوێی نەدەدامێ. ئەمەم بە نیشانەی متمانە بە خۆبوونی (ك) لێك دەدایەوە. کەچی ئەم متمانە بە خۆبوونەی (ك) لەم دواییانەدا، جۆرە ڕەزامەندییەکی خستە دڵ‌و دەروونمەوە. ئاخۆ بەڕاستی وجارێکی دی کەوتە ئەوەی دڵی بە خوێندنەکەی‌و بەکاروباری ئایندەی خۆش بێت؟ ئەگەر وابێت، ئەوا پێویست ناکات هیچ هەڤڕکییەکمان لە نێواندا بێت. بە ڕاستی کە دەمبینی هەوڵەکانم دەگەڵیا بە فیڕۆ نەچووە دڵم خۆش دەبوو. بەڵام لەوە دەترسام ئەم چاکبوونەی بە هۆی تەماسی دەگەڵ ئوجوساندا بێت،

مەحاڵ بوو بتوانم ئەمەی لێ قەبووڵ بکەم. پێدەچوو (ك) وەکو پێویست بەوە نەزانێ کە چەندم ئوجوسان خۆش دەویست. هەڵبەتە بە خۆیشم بە تەواوەتی ئەو خۆشەویستیەم دەرنەدەبڕی بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم کە (ك) لەو مەسەلانەدا هەستیار نەبوو. هەڵبەتە دەبێ دان بەوەشدا بنەم بۆیە وەختی خۆی وەکو پێویست سڵم لەوە نەکردەوە کە بیهێنمە لای خۆمان، چونکە هەستم دەکرد لە مەسەلەی ئافرەتدا هەستیار نییە.

*

بڕیارم دا ئەم نهێنیو رازەی خۆم بە (ك) بڵێم. لە راستیدا ماوەیەك بوو دەمویست ئەم کارە بکەم. بەڵام هەستم دەکرد کاتێ کە قسانم دەگەڵ (ك) دا دەکرد، نەمدەتوانی دەرفەتێکی لەبارو گونجاو بڕەخسێنم تا بە شێوەیەکی ڕەوتەنیو ئاسایی مەسەلەکەی پێ بڵێم. جا کە ئێستا بیرلە مەسەلەك دەکەمەوە، هەست دەکەم برادەرەکانی ئەوسام تا ڕادەیەك گۆنگ غەریب ئەتوار بوون، تاقە کەسێکیان تیا نەبوو، بە ڕاشکاویو بێ پەردە موناقەشەی کێشە رۆمانسیەکانی خۆی بکات. پێموایە ژمارەیەکی زۆریشیان هیچ شتێکیان نەبوو تا باسی بکەن. بە هەرحاڵ لەوە دەچێت عادەت وا بووبێ کە هیچ نهێنییەکی دڵداری خۆیان بە یەکتر نەڵێن. دیارە تۆ کە لە جەوێکی ئازادتردا پەروەردە بوویت، دەبێ ئەوەت بەلاوە سەیرو غەریب بێت. جا ئیدی ئەمە زادەی رێنماییەکانی کونفوشیزم بووبێ یان شەرمنۆکی خۆمان، ئەمە بە خۆت بڕیاری لەسەر بدە.

من و (ك) دوو دۆستی گیانی بە گیانی بووین، شتمان لێکدی نەدەشاردەوە، بە دەگمەن شت هەبوو بە ڕاشکاویو بێ پەردە موناقەشەی نەکەین، لە هەندێ بۆنەی کەمدا باسی خۆشەویستیو ڤیانیشمان دەکرد، بەڵام لە قسەی رووت تێنەدەپەڕی. وەکو گوتم بە دەگمەن موناقەشەی ئەو شتەمان دەکرد. بە دەگمەن لە باسی کاروباری ئایندە و هیواو ئاواتو خەمی خوێندنو کتێبانو ئەو بابەتە شتانە دەردەچووین. هەرچەندە دوو برادەری باش بووین، بەڵام دۆستایەتیەکەمان زیاتر دۆستایەتیەکی ڕواڵەتی فورماڵی بوو و زۆر زەحمەت بوو بتوانم دیواری ئەم فۆرمالیەتە ببەزێنم. ئیدی دۆستایەتیەکەمان ئەم شەقڵەی وەرگرتبووو و نەماندەتوانی لەوەی پتر لێکدی نزیك ببینەوە تەنیا لە سنوورێکی زۆر تەنگدا نەبێت. زۆرجار دەهاتمە سەر ئەوەی باسی ئوجوسانی بۆ بکەم، بەڵام هەمیشە ژێوان دەبوومەوە چونکە دیوارێکی بتەومان لە نێواندا بوو. زۆرجار، لە کاتی نائومێدیدا، هەستم دەکرد، حەزم لێیە لە شوێنێکەوە کەلێنێك، درزێك بخەمە سەریەوە ، تا لەوێندەرەوە شنەیەکی ناسكو فێنك هەڵبکاتو بێت.

هەڵبەتە هەر هەموو ئەمانە لە ڕوانگەی تۆوە سەخیف دێنە بەرچاو. بەڵام من ئەوسا، ئەو دەمە لە عەزابێکی گەورەدا دەژیام. هەمان ترسی ئەوسام لە دڵدا بوو کە لە تۆکیۆ بووم. زۆر بە وردی کەوتمە چاودێری (ك) بەو ئومێدەی دەرفەتێکم بۆ بڕەخسێنێ تا رازی خۆمی بۆ بدرکێنم. بەڵام بۆ تاقە جارێکیش لە خەڵوەتی خۆی نەهاتە دەرێ. وەك ئەوەی دڵی بە خەتمێکی رەش سواخ درابێتو خەتمەکە لەوە ئەستوورتر بێت، خوێنی گەرم بیبڕێت. هەندێجارش دڵم بەوە خۆش دەبوو کە هەندێ هزری خویاو مەردانەم لێی دەبینی. پەشیمان دەبوومەوە لەوەی کە جارجار

گومانم لە کەسێکی وەکو ئەو دەکرد، لە دڵی خۆدا داوای بوردنم لێدەکرد. هەنگێ گلەیی ئەو دڵڕەشییەم لە خۆ دەکرد. بەڵام ئەم هەستی تاوانباریەم زۆری نەدەخایاند. هەمان گومانەکانی جاران هێرشیان بۆ دەهێنامەوە. لەم جۆرە کاتانەدا خۆم دەگەڵ (ك) بەراورد دەکرد، هەڵبەتە بەراوردێکی نادادوەرانە، چونکە ئارەزووی بەراورد زادەی گومانە. لە دڵی خۆدا دەمگوت ئەسەح دیمەنی لە من باشترە، تەبیعەتیشی کە لە من ئارامتر بوو، زیاتر مایەی سەرنجی جێندەری دووەمە. بەڵام سەبارەت بە سا ئەقڵیەکەی، ئایا ژنان بە نیشانەی قوەتی پیاوێتی لە قەڵەم نادەن؟ راستە ئێمە ڕشتەی جیاوازمان دەخوێند، بەڵام من باش دەزانم، لە ڕووی توانای زەینییەوە هاوتای ئەو نەبووم. ئیدی لە دڵی خۆدا بڕیارم دا کە من لە چاو ئەودا کەسێکی مایەی سەرنج نیم، ئیدی دەمو دەست ترسەکەی جارانم شوێنی ئاسودەییە رەوتەنییەکەمی دەگرتەوە.

(ك) هەستی بە وەزعو حاڵی ناجێگیرم کردو گوتی بەش بە حاڵی خۆی لاری لەوە نییە بۆ تۆکیۆ بگەڕێینەوە. کە ئەو قسەیەی کرد، لە پڕ بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ تۆکیۆم لەبەر چاوکەوت، بوو بە شتێکی قێزەون. حەزم نەدەکرد بگەڕێتەوە. بە هەرحاڵ بڕیارمان دا لەسەر سەفەرەکەمان بەردەوام بین. چووین بۆ دەشتی (بوشو). لە ژێر باری گەرمای هەتاوی ناوەڕاستی هاویندا درێژەمان بە گەشتەکەمان دا. هەستم کرد ئەمە کارێکی بێ مانایە، بە شێوەیەکی نیمچە کۆمیدی گوزارشتم لەو بێ ماناییە کرد. (ك) وەڵامی دایەوە "ئێمە بۆیە دەڕۆین چونکە لاقمان هەیە." کە گەرما زۆری بۆ هێناین، جلەکانمان داکەندو خۆمان بە دەریاکەدا دا. دەمەو ئێوارێ، بە هۆی مەلەو گەرمای بەتینەوە، لە پەل و پۆ کەوتین.

*

هەڵبەتە گەشتو گەڕانێکی وەها قورس، کار لە جەستەی مرۆڤ دەکات. دیارە ئەم حاڵەتە جەستەییە لە نەخۆشی ناچێت. لە ڕاستیدا پیاو وا هەست دەکات روحی پەناگەیەکی غەریبی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە. وەکو جاران قسەم دەگەڵ (ك)دا کرد، بە شێوەیەکی ئاسایی قسەم دەگەڵ کرد، بەڵام هەست وشعورم جۆرە گۆڕانێکی بەسەردا هات، حەزو ڕقم دەرهەق بە (ك) بە هۆی ئەم پیادە گەشتەوە گۆڕا. مەبەستم ئەوەیە پەیوەندییەکانمان، ڕەنگە بە هۆی گەرماو مەلەو پیادەرەوییەوە بووبێ، بە شێوەیەکی کاتی ئاستێکی جیاوازتری وەرگرت. دەتگوت دوو چەرچین و دوای گەڕانێکی زۆر بە رێکەوت لە رێگەو باندا یەکیان گرتووە. قسەمان دەگەڵ یەکدا کرد، بەڵام هیچ شتێکی گرینگی جددیمان باس نەکرد.

بەو شێوەیە، ئەنجام گەییشتینە (تشوشی)، وێڕای ئەوەش یەك ڕووداوی ڕێزپەڕ، ڕووی دا کە تا ئێستاش هەر لە بیرم ماوە. بەر لەوەی لە (بوشو) دەرچین، لە شوێنێکدا وەستاین کە پێی دەگوترا (کومیناتو)و چووین بۆ تەمەشای (کەنداوی تای*) تا ئەو کاتەو بە درێژایی ساڵانێکی زۆر هەرگیز گوێم بەو شتانە نەدابوو، بۆیە زۆر باشم لە بیر نییە، بەڵام پێدەچێ (نیتشیرین*) لە (کومیناتو) لە دایك بووبێ. بە گوێرەی ئەفسانەیەکی ناوچەیی لە کاتی لە دایك بوونیا، دوو ماسی (تاو) هەڵدرابوونە کەناری ئاوەکە. ئیدی دێهاتیانی دەڤەرەکە، لەبەر خاتری ئەو ئەفسانەیە چیتر ڕاویان لە کەنداوی ناڤبری دا نەکرد بوو. جا چونکە بیستبوومان کەنداوەکە لەو سۆنگەیەوە

پڕە لە ماسی، بەلەمێکی چکۆلەمان بەکرێ گرت و بەرەو دەریا ڕۆییشتین تا تەمەشای ئەو ماسیانە بکەین. دیمەنی ژێر ئاوەکە مەستی کردم، هەستم دەکرد هەرگیز لە تەمەشای ئەو ماسییە وەنەوشەییانە کە لە ژێر شەپۆلەکاندا دەسوڕانەوە، تێر نابم. لەوە دەچوو (ك) وەکو من حەز لە ماسی نەکات. پێدەچوو بیر لە (نیتشیرین) بکاتەوە. لە گوندەکەدا پەرستگەیەکمان بینی بە ناوی (تانجوجی*) پێموایە بۆیە ئەو ناوەی لێنرابوو، چونکە (نیتشیرین) لەوێندەر لە (کومیناتو) لە دایك بوو بوو. بێگومان پەرستگەیەکی گرینگ بوو. (ك) گوتی دەیەوێ ڕەبەنی یەکەم بدینێ. ڕاستت دەوێ ئەو دەمە جل و بەرگمان شەپڕێوو شڕۆڵە بوو. دیمەنی (ك) زۆر حەیابەرە بوو، کاتێ کە بە کەنارەکەدا ڕێمان دەکرد، با شەپقەکەی فڕاند. بۆیە شەپقەیەکی حەسیری لەسەر بوو. جلەکانمان تۆزاوی بوو و بۆنی ئارەقەیان لێدەهات. بە (ك)م گوت باوەڕ ناکەم ڕەبەن و کاهینەکان پێشوازیمان بکەن. بەڵام دایە تای عینادیو بە گوێی نەکردم. " گەر ناتەوێ بێیتە ژوورەوە دەتوانی لێرە چاوەڕوان بکەی" کە گەییشتینە بەر دەرکەی پەرستگەکە ئەو قسەیەی کرد. ناچار دەگەڵیا چووومە هۆڵەکەی پێشەوە. دڵنیا بووم کە پێشوازیمان ناکەن.. بەڵام من هەڵە بووم، بۆم دەرکەوت کە کاهینان بە شێوەیەکی گشتی لەوە دڵاواترن کە پیاو تەسەوری دەکات. بردیانینە ژوورێکی جوانی گەورەو لەوێندەر گەورەی کاهینان پێشوازی کردین. ئەو سەردەمە خولیای من جیاوازبوو لە کەڵکەڵەو خولیای (ك). بۆیە بە جددی گوێم لە قسەکانی (ك)و کاهینەکە نەگرت، بەڵام چاکم لە بیرماوە کە (ك) پرسیاری زۆری دەربارەی (نیتشیرین) کرد.

کاتێ کاهینەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە نیتشیرین مامۆستایەکی گەورە بوو لە خۆشنووسی پیتێن پەیوەستی چینیدا، لە بیرمە (ك) کە خۆشنووسێکی چکۆلە بوو، بە پەستییەوە تەمەشای کرد. پێموایە ئەم حەقیقەتانەی بەشتێکی سانەوی و کەم بایەخ دەزانی. دیارە، بە تەمابوو کاهینەکە شتێکی لەوە زیاتر دەربارەی ئەو پیاوە مەزنە بڵێ. نەمزانی (ك) لەم هەڤپەیڤینە رازی بوو یان نا: بە هەرحاڵ کاتێ لە پەرستگەکە وەدەرکەوتین، کەوتە باسی نیتشیرین. چونکە زۆر شەکەت و ماندوو بووم. زۆر گوێم نەدایە،و کۆمێنتەکانم ساردو سڕ بوون. ئەنجام دەمم لێك ناو هیچ قسەیەکم نەکرد.

وا بزانم موناقەشەکەمان بۆ سبەی ئێوارە هەڵگرت. نانمان لە ئوتێل خواردو خۆمان بۆ نووستن ئامادە کرد. ئەوەم بۆ دەرکەوت، لەسەر ئەوەی کە دوێنێ، وەکو پێویست گوێم بە با س و قسەکانی دەربارەی نیتشیرین نەدابوو، لێم پەست بوو، بۆیە کەوتە هێرش کردن بۆ سەرم،و دەیگوت هەر مرۆڤێك خولیاو کەڵکەڵەی روحی نەبێت گەوجە. خەمی ئوجوسان بەنجۆرێ باڵی بەسەرا کێشا بووم و ئەوەندەی هەستم بەوە دەکرد، هەستم بە تانەو تەشەرەکانی (ك) نەدەکردو کەوتمە بەرەڤانی لە خۆم.

*

لە بیرمە بەردەوام وشەی (مرۆڤدۆستی)م بۆ بەرگری لە هەڵوێستی خۆم و هێرش کردنە سەر هەڵوێستی ئەو بەکار دەبرد. (ك) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە من لاوازییەکانی خۆم بەو وشەیە

پەردەپۆش دەکەم. ئێستا، هەست دەکەم کە هەق بەو بوو، ڕاستی دەکرد. بەڵام من کە هەوڵم دەدا لە سنووری خۆیدا رایگرم، دژایەتیو دژمنکاری بەرادەیەك بەسەرما زاڵ بوو نەمدەتوانی دەربارەی خۆم بابەتی بم. لە جاران توندتر بووم. لە کۆتاییدا لێی پرسیم باشە بۆچی بە نائینسانی (نامرۆڤانی) دەزانم. پێمگوت بە حەقیقەت مرۆڤانییە (انسانی)، لەگینە زۆریش مرۆڤانی بێت، بەڵام پیاو هەرگیز ئەوە لە قسەکانییەوە هەڵناهێنجیٚ. هەروەها پێمگوت کە ئەو هەوڵدەدات بە شێوەیەکی نائاسایی و جیاواز لە خەڵکی ڕەفتار بکات.

کە ئەو قسەیەم کرد، ئیدی موناقەشەی نەکردم. تەنیا ئەوەندەی گوت کە کێماسی پەروەردەیی ئەو کردوویەتیە کارێك کە من ئەو بۆچوونە کاڵوکرچەم دەربارەی هەوڵەکانی هەبێت. ئەم سەرنجە وای لێکردم ژێوان ببمەوە لەو قسەیەی کە کردم. هەنگیٚ دەستم لە گەنگەشەو موناقەشە هەڵگرت، تۆنی دەنگی (ك) هێمن تر بوو. بە خەمبارییەوە گوتی: "تۆ ئەگەر پیاوانی ڕابردووت وەکو من دەیانناسم، بناسیبایە، بەو جۆرە ڕەخنەت لێنەدەگرتم." هەڵبەتە ئەو پیاوانەی ڕابردوو کە ئەو ئاماژەی کردنیٚ، بە مانا تەقلیدییەکەی قارەمان، قارەمان نەبوون، بەڵکو خواناسانێك بوون زوڵمیان لە بەدەنی خۆ کردبوو لە پێناوی ئازادی روحیاندا، بە دەنی خۆیان دارکاری کردبوو بەو ئومێدەی ڕێگا بدۆزنەوە. گوتی "چەند حەزدەکەم لە کولو کۆڤانی من بگەیت".

منو (ك) چوونە نێو جێگای خۆمان، خەوتین. بۆ سبەینیٚ، جارێکی دی ملی ڕێگەمان گرت، ڕێگای سەختو پڕ پێچو دەوران، پەیوەندی نێوانمان، وەکو پەیوەندی دوو چەرچی سەر ڕێگایانی لێهات. بەدەم ڕێوە، ناو بە ناو، بیرم لە گەنگەشەو موناقەشەکەی دویٚ شەومان دەکردەوەو نەفرەتم لە خۆ دەکرد کە بۆچی ئەو دەرفەتە لە بارەی دوێنیٚ شەوم لە دەست داو، رازەکەی خۆمم پیٚ نەگوت. لە دڵی خۆدا گوتم دەبوایە راشکاوتر بام، لە جیاتی ڕەخنەی ئەوەی لیٚ بگرم کە کەسێکی نامرۆڤانیە، دەبوایە زۆر ڕاشکاوانە هۆی ڕاستەقینەی خەمینییەکەی خۆمی پیٚ بڵێم. ئوجوسان، چاوگی ژانو ئازارەکانم بوو، بەرژەوەندی تایبەتی من لەوەدا بوو کە هەوڵنەدەم ئەم راستییە لە ژێر عومومیاتی نیمچە ڕاستەقینەدا وەشێرم. بەڵام دەبیٚ دان بەوەشدا بنەم کە دۆستایەتیەکەمان مۆرکێکی ئەقڵانی وەرگرتبوو و زاتی ئەوەم نەبوو بە ئاشکرا دژی ئەم جۆرە دۆستانەتیە جێگیرە بوەستم. ڕەنگە تۆ لەلای خۆتەوە هۆی ئەم لاوازییەی من بگێڕیتەوە بۆ جۆرە خۆپەسندیو لووتبەرزییەکی دەستکرد. پێم باشە بەخۆت ئەمە ساغ بکەیتەوەو بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە خۆپەسندییەکی ئاسایی نییە. کە گەڕاینەوە بۆ تۆکیۆ هەردووکمان لەبەر گەرمای هەتاودا ڕەش داگەڕابووین. هەنگیٚ حاڵەتی زەینیم گۆڕا، ئەو ترسەی جارانم لە (ك) نەما، ئەویش روحیەتە ئاینییەکەی جارانی نەما. پێموایە کێشەی جەستەو روح وەکو جاران نیگەرانی نەدەکرد. وەکو دوو کێوی ڕوانیمانە دیمەنی قەرەباڵغی دەوروبەری خۆمان. لە خوارنگەی (رایوگوکو) لاماندا، هەرچەندە دنیا گەرم بوو، بەڵام خۆمان لە ژەمە مریشکێکی باش مرکرد. وا دیار بوو ئەم ژەمە خۆراکە تینو تاوێکی بە (ك) بەخشی بێت، بۆیە پێشنیازی کرد تا (کویشیکاوا) بە پێیان بڕۆین. من لە ڕووی بونیادی جەستەییەوە بە داروبارتر بووم، یەکسەر قاییل بووم.

که ئوکوسان بینینی باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد. نەك هەر تاوەسووت بووبین‌و ڕەش داگەڕابووین، بەڵکو پیادەڕۆیی تەواو لاوازیشی کردبووین. کە وەخۆ هاتەوە، بە میهرو لوتفەوە گوتی سیحەتتان باش دیارە. ئوجوسان بە دەم پێکەنینێکی تەوس ئامێزەوە بە دایکی گوت: "تۆ ڕێك پێچەوانەی قسەکەی خۆت دەکەیتەوە". هەستم بە شادی کرد، ئەوەم لە بیرکرد کە کاتێ لە تۆکیۆ دەرچووم لێی پەست بووم. بە هەرحاڵ، دەمێك بوو نەم دیتبوو، پێموایە بۆنەیەکی خۆش بوو.

*

زوو بە زوو هەستم کرد شێوازی ئوجوسان بەرانبەر بە من گۆڕا. دوای ئەم دابڕانە دوورو درێژە، دەبوایە زۆر شتان بکرایە، تا سەر لە نوێ ئارام بگرین‌و بگەڕێینەوە دۆخەکەی جارانمان. هەردوو خانم کەوتنە یارمەتی دانمان. هەڵبەتە ئوکوسان زیاتر بە خەممانەوە بوو. ئەوەی زیاتر دڵی خۆش کردم ئەوە بوو کە ئوجوسان زیاتر لە خەمی من و پێویستیەکانی مندا بوو تا لە خەمی (ك)دا بێت، خۆ ئەگەر ئەو کارەی بە شێوازێکی زبر کردبا بێگومان نەك هەر دەپەشۆکام، بەڵکو ناڕەحەت‌و بێزاریش دەبووم. بەڵام هەستێکی هێندە جوانی دەربڕی کە سەراپا میهرو مەحەبەت بوو، کە ئەمە زۆری دڵ خۆشکردم. دەگەڵ هەردووکماندا بە لوتف بوو، بەڵام لەگەڵ مندا بە لوتف تر بوو، لوتفێکی وەها هەر من هەستم پێدەکرد. بۆیە هیچ پێویست بەوە نەبوو کە (ك) بێتاقەت ببێ. سەبارەت بە منیش هیچ شتێکی نا ئاسایی ڕووی نەدا. بەسەر (ك)دا سەرکەوتم، دڵم پڕ بوو لە هەستی سەرکەوتن.

ئەنجام هاوین تەواو بوو، لە دەوروبەری نیوەی ئەیلولدا دەستمان بە دەرس و دەوامی زانستگە کردەوە. ئەمجارەش خشتەی دەوامەکەمان جیاوازبوو، لە کاتی جیاوازدا دەڕۆییشتین‌و دەهاتینەوە. لە بیرمە (ك) لە هەفتەیەکدا سێ جار لە پێش مندا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، بەڵام بە درێژایی ئەو چەند هەفتە کەمەی سەرەتای ساڵی خوێندن، لە کاتی گەڕانەوەما بۆ ماڵ، بۆ تاقە جارێکیش ئوجوسانم لە ژوورەکەی ئەودا نەبینی. (ك) هەموو جارێ بە شێوازە باوەکەی خۆی "ئێستا هاتیتەوە؟" پێشوازی دەکردم، وەڵامەکەی منیش زۆر میکانیکی‌و ڕۆتینی‌و سادەو تەقریبەن بێ مانا بوو.

بەیانییەك- وا بزانم دەوروبەری ناوەڕاستی مانگی ت١ بوو- لە خەو مام: فریا نەکەوتم جلکی زانستگە لەبەربکەم، بۆیە بەلەزو بە جلێکی ژاپۆنییەوە، وەدەرکەوتم. لە جیاتی قۆندەرەی قەیتاندار، جووتێ نەعلم لە پێ کرد. ئیدی بە ڕێکەوت، لەو ڕۆژەی هەفتەدا، دەرس‌و محازەرەکانم لە پێش محازەرەکانی (ك)دا تەواو دەبوو. بۆیە کە بۆ ماڵ گەڕامەوە پێموابوو (ك) هێشتا بۆ ماڵ نەگەڕاوەتەوە. کە دەرگای پێشەوەم کردەوە گوێم لە دەنگی (ك) بوو. ئەوسا گوێم بە سەدای پێکەنینی ئوجوسان زرینگایەوە. جا چونکە ئەو ڕۆژە نەعلم لە پێدا بوو، نەك قۆندەرە کە کردنەوەی قەیتانەکانی ماوەیەکی زۆری دەویست، یەکسەر خۆم بە ژوورەکەی (ك)دا کرد. بینیم (ك) وەکو هەمیشە لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتووە. بەڵام ئوجوسان لەوێ نەبوو ڕێك لە کاتی خۆیدا وەژوور کەوتم و بە چاوی خۆم دیتم کە بە پەلە دەچووە دەرێ، لە (ك)م پرسی بۆچی

زوو گەڕاوەتەوە: گوتی کەمێك نەساغ بووە، بۆیە بڕیاری داوە لە ماڵ بمێنێتەوەو نەچێتە دەوام. چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، دانیشتم. دوای چەند دەقیقەیەکی کەم ئوجوسان بە کوپێك چایەوە هات، گوتی "بەخێرێیتەوە." زۆر پەست بوومو بە دەمییەوە پێنەکەنیمو بە تەشەرەوە گوتم "بۆچی هەنووکە خۆت لێ دزیمەوە؟" هەڵبەتە لەوانە نەبووم، رووداوێکی وەها بە هەند نەگرم. تەنها دەقیقەیە دووان لەلام مایەوەو ئەوسا هەستاو لە رێگەی بانیژەکەوە لە ژوورەکەم وەدەرکەوت. لە دەرێی ژوورەکەی (ك) وەستاو یەك دوو قسەیەکی دەگەڵدا کرد. وا بزانم ئەو قسەیەیان تەواو کرد کە بە هۆی هاتنەوەکەی منەوە بڕی بوویان. جا چونکە ئاگام لە پێشینەی قسەکەیان نەبوو، نەمتوانی بە مەزەندە پەی بە نێوەڕۆکی قسەکەیان ببەم.

ئوجوسان، بەرەبەرە دایە تانی بێ موبالاتی، هەستم کرد، لە جاران زیاترو ئاشکراتر روو دەداتە (ك). تەنانەت ئەگەر منیش لە ماڵ بوایەم، لە بانیژەکەوە بانگی (ك)ی دەکردو پاشان دەچووە ژوورەکەیو تاماوەیەکی زۆر پێکەوە قسانیان دەکرد. رەنگە بپرسیت: باشە خەڵکانێك لە یەك ماڵدا بژین دەتەوێ چۆن رەفتار بکەن؟ هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بڵێم زۆر زەحمەت بوو ئوجوسان بتوانێ بە ژوورەکەی ئەودا تێنەپەڕێت، ئەمە جگە لەوەی دەبوایە هەندێ شتی وەکو نامەو جلە ئوتوکراوەکانی (ك) بەرێت بۆ ژوورەکەی. بەڵام من کە ئەوم بە موڵکی خۆم دەزانیو دامنا بوو تەنیا دەگەڵ مندا میانەی هەبێت، هەستم دەکرد زیاد لە پێویست (ك) دەبینێ. هەندێجار بە دەست خۆم نەبوو هەستم دەکرد بە ئانقەست خۆی لە من دووردەگرێت تا دەگەڵ (ك)دا بێت. رەنگە بپرسیت "کە وایە بۆ داوات لێنەدەکرد لە ماڵەکە بڕوات؟ بەڵام من بە خۆم (ك)م ناچار کرد بێتە لای منو لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەگەڵ مندا بژی. بۆیە دەبووە عەیبەو نەدەکرا داوای لێبکەم بار بکاتو لە ماڵەکە بڕوات.

*

رۆژێکی باراناوی ساردی رۆژانی مانگی تشرینی دووەم بوو، وەکو هەمیشە بە رێگای پەرستگەی (کونیاکو- ئیما)دا بەرەو ماڵ وەڕێکەوتم، بەو باریکە رێگەیەدا هەڵگەڕام کە بۆ ماڵ دەڕۆیی. پاڵتۆکەم تەڕی تەڕ بوو، لە سەرما دانەچۆقەم پێ کەوتبوو. (ك) لە ماڵ نەبوو، هێشتا ئاگرێکی باش لە مەقلیەکەیدا بوو. بەو ئومێدەی ئاگرێکی وەکو ئەمە لە مەقەڵیەکەی خۆمدا بدینم، بەلەز بۆ ژوورەکەی خۆم چووم. لە کاتێکا بە تەمای کۆمەڵێك کەڵە پشکۆی سوور بووم، جگە لە خۆڵەکەوەیەکی ساردی سپی هیچی ترم نەبینی. زۆر پەست بووم. پاشان گوێم لە دەنگی پێیان بوو کە بەرەو ژوورەکەم دەهات. ئوکوسان بوو. من لە ناوەندی ژوورەکەمدا، بە پێوە وەستا بووم. بێگومان بەزەیی پێمدا هاتبووەوە، چونکە وەژوورکەوتو یارمەتی دام کە جلەکانم بگۆڕمو جلێکی ژاپۆنی لەبەر بکەم. کە گوتم سەرمامە، خۆی بە ژووورەکەی تردا کردو بە مەقەڵیەکەی (ك)ەوە گەڕایەوە. کە لە ئوکوسانم پرسی ئایا (ك) لە پێش مندا گەڕا بووەوە، گوتی بەڵێ، بەڵام دیسان دەرچوو. لەو رۆژەدا دەرسو وانەکانی (ك) لە دوای دەرسو وانەکانی من تەواو دەبوون، بۆیە پێم سەیر بوو کە لە پێش مندا گەڕا بووەوە. ئوکوسان گوتی رەنگە کارێکی هەبێتو بیەوێ جێبەجێی بکات.

دانیشتم‌و هەوڵم دا دەست بە خوێندنەوە بکەم. هیچ دەنگێك لەماڵەکەوە نەدەهات. وا دیار بوو سەرمای زستانی زوو وهەستی تەنیایی لە سەراپای بەدەنم نیشتبوو. کتێبەکەم فڕێ داو هەستام. جا ئەوە بزانە کە ئارەزوویەکی کوتوپڕ بەرۆکی گرتم کە بڕۆم بۆ شوێنێك وبایەکی باڵی خۆم بدەم. باران خۆشی کردەوە، بەڵام دنیا هێشتا سارد بوو، هەوری توند قوڕقوشم ئاسا بەری ئاسمانی گرتبوو. بڕیارم دا بچمە دەرێ، چەترەکەم دەگەڵ خۆدا برد. بە گردەکەدا، بەرەو رۆژهەڵات‌و شان بە شانی دیواری پشتەوەی (ئەرسنال) داگەڕام. ئەوسا شارەوانی هێشتا نەنچوو بووە ژێر باری چاککردنی رێگاو بانەکانی ئەو ناوچەیە، بۆیە ئەوسا لێژگەکە زۆر لە ئێستا ڕکتر بوو. هەروەها ریگاکەشی تەسکتر بوو وەکو ئێستا ڕاست نەبوو. جا چونە زێرابەکان خراپ بوون‌و بینای بەرز لە دەستی باشوورەوە بەری ڕۆژیان دەگرت، کاتێ گەییمە دۆڵەکە سەیرم کرد رێگاکە یەکپارچە قوڕاوە. رێگاکە لە نێوان پردە بەردینە تەسکەکەو (یاناگیتشو)دا هەر زۆر خراپ بوو، دەبوایە، تەنانەت ئەگەر جزمەشت لە پێدا بوایە، زۆر ئاگات لە خۆ بێت. دەبوایە حیساب بۆ هەر هەنگاوێکت بکەیت.تیلماسکە رێیەکی زۆر تەسك کە باش کوترا بووەوە، لە ناوەڕاستی رێگاکەدا هەبوو، ئەو تیلماسکە رێیە تا ڕادەیەك وشك بوو، دەبوایە زۆر بە وریایی رێ بکەی تا بەرەو پاش نەخزێی. پانی ئەم تولەرێیە لە یەك دوو پێیان پتر نەبوو، یان رێکردن بەم رێیەدا وەکو ئەوە بوو شاڵی ئافرەتێك بە درێژایی رێگاکە ڕاخرابێت‌و تۆ بە سەریا بڕۆیت. رێبواران بە هێواشی‌و یەك لە دوای یەك، تا قولەپێیان لە قوڕا، ملی ئەم رێیەیان گرت، جا لەسەر ئەم تولەڕێیە تووشی (ك) بووم. هەستم پێنەکرد کە بەرەو من دەهات، چونکە هەموو هۆش‌و گوشم لای رێگەکە بوو. کە کەسێکم لە بەردەم خۆدا بینی، سەرم هەڵبڕی‌و رێك (ك)م لەبەردەم خۆدا بینی. لێم پرسی "لە کوێ بوویت؟" بە شێوازە وشك‌و کورتەکەی خۆی وەڵامی دایەوە "لە رێگا بووم". بە زەحمەت لە یەکدی تێپەڕین. پاشان سەیرم کرد کچێکی گەنج بە یەك دوو شەقاوێك لە دوایەوە رێ دەکات. جا چونکە کورتبین بووم دەبوایە جوان لێی ورد ببمەوە تا بزانم کێیە، چی ببینم! ئوجوسان بوو. کەمێك تەریق بووەوەو سڵاوی لێکردم. لەو سەردەم‌و رۆژگارەدا کیژان پەرچەمیان بەسەر هەنیەدا بەر نەدەدایەوە، بەڵکو وەکو مار پێچپیان پێ دەداو لەسەر سەریان کۆیان دەکردەوەو دەیان بەست. لە جێی خۆم وەستام و بە چاوانی ئەبڵقەوە ڕوانیمە سەری. پاشان بیرم کەوتەوە کە دەبێ یەکێکمان کەمێك لاکەوێت تا ئەویترما تێپەڕێ. بە پەلە لاکەوتم‌و بەناو قوڕەکە کەوتم، بەو ئاوایە رێی ئوجوسانم کرد کە بەلاما تێپەڕێت.

ئەنجام گەییمە شەقامە سەرەکییەکەی (یاناگیتشو)، بەڵام کە گەییمە ئەوێندەر سەیرم کرد ناتوانم بڕیاری ئەوە بدەم بۆ کوێ بڕۆم. پێدەچوو بەلامەوە گرینگ نەبێ بۆ کوێ بچم. بە توڕەیی‌و بێ هیچ هەدەفێك بە ناو قوڕاوەکە کەوتم، گوێم لەوە نەبوو، قوڕام پێدا هەڵدەپڕژێ یان نا. دوای ئەوە بۆ ماڵ رۆیپشتمەوە.

*

پرسیارم لە (ك) کرد کە ئایا دەگەڵ ئوجوساندا دەرچوو بوو. وەڵامی دایەوە نەخێر،و لەسەری رۆیی کە گوایە بە رێکەوت لە (ماساگوتشو) دیتویەتی‌و ئیدی لەگەڵیا بۆ ماڵ هاتووەتەوە. ئیدی

دەبوا جڵەوی خۆم بگرمو لەوەی پتر پرسیاری لێنەکەم. بە هەرحاڵ لە کاتی شیڤدا خۆم پێنەگیراو لە ئوجوسانم پرسی کە عەسری ئەو ڕۆژە کێوە چوو بوو، بە پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە، ئەو پێکەنینەی کە زۆرم لە دڵ گرانە. ئەوسا گوتی: "بە مەزەندە هەڵی بێنە." ئەو ڕۆژگارە، کەسێکی یەجگار هەستیار بووم، زۆرم لەبەر گران بوو کە کیژۆڵەیەك بەو شێوە زبرە مامەڵەم لە تەکدا بکات. ئوکوسان، تاقە کەسی سەر مێزەکە بوو کە هەستی بەوە کرد. (ك) وەکو هەمیشە بێ موبالات دیاربوو. بەڵام سەبارەت بە ئوجوسان نەمتوانی لەوە دڵنیابم کە ئاخۆ بە ئانقەست سەری دەکردە سەرمو نارەحەتی دەکردم، یان بە دڵسافییەوە شۆخیم دەگەڵ دەکات. وەکو کچێکی گەنج، بەشێوەیەکی گشتی مدارای هەستی خەڵکی دەکرد، بەڵام نکۆڵی لەوەش ناکرێت، کە هەندێ خەسڵەتی هەر کچێکی گەنجی دیکەی تیا بوو، کە من پێم خۆش نەبوون. ئەوەی سەیر بوو، پاش ئەوەی (ك) گواستیەوە نك ئێمە، ئەوسا هەستم بەو خەسڵەتانە کرد. لە دڵی خۆدا گوتم ڕەنگە ئەم خەسڵەتانە زادەی خەیاڵی من بنو هۆیەکەی ئەوە بێ کە غیرە لە (ك) دەکەم، یان ڕەنگە حەقیقەت بنو زادەی نازو کریشمەی کچۆڵەیەك بێ لە حوزووری دوو پیاودا. جا با ئەوەت بیر بخەمەوە کە بە تەما نیم نکۆڵی لەو ڕاستیە بکەم کە من کەسێکی بە غیرە بووم. وەکو زۆرجار پێمگوتوویت، ئەوسا ئوجوسانم زۆر خۆش دەویستو غیرەیەکی زۆرم دەرهەقی هەبوو. لەوەش زیاتر، لەبەر شتی وەها غیرەم دەکرد کە بێگومان بەلای خەڵکانی ترەوە تووڕەهاتو بێ مانا دەیاننواند. هەرچەندە خەریکە لە بابەتە سەرەکییەکە دەردەچم، بەڵام تۆ پێت وانییە ئەمجۆرە حەسوودیو غیرەیە هەمزادو دەرهاویشتەی خۆشەویستیو ڤیان بێت؟ چونکە دوای زەماوەندو ژنهێنان هەستم کرد بەرە بەرە هەستی غیرەو غیرەکردنم لەلا کەم بووەوە. هەروەها هەستم کرد خۆشەویستیو ڤیانم هەرگیز وەکو جاران تیژ و گەرم نییە.

جارێکی دی، کەڵکەڵەی ئەوەم کەوتە سەر کە گرێی دڵم بۆ ئەو بکەمەوە، مەبەستم لە ئەو ئوجوسان نییە، بەڵکو مەبەستم ئوکوسانە. جارێکی دی کەوتمە خولیای ئەوە کە خوازگاری ئوجوسان لە دایکی بکەم. بەڵام نەمتوانی باسی مەسەلەی زەماوەندی دەگەڵدا بکەم. هەڵبەتە بە کەسێکی ڕاڕاو وازوازیم لە قەڵەم دەدەیت. ئەگەر ئەوە مەزەندەت بێ، ئەوا مەزەندەکەت زۆر نیگەرانم ناکات. ئەوەی گەرەکمە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە ئەم ڕاڕاییەم لە بێ جورئەتیەوە نەبوو. بەر لەوەی (ك) بێت بۆ نك مە، لەوە دەترسام بێمە خاپاندن، بۆیە نەمدەوێرا سەبارەت بە ئوجوسان لە دایکی، واتە لە ئوکوسان نزیك ببمەوە. پاش هاتنی (ك) گومانی ئەوەی کە ئوجوسان ئەو بەسەر مندا پەسند دەدات، بووە هۆی ساردبوونەوەم. ئیدی کەوتمە بیری ئەوەی، کە ئەگەر ئوجوسان ئەوی لە من پێ مەبەست تر بێ، چ پێویست دەکات خۆشەویستی خۆم ئاشکرا بکەم.

هەڵبەتە نابێ وا زەن بکەی کە لە ریسوایی و ئابڕووچوون دەترسام. بە کورتیەکەی حەزم نەدەکرد ببمە شەریکی ژنێك کە ژێراو ژێر کەسێکی دی بەسەر مندا پەسند بدات. من دان بەوەدا دەنەم زۆر پیاو هەن فریوی جوانی ژنان دەخۆن وبە خواستنیان شادمان دەنوێنن ، بێئەوەی گوێ بەوە بدەن کە جێندەرەکەی دی پێیان قایلە یان نا. جا من قەناعەتی تەواوم بەوە هەبوو کە

ئەو جۆرە پیاوانە یان لە من زیاتر شارەزای تەبیعەتی بەشەرن‌و دڵ‌و دەروون‌و کەڵکەڵە بەشەرییەکانیان لە من پاکترو چاکترە، یان گێل‌و سووك‌و ریسوان‌و لە سروشتی راستەقینەی ڤیان‌و خۆشەویستی غافڵن. هەروەها لە خۆشەویستیمدا ئەوەندە رۆمانتیکی بووم بۆ نموونە سروش‌و سەرۆی ئەوەم بە خۆ بەخشی بوو کە هەرکاتێ زەماوەند بکەین، ئیدی هەموو کێشەکان ئاوا دەبن‌و نامێنن. بە گوتەیەکی دی قەناعەتم بە خۆشەویستی هەبوو، بەڵام وەختێ پەیم بەوە برد کە خۆشەویستی هەڵوێستێکی بنجبڕ لە من دەخوازێت، کەوتمە دوو دڵی‌و ترسام وتا رادەیەك کەوتمە مراوەغە.

هەڵبەتە لەو ماوە درێژەدا کە لەیەك ماڵدا بردمانە سەر، زۆر بۆنەو دەلیڤان هاتنە پێشێ کە دەمتوانی ڕاستەوخۆ گرێی دڵم بۆ ئوجوسان بکەمەوەو هەستی خۆمی بۆ دەربڕم، لێ بە ئانقەست ئەو بۆنەو دەرفەتانەم پشت گوێ خست. ئەوساکە قەناعەتی تەواو تەواوم بەو ڕاستیە هەبوو کە ئەگەر بەر لە ئوکوسان باسی زەماوەند دەگەڵ ئوجوساندا بکرێت، ئەمە دەکاتە لادانێکی حەیابەرە لە داب‌و نەریتی ژاپۆنی. لەلایەکی دیکەشەوە ئەمە تاقە کۆسپ نەبوو کە نەیەڵێت خۆشەویستی خۆم بە ئوجوسان رابگەیەنم. بەڵکو لەوەش دەترسام کە ئەگەر لەبەر هەر هۆیەك قاییل نەبێ شووم پێبکات، ئەوا بە ئاشکرا ئەمەم پێ ناڵێت. ئیدی کەوتمە بیری ئەوەی کە ژاپۆنیەکان، نەخاسما ژنانی ژاپۆنی، ئەو جورئەتەیان نییە کە لەم جۆرە بۆنانەدا، بە ئاشکراو روونی قسەی خۆ بکەن.

*

بەو جۆرە لە جێی خۆ سست بووم‌و نەوێرام بە هیچ لایەکدا پەل ببزووم. لە کەسێکی نەخۆش دەچووم کە بە رۆژەوە غەرقی خەوێکی ئاجرو‌باجڕ دەبێت‌و پاشان دوای ئەوەی لە خەو ڕادەبێت، چاوانی هەڵدێنێ، بە ڕوونی دەبینێ چ لە دەوروبەریا دەگوزەرێ. دوای ئەوە بۆ ساتێ دووان، وا هەست دەکات لە نێو ئەم دنیا بزۆزەدا تەنیا ئەو وەستاوەو ناجوڵێ. ترسێکی لەو بابەتە ئابلۆقەی دابووم، هەرچەندە ئەوانی دی هەستیان پێنەکرد.

ساڵی کۆن بوری. ساڵی تازە هات، رۆژێك ئوکوسان پێشنیازی کرد هەموومان یاری وەرەق بکەین،و بە (ك)ی گوت ئەگەر حەزدەکات دەتوانێ هاوڕێیەکی خۆی دەعوەت بکات تا بەشداری گەمەکەمان بکات. وەڵامی دایەوە کە "هاوڕێم نین." ئوکوسان حەپەسا. بەڕاستی (ك) بێ هاوڕێ بوو. هەڵبەتە چەند خوێنکارێك هەبوون کە تۆزێکی دەناسین، بەڵام هیچیانی ئەوەندە نەدەناسی کە دەعوەتیان بکات بۆ ماڵەوەو دەگەڵ خانەوادەکەدا بەشداری گەمەکە بکەن. ئەوسا ئوکوسان رووی کردە من‌و گوتی "باشە، کەواتە بۆچی تۆ هاوڕێیەکی خۆت نایەنی؟" جا من چونکە لە باری دەروونییەوە ئامادە نەبووم گەمەی سەرگەرمی بکەم، وەڵامێکم دایەوەو کە نە ڕەفز بوو نە قەبوول. بە هەرحاڵ ئەو شەوە ئوکوسان لە ژوورەکانی خۆمان دەری هێناین‌و ناچاری کردین یاری وەرەقیان دەگەڵ بکەین. چونکە میوانمان نەبوو، کۆڕەکەمان بچووك بوو، دەستمان بە گەمەیەکی* زۆر هێدی کرد. جا چونکە (ك) فێری ئەوە نەبوو کاتی دەست بە تاڵی بە گەمەو کەیفان بەسەر بەرێت، وەکو لەوحەدار لە جێی خۆی دانیشتبوو پێمگوت "چامەکانی هیاکونین

ئەسهو نازانی؟" وەڵامی دایەوە "باش، نا" هەڵبەتە ئوجوسان وای دەزانی من بە (ك) ڕادەبوێرم. ئیدی بە پێی توانا کەوتە یارمەتی دانی (ك)، ئیدی زۆری نەبرد گەمەکە بوو بە ڕکە لە نێوان منو ئەو جووتەدا. زۆر لەگین بوو، ئەگەر هەڵوێستی (ك) سەبارەت بە پشتیوانیەکەی ئوجوسان ساردو سڕ نەبوایە، دەگەڵیان بیکەم بە شەڕ. بە هەرحاڵ بە سەلامەتی گەمەکەمان تەواو کرد.

وا بزانم دوای دوو یان سێ ڕۆژ بوو کە ئوکوسان و ئوجوسان بەیانییەکی زوو لە ماڵ دەرچوون بەو نیازەی کە دەچنە سەردانی خزمێکیان لە (ئیتشیگایا). هەر منو (ك) لە ماڵ ماینەوە، چونکە هێشتا لە پشوودا بووین. بە تەمای دەرچوون نەبووم. بە دیار مەقەڵییەکەوە دانیشتم، ئانیشکم دادایە سەری‌و کەوتمە بیرکردنەوەیەکی گۆنگ‌و بێ سەروبەر. (ك)یش کە لە ژوورەکەی خۆی بوو، زۆر ئارام‌و هێدی بوو. کەسمان بە ئاماژەش یەکترمان حاڵی نەکرد کە هێشتا لە ماڵە. بە هەرحاڵ، بێدەنگییەکەم بەلاوە ناخۆش نەبوو: چ منو چ (ك) فێری بێدەنگی بووین.

دەوروبەری سەعات دە بوو، لە ناکاو دەرکەکەی نێوان ژوورەکەمان کرایەوە، سەیرم کرد (ك) لە درزی دەرکەکەوە تەمەشام دەکات: گوتی: "بیر لە چی دەکەیتەوە؟" پیاو ڕاست بڵێ بە خۆیشم نەمدەزانی بیر لە چی دەکەمەوە. جا ئەگەر ئەو فەوزایەی ئەوسا مێشکی داگیرکردبووم بە بیرکردنەوە دابنرێت، پێموایە دەشیا بڵێم لە "ئوجوسان" دەشیا ئەوەش بڵێم کە "بیرم لە ئوکوسانیش دەکردەوە، لە ڕاستیا بیرم لە تۆش دەکردەوە، تۆ کە لەو دواییانەدا کارەکانت لە جاران پتر لێ ئاڵۆز کردووم. بەڵێ، تۆی ملۆزم، تۆی گۆنگ‌و مەنگ‌و موزعیج، کە بەرۆکم بەرنادەیت‌و وازم لێ نایەنی. بیرم لە تۆی موزعیج‌و نەفرەتی دەکردەوە". بەڵام زۆر قورس بوو هەر هەموو ئەو قسانەی بەرەو روو پێ بڵێم. بە بێدەنگی تەمەشام دەکرد. پاشان (ك) هاتە ژوورەوەو رێك لە بەرانبەرما ڕۆنیشت، ئانیشکم لە قەراخی مەقەڵییەکە لاداو مەقەڵییەکەم لەو بردە پێشێ.

(ك) لەگەڵما کەوتە باسی ئوکوسان‌و ئوجوسان. پێم سەیر بوو، چونکە پێشتر قەت باسی نەکردبوون، پرسی: "دەچنە سەردانی کێ لە ئیتشیگایا؟" گوتم زۆر لەگینە چووبنە سەردانی میمکی ئوجوسان. پرسی، "ئەم میمکە چ کارەیە؟" بۆم باس کرد کە ئەویش ژنی پیاوێکی عەسکەری بووە. گوتی: "باشە واباو نییە کە ژنان لە ساڵی تازەدا، لە نیوەی مانگی کانوونی دووەم بە دواوە بکەونە سەردان؟ پێم سەیرە بۆچی زووتر ڕۆییشتن؟" ناچار گوتم، "نازانم."

*

(ك) بە پرسیار دەربارەی ئوکوسان و ئوجوسان دایگرتمەوە. لە ئەنجامدا هەستم کرد ناتوانم وەڵامی پرسیارەکانی بدەمەوە، چونکە پرسیارەکانی ئاڵۆزو لە ڕادەبەدەر شەخسی بوون. بیرم لەوە نەکردەوە کە رەفتاری زیاتر موزعیج بوو تا غەریب. جاران، هەمیشە من هەوڵی ئەوەم دەدا لە گفتوگۆکانمدا، باسی جووتە خانم بێنمە ناو ناوان. بۆیە ئەو پرسیارە جدی‌و لە ناکاوانەی (ك) دەربارەی ئوجوسان‌و دایکی سەرنجیان ڕاکێشام. ئەنجام لێم پرسی: "بۆچی بە تایبەتی لەم ڕۆژەدا ئەو هەموو پرسیارەم لێدەکەیت؟" لە پڕ قرقەپی لێکرد. سەیرم کرد لێوی تەتەڵە دەکات. جا (ك) بە تەبیعەت کەم دوو بوو. عادەتی وابوو بەر لەوەی شتێك بڵێ، لێوی دەکردنەوەو

دایدەخستن، وەکو ئەوەی بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا نەبن. یانی بە زەحمەت وشەی لە دەم دەردەهاتو بۆیە وشەکانی لەلای گوێگر بایەخیان پەیدا دەکرد. کە دەمیشی هەڵدەهێنا، دەنگی دوو هەندەی دەنگی پیاوی ئاسایی بە قوەت بوو.

کە لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە زانیم خەریکە شتێك بڵێت. بەڵام هەڵبەتە نەمدەزانی چ دەڵێت. بۆیە تووشی شۆك بووم. کە (ك) بە شێوازە قورسەکەی خۆی باسی ئەشقی پڕ عەزابی خۆی دەرهەق بە ئوجوسان کرد، تەسەور ناکرێ چ کاردانەوەیەکم لا چێبووو. هەستم کرد بە دارعاسای ئەفسوکارێك بووم بە بەرد. تەنانەت نەمتوانی وەکو (ك) لێوم بجولێنم،زمانم لە گۆ کەوت.

ئەوسا نەمزانی هەستم بە چی کرد. نازانم ترس بوو یان عەزابێکی ترسناك. هەستم کرد لە تەپڵی سەرمەوە تا بنی پێم وشك بوو، وەکو ئەوەی بووبم بە پارچە بەردێك یان پارچە ئاسنێك. هەستناکەم ئەوسا هەناسەم بۆ درابێ. خۆشبەختانە ئەو حاڵەتە زۆری نەخایاند. دوای یەك دوو ساتان سەر لە نوێ وەخۆ هاتمەوەو زندوو بوومەوە. لە دڵی خۆدا گوتم: "دەستی خۆی وەشان، پێش من کەوت." ئیدی نەمتوانی جگە لەمە بیر لە هیچ شتێکی دی بکەمەوە یان هیچ شتێکی دی بکەم. وا بزانم بەو ڕادەیە وەخۆ نەهاتبوومەوە کە بە تەسەلسولێکی لۆژیکی بیر بکەمەوە.

بە کڕی دانیشتم، هەستم دەکرد ئارەقەیەکی سارد لە جلەکانمەوە دێتە دەرێ. (ك) بە شێوازە نەرمو تەئەمولییە باوەکەی خۆی لەسەر ئیعترافەکەی خۆی بەردەوام بوو، ژانێکی بەترەف ناخی دەکێڵام. لە دڵی خۆدا گوتم، "بێگومان بە سیمامەوە دەردەکەوێت." لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوسا هەستم پێدەکرد، هیچی لە ئیعلانێکی گەورە کەمتر نەبوو کە بەسەر سەرمەوە نرابێ، من دڵنیام تەنانەت (ك)یش ئەگەر لە زەرفێکی ئاساییدا بوایە هەستی پێدەکردو دەیبینی. بەڵام پێموایە بەڕادەیەك گیرۆدەی کێشە تایبەتییەکانی خۆی بوو، دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا، هەست بە کاردانەوەی من لە هەنبەر قسەکانی خۆی بکات، بە هەمان خاوی‌و نەرمی هەمیشەیی ئیعترافەکەی خۆی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بۆ گێڕامەوە. ئەم نەرمییە لە گێرانەوەدا، شەقڵ‌و مۆرکێکی زۆر بە هێزی پێ بەخشی. قسەکانیم بە باشی نەدەبیست، یانی بە وردی گوێم لێنەدەگرت. چونکە دڵم بە درێژایی کاتەکە هاواری دەکرد "هاوار بە ماڵم، چ بکەم؟" کەچی وێڕای ئەوەش بە تەواوەتی هەستم بە بەرزی و نزمی دەنگی دەکرد کە پەیتا پەیتا وەکو شەپۆڵ‌و پێلی دەریا خۆی بە کەناری هۆشمدا دەکێشا. بۆیە ئەوسا، نەك هەر هەستم بە عەزاب بەڵکو بە جۆرە ترسێکیش دەکرد. ترسی پیاوێك کە هەڤرکێکی لە خۆی بە هێزتر لە هەنبەر خۆیدا دەبینێ.

کە (ك) قسەکانی تەواوکرد، سەیرم کرد بڕستم لێ بڕاوەو توانای وتنی هیچ شتێکم نییە. حەز دەکەم ئەوە بزانیت لەبەر ئەوە بێدەنگ نەبووم چونکە لە دڵی خۆدا سێ‌و دووی خۆمم دەکرد کە منیش هەمان ئیعتراف بۆ (ك) بکەم یان پەیڕەوی سیاسەتێکی حەکیمانەتر بکەم‌و هیچ شتێك لەمەڕ خۆشەویستیم بۆ ئوجوسان باس نەکەم. نا، بە کورتیەکەی نەمدەتوانی قسان بکەم، ئەمە جگە لەوەی کە حەزم نەدەکرد بێدەنگییەکە بشکێنم.

خوانی فراڤین کۆی کردینەوە. کارەکەرەکە نان‌و خوانی بۆ ئامادەکردین. خواردنەکە لە دەمم دا زۆر بێتام بوو، تامی هیچی نەدەدا. بە درێژایی ماوەی فراڤینەکە کەمترین قسەمان دەگەڵ یەکدیدا کرد. نەماندەزانی کەی ئوکوسان و ئوجوسان دەگەڕێنەوە.

*

بۆ ژوورەکانی خۆمان گەڕاینەوە. (ك) وەکو بەیانی هێمن‌و ئارام بوو. منیش دانیشتم‌و لە فکران ڕاچووم. لە دڵی خۆدا گوتم پێویستە دەگەڵ (ك) ڕاستگۆبم‌و پێی بڵێم منیش کەوتوومەتە داوی ڤیانی ئوجوسانەوە. بەڵام هەستم دەکرد تازە کار لە کار ترازاوەو زۆر درەنگە بۆ ئەو کارە. کەوتمە نەفرەتی خۆم کە بۆچی قسەکەم بە (ك) نەبڕیوەو گرێی دڵم نەکردووەتەوە. هەستم دەکرد کە ئەگەر ئەو کارەم بکردایەو ڕازی دڵی خۆم ئاشکرا بکردایە، ئەوا مانۆرەکەیم پوچەڵ دەکردەوە. دوای ئەوەی لە قسەکانی بووەوەو هیچم نەگوت، ڕازی دڵی خۆم ئاشکرا نەکرد، هەستم بە شپرزەییەکی گەورە کرد، هەستم دەکرد، تازە کار لە کار ترازاوە، ئەگەر لەو کاتەدا ڕازی خۆمی بۆ ئاشکرا بکەم، ماقوول نییە: شتەکە نا ئاسایی‌و لەوەیە دەستکردو هەڵبەستراو بێتە بەرچاو. تیا مابووم‌و نەمدەزانی چۆن لەم ئاستەنگە دەربازببم. ئیدی نائومێدی‌و پەشیمانی باڵیان بەسەر مێشکمدا کێشا.

خۆزیام دەخواست جارێکی دی (ك) دەرگا بکاتەوەو خۆی بە ژوورەکەمدا بکاتەوە. ئەو بەیانییە (ك) لە ناکاودا غافڵگیری کردم‌و بە تەواوەتی ئامادەی کارەکە نەبووم. خۆزیام دەخواست هەمان دیمەن دووبارە ببێتەوە تا پێشوازی (ك) بکەم‌و منیش قسەی خۆم بکەم. لێکدا لێکدا دەمڕوانییە دەرگاکە، بەڵام بێهودە، دەرگا نەکرایەوە. دەتگوت بێدەنگییەکی سەرمەدی باڵی بەسەر ژوورەکەی (ك)دا کێشاوە.

لە ئەنجامدا بێدەنگییەکە بەرەو نیمچە شێتی کێشام. خۆم پێ کۆنترۆڵ نەدەکرا، بە توڕەیی لە خۆم دەپرسی ئاخۆ (ك) لەو ژوورەی دیدا (بیر) لە چی دەکاتەوە. پێش ئەو ڕۆژە، سەعاتانمان بە بێدەنگی دەبردە سەر، بۆم دەرکەوتبوو چەند ماوەی بێدەنگییەکە درێژتر بێ، ئەوەندە ئاسانتر دەتوانم بوونی (ك) فەرامۆش بکەم. بەڵام ئەو حاڵەتە لە عەسری ئەو ڕۆژەدا، کاریگەرییەکی پێچەوانەی لەسەرم هەبوو، ئەمەش ئەوەی دەنواند کە چەند مێشکم ماندوو بوو. دروستە، بۆم هەبوو هەستم‌و بەخۆم دەرگای نێوان ژوورەکەی خۆم‌و (ك) بکەمەوە، بەڵام نەمتوانی ئەو کارە بکەم. جا چونکە ئەو بەیانییە، ئەقڵ میوان نەبوو و ئەو دەرفەتەم لە دەست دا، کە ڕازی دڵی خۆم بۆ (ك) ئاشکرا بکەم، ئیدی ناچار بووم، چاوەڕوان بکەم تا دەلیڤەیەکی دی دەرەخسێ.

هەستم دەکرد ئەگەر لەوەی پتر لە ژوورەکەی خۆمدا وەمێنم، لە ناکاودا کۆنترۆڵی خۆم لە دەست دەدەم‌و هێرش بۆ ژوورەکەی (ك) دەبەم. بۆیە هەستام‌و چووم بۆ سەر بانیژەکە. لەوێندەرەوە خۆم بە ژووری قاوەڵتیدا کرد، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك نەبوو بیکەم، تۆزێ ئاوی گەرمم لەو کترییەی سەر کوانگەکە کردە کوپێکەوەو خواردمەوە. ئەوسا چووم بۆ هۆڵەکەی پێشەوە. جا بۆ ئەوەی خۆم لە ژوورەکەی (ك) ببوێرم، ملی ڕێم گرت‌و چووم بۆ دەرەوە. هەڵبەتە پێویست بەوە ناکات بڵێم بەلامەوە گرینگ نەبوو بۆ کوێ دەچووم، گرینگ ئەوە بوو لە ژوورەوە

نەبم. وێڵو بێ ئامانج بە ناو ئەو جادەو شەقامانە کەوتم کە بەبۆنەی ساڵی تازەوە رازێنرا بوونەوە. چەند رێم دەکرد، (ك)و تاپۆی (ك) بەرۆکی هزرو خەیاڵی بەر نەدەدام. حەزدەکەم ئەوە بزانیت کە من بۆ ئەوە پیاسەم نەدەکرد (ك) فەرامۆش بکەم. بە حەقیقەت دەشێت بگوترێت کە بۆ ئەوە شەقامانم تەی دەکرد تا تاپۆی (ك) لە خۆ بتارێنم.

پێویستە دان بە وەدا بنەم کە (ك) بۆ من مەتەڵێك بوو لەو گۆڕە، لە خۆم دەپرسی: "باشە (ك) بۆچی رازی خۆی بۆ من ئاشکرا کرد ؟ بۆچی رێی بەوەدا بەڕادەیەك ئاشقی ئەم کیژە ببێت کە نەتوانێ لە دڵی خۆیدا بیشارێتەوە ؟ ئەو (ك)ـەی کە من دەیناسم چی بەسەر هاتووە؟" نەمتوانی وەڵامی گونجاو بۆ هیچ یەکێك لەو پرسیارانە بدۆزمەوە. دەمزانی کە کەسێکی ئەقڵمەندو جددیو دڵسۆزە، بەڵام زۆر شتی دیکەم لە بارەیەوە نەدەزانی، کاتی خۆی پەیم بەوە برد کە دەبوایە بەر لەوەی بڕیار بدەم چی بکەم، زیاتر تاقیبی (ك) بکەمو زیاتری دەربارە بزانم. بە هەر حاڵ لە ناخی خۆدا هەستم بە ترسێکی غەریب- ترسێکی نیمچە ئەفسانەیی- لەو کەسە دەکرد کە بوو بوو بە هەڤڕکی من. دەگەڵ تاپۆکەی (ك)دا، کە بە بەرچاوی خەیاڵمەوە، هێدیو ئارام لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو، بە شپرزەیی جادەو شەقامانم تەی دەکرد. وا بزانم، لێم بە درۆ نەبێ، دەنگێك بە گوێیدا دەچپاندم: "هەرگیز لێی ناخەلەسیت..." وام وێنا دەکرد کە جۆرە شەیتانێکە. لە کوتو پڕێکا، ئەو هەستەم لا دروست بوو کە تاپۆی وی هەتا هەتایە، تا لە ژینا ماوم، بە گەڵم دەکەوێو لێم نابێتەوە.

کاتێ، شەکەتو ماندوو گەییمەوە ماڵێ، سەیرم کرد ژوورەکەی وەکو جاران هێدیو بێدەنگە، لە تۆ وایە بەنی بەشەری تیا نییە.

*

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، گوێم لە دەنگی پێچکەی گالیسکەی ( رەکشۆ) بوو کە لە ماڵەکە نزیك دەبووەوە. ئەو سەردەمە پێچکەی گالیسکەی رەکشۆ ، وەکو ئێستا لاستیك نەبوو.بۆیە دەنگی زۆر ناخۆش بوو، پیاو لە دوورەوە گوێی لە دەنگی دەبوو. دوای یەك دوو دەقیقان گالیسکەکە لەبەر ماڵەکەمان وەستا.

پاش ئەوە بە نیوە سەعاتێك بۆ فراڤین بانگ کراین. کاتێ بە دەم ڕێوە بۆ موبەق، بە بەر دەرگای ژوورەکەی ئوجوساندا تێپەڕیم، دیتم جلکی ڕەنگینی دەرەوەی هەردوو خانم ، بە نارێكو پێکی لە عاردەکە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون. دیار بوو بەلەز هاتبوونەوە بۆ ماڵێ، تا فریای ئامادەکردنی نیوە ڕۆژەکەمان بکەون. ئوکوسان، مێریڤانییەکی زۆری دەگەڵ نواندین. لە کاتی نان خواردنا، بە جۆرێ رەفتارم کرد وەکو ئەوەی وشەو پەیڤان کاڵایەکی زۆر بە نرخ بێو نابێ بە خۆڕایی تەخشانو پەخشانی بکەم، ڕووم دەگەڵ جووتە خانمدا خۆش بوو. هەڵبەتە (ك) لە من کەم قسەتر بوو. لەلایەکی تریشەوە، جووتە خانم کە لە سەفەرێکی دەگمەن گەڕابوونەوە، ئەوەندە شادمانو دڵخۆش بوون، کە یەکسەر هەستیان بە ڕەفتاری خەمینی ئێمە کرد. ئوکوسان پرسی کە چیمانە، بۆ خەمینو پەستین. پێمگوت تەواو نیم. جا بەڕاستیش وابوو، بێتاقەت بووم. ئەوسا

ئوجوسان هەمان پرسیاری لە (ك) کرد. (ك) وەڵامێکی جیاوازتری دایەوە: گوتی تاقەتی قسانی نییە. ئوجوسان پرسی، "بۆچی؟".

چاوە خەواڵوە قورسەکانم هەڵبڕینو روانیمە (ك). زۆرم مەبەست بوو بزانم چ دەڵێت. جارێکی دی لێوەکانی بە ئاستەم بزووتن. کەسێك کە نەزەری پاك بوایە، وایدەزانی تووشی زمانەگیریە ئاساییەکەی بووەو بە ئاسانی قسەی بۆ نایەت و وشەی لە زار دەرنایەت. ئوجوسان بە پێکەنینەوە گوتی دیارە بیر لە شتێکی زۆر قووڵ دەکاتەوە. گۆناکانی (ك) سوور هەڵگەڕان.

ئەو شەوە زوو چوومە نێو جێگا. دەوروبەری سەعات دە بوو. پێدەچوو ئوکوسان بیری کەوتبێتەوە کە پێم گوت سیحەتم تەواو نییە، بەسینگێکی فراوانەوە کوپێك سووپی جۆی بۆ هێنام. کە دەرگاکەی کردەوە، بینی ژوورەکەم یەجگار تاریکە. ڕوانییە ناو ژوورەکەو گوتی، "باشە." لە میانەی دەرگاکەی ترەوە کە داخرا بوو گورزەیەك روناکی لەو چرایەوە کە لەسەر مێزەکەی (ك) دانرا بوو، رژایە ژوورەوە، دیار بوو هێشتا نەخەوتبوو. ئوکوسان لە قەراخ چەرپایەکەمەوە دانیشتو کوپە سووپەکەی بۆ درێژ کردمو گوتی: "هانێ ئەمە بخۆ، گەرمت دەکاتەوە. لەوەیە سەرمات بووبێ." زاتم نەکرد رەفزی بکەم، من سووپە خەستەکەم هەڵقوڕاندو ئەویش تەمەشای دەکردم.

لە تاریکیەکەدا ڕاکشام، بە دەم بیرکردنەوەوە تا بەرەبەیان خەوم لێنەکەوت. هەڵبەتە تاقە شتێك کە بیرم لێدەکردەوە مەسەلەکەی (ك) و ئوجوسان بوو. نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکەمەوە. دوای ئەوە لە ناکاو هات بە سەرما کە بزانم (ك) لە ژوورەکەی خۆیدا چی دەکات. هەروا خۆ بە خۆ بانگم کرد، "هێی!" وەڵامی دایەوە، "بەڵێ". لەدڵی خۆدا گوتم کەواتە (ك)یش هێشتا نەنوستووە. گوتم:، "هێشتا نەنوستوویت؟" لە کورتی بڕییەوەو گوتی، "هەر ئێستا دەنووم.". ئەوجا پرسیم، "چی دەکەیت؟" ئەمجارەیان بەرسڤی نەدایەوە. دوای پێنج شەش دەقیقەیەك گوێم لێ بوو دەرگای دۆلابەکەی کردەوەو نوێنەکەی لەسەر عاردی ڕاخست. پرسیم، "سەعات چەندە؟" (ك) وەڵامی دایەوە، "یەکو بیست دەقیقەیە." گوێم لێ بوو بە فوویەك چراکەی کوژاندەوە. ئێستا ماڵەکە تاریکستانێك بوو لەو گۆڕە. لە ناکاو هەستم کرد بێدەنگی دەوری دام.

بەڵام نەمتوانی بنووم. چاوانم نەنوقان، بڕیمنە تاریکییەکە. جارێکی دی گوێم لە دەنگی خۆم بوو هاواری دەکرد، "هێی!" دیسان (ك) وەڵامی دایەوە، "بەڵێ." کە زانیم لەوەی پتر جڵەوی خۆم پێناگیرێت، گوتم، "گوێ بگرە، حەزدەکەم قسەت دەگەڵ بکەم... دەربارەی ئەو شتەی کە ئەم بەیانییە باست کرد. دەڵێی چی؟" هەڵبەتە مەبەستم ئەوە نەبوو لە پشت دەرگایەکی داخراوەوە، سەری باسێکی ئاڵۆزی لەگەڵدا دابمەزرێنم: هەموو مەبەستێکم ئەوە بوو کە وەڵامێکی ڕوونو ڕەوانی (ك)م دەست بکەوێ. لە ناکاو و بە دەر لە هەر ئاڵۆزییەك، بە هێمنیو نە بەدڵی گوتی، "باشە، لەوەیە...". جارێکی دی، ترس دایگرتم.

*

هەڵوێستی (ك) بۆ رۆژی دواییو دواتریش هەر بە ناڕوونی مایەوە. بە کورتی حەزدەکەم ئەوە بزانی کە من دوای دوو دڵییەکی زۆر دوورو درێژ ئەوجا قرێرم دا چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەبار

بکەم تا قسان دەگەڵ (ك) دا بکەم. بە هەرحاڵ ئەوەش بزانە کە ئەم قرێرەم، باری زەینی خەمباری سووك کردم.

ئەنجام ماوەی پشووەکەمان تەواو بوو. ئەو رۆژانەی دەرس‌و محازەرەکانمان رێکەوتی یەکیان دەکرد، پێکەوە بۆ زانستگە دەچووین. زۆر جاریش پێکڤە بۆ ماڵ دەگەڕاینەوە. بە ڕواڵەت جووتە دۆستە میهرەبانەکەی جاران بووین، بەڵام من دڵنیام کە هەر یەکەمان غەرقی کێشە تایبەتیەکانی خۆمان بووین. رۆژێك، کە بە دوو قۆڵی بەرەو ماڵ پەل دەبووینەوە، لە ناکاو لێم پرسی، "باشە هەر من بە ڕازەکەت دەزانم یان بە ئوکوسان‌و ئوجوسانیشت گوتووە؟" لە دڵی خۆدا دامنابوو، بە گوێرەی وەڵامەکەی ئەو، هەڵوێست لە ئاییندە بگرم. وەڵامی دایەوە جگە لە من لای کەسی دی باسی نەکردووە. یانی تەنیا من پێی دەزانم. لەدڵی خۆدا گوتم کەواتە مەزەندەکەی من دەرچوو، هەستم بە جۆرە شادییەك کرد. من زۆر چاك دەمزانی کە ئەو زۆر لە من روو قایمترو گۆساخترە. هەروەها بە جورئەت تریشە. لەلایەکی دیکەوە متمانەیەکی سەیرم پێی هەبوو، تەنانەت ئەو هەڵوێستەشی کە سیٚ دانە ساڵ زڕداك‌و بابەکەی خەڵەتاند، بە هیچ جۆریٚ لەبەرچاوی نەخستم‌و متمانەم پێی لەق نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە متمانەم پێی قایمتر بوو. وێڕای تەبع‌و تەبیعەتی وازوازی‌و گوماناوی خۆم، هیچ گومانێکم لە قسەکەی نەکرد. پرسیم، "بە تەمای چی بکەی؟ ئایا ئەم خۆشەویستییەی ئوجوسان هەر بە نهێنی دێڵیتەوە، یان بە لایەکیا دەخەی؟" ئەمجارەیان، وەڵامی نەدایەوە. چاوانی دانەواندو لەسەر رێکردنی خۆی بەردەوام بوو، تکام لێکرد، "تکایە هیچم لیٚ مەشارەوە. تکایە پێم بڵیٚ بە نیازی چ بکەیت." گوتی، "پێویست ناکات هیچت لیٚ بشارمەوە." بەڵام وەڵامی دڵخوازی خۆمی نەدامەوە. دیارە زەحمەت بوو لە ناوەندی رێگادا رای بگرم‌و ناچاری بکەم ڕوونتر قسان بکات. بە بێدەنگی درێژەمان بە رێگادا.

*

دوای چەند رۆژێکی کەم، بە سەردانێکی دەگمەن چووم بۆ کتێبخانەی زانستگە. سەرپەرشتیارەکەم داوای لێکردم، بەر لە هەفتەی داهاتوو، هەندیٚ سەرچاوەی دیاریکراو دەربارەی رشتەکەی خۆم بدینم، دەبوایە لە ژووری خوێندنەوەوە هەستم‌و دوو سیٚ جاران بچمە تەمەشای رەفەکان تا ئەو کتێبانە دەست نیشان بکەم کە دەمویست. لە سوچێکی مێزە درێژەکەدا دانیشتم‌و دەستم بە خوێندنەوەی ئەو باسە کرد کە لە گۆڤارێکی بیانی دا بڵاو بووبووەوە، گۆڤارەکە تازە، گەیی بوو. تیشکی هەتاو لە پەنجەرەکەوە دەیدا لە ژوورەکەو لە ناو قەدم بەسەرەوە گەرم داهات. لە ناکاو گوێم بە ناوی خۆم زرینگایەوە، یەکێك لەوبەری مێزەکەیەوە بە چپە بانگی دەکردم. چاوی هەڵبڕی، سەیرم کرد (ك) لەوێندەر وەستاوە. بەسەر مێزەکەدا دانەوییەوە تا نزیکتر ببێتەوە لە من. وەکو دەزانیت بۆمان نەبوو بە دەنگی بەرز خەڵکی لە کتێبخانەدا ناڕەحەت بکەین، بۆیە (ك) ئەوەی کرد کە هەر خوێنکارێکی دیکە، لەو جۆرە هەڵوێستەدا دەیکات. وێڕای ئەوەش رەفتارەکەی (ك) هەستێکی غەریبی لا چێکردم.

بە چپەوە لێی پرسیم "دەخوێنیتەوە؟" وتم، "لە شتێك دەگەڕێم." (ك) لە جێی خۆی نەجوڵا، دەموچاوی هەر چەند سانتیمەترێك لە دەموچاومەوە دوور بوو. گوتی "با بچین پیاسەیەك

بکەین" گوتم، "باشە. بەڵام دەبێ چاوەڕوان بکەی.". گوتی "باشە"و هەنگێ لەسەر ئەو کورسییە چۆڵەی بەرامبەرم ڕۆنیشت. هەستم کرد ناتوانم وەکو پێویست تەرکیز لەسەر باسەکە بکەم. نیگەرانی ئەوە بووم کە ڕەنگە (ك) هاتبێت موناقەشەی مەسەلەیەکی گرینگم دەگەڵدا بکات. دەستم لە هەوڵی خوێندنەوە هەڵگرت. پاش ئەوەی گۆڤارەکەم داخست لێڕام هەستم. (ك) بە ئارامی پرسی، "تەواو بوویت؟" گوتم، "نەخێر، بەڵام قەیدی ناکات." گۆڤارەکەم گەڕاندەوە شوێنی خۆی‌و دەگەڵ (ك)دا لە کتێبخانەکە وەدەرکەوتین.

شوێنێکی دیاریکراومان نەدابووە چاو. بە (تاتسووکا تشو)دا بەرەو (ئیکینوهاتا) وەڕێ کەوتین‌و پاشان خۆمان بە پارکی (یونو)دا کرد. لە ناکاو کەوتە باسی مەسەلەکە. بە گوێرەی شێوازی باسی بابەتەکە، بۆم دەرکەوت بۆیە داوای لە من کردبوو دەگەڵی بچمە دەرێ، تا مەسەلەکەم بۆ باس بکات. ئیدی بۆم دەرکەوت مەسەلەکە لە هەموو رووە پراکتیکیەکانییەوە، لەو ساوە کە بۆ منی باس کردبوو، هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. بە شێوەیەکی ئاڵۆز پرسی، "تۆ چ دەڵێی؟" حەزی دەکرد بزانێت من چۆن تەمەشای دەکەم کە غەرقی ئەشق‌و ڤیان بووە. دەیویست بۆچوونی من دەربارەی ئەو حاڵەتەی خۆی بزانێت. هەستم کرد ئەو پێداگرتنەی، خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی ئەوە بوو لە حاڵەتی دەروونی ئاساییدا نەبوو. جا دەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە- هەرچەندە لەوەیە وا زەن بەری حەزم بە دووبارەکردنەوەیە- کە (ك) خاوەنی بیرکردنەوەی خۆی بوو، ئەوەی لاگرینگ نەبوو خەڵکی چۆنی تەمەشا دەکەن‌و دەبینن‌و تێدەگەن. ئەوەندەی جورئەت و توانا هەبوو، هەرکارێکی بەڕاست زانیبا، بێ سێ‌و دوو بیکات. لە مامەڵە کردنیا دەگەڵ زڕداك‌و بابەکەی دا ئەم خەسڵەتەم تیا بەدی کرد. بۆیە هیچ سەیر نییە ئەگەر ئەو پرسیارەم، کە لە پارکەکەدا کردی ، بەلاوە نەگونجاو بووبێ. لێم پرسی بۆچی زانینی ڕەئی من لەمبارەیە بە پێویست دەزانێ. بە دەنگێکی غەمناکی نائاسایی گوتی، "چونکە هەستدەکەم من پیاوێکی بێ دەسەڵاتم، من کەسێکی شەرمنم،" ئەوسا درێژەی دایە "بە خۆت دەبینی. من کەسێکی وێڵم. تەنانەت بۆ خۆیشم بووم بە مەتەڵ. ئیدی چیم لە دەست دێ جگە لەوەی داوای ڕەئی ئاشکرای تۆ بکەم؟" بەلەز پرسیم، "مەبەستت لەوە چییە کە وێلی؟" گوتی، "مەبەستم ئەوەیە ناتوانم قرێر بدەم کە بەرەو پێش بڕۆم یان بەرەو دوا بگەڕێمەوە." جارێکی دی خۆم بە ناخیا کرد، "باشە تۆ پێم بڵێ، ئەگەر خۆت بتەوێ دەتوانی بەرەو دوا بگەڕێیتەوە؟" لە ناکاو شپرزە بوو، وەڵامی پێ نەبوو. تەنیا ئەوەندەی گوت کە "بەرگەی ئەو ئازارە ناگرێت." هەڵبەتە چۆنیەتی وتنی ئەو قسەیە بەڕاستی ئازارو عەزابی پێوە دیاربوو. خۆ ئەگەر مەسەلەی ئوجوسان لە ئارادا نەبوایە، بێگومان بە میهرەوە قسەم دەگەڵ دەکردو هەوڵمدەدا دڵخۆشی بدەمەوەو لە ئازاری کەم بکەمەوە. پێویستی بەپەیڤێن میهرئامێزو ناسك بوو، وەکو چۆن خاك پێویستی بە بارانە. بەڵام من هەنگێ لە حاڵەتێکی دەروونی ئاساییدا نەبووم.

*

وەکو ئەوەی هەڤرکی دوئێلم بێ کەوتمە چاودێری. ئازای بەدەنم لە حاڵی بێدار باشیدا بوو، بۆ تاقە ساتێك چاوم یان دڵم یان جەستەم لێ غافڵ نەکرد. دەشێت بگوترێ کە (ك) خۆی ئامادە

نەکردبوو حەقیقەتەکە بشارێتەوە. لە پاکیو دڵسافی خۆیدا بە تەواوەتی خۆی خستە بەر رەحمەتی من. ئیدی منیش دەرفەتم بۆ ڕەخسا لە کاتی دەست بە تاڵیدا چاودێری بکەمو بەوپەڕی وردی خاڵە لاوازەکانی بدەمە بەر زەینو ببینم.

تەنیا بیرم لە یەك شت دەکردەوە، ئەویش لاوازی بەرەڤانی و بەرگری (ك) بوو. بە گومانو دوو دڵییەوە لە نێوان جیهانی حەقیقەتو جیهانی ئایدیالیزمی خۆیدا باڵەفڕێی بوو. لە دڵی خۆدا گوتم کاتی ئەوە هاتووە دەستی خۆم بوەشێنمو بۆڕ بە هەڤڕکەکەم بدەم. زۆرم چاوەڕوان نەکرد. بە شێوەیەکی جددی ئاوڕم لێی دایەوە. ڕاستە ئەو جدیەتە بەشێك بوو لە مانۆڕەکانم، بەڵام بە دڵنیاییەوە پڕ بە پێستی ئەو نەخسەیە بوو کە من دامنا بوو. بە ڕادەیەك مێشکم داخرا بوو کە هیچ عەیب یان شەرمەزارییەکم لەو کارەی خۆدا نەدەبینی. بە ڕەقی گوتم، "هەرکەسێك کە ئەڵهاو کەڵکەڵەی روحی، ئاواتو تەمای روحی نەبێ گەوجە." ئەمە هەمان ئەو قسەیە بوو کە "ك" لە سەفەرێکماندا بۆ (بوشو) بە منی گوتبوو. هەمان ئەو وشانەم بە ڕوویدا دایەوە کە جارێکیان بە تانەوە دژی من بەکاری بردبوون. تەنانەت ریتمی دەنگیشم هەمان ریتمی ئەوسای دەنگی ئەو بوو، کە ئەو وشانەی بە کار بردبوو. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە من کەسێکی ڕکونی کینەکێش نەبووم. دان بە وەدا دەنێم ئەو کارەی دەمویست بیکەم، نەك هەر تۆڵەیەکی رووت بوو، بەڵکو ئەوپەڕی دڵڕەقیو نەهەقی بوو. یانی لە تۆڵەی رووت زیاتر بوو.

(ك) لە پەرستگەی(شینشو) لە دایك بووبوو. بەڵام لە بیرمە کە لە قۆناغی خوێندنی ناوەندییەوە، مەیلی لەسەر مەزەبو ئۆلی خانەوادەکەیان نەماو خۆی لێ دەدزییەوە. هەڵبەتە من چاك دەزانم هیچ لە بووزییەت نازانم، بەڵام لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان پیاوانو ژناندا لام عەیان بوو، کە (ك) لەگەڵ رێنماییەکانی (شینشو*)دا نییە. (ك) هەمیشە دڵبەندی زاراوەی "تەرکیزی زەین" بوو. کاتێ بۆ یەکەمجار ئەو دەستەواژەو زاراوەیەم لە (ك) بیست، لە دڵی خۆدا گوتم لەوەیە یەکێك لە ماناو چەمکەکانی "تەرکیزی زەین" بریتی بێ لە "کۆنترۆڵی سۆز". کاتێ پاشتر زانیم شتێکی زیاتر لەوەشی لە خۆ گرتووە، سەرم سوڕما. (ك) باوەڕی وابوو کە دەبێ هەموو شتێك لە قەبێڵی "ڕێگای دروست" بکرێت. تەنانەت خۆشەویستیو دڵداریش، بەدەر لە ئارەزووی جەستەیی، دەبێ خۆتی لێ ببوێری. جا پەیگیریو پەیڕەوی "ڕێگای دروست" نەك هەر نەفسکوژی بەڵکو ئەوپەڕی زوهدی دەوێ. (ك) کاتێ کە بە تەنیاو پشت بە خۆی دەژیا، هەموو ئەوانەی بۆ روون کردمەوە. لەو سەردەمەدا کەوتبوومە داوی ئەشقو ڤیانی ئوجوسانەوە، ئیدی وا ڕاهاتبووم هەرکاتێ مەسەلەی "ڕێگای دروست"ی هێنابا ئاراوە، موناقەشەم دەکرد. (ك) بەدەم گوێگرتنەوە، بە چاوانو سیمای پڕ بە زەییەوە تەمەشای دەکردم. هەمیشە جۆرە تەوسو تانەیەك لەو دیو بەزەییەکەیەوە بەدی دەکرا: بە دەگمەن شوێنەواری لێبوردەیی دۆستانەم تیا بەدی دەکرد. جا بە حوکمی هەموو ئەو گەنگەشانەی لە ڕابردوودا پێکەوەمان کردبوو، زانیم ئەو وتەو سەرنجەم (ك)ی زۆر ئازار دا. مەبەستم ئەوە نەبوو، بیروباوەڕەکانی جارانی هەڵوەشێنم. بۆیە ئەوەی وتم، زیاتر بۆ ئەوە بوو، کارێکی وا بکەم لە جاران ڕاستترو سەر ڕاستتر بێت. هەڵبەتە تۆزێکیشم مەبەست بوو بزانم ئاخۆ بەڕاستی پەیڕەوی "ڕێگای دروست"ی کردووە یان نا، یان

جارێ لە جاران گەییوەتە ئاسمان. من خەمی ئەوەم بوو کە ئەگەر لێبڕێت ڕێگاکانی بگۆڕێت، ئازارم دەگاتێ. یانی زیاتر خەمی خۆمم بوو. ئەلهەقی خەمی بەرژەوەندی تایبەتی هانی دام ئەم قسەیە بکەم، ئەم سەرنجە دەربڕم.

بۆ جاری دووەم گوتمەوە، "هەرکەسێك ئاوات‌و تەمای روحی نەبێت گەوجە."و بە وردی روانیمە (ك) تا کاریگەریی قسەکانم لە سیمایدا ببینم.

ئەنجام گوتی، "گەوجە.. بەڵێ، من گەوجم."

بەدەم ئەو قسەیەوە بە بێدەنگی هەستایە سەرپێیان‌و چاوانی بڕییە هەردوو پێی. ترسێکی کوت‌و پڕم لێنیشت، چونکە (ك) لە هەڵوێستێکی بێ ئومێدیدا بڕیاری دا ئەو حەقیقەتە قەبوڵ بکات کە گەوجە. وەکو کەسێك، کە تازە هەڤڕکەکەی بە عاردیدا دابێت‌و، لە پڕ خەریك بێ بە چەکێکی تازەوە هەستێتەوە، بەو ئاوایە پەشۆکام. بە هەرحاڵ، دوای دەقیقەیەك، بۆم دەرکەوت کە (ك) بە ڕاستی بە تۆنێکی نائومێدانەوە قسانی کرد. ویستم چاوەکانی ببینم، بەڵام نەیڕوانییە من. لۆش لۆش کەوتینەوە ڕێ.

*

شان بە شانی (ك) ڕێم دەکردو چاوەڕوانی ئەوە بووم دووبارە بکەوێتەوە قسان. چاوەڕوانی دەلیڤەیەکی دی بوو تا ئازاری بدەم. خۆم بۆ لە بۆسە دا تا لە ناغافڵدا بەگیری بێنم. بەڵام نە پیاوێکی جاهیل بووم‌و نە کەسێکی بێ وێژدان‌و ئینساف. خۆ ئەگەر چپەیەکم بە گوێدا بدرابایە کە "تۆ ترسنۆکیت،" لەوە بوو لەو ساتەدا بگەڕێمەوە سەر تەبیعەتی ئاسایی خۆم . خۆ ئەگەر ئەو چپەیە، چپەی (ك) بوایە، ئەوا دڵنیام لە شەرمەزاریدا دەموچاوم سوور هەڵدەگەڕا. بەڵام (ك) لەو کەسانە نەبوو گلەیی بکات، کەسێکی خۆش گلەیی نەبوو. کەسێکی زۆر قسە لە ڕوو، زۆر سادەو ئەوەندە سەر ڕاست بوو، گوێی لەوە نەبوو چیم لە دڵدایە. منیش لە حاڵەتێکی دەروونی ئەوتۆدا نەبووم کە چاکییەکانیم لەبەر چاو بێ، چاکییەکانی ببینم. بە پێچەوانەوە، لە عەیب زیاتر هیچی ترم لێ نەدەبینی.

دوای ماوەیەکی کورت (ك) ئاوڕی لێدامەوەو دواندمی. ئەمجارەیان من لە ڕێکردن وەستام، ئەوجا (ك)ش وەستا. ئەنجام توانیم بڕوانمە دوڕ چاوانی. لە من باڵا بەرزتر بوو، بۆیە دەبوایە چاوی بۆ هەڵبڕم. لە گورگێك دەچووم خۆی بۆ بەرخ مەڵاس دابێ.

گوتی، "با چیتر باسی ئەمە نەکەین." کول‌و کۆڤانێکی ئەوتۆم لە چاوان‌و وشەکانیا بەدی کرد، ژان چووە دڵمەوە. بۆ ساتێك حەپەسام، تیامام چی بڵێم. پاشان، بە تۆنێکی کزۆڵەترەوە، دووبارە گوتییەوە، " تکات لێدەکەم باسی ئەمە مەکە." وەڵامەکەم زۆر سەخت‌و ڕەق بوو، گورگەکە، پەلاماری فرسەتی هێناو توند قورگی بەرخەکەی گرت. "زۆر چاکە. کەواتە تۆ ناتەوێ باسی ئەم شتە بکەم. باشە پێم بڵێ کێ سەری ئەم بابەتەی کردەوە؟ لێم بە درۆ نەبێ تۆ بە خۆت سەری باسەکەت کردەوە. هەڵبەتە ئەگەر بتەوێ باسی نەکەم، من لاریم نییە، باسی ناکەم. بەڵام باس نەکردنی، کێشەکە حەل ناکات، وا نییە؟ باشە تۆ خۆت دەتوانی بڕیار بدەیت کە چیتر بیری

لێنەکەیتەوە؟ تۆ ئامادەیت ئەوە بکەیت؟ باشە ئەو پرەنسیپانەت، کە هەمیشە وێردی سەر زارت بوون کێو چوون، چییان لێهات؟".

(ك) لەبەرچاوم وەکو کەو چوو، بالآی نیوەی جارانی لیّ مایەوە. وەکو پێشتر گوتم (ك) کەسێکی زۆر سەر سەخت بوو، هێندە دەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ بوو، لە گوڵ کالّترت پێی گوتبا، پێوەی دیار دەبوو، تێك دەچوو. یەکسەر کاریگەری قسەکانی خۆمم بە سیمایەوە بەدی کرد، ئەوەم زۆر پیّ خۆش بوو. ئەوسا لە ناکاودا گوتی، "ئایا من ئامادەم...؟" بەر لەوەی زار هەڵێنم یان هیچ شتێك بڵێم، لەسەری رۆیی، "بۆ نەء ؟ دەتوانم جڵەوی خۆم بگرم..." دەتگوت خۆی دەدوێنیّ. وام وێناکرد ئەو وشانە بە دەم خەوەوە دەگوترێن.

بە بێدەنگی بەرەو ماڵەوە لە (کویشیکاوا) ملی ڕێمان گرت. هەرچەندە زستان بوو و تەمومژ پارکەکەی گرتبوو، بەڵام ئەو ڕۆژە، چونکە بایەکەی سووك بوو، دنیا سارد نەبوو. جارێك ئاوڕی پاشەوەم دایەوەو ڕوانیمە دارسەروەکان، ڕەش داگەڕابوون، دەتگوت سیخارو زوقم هەموو سەوزییەکەی بردوون. ئاسمانێکی کەوەیی باڵی بەسەرا کێشابوون. هەستم کرد سەرمای دیمەنەکە بە گازەرای پشتمدا دادەچۆڕیّ. لەبەر ڕۆشنایی زەدەپەڕ بە پەلە بەسەر گردی (هونگو) کەوتین،و دوای ئەوەی گەییشتینە قولآیی دۆڵەکەو لەوێندەرەوە بەگردەکەدا بەرەو (کویشیکاوا) هەڵگەڕاین، هەستم کرد لە ژێر پاڵتۆکەمدا گەرم بوومەوە.

کە بەرەو ماڵ پەل دەبووینەوە، بە دەگمەن قسانمان دەکرد. رەنگە لەبەر ئەوە بووبیّ کە پەلەی گەڕانەوەمان بوو. لە کاتی شیڤدا ئوکوسان لیّی پرسین، "بۆچی ئەوەندە دواکەوتن؟" گوتم (ك) داوای لێکردم دەگەڵیا بۆ (یونو) بچم. ئوکوسان بەسەر سوڕمانەوە گوتی، "بەم سەرماو سۆڵەیە!" ئوجوسان پرسی، "بۆچی یونو؟ (یونو) شتێکی لێیە بتانەویّ بیدینن؟" گوتم، "نەخێر، بۆ خۆ پیاسەمان دەکرد." ئەو شەوە (ك) لە جاران کەمتر قسانی کرد. ئوکوسان سەری کردە سەری، دواندیو ئوجوسان پێی پێکەنی، بەڵام بەرد وەجواب هات ئەو وەجواب نەهات. بە پەلە پەل نانەکەی خواردو ئێمەی بە جێهێشتو بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی.

*

ئەو رۆژگارو سەردەمە هێشتا دەستەواژەو زاراوەێن مینا "سەردەمی بێداری"و "ژیانی نویّ" ڕەواجیان پەیدا نەکردبوو. بەڵام نابیّ وا بیربکەیەوە کە (ك) بۆیە نەیدەتوانی ڕێگاو باوەڕە کۆنەکانی تەرك بکاتو دەست بە ژیانێکی تازەو مودێرن بکات، چونکە لە کەلتووری تازە دوور بوو. نا، نەخێر، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە ڕابردوو بەلای (ك)وە بوو بوو بە شتێکی پیرۆزو نەیدەتوانی بەو ئاسانییە دەست بەرداری بێت، کە مرۆڤ دەستبەرداری دەستە جلێکی کۆن دەبێت. دەشێت پیاو بڵیّ ڕابردووی وی دەکاتە ژیانی، دەستبەرداری بوونی ئەم ڕابردووە مانای وایە ئەو ژیانەی تا نها بەسەری بردووە، هیچ ئامانجێکی نەبووە، بێهودە بووە. جا ئەگەر (ك) لە ئەشقەکەیدا دوو دڵ بووبیّ، ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەشقەکەی سارد بووە. سەرباری پڕجۆشو خرۆشی سۆزو گودازی، نەیدەتوانی بجوڵێت. جا چونکە جوڵەی سۆزە تازەکەی ئەوەندە گەورە نەبوو کە خۆی لە بیربکات، ناچار بوو ئاوڕی پاشەوە بداتەوەو ئەوە وەبیرخۆی بێنێتەوە کە

رابردوو بۆ ئەو دەیکردە چی. جا بەم کارەی هیچی بۆ خۆی نەهێشتەوە تەنیا ئەوە نەبێ هەمان ڕێگا بگرێ کە تا نها لە سەری ڕۆیی بوو. ئەمە جگە لەوەی کە کەسێکی زۆر عینادو سەر سەختو بە سەبر بوو، عینادو سەبرێکی وەها کە لەو رۆژگارەدا نموونەی نەبوو. پێموایە تائیرە بە باشی لە کاردانەوەو پەرچە کرداری (ك) دەرهەق بە کێشەکەی خۆی گەییشتووم.

ئەو ئێوارەیە، دوای پیاسەکەمان بۆ (یونو) هەستم بە ئاسوودەییەکی نائاسایی کرد. بەلەز لەسەر خوانەکە هەستامو دوای (ك) کەوتم بۆ ژوورەکەی. لە تەنیشت مێزەکەیەوە ڕۆنیشتمو کەوتمە چەنەبازی دەربارەی مەسەلەیەکی توڕەهات. زۆر خەمبارو دڵ بە ژان دیاربوو. ئەوسا هەستم بە سەرکەوتن دەکرد، دوور نییە ئەو هەستە بە چاوەکانمەوە دیار بووبێت. من دەزانم کە دەنگم دلێری سەرکەوتن بوو، ژێراو ژێر پیرۆزباییم لە خودی خۆم دەکرد. دوای چەند دەقیقەیەکی کەم دەستم لەسەر مەقەڵییەکە هەڵگرتو بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە. بۆ یەکەمجار لە ژیانما هەستم کرد، بەلای کەمەوە لە مەسەلەیەکدا، نەك هاوتای (ك)م بەڵکو لە هاوتاو هەڤڕك زیاترم.

زوو بە زوو خەوێکی قووڵ ڕای ڕفاندم. لە ناکاودا یەکێك بە ناوی خۆمەوە بانگی کردمو بێداری کردمەوە. دەرگا کرایەوە، بینیم (ك) سێبەر ئاسا لە ڕاڕەوەکەدا وەستاوە. هێشتا چرای ژوورەکەی دەسووتا. بێدار بوونەوەکەم زۆر کوتوپڕ بوو، بۆ یەك دوو ساتێك بەڕاکشاوی مامەوە، سەرم بەگێژەوە دەچوو، نەمدەتوانی قسە بکەم.

(ك) پرسی: "خەوتبوویت؟" (ك) بەخۆی هەمیشە درەنگ دەنووست. ڕووی دەمم کردە تارماییەکەی، "هیچت پێویستە؟" گوتی، "نەخێر، هیچم پێویست نییە. تۆزێ لەمە پێش چوومە حەمام، کە گەڕامەوە لە دڵی خۆدا گوتم با بزانم هێشتا بێداری یان نا." ڕوناکییەکە لە پشتییەوە بوو، بۆیە نەمتوانی دەموچاوی بە ڕوونی ببینم. بەڵام، دەتوانم، بە تۆنی دەنگیا، ئەوە بڵێم کە لە ڕادەبەدەر ئارام بوو.

(ك) بۆ ژوورەکەی گەڕایەوەو دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، دووبارە تاریکی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا. لە تاریکییەکەدا چاوانم لێك نان تا بگەڕێمەوە باوەشی خەونە ئارامەکانم.

یەکسەر خەوم لێکەوتەوە: بۆ بەیانییەکەی بیرم لە ڕووداوەکە کردەوەو سەیرم لەوە دەهات کە (ك) بۆچی ئەو ڕەفتارە غەریبەی کردبوو. زیاتر گومانم بۆ ئەوە دەچوو کە هەموو ئەو شتانە خەو بووبن. لە کاتی تاشتدا لە (ك)م پرسی ئاخۆ لە نیوە شەودا دەرگای کردووەتەوەو بانگی کردووم. وەڵامی دایەوە. "بەڵێ." لێم پرسی، "بۆچی؟" وەڵامی نەدامەوە، دوای بێدەنگییەکی کورت پرسیارێکی چاوەڕوان نەکراوی لێکردم، "ئەم ڕۆژانە، باش دەخەوی؟" پرسیارەکەی هەستێکی غەریبی لا هاڕوژاندم.

چونکە ئەو ڕۆژە دەرسو محازەرەکانمان لە هەمان کاتدا دەستیان پێدەکرد، بۆیە بە دوو قۆڵی لە ماڵ وەدەرکەوتین. هێشتا پەستو نارەحەتی ڕووداوەکەی دوێ شەو بووم. بە دەم ڕێوە بۆ زانستگە، دیسان پرسیارم لێکردەوە بەڵام (ك) وەکو پێویست وەڵامی نەدامەوە. ئەنجام گوتم، "تۆ دڵنیایت کە بە نیاز نیت درێژە بە باسەکەی دوێنێ بدەیت؟" گوتی، "بە دڵنیاییەوە، نا. "

هەستم کرد گەرەکیەتی بەم وەڵامە کورتە ئەو قسەیەم بیربخاتەوە کە دوێنێ عەسر لە پارکەکەدا کردی و گوتی "با چیتر باسی ئەمە نەکەین." ئەوسا بیرم کەوتەوە کە (ك) چۆن و بە چ غروورو کبریایەکەوە قسەی کردووەو هەنگێ ئەو قسانەی کە لە بن لێوانەوە کردبوونی، "ئایا من ئامادەم؟... بۆ نە ء ؟...." بوونە مایەی خەمباریم.

*

چاك دەمزانی کە (ك) خاوەنی تەبیعەتێکی قورس‌و بنجبڕە. هەروەها تێگەیشتم بۆچی (ك)، نەخاسما لەم مەسەلەیەدا، نەیتوانی هەڵوێستێکی بنجبڕ بنوێنێ. بەڵام زوو بە زوو بۆم دەرکەوت کە من (ك)م وەکو پێویست نەناسیوە، (ك) ئەوە نییە وەکو من تێی گەییوم. زانی کە هەڵوێست‌و رەفتاری (ك) لە حاڵی بارگرژیدا شتێکە لە پێشبینی نایەت، هەمان هەڵوێستی بارودۆخی ئاسایی نییە. تا زیاتر بیرم لەو قسانەی (ك) دەکردەوە کە دواجار لە پارکەکەدا کردنی، لەلام گۆنگ تر دەبوون. بە نیگەرانییەوە کەوتمە بیری ئەوەی ڕەنگە وەکو جاران باوەڕو متمانەی بە خۆ بووبێت، لەوەیە ئامادە بووبێ نکۆڵی لە ئەشقی ئوجوسان نەکات، بەڵام ئامادە بێت بە یەکجارەکی حاشا لە رابردووی خۆی بکات تا لە هەموو گومان‌و کول‌و کۆڤانەکان رزگار بێت. کە هەستم کرد دەشێت وشەکانی (ك) بەو ئاوایە بێنە شرۆڤە کردن، تووشی شۆك بووم. جا ئەم شۆکە بۆی دەرخستم کە ئەنجامگیرییەکانم لە مەڕ (ك) چەند گەوجانە بووەو هەق وابوو پەلە نەکەم. هەق وابوو لە خۆم بپرسایە. "باشە ناشێت هێشتا مانای پەنهان‌و شاراوە لەو دیو وشەکانییەوە هەبێ ؟" بۆ نەگبەتی ئەوسا توانای ئەوەم نەبوو شتەکان بە ڕوونی ببینم، ئێستا خەفەت بۆ ئەوە دەخۆم کە چەند کوێرو نابینا بووم. بە هەرحاڵ قەناعەتم بە خۆ هێنا کە (ك) بە نیازە ڕادەستی ئەشقەکەی، یانی (ئوجوسان) ببێت. قەناعەتم هێنا کە (ك) بە شێوازە بنجبڕە باوەکەی خۆی هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ کە بیگاتێ.

گوێم لە دەنگێك بوو بە گوێمیا دەچپاند، "دوا بڕیار کاری تۆیە." دەنگەکە جورئەتێکی تازەی وەبەرنام. لە دڵی خۆدا گوتم دەبێ بەر لە (ك) دەست پێشکەری خۆ بکەم‌و نەیەڵم پێ بحەسێت. قرێرم دا، هەرکاتێ (ك)و (ئوجوسان) لە ماڵ نەبوون، قسە دەگەڵ ئوکوساندا بکەم. بە کاوەخۆ چاوەڕوانی دەرفەتی لە بارم دەکرد: دوو رۆژ بوری، نەخێر بوو بە سێ رۆژو دەرفەت نەڕەخسا. کە دەچوومە ماڵەوە، ئەو جووتە هەمیشە لە ماڵەوە بوون. ئیدی سەبرم بە تەواوەتی سوا.

هەفتەیەك تێپەڕی‌و سەیرم کرد ناتوانم لەوەی پتر چاوەنۆڕ بکەم. باشترین نەخشە ئەوە بوو بە ناوی نەخۆشییەوە بچمە جێوەو بە درێژایی رۆژ لە ماڵ نەچمە دەرێ. ئوکوسان، پاشان ئوجوسان‌و ئەنجام خودی (ك) هاتنە سەردانم بەو نیازەی لە جێگا بمهێننە دەرێ: هیچ وەڵامێکی روونی پرسیارەکانم نەدانەوە، بەو قەناعەتەوە هەستان کە نەساغم. دەوروبەری سەعات دە بوو کە لە جێگە هاتمە دەرێ. (ك) و (ئوجوسان) چووبوونە دەرێ. بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا بوو. کاتێ ئوکوسان دیتمی گوتی: "تۆ نەساغی، بۆ هاتوویتە دەرێ ؟ بڕۆ پاڵکەوە شتێکت بۆ دێنم بیخۆ." هەڵبەتە لە گوێزی ساغ ساغتر بووم، عەلەمم تیا نەبوو، حەزیشم نەدەکرد بچمەوە ناو جێگا. دەموچاوم شت‌و وەکو جاران لە ژووری قاوەڵتیدا قاوەڵتوونم کرد. ئوکوسان لەو بەری

مەقەڵییە درێژەکەوە دانیشتو نانو خواردنی بۆ ئامادەکردم. ژەمێکی سەیر بوو نە قاوەتوونو تاشت بوو، نە نیوەڕۆژەو فراڤین، بەدەم نان خواردنەوە بە بێدەنگی بیرم لەوە دەکردەوە بەچ زمانێ ئوکوسان بدوێنمو داخوازی کیژەکەی لێبکەم. بێگومان ئوکوسان بە هەڵە وایدەزانی ئەو سەرقاڵیو مژولییەم نیشانەی نەخۆشییە. کە لە خواردن بوومەوە سیگارێکم پێکرد. ئوکوسان ناچار بوو بەدیار مەقەڵییەکەوە دانیشێت: چونکە زەحمەت بوو لە پێش مندا ژوورەکە بە جێ بێڵێ. کارەکەرەکەی گازکرد، داوای لێکرد سینییەکە لابەرێت. لەبەر ئەوەی هیچ کارێك نەبوو بیکات، هەندێ ئاوی لە کترییەکەی سەر مەقەڵییەکە کردو دەستی بە پاك کردنەوەو سڕینی مەقەڵییەکە کرد. گوتم "ئوکوسان! کارت هەیە؟" گوتی: "نەخێر"و ئەوسا هەڵیدایە "بۆچی؟" گوتم "شتێك هەیە، حەزدەکەم پێتی بڵێم." گوتی: "بەڵێ؟"و لێی ڕوانیم. شێوازی ئوکوسان بە رادەیەك سارد بوو، خەریك بوو ژێوان ببمەوە.

ئەنجام دوای ئەوەی یەك دوو دەقیقەیەك بەدەوری بابەتەکەدا سوڕامەوەو خولامەوە، گوتم: "ك، لەم دواییانەدا هیچی پێ گوتوویت؟" ئوکوسان بە پرسیارەکەم حەپەسا. گوتی: "مەبەستت چییە؟" بەر لەوەی فریای وەڵام بکەوم. ئەو گوتی: "هیچی لای تۆ گوتووە ؟".

*

بە تەما نەبووم ئەو قسانەی بۆ بگێڕمەوە کە ئەو رۆژە (ك) لە ژوورەکەی خۆمدا بۆی باس کردبووم، بۆیە گوتم، "نەخێر" یەکسەر بەو درۆیەی خۆم تەریق بوومەوە. جا بۆ ئەوەی کەمێك ویژدانی خۆ ئاسوودە بکەم، لەسەری رۆییشتم "ئەوەی دەمەوێ بیڵێم پەیوەندی بە (ك)وە نییە. داوای لێنەکردووم هیچ شتێك لە جیاتی ئەو بڵێم". گوتی "ئاوا؟"و چاوەڕوانی کرد. هیچم بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ بچمە سەر بابەتەکە. بێ سێو دوو گوتم "ئوکوسان، دەمەوێ ئوجوسان بخوازم." نیمچە سەر سام نەبوو وەکو چاوەڕوان بووم. بە هەرحاڵ، تیا مابوو چ وەلامێك بداتەوەو بە بێدەنگی چاوانی تێبڕیم. بە جۆرێ چەشە بووم کە لە بێدەنگییەکەی نەدەترسام. گوتم، "تکات لێدەکەم، با زەماوەندی دەگەڵ بکەم. من ئوجوسانم زۆر خۆش دەوێ." جا چونکە ئوکوسان لە من بە تەمەنتر بوو، بۆیە لە من ئارامتر بوو. گوتی، "من نەمگوتووە نا. بەڵام مەسەلەکە هەر هەمووی کوتوپڕە..." بەلەز گوتم "دەمەوێ بە زووترین کات زەماوەندی دەگەڵ بکەم،" دەستی بەپێکەنین کرد. ئەوسا بە جددی گوتی: "باش بیرت لێ کردووەتەوە؟ یانی تۆ دڵنیایت؟" ئیدی بە زمانێکی دوور لە هەر گومانێك دڵنیام کرد کە هەرچەندە شێوازی داخوازییەکەم پەلە پەلی پێوە دیارە، بەڵام زۆر دەمێکە دڵم بە ئوجوسانەوەیە.

ئیدی زۆر گفتوگۆی دی لەو بارەیەوە کران کە لە بیرم نەماون. ئوکوسان ژنێك بوو بە ئاسانی لەو جۆرە بۆنەیەدا قسانی دەگەڵ دەکرا: پێچو پەنا لە قسانیدا نەبوو. لەم ڕووەوە پتر لە پیاو دەچوو تا ژن. ئەنجام گوتی، "باشە، دەتوانی زەماوەندی دەگەڵ بکەی." ئەوسا بە تۆنێکی فەرمی ترەوە گوتی، "هەڵبەتە، خۆی مەرجە ، من کێم تا بڵێم: "دەتوانی زەماوەندی دەگەڵ بکەی؟ وەکو دەزانی کیژێکی کلۆڵی بێ باوکە."

پێموایە هەموو گفتوگۆیەکان لە چارەکێك پتریان نەخایاند. گفتوگۆکان زۆر سادەو ڕاستەوخۆ بوون. هیچ مەرجێکی دانەنا. گوتی پێویست بەوە ناکات ڕاوێژ بە خزمو کەس‌وکاری بکات، هەر چەندە لە قەرارەکەی ئاگاداریان دەکاتەوە. پێدەچوو لەوەش دڵنیابێت کە کیژەکەی هیچ ئیعترازێك ناگرێت. جا لەم خاڵەدا هەندێ واهیمەو خەیاڵاتم لا دروست بوو. هەرچەندە من خوێنەوارو ڕۆشنبیر بووم، بەڵام زۆر لەو تەقلیدی تر بووم، بۆیە گوتم: "من گوێ بە خزمو کەس‌و کار نادەم، کەسوکار گرینگ نییە، بەڵام پێت وا نییە باشتر وایە لە پێشا پرس بە ئوجوسان بکەیت؟" دڵنیای کردم، کە خەمم نەبێت. گوتی بە تەما نییە کیژەکەی بە هیچ کەسێك بدات کە خۆی خۆشی نەوێت.

بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە. لە ناخا نیگەرانی ئەوە بووم کە مەحاڵە ئەم مەسەلەیە بەو ئاسانییە سەربگرێت. بە هەرحاڵ، بەوە دڵخۆش بووم کە بەلای کەمەوە ئایندەم جێگیر بووە. بە شێوەیەکی گشتی ئاسوودەو خۆشحاڵ بووم.

نزیکی نیوەڕۆ چوومەوە بۆ ژووری قاوەڵتیو لە ئوکوسانم پرسی بە تەمایە کەی داخوازیەکەم بە ئوجوسان بڵێ. گوتی "گرینگە کەی پێی بڵێم؟". "گرینگ ئەوەیە بزانم، تۆش پێت وا نییە؟" ئەمە کردیە کارێك وا هەست بکەم لەو ژنترم. لەزگ بوو بە پەشۆکاوی بگەڕێمەوە کە قسەکەی پێ بڕیمو گوتی: "باشە، مادامێکی ئەوەندەت پەلەیە، ئەگەر حەزدەکەی ئەمڕۆکە پێی دەڵێم. کەنگێ لە مەکتەب هاتەوە پێی دەڵێم. باشە، بە دڵتە ؟". گوتم "بەڵێ. سوپاست دەکەم" ئەوجا ڕێك بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە. هەستم دەکرد، هیچ بەجێ نییە من لە ماڵەوە، بە دیار مێزەکەمەوە، کڕو کپ لە ژوورەکەی خۆم دانیشمو جووتە خانمیش لە ژوورەکەی خۆیاندا خەریکی چپە چپ بن، تەحەمولێکی دەوێ، بۆیە شەپقەکەم لەسەرناو لە ماڵ وەدەرکەوتم. لە بناری گردەکەدا تووشی ئوجوسان بووم، بە دیتنم حەپەسا.

شەپقەکەم داکەندو گوتم، "گەڕایتەوە." بە سەرسامی گوتی، "چاك بوویتەوە؟" گوتم، "ئا، بەڵێ ئێستا باشم... زۆر باشم." بە پەلە بەرەو (سویدوباشی) کەوتمە ڕێ.

*

لە (ساروگاکو تشو)ـەوە خۆم بە شەقامی سەرەکی (جیمبوتشو)دا کردو بەرەو (ئوگاواماتشی) بامدایەوە. عادەتم وابوو کە ڕێم دەکەوتە ئەم ناوچەیە، سەرێکی ئەو کتێبفرۆشیانەم دەدا کە کتێبانی کۆنو دەستی دوویان دەفرۆشت، بەڵام ئەو ڕۆژە گێولی ئەوەم نەبوو، چاو بە کتێبە کۆنەکاندا بخشێنم، هەموو هۆش‌و گۆشم لای ئەوە بوو کە لە ماڵەوە چی ڕوو دەدا. بیرم لە ئوکوسانو ئەو قسەیەی دەکردەوە کە ئەو بەیانییە پێی گوتم، ئەوجا کەوتمە وێناکردنی ئەو دیمەنەی پاش گەڕانەوەی ئوجوسان، لە ماڵەکەدا دروست دەبوو. خوا بەختەکی خۆم بە هەنگاو سپارد، شوێنێکی تایبەتی نەبوو بۆی بچم. مێشکم جگە لەو دوو خانمە جێی هیچی تری تیا نەدەبووەوە. لە پڕ لە ناوەندی ڕێگەدا دەوەستامو لە فکران ڕادەچووم "بێگومان ئێستا، لەم ساتەدا باسی مەسەلەکە دەکەن،" یان "ئا ئێستا لە قسان بوونەتەوە."

پردی (مانزی)م بڕیو به هەورازەکەدا هەڵگەڕامو بەلای پەرستگەی (مایوجین)دا تێپەڕیم. به گردی (هونگو)دا بەرەو دۆڵی (کویشیکاوا) داگەڕام. ئەم پیاسەیەم ماوەیەکی باشی خایاند – بەدەم ڕێوە نزیکەی سێ گەڕەکی جیام بڕی– به درێژایی ئەم ڕێڕەوە به دەگمەن بیرم له (ك) کردەوە. بۆچی؟ نازانم. یانی سەیر نییه که بیرم لێی نەکردووەتەوە؟ ئەلهەقی ئەو عەسرە هەستم به پەریشانییەکی زۆر کرد، بەڵام ویژدانم کێوە چوو بوو؟.

بۆ ماڵ گەڕامەوە. وەکو جاران خۆم به ژوورەکەی (ك) دا کرد تا بگەمە ژوورەکەی خۆم. هەنگێ بۆ یەکەمجار هەستم به تاوان کرد. هەڵبەتە به دیار مێزەکەیەوە دانیشتبوو وخەریکی خوێندنەوە بوو. وەکو هەمیشە چاوانی بۆ هەڵبڕیم. بەڵام ئەمجارەیان به گوتە باوەکەی (ئێستا هاتیتەوە؟" پێشوازی نەکردم، له جیاتی ئەوە گوتی: "ئێستا باشتریت ؟ چوویتە نك پزیشك؟" له پڕ ویستم لەبەردەمیا به چۆکا بێمو داوای بوردنی لێبکەم. ئەو دەمە هەستم به سۆزێکی توند کرد. پێموایە ئەگەر به تەنیا لەگەڵ (ك)دا له بیابانێکدا بوایەین، گوێم بۆ هاواری ویژدانی خۆم دەگرت. بەڵام ماڵەکە خەڵکی تری تیایە. هاندەرێکی دەروونی ئاسایی هانی دەدام که دەگەڵ (ك)دا ڕاستگۆ بم. خۆزیام دەخواست دەرفەتێکی دیکەی وەکو ئەمەم بۆ بڕەخسێت تا داوای بوردن له (ك) بکەم.

جارێکی دی له کاتی فراڤیندا دیتمەوە. به هێمنی دانیشت. نقومی هزرینێکی خەمناك بوو. کەمترین گومان له چاوەکانیا بەدی نەدەکرا. جا چۆن دەربکەوێ، خۆ نەیدەزانی له غیابی ئەودا چی ڕوویداوە؟ ئوکوسان، که له حەقیقەتی ئێمە بێ ئاگا بوو، لەوپەڕی شادیدا بوو. تەنیا من هەموو شتێکم دەزانی. زۆر به زەحمەت خواردنەکەم بۆ قووت دەچوو، له تۆ وایە قوڕقوشمە. ئەو ئێوارەیە ئوجوسان، که عادەتەن دەگەڵ ئێمەدا نانی دەخوارد، له ژووری نانخواردن ئامادە نەبوو. که ئوکوسان گازی کرد، له ژوورەکەی تەنیشتەوە وەڵامی دایەوە "بەڵێ، وا دێم." (ك) پێی سەیر بوو، ئەنجام له ئوکوسانی پرسی: "چییەتی؟" ئوکوسان نیگایەکی منی کردو گوتی: "ڕەنگە شەرم بکات." ئەمە هێندەی دی (ك)ی سەرسام کرد. دەیویست شتەکە بزانێت، گوتی: "بۆچی شەرم دەکات؟" ئوکوسان بزەیەکی کردو هەمدیس ڕوانییە من.

هەرکە له دەوری خوانەکە دانیشتم، پەیم به هۆی نیگای شادی ئوکوسان برد. دوا شت که داوام لێکرد بیکات، ئەوە بوو که له حوزووری مندا شتەکە بۆ (ك) بگێڕێتەوە. ئوکوسان لەو مەسەلانەدا سڕ قایم نەبوو، بەمە پەست بووم. خۆشبەختانە (ك) بێدەنگ بووەوە. ئوکوسانیش هەرچەندە زۆر شادمان و خۆشحاڵ بوو، نهێنییەکەی ئاشکرا نەکرد. پاش ئەوەی هەناسەی ئۆخەیم هەڵکێشا، بۆ ژوورەکەی خۆم گەڕامەوە. نیگەرانی پەیوەندی ئایندەی خۆمو (ك) بووم، لەدڵی خۆدا دەمگوت "چی پێ بڵێم؟" هەر بیانوویەکم دێنایەوە بەدڵم نەبوو. له ئەنجامدا وام لێهات که بیرم لەوە دەکردەوە هەڵوێستو ڕەفتاری خۆم بۆ (ك) شەرح بکەم، قێزم لەخۆ دەبووەوە. که مرۆڤێکی ڕوح چروك بووم.

*

دوو سێ ڕۆژ تێپەڕین. پێویست بەوە ناکا بڵێم هەستم به ترسێکی تەواودەکرد. ئەوەی قوڕەکەی خەست تر کردەوە، گۆڕانی هەڵوێستی ئوکوسانو ئوجوسان بوو بەرانبەر به من. ئەم

هەڵوێستە روحی بێدارکردمەوە، ئەوەی بیرخستمەوە کە بەلای کەمەوە دەبوایە (ك) لە حەقیقەتەکە ئاگادار بکەمەوە. هێندەی دی هەستم بە تاوان کرد. ئەمە جگە لەوەی کە دەترسام، ئوکوسان بە حوکمی ئەوەی بە پێچەوانەی زۆربەی ژنانەوە، کەسێکی قسە لە ڕوو و ڕاشکاو بوو، ئێوارەیەك کە هەمووماں لەسەر خوانی ئێوارە کۆبووینەوە، هەواڵە خۆشەکە بە (ك) بڵێت. هەروەها نەمدەتوانی لەوە دڵنیا بم کە (ك) هەست بە رەفتاری ئوجوسان، کە بە ئاشکرا گۆڕا بوو، ناکات. بۆیە ناچار بووم دان بەوەدا بنەم کە هەقە (ك) لەو پەیوەندییە تازەیەی بەینی منو ئەو خانەوادەیە ئاگاداربکرێ. جا چونکە هەڵوێستی من لاواز بوو، هەستم کرد زۆر زەحمەتە بە خۆم ئاگاداری بکەمەوە. بە نائومێدییەوە کەوتمە بیری ئەوەی داوا لە ئوکوسان بکەم کە پەیوەندییە تازەکەمان لە (ك) بگەیەنێ. (هەڵبەتە باشتر وایە، کاتێ قسەی دەگەڵ بکات کە من لەماڵەوە نەبم). بە هەرحاڵ، ئەگەر ئوکوسان بە تەما بێ، ڕاستگۆیانە هەموو شتێك بە (ك) بڵێت، ئەوا لەوە عەیب تر دەبێ کە خۆم پێی بڵێم. خۆ ئەگەر (ك) حەقیقەتەکەی لە خۆمەوە زانی ئەمە هیچ سوکناییەکی پێنابەخشێت. ئەمە جگە لەوەی کە ئەگەر داوا لە ئوکوسان بکەم، درۆیەکی لەبار سەبارەت بە خوازگاری من بۆ کچەکەی، رێك بخاتو بە (ك)ی بڵێ بێگومان داوام لێدەکات هۆی ئەوەی بۆ روون بکەمەوە. هەنگێ نەك هەر لاوازی خۆم بۆ خەسووی ئایندەم کەشف دەکەم، بەڵکو بۆ ئەو کەسەش کەشف دەبێ کە خۆشم دەوێ. بە خەیاڵی خاوی خۆم باوەڕم وا بوو ئەم ریسواییە، لە ئایندەدا کار لە رەئی هەردوو خانم سەبارەت بە من دەکات. ئامادە نەبووم، کەمترین بەشی متمانەی دڵدارەکەم، بەر لە زەماوەندەکەمان، بدۆڕێنم. بۆیە، وێڕای ئەوەی پڕ بە دڵ حەزم دەکرد رێگەی راستیو دروستی بگرمە بەر، کەچی لە ڕێ لامدا. خۆم گومڕا کرد. کەر بووم یان حەزدەکەی، خوێڕییەکی خاپینۆکی فێڵباز. جگە لە خۆم، تەنیا ئاسمان ماهیەتو جەوهەری دەناسیم. جا چونکە بۆ تاقە جارێ لە ڕێ لام دا بوو، هەستم دەکرد بە هیچ شتێك نایەمەوە مایە، ئەو سەنگەی جاران پەیدا ناکەمەوە تەنیا بەوە نەبێ فێڵو تەڵەکەکەم بۆ هەموو کەسێك بگێڕمەوە. بێهودە دەمویست بەردێك لەسەر ئەم شەرمەزارییەی خۆم دابنەمو سرپۆی بکەم. لە هەمان کاتدا هەستم دەکرد، دەبێ بە هەرنرخێ بووە قەدرو حورمەتی خودی خۆم بەدەست بێنمەوە. کە خۆم لەم حیرەتەدا بینییەوە، ئیدی بێدەنگەم لێکرد.

دوای ئەوە بە پێنج شەش ڕۆژێك، ئوکوسان لە ناکاودا لێی پرسیم: "ك"ت لە خوازگارییەکت ئاگادار کردەوە؟ وەڵامم دایەوە، "نەخێر، هێشتا پێم نەگوتووە." پرسی، "بۆچی؟" هەستم کرد ئازای بەدەنم وشك بوو. ورتەم لە زار نەهاتە دەرێ.

گوتی: "پێی سەیر بوو کە پێم گوت." وشەکانی تەزاندمی، تا ئێستاش لە گوێمدا دەزرنگێنەوە، بە جوانی لە بیرمن. لەسەری رۆیی، "تۆ شەرم لە خۆت ناکەی، تەریق نابیتەوە. بە هەرحاڵ دۆستێکی زۆر نزیکتە، وا نییە؟ بەڕاستی نابێ بە دڵڕەقی مامەڵەی لە تەکدا بکەیت."

لێم پرسی، "باشە (ك) چی گوت؟". گوتی، "ئۆ، هیچ شتێکی ئەوتۆی نەگوت." بەڵام من زۆرم لێکرد کە بە دوورو درێژی باسی قسەکانی (ك)م بۆ بکات. هەڵبەتە ئوکوسان پێویستی بەوە

نەبوو هیچ شتێك لە من بشارێتەوە. پاش ئەوەی گوتی هیچ شتێکی تر نییە پێمی بڵێت، بە درێژی کەوتە وەسفی پەرچە کرداری (ك) دەربارەی هەواڵەکە.

پێدەچوو، (ك) دوا جەزرەبەی خۆی بەوپەڕی ورە بەرزییەوە وەرگرتبێ. بێگومان پێی سەیر بووە. کاتێ کە پێمگوت خوازگاری ئوجوسانم کردووە، بە شێوەیەکی ئاسایی گوتی "بە ڕاست؟" هەنگێ ئوکوسان پێی گوت "بلێ خۆش حاڵم." ئەمجارەیان تەمەشایەکی کردو بە دەم بزەیەکەوە "پیرۆزە." لەو کاتەدا کە بەتەواوی لە ژووری قاوەڵتیچوو بووە دەرێ ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: "کەی زەماوەندە؟ حەزدەکەم دیارییەك پێشکەش بکەم، بەڵام چونکە پارەم نییە دەترسم نەتوانم."

لەو کاتەدا لە هەنبەر ئوکوسان دانیشتبووم‌و گوێم لە قسەکانی دەگرت، هەستم کرد کسپەی ژانێك لە دڵم بەرز بووەوە.

*

(ك) دوو ڕۆژ زیاتر بوو بەمەی زانی بوو. کەس نەیدەتوانی پێشبینی ئەوە بکات کە چ پەرچە کردارو ڕەفتارێکی دەبێ. بە ڕواڵەت زۆر ئارام‌و هێمن بوو، دڵبەندی ئارامییەکەی بووم. هەستم کرد زیاتر شایستەی ئەو بوو تا من. لە دڵی خۆدا گوتم، "وەکو فێڵ‌و تەڵەکە بردمەوە، بەڵام وەکو پیاو دۆڕام." هەنگێ هەستم بە شکستێکی یەجگار دژوار کرد، شکستێك وەکو گەردەلوول لە مێشکمدا دەخولایەوە.کە ئەوەم دێنایە بەرچاوی خۆم (ك) چەندم دەبوغزێنێ، تەریق دەبوومەوە. بچم بۆ لای (ك)و تەوازی بۆ بێنمەوە، بەڵام غروور – و ترسی شکاندنم– ڕێیان نەدام.

لە کۆتاییدا، بێزار بووم لەوەی کە نەمدەتوانی چ بڕیارێك بدەم، ئایا قسە دەگەڵ (ك)دا بکەم یان واز بێنم. لە بیرمە شەوی شەممە بوو، لە دڵی خۆدا گوتم "سبەینێ بڕیاری خۆ دەدەم، یا هەڕە یا وەرە." بەڵام (ك) لەو شەوەدا خۆی کوشت. تا ئێستاش کە دیمەنەکەم بیردەکەوێتەوە ترسم لێدەنیشێت نازانم ئەو شەوە چی ڕوویدا، من کە هەموو شەوێ لە کاتی نووستندا پێم دەکردە ڕۆژاوا ئەو شەوە بڕیارمدا ڕێڕەوی ژیانم بۆ هەتا هەتایە بگۆڕم وام هاتە بەر گوێ، دەنگێك لە نەدیوییەوە، بە چپە دەڵێت "تازە ڕۆیی، کار لە کار ترازاوە.." ئازای جەستەم کەوتە لەرزین.

تەنانەت لەو ساتەشدا نەمتوانی بەرژەوەندی خۆم فەرامۆش بکەم و نامەیەکم بەسەر مێزەکەی (ك)وە بینی. کە دیقەتم دا بینیم نامەکە وەکو ئومێدم دەکرد، ئاراستەی من کراوە. بە پەلە پەل‌و شێتانە زەرفەکەم هەڵپچڕی. ناوەڕۆکی نامەکە کەم‌و زۆر ئەوەی تیا نەبوو کە من چاوەڕوانم دەکرد. من لەوە دەترسام زۆر شتی تیا بێت کە عەزیەتی ڕوحم بدات، ئازاری کوشندەم پێ بگەیەنێ.

دەترسام ناوەڕۆکی نامەکە شتی ئەوتۆی تیا بێ کە لە بەرچاوی ئوکوسان‌و ئوجوسانم بخات‌و هیچ ڕێزو حورمەتێکیان بۆم نەمێنێ. لەبەر چاویان سووك‌و ریسوا ببم. کە نامەکەم بەلەز لە هەوەڵەوە تا کۆتایی خوێندەوە، هەستم کرد "بە سەلامەتی دەرچووم" (تەنیا بیرم لە سومعەو ناوبانگی خۆم دەکردەوە، ئەوسا پێموابوو بیروبۆچوونی خەڵکی گرینگە.).

نامەکە بە سادەیی نووسرا بوو.(ك) بە شێوازێکی زۆر گشتیو لامسەرلایی باسی خۆکوژییەکیە خۆی کردبوو. گوتبووی بۆیە بڕیاری داوە بمرێت، چونکە هەستی کردووە، ناتوانێ ببێت بەو کەسێتییە سەنگینو سەر ڕاستو یەکڕەنگەی کە هەمیشە خەوی پێوە دیتووە. سوپاسی کردبووم لەسەر گەلێ لەو کارو کردەوەو هاوخەمیو هاوسۆزییانەی کاتی خۆی لەگەڵم کردبوو، داوای لێکردبووم ئەو چاکەیەی دەگەڵ بکەم کە دوای ئەو هەموو شتەکان بپارێزم. داوای لێکرد بووم لە جیاتی ئەو تەوازۆ بۆ ئوکوسان بێنمەوە کە ئیحراجیەکی گەورەی بۆ دروست کردبوو. داوای لێکرد بووم هەواڵی مردنەکەی بە کەسوکاری بدەم. لەم نامە کورتو عەمەلیەدا ناوی ئوجوسان نەهاتبوو. یەکسەر زانیم کە (ك) بە ئانقەست خۆی لە ناوهێنانی ئوجوسان بواردووە. بەڵام ئەوەی کە زۆر کاری تێکردم دوا ڕستەی نامەکە بوو کە پێدەچوو وەکو بیرۆکەیەك لە دوا ساتدا بۆی هاتبێ، کە بریتی بوو لەوەی: "بۆچی چاوەڕوانم دەکرد تا بمرم؟"

بە دوو دەستی لەرزۆکەوە نامەکەم قەدو نوشت کردەوەو لە زەرفەکەم نایەوە. بە ئانقەست لەسەر مێزەکەم دانایەوە، لە شوێنێکم دانا کە هەموو کەسێك بتوانێ بیدینێ. ئەوجا ڕوانیمە دەوروبەر، بۆ یەکەمجار خوێنم بەسەر دیوارەکەوە بینی.

*

سەریم گرت– تەقریبەن لە هەمێزم گرت– کەمێك بەرزم کردەوە. ویستم بە مردوویەتی تەمەشایەکی دەموچاوی بکەم. بەرەو زەوی دانەویمەوەو لە ژێرەوە ڕوانیمە دەموچاوی. بەلەز دەستم کێشایەوە. نەك هەر دیمەنەکە دڵی تەژی ترس کردم، بەڵکو سەریشی زۆر قورس بوو. بۆ ماوەیەکی کورت بە ئارامی ڕۆنیشتم، چاوم بڕییە گوێچکە ساردەکانی کە تۆزی لەمە پێش دەستم بەریان کەوت، هەروەها ڕوانیمە قژە چڕە تازە چاك کراوەکەی کە دەتگوت قژی کەسێکی زندووە. گریانم نەهات، تەنیا هەستم بە ترس کرد. هۆی ترسەکەم ئەوە نەبوو کە لە جەستەیەکی شەلاڵی خوێنەوە نزیك بووم. ئەوەی دەیترساندمو مایەی ترس بوو، چارەنووسی خۆم بوو: هەستم دەکرد، ئەم برادەرە بێ گیانو ساردو سڕەی کە لە بەردەممدا ڕاکشاوە، ئەو نەخشەی ئەو چارەنووسەی کێشاوە، ئەو چارەنووسەی کە لێم نابێتەوە.

بیرم کردەوە کە باشترین شت ئەوەیە بۆ ژوورەکەی خۆم بگەڕێمەوە. لەوێندەر بە نیگەرانییەوە کەوتمە هاتوچۆ. دەمزانی کارێکی بێهودەیە، بەڵام ئەقڵ داوای لێدەکردم ئەو کارە بکەم. لە دڵی خۆدا گوتم: "پێویستە شتێك بکەم." ئەوسا لەسەری ڕۆییشتم، "بەڵام دەتوانم چی بکەم؟ ڕۆیی، کار لە کار ترازا." مەحاڵ بوو بتوانم بە ئارامی دانیشم. وەکو ورچێکی نێو قەفەز دەبوایە بەردەوام بجوڵێم.

هات بە سەرما بڕۆم ئوکوسان هەستێنم. بەڵام هەستم کرد ڕاست نییە کارێکی وەها بکەم ئەو دیمەنە سامناکەی ژوورەکەی (ك) بدینێ. زۆرم حەزدەکرد ئوکوسان ئەو دیمەنە نەبینێ. دەمزانی بە دیتنی ئەو دیمەنە زۆر تێکدەچێتو تووشی شۆك دەبێت.

چرای ژوورەکەی خۆم هەڵکرد. ناو بە ناو دەمڕوانییە سەعاتەکەم. ئەو شەوە میلەکانی زۆر خاو دەجولان.نەمزانی کەی خەبەرم بووەوە، بەڵام دڵنیا بووم کە نزیکی بەرەبەیان بوو. بەو جۆرە

بەدەم چاوەڕوانی هەڵاتنی ڕۆژەوە دەهاتمو دەچووم. هەندێجار دەگەییمە ئەو باوەڕەی کە ئەم شەوە هەرگیز نابڕێتەوە.

به زۆری سەعات حەوت لە خەو ڕادەبووین، چونکە گەلێك لەدەرس‌و محازەرەکانم، سەعات هەشت دەستیان پێدەکرد. بۆیە دەبوایە کارەکەرەکە سەعات شەش لە خەو ڕابێ. بڕیارم دا لە پێش سەعات شەشدا هەڵی بستێنم. بە هەرحاڵ کە دەچووم بۆ ژوورەکەی ئەو، ئوکوسان لە ڕێگەدا ڕایگرتم، گوتی: "تۆ دەزانی ئەمڕۆ یەك شەممەیە." تومەز گوێی لێ بووبوو کە بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆم. گوتم، "مادامێکی بەخەبەری، بێزەحمەت دەتوانی بێی بۆ ژوورەکەی من؟" بەلەز ڕۆیێکی بەسەر جلە خەوەکانیا، لەبەر کردو دوام کەوت. کە هاتە ژوورەکەی منەوە، ئەو دەرگایەم داخست کە بەسەر ژوورەکەی (ك)دا دەکرایەوە. دوای ئەوە بە نیمچە چپەیەکەوە بە ئوکوسانم گوت: "دەزانی شتێکی ترسناك ڕووی داوە." پرسی: "مەبەستت چییە؟" بە سەر ئاماژەم بۆ دەرگا داخراوەکە کردو گوتم، "دەبێ دان بە خۆتا بگریت." ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا. گوتم، "ئوکوسان، (ك)... خۆی کوشتووە." ڕەق ڕاوەستاو بە کزی چاوی تێبڕیم. لە ناکاو کەوتە سەر چۆکان، سەرم لەبەردەمیا دانەواندو گوتم، "بە چاکی خۆت بمبەخشە، بمبورە، هەمووی خەتای من بوو، هەڵەی من بوو. تۆو ئوجوسان دەمبورن؟" تا ئەو ساتە ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو کە ئەو جۆرە شتانە بە ئوکوسان بڵێم. هەرگیز بە تەمای ئەوە نەبووم ئەو شتانەی پێ بڵێم. بەڵام کە دیتم چاوی تێ بڕیوم. ئارەزوویەکی کوتوپڕ بەرۆکی گرتم کە دەبێ کڕنۆشی بۆ بەرمو داوای بوردنی لێبکەم. تکات لێدەکەم لەوە بگە کە ناچار بووم تەوازی بۆ ئوکوسان‌و ئوجوسان بێنمەوە، داوای بوردن لەوان بکەم، چونە (ك) نەما بوو تا عوزرخوازی لێبکەم. ویژدانم ناچاری کردم، دژی ویستی خۆم بوەستمەوەو داوای بوردن بکەم. خۆشبەختانە ئوکوسان پەی بەوە نەبرد کە بۆچی داوای بوردنم لێی کرد. هەرچەندە هێشتا ڕەنگی زەرد بوو، بە هێمنی و ئارامی، بە میهرەبانی گوتی "پێویست ناکات گلەیی لە خۆت بکەی، کێ تەسەوری شتی وای دەکرد؟" بە هەرحاڵ، وێڕای ئارامییەکەی، توانیم نیشانانی ترس‌وشۆك لە چاوەکانیا بخوێنمەوەو ببینم.

*

هەرچەندە بەزەییم بە ئوکوساندا دەهاتەوە، بەڵام ئەو دەرگایەم کردەوە کە تۆزێ لەوە پێش دامخست. چراکەی (ك) کوژابووەوە، ژوورەکەی تاریك تاریك بوو. گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم‌و چراکەم هەڵگرت، کە بۆ جاری دووەم گەییشتمەوە ڕاڕەوەکە، ئاوڕم دایەوەو ڕوانیمە ئوکوسان. بە ئەسپایی بەرەو من هات، بە ترسەوە لەسەر شانی منەوە ڕوانییە ناو ژوورە چکۆلەکە. بەڵام نەهاتە ناو ژوورەکە، گوتی: "دەبێ پەنجەرەکان بکەیەوە تا ڕووناکی بێتە ژوورەوە."

به درێژایی ئەو ڕۆژە، ڕەفتاری ئوکوسان، وەکو پیاو لە ژنی بابایەکی عەسکەری ڕادەبینێ، نموونەیی بوو. جا من بە گوێرەی فەرمانی ئوکوسان چووم بۆ لای پزیشك‌و پاشان چووم بۆ لای پۆلیس. لە ماوەی هاتن‌و ڕۆییشتنی دکتۆرو پۆلیسەکاندا، نەی هێشتبوو کەس بچێتە ژوورەکەی (ك)ـەوە. (ك) بە قەڵەمبڕێك شادەماری خۆی بڕی بوو و یەکسەر مرد بوو. هیچ زامێکی

دیكەی بە جەستەوە نەبوو. زانیم ئەو خوێنەی كە لە نیمچە تاریكییەكەدا– وەكو ئەوەی خەو ببینم– بە دیوارەكەوە دیتم، زۆر بە توندی فیچقەی كردبوو، بۆ جاری دووەم، ئەمجارەیان بە رۆژی روناك تەمەشای پەڵە خوێنەكانم كرد، سەرم لە وزەی خوێنی بەشەر سوڕما.

منو ئوكوسان، بە باشترین شێوە ژوورەكەمان پاك كردەوە. خۆشبەختانە لێفەی سەر جێگاكە زۆربەی خوێنەكەی هەڵمژی بوو، بەشێكی زۆر كەمی ڕژابووە سەر حەسیرێن سەر ئەرزەكە. جەنازەكەی (ك)مان گواستەوە ژوورەكەی منو وەكو یەكێك نووستبێ بەو ئاوایە دامان نا. ئەوجا دەرچووم تا بروسكەیەك بۆ كەسو كارەكەی ڕەوانە بكەم.

كە گەڕامەوە، سەیرم كرد چەند داربخوردێك بەدیار سەرییەوە دەسووتێ. بۆنەكەی، كە مەرگی وەبیر دێناوە، ئەو ناوەی پڕكردبوو. هەردوو خانم لە جەوێكی تەنكە تەماویدا دانیشتبوون. لە دوێ ئێوارەوە ئوجوسانم نەبینی بوو. دەگریا. بێگومان ئوكوسانیش گریا بوو، چونكە كشتەكی پێڵوەكانی سوور بووبوونەوە. بەڵام من كە بیرم نایەت لەو ساوە كە (ك) مرد بوو تاقە فرمێسكێكم لە چاو هاتبێ، بۆ یەكەمجار هەستم بە داخو كەسەر كرد. مەگەر خوا بزانێ ئەم هەستە چ ئاسوودەییەكی پێ بەخشیم، چ ئۆخژنێكی لە دڵو دەروونم گێڕا. ئیدی دڵم كە ئەوسا قورسی ئازارو ترس بوو، بەو هەستی داخدارییە ئاسوودە بووەوە.

بە كڕی لەلای هەردوو خانمەوە دانیشتم. ئوكوسان گوتی "داربخوردێكی بۆ داگیرێنە." بە بێدەنگی بەگوێم كرد. ئوجوسان نەیدواندم. چەند قسەیەكی كەمی دەگەڵ دایكیا دەربارەی كارێكی تایبەتی كرد. نەیدەتوانی باسی (ك) بكات.. خۆشحاڵ بووم كە یەكسەرو دوای مردنەكەی، ئەو دیمەنە ترسناكەی نەبینی بوو. لەوە دەترسام ژنێكی جوانی وەكو ئەو بەرگەی دیتنی هیچ دیمەنێكی ناشیرینو ترسناك نەگرێتو بە دیتنی ئەو جۆرە دیمەنە جوانییەكەی تا رادەیەك بژاكێ. تەنانەت ترسەكە بەجۆرێ لە ناخما ریشاژو دەبوو كە مووم دەگەڵیا گرژ دەبوو، حەزم نەدەكرد لە جێی خۆ ببزووم، جورئەتی ئەوەم نەدەكرد جوانییەكەی بخەمە بەر هێرشی بەشاعەت. هەستم دەكرد زەمینە خۆش كردن بۆ ژاكانی جوانییەكی ئاوها هیچی لەو كارە ناڕەواو نا پەسندە كەمتر نییە، بێی گوڵێكی جوانو بێگەرد بە عاریدا بكێشیت.

كاتێ بابی (ك)و براگەورەكەی گەیینە جێ، من پێشنیازی جێگای ناشتنەكەیم بۆ كردن. زۆرجار منو (ك) بە پێیان بۆ (زوشیگایا) دەڕۆییشتین. (ك) زۆری حەز لەم شوێنە دەكرد. لە بیرمە جارێكیان بە سوعبەتەوە پێمگوت "خەمت نەبێ، كە مردیت لێرە دەتنێژم." لەدڵی خۆدا گوتم: "ئەم یادەوەرییەی من چ سوودێك بە (ك) دەگەیەنێ؟" بەڵام بۆیە ویستم (ك) لە (زوشیگایا) بە خاك بسپێردرێت، تا بتوانم هەموو مانگێك بچمە سەر گۆڕەكەیو داوای بوردنی لێبكەم. باوكیو برایەكەی هیچ ئیعترازێكیان نەگرت، وام تەسەور دەكرد، پێیان وایە هەقی منە جێگای گۆڕەكەی دیاری بكەم نەك هەقی ئەوان، چونكە من، نەك ئەوان، بەر لە مردنەكەی ئاگام لێی بووەو مدارام كردووە.

*

که له ناشتنی بووینەوەو لەسەر قەبران دەگەڕاینەوە، برادەرێکمان لێی پرسیم "بۆچی خۆی کوشت؟" پێشتریش چەند جارێك ئەم پرسیارە پڕسویۆو ئازارەم لێکرابوو... ئوکوسانو ئوجوسان پرسیاریان لێکردبووم، بابیو براکەی پرسیاریان لێکردبووم، ئەو برادەرانەی که به مردنەکەیان زانی بوو، و تەنانەت ڕاپۆرکارانی ڕۆژنامەکانیش، ئەوانەی که هەرگیز نەیان ناسی بوو هەمان ئەو پرسیارەیان کردبوو. هەرجارێ که ئەو پرسیارەم لێدەکرا ویژدانم سوزناژنی دەکردم، له ڕاستیدا پرسیارەکه له تۆمەتبارکردن دەچوو. لەوە دەچوو یارۆی پرسیارکەر بیەوێ بلێ "بۆچی دەیشاریتەوەو ڕاستو ڕاست نالێی تۆ کوشتووتە؟".

هەمیشه هەر یەك وەڵامم دەدایەوە.هەمان ئەو شتەم دووبارە دەکردەوە که (ك) له دوا نامەیدا بۆ من، گوتبووی. ئەو برادەرەم، که له دوای ناشتنەکەی (ك)، ئەو پرسیارەی لێکردم، دوای ئەوەی هەمان وەڵامی ئاساییم دایەوە، ڕۆژنامەیەکی له بەرکی دەرهێناو ئاماژەی بۆ ئەو ڕاپۆرە کرد که له بارەی مردنەکەی (ك)ـــوە بڵاوکرابووەوە. ڕاپۆرەکه باسی ئەوەی کرد بوو که خانەوادەکەی حاشایان لێکردبوو، بۆیە ئەویش له نۆرە خەموکییەکدا خۆی کوشتبوو. ڕۆژنامەکەم قەد کردەوەو دامەوە به هاوڕێکەم. هەنگێ پێی گوتم که ڕۆژنامەیەکی دی هۆی خۆکوژییەکەی (ك) گەڕاندووتەوە بۆ شێتی. له هەموو ئەمانە بێ ئاگا بووم، چونکە به ڕادەیەك مژول بووم نەدەپەرژامە سەر خوێندنەوەی ڕۆژنامان. بەڵام وێڕای ئەوەش تاقیبی ئەوەم دەکرد که چی له بارەی مردنی (ك)ـــوە دەڵێن. دەترسام لەوەی نەبادا شتێك بڵێن ڕووی هەردوو خانم بگرێتەوەو ببێتە مایەی تێوەگلانی ئەوان. به تایبەتی خەمی ئوجوسانم بوو، به خەیاڵیش ناوهێنانی ئوجوسانو بەستنەوەی ناوی ویم به مەسەلەکەوە پێ قووت نەدەچوو. پرسیم: "چ شتێکی دیکەت له ڕۆژناماندا بەرچاو کەوت؟" وەڵامی دایەوە، "هیچی تر، هەر ئەوە بوو."

دوای ڕێو ڕەسمی بەخاك سپاردنی (ك) بەماوەیەکی کورت، به سێ قۆڵی گواستمانەوە بۆ ئەو ماڵەی که نها تیایدا دادەنیشم. ئوکوسان و ئوجوسان، چاویان بەرایی نەدەدا له ماڵه کۆنەکەدا وەمێنن، منیش نەمدەتوانی تەحەمولی ئەو شتانە بکەم که بەردەوام ئەو شەوەیان بیر دەخستمەوە.

دوای ئەوە به نزیکەی دوو مانگ، زانستگەی تەواوکرد. به شەش مانگێك دوای دەرچوون دەگەڵ ئوجوساندا زەماوەندم کرد. زەماوەندەکەمان بەلای کەمەوە به ڕواڵەت، بۆنەیەکی خۆش بوو. به هەرحاڵ، ئاواتەکانم هاتنە دی. ئوکوسانو ئوجوسان خۆشحاڵ بوون. پیاو ڕاست بلێ منیش خۆشحاڵ بووم، بەڵام سێبەرێکی تاریك کەوتە ئاسمانی خۆشحاڵییەکەم. پێدەچوو ئەم خۆشحاڵییەم زوو بڕەوێتەوەو ئایندەیەکی خەمین چاوەڕێم بکات.

دوای زەوجینەکەمان به ماوەیەکی کورت ئوجوسان–که لێرە بەدواوە به هاوسەرەکەم ناوی دەبەم– پێشنیازی کرد به دوو قۆڵی سەردانی گۆڕەکەی (ك) بکەین. دەبوایە شتەکەم به ئارامی وەرگرتبایە، بەڵام یەکسەر گومانم لەلا پەیدا بوو. لێم پرسی، "ئەم ئارەزووە کوتوپڕەو ،چوونە سەر قەبری( ك ) بۆچی؟" گوتی "وا بزانم روحی( ك ) شاد دەبێت."

به بێدەنگی ڕوانیمە دەموچاوە بێگەردەکەی. کە گوتی، "بۆ بەو جۆرە تەمەشام دەکەی؟" وەخۆ هاتمەوە.

به گوێی هاوسەرەکەمم کردو بە دوو قۆڵی بۆ (زوشیگایا) چووین. بەئاو گەردو تۆزی سەر کێلی گۆڕەکەم شت. هاوسەرەکەم هەندێ گوڵو بخوردی لەبەردەم دانا. ئەوجا بەدەم وێردو دوعایەکی بێدەنگەوە سەرمان لە بەردەمیا دانەواند. پێدەچوو هاوسەرەکەم شادمانییە تازەکەی خۆی بە (ك) ڕابگەیەنێت. منیش تەنیا ئەوەم لە بیر بوو کە بڵێم، "من خەتابارم... من خەتابارم..."

هاوسەرەکەم، بە میهرەوە دەستی لەسەر کێلەکە داناو گوتی: "ئەمە گۆڕێکی جوانە." ئەلهەقی گۆڕەکە جوان نەبوو، بەڵام پێموایە، بۆیە ئەو قسەیەی کرد چونکە من کێلەکەم لە دوکانێکی گۆڕ هەڵکەنیدا هەڵبژاردبوو. بیرم لە کێلە تازەکەو لە ژنە تازەکەمو لەو ئێسکە سپیانە کردەوە کە لە نزیکمانەوەو لە ژێر کێلەکەدا نێژرا بوون. هەستم کرد قەدەر بە هەمووومان ڕادەبوێرێ، گاڵتەمان پێدەکات. بەڵێم بە خۆم دا، "هەرگیز... جارێکی دیکە دەگەڵ ژنەکەمدا بۆ ئێرە نایەم."

*

سەبارەت بە مردنەکەی (ك) هەرگیز دەستبەرداری سەرزەنشتکردنی خۆم نەبووم. لە سەرەتاوە زۆر دەترسام ئەو هەستی تاوانبارییەی کە لێم نەدەبووەوە، ئەزیەتم بداتو ماندووم بکات. ڕەنگە کەسێك بڵێت من لە ئاهەنگی زەماوەندەکەمدا، کە ماوەیەکی زۆر بە تاسەیەوە بووم، تووشی جۆرە حاڵەتێکی نیگەرانیو پەریشانی عەسەبی بووبم. بەڵام چونکە من خۆمم باش نەدەناسی. ئومێدێکی گۆنگم بەوە هەبوو کە ڕەنگە زەوجین بکاتە کارێك کە ژیانێکی نوێ بگرمە بەر. بەڵام هەر زوو بۆم دەرکەوت ئەم ئومێدو تەمایە جگە لە زندە خەونێکی ڕەوتەنی هیچی دی نەبوو. هاوسەرەکەم هەر جارێ یەکمان بگرتایە، لە دڵسافی خۆیەوەو بێ هیچ مەبەستێك واقیعە سەختو دژوارەکەی وەبیر دێنامەوە. ئاخر چۆن بتوانم درێژە بەم ئومێدە، چەند کەمیش بێ، بدەم، لە کاتێکا سیمای، هەمیشە زنجیرە یادگارێکم لەمەڕ (ك) وەبیر بێنێتەوە؟ هەندێجار وام وێنا دەکرد، ئەڵقەیەکەو بۆ هەموو تەمەنم بە (ك)ەوەی بەستووم. لەو کاتانەدا بە ساردی ڕەفتارم دەگەڵ هاوسەرەکەمدا دەکرد، کە جگە لەوە هیچ عەیبێکی تری نەبوو. یەکسەر هەستی دەکرد کە لێی دوورمو دەیپرسی، "بیر لە چی دەکەیتەوە؟ هیچ هەڵەیەکم کردووە؟" جاری وا هەبوو بە بزەیەك ئاشتم دەکردەوەو دڵیم دێنایەوە جێ. بەڵام هەندێجاری دی کە هەڵدەچوو،و دەیگوت: "باشە تۆ دڵنیایت کە ڕقت لێم نییە؟" یان "تۆ شتێکم لێ دەشاریتەوە." هەنگێ، کلۆڵانە تەمەشام دەکردو نەمدەزانی چ بڵێم: بەڵام هەرکە دەهاتمە سەر بڕیاردان، شتێك لە دەرێی دەسەڵاتی هۆشی خۆم، ڕێی لێدەگرتمو ژێوان دەبوومەوە. تۆ باشم دەناسیت، پێموایە پێویست بەوە ناکات ئەو شتەت بۆ شرۆڤە بکەم کە نەیدەهێشت ئیعتراف بۆ هاوسەرەکەم بکەم. بەڵام وێڕای ئەوەش هەستدەکەم لەم شرۆڤەیەدا قەرزاربارێ تۆم. حەزدەکەم ئەوە بزانی کە من حەزم دەکرد ژنەکەم، وەکو چۆن هەم، ئاوام ببینێ نەك باشتر لەوەی کە هەم. دڵنیاشم ئەگەر بەڕاستیو بە دڵێکی پەشیمانەوە قسەم دەگەڵیا کردبا، - وەکو هەمیشە قسەم دەگەڵ ڕۆحی هاوڕێکەمدا دەکرد- بێگومان دەیبەخشیم. من دەزانم لە خۆشیاندا دەگریا. لێ من ئامادە نەبووم ڕاستی پێ بڵێم، ئەمەم لەبەر

خۆپەرستی نەبوو، پیاو ڕاست بڵێ حەزم نەدەکرد هەموو ژیانی بە یادی شتێکەوە بلەوتێنم کە دزێو بوو. لە دڵی خۆدا بە تاوانێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتووم دەزانی ئەگەر ڕێگا بدەم دڵۆپە مەرەکەبێکی زۆر بچووک بڕژێتە سەر شتێکی بێگەردی پاك لە هەر پەڵەیەك‌و، بیلەوتێنێ.

ساڵێکی خشت بوری‌و هەر لە دڵەڕاوکێ‌و نیگەرانیدا بووم، هەوڵم دا ئەم نیگەرانییە لە کتێباندا بنێژم. بە جددی کەوتمە دیراسەو خوێندنەوەو چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە بووم کە بەری ڕەنج‌و هەوڵەکانم بخەمە ڕوو. بەڵام ئاسوودەییەکی کەمم لەو هەوڵەدا بینی کە بۆ ئامانجێکم تەرخان کرد بوو کە بەشێوەیەکی دەستکرد خۆم بۆ ئامادە کردبوو. ئەنجام گەییمە ئەو قەناعەتەی کە نەخێر ناتوانم ئاسوودەیی لە کتێبانەوە بەدەست بێنم. ئیدی ما بە بێدەنگی دانیشەو بڕوانە دنیای دەوروبەرت.

وا دیاربوو هاوسەرەکەم هۆی ئەم بێتاقەتی‌و بێزارییەمی دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی کە کێشەی داراییم نییە. هەڵبەتە نەکە هەر لەبەر ئەوەی خەسووم بەشی ئەوەی هەبوو بە زیادەوە خۆی‌و کیژەکەی بە خێو بکات، بەڵکو منیش ئەوەندەم هەبوو، کە بتوانم بەبێ کار بژیم. دیارە هیچ گومانم لەوە نەبوو کە ژیانم مسۆگەرەو پێویستم بە هیچ نیگەرانییەکی مادی نییە. بەڵام بێزاری‌و بێتاقەتی من لە سۆنگەی خۆشگوزەرانیمەوە نەبوو. کاتی خۆی کە مامم فێڵی لێکردم ئیدی متمانەم بە خەڵکی نەما. فێری ئەوە بووم خەڵکی بەخراپ و خۆم بە باش بزانم. گەییمە ئەو قەناعەتەی کە لەم جیهانە بێ سەروبەرو داڕوخاوەدا، توانیومە خۆم بپارێزم‌و بە پاکی بمێنمەوە. یانێ متمانەیەکی زۆرم بەخۆ پەیدا کردبوو. بەڵام بە هەرحاڵ، لە سۆنگەی (ك)ـەوە، متمانەم بە خۆم لەق بوو. لە پڕێکا بۆم دەرکەوت کە من لە مامم باشتر نیم. وام لێهات وەکو چۆن قێزم لە دنیا، لە هەموو کەسێك دەبووەوە، بەو ئاوایەش قێزم لەخۆم دەبووەوە. بۆیە هەر کارێك بۆ من‌و بەلای منەوە چووە خانەی مەحاڵەوە.

*

دوای ئەوەی نەمتوانی خۆم لە کتێباندا زەندە بەچاڵ بکەم، بۆ ماوەیەك، بەو نیازەی خۆم فەرامۆش بکەم، خووم دایە شەرابی (ساکی). دەمویست ڕوحی خۆم لە ساکیدا غەرق بکەم. ناڵێم حەزم لە خواردنەوە بوو، بەڵام هەر کاتێ ویستبام دەمتوانی بخۆمەوە، بە ئومێدی ئەوە بووم کە ساکی، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بووە، فەرامۆشییەکم پێ ببەخشێت. هەڵبەتە یاغنیش بووم. شەراب، هەنگێ نەك دەردی دەرمان نەکردم، بەڵکو خەمۆکییەکەی لە جاران زیاتر کردم. هەندێجار لە گەرمەی خوماری‌و بێخودیدا، لە ناکاو خۆم بیردەکەوتەوە: بۆم دەردەکەوت کە هەوڵی خۆ خەڵەتاندن چ گەوجێتییەکە. هەنگێ چاو ودڵم دەکەوتنە جووڵە، بە نیازی ماڵاوایی لە خوماری. هەندێجار نەمدەتوانی تەنانەت بگەمە ئەو قۆناغەی خود خەڵەتاندن‌و زیاتر هەستم بەخەم‌و خەمینی خۆ دەکرد. سەرباری ئەوەش، کە جارجارێ دەگەییمە حاڵ‌وحاڵەتی خۆشنودییەکی دەستکرد، زۆری نەدەبرد لە خەمۆکییەکی قووڵدا نقوم دەبووم. هەمیشە خەسووم‌و ژنەکەم کە زۆرم خۆش دەویستن،پاش ئەوەی دەمخواردەوە، لەم حاڵەتەی دواییدا

دەیان بینیم. بۆیە لە سایەی ئەم بارودۆخەدا شێوازی تەفسیریان بۆ ئەم ڕەفتارەم، تەواو مەفهووم بوو.

پێدەچوو خەسووم هەندێجار لەلای هاوسەرەکەم گلەییم لێبکات. هاوسەرەکەم هەرگیز قسەکانی دایکی بۆ نەدەگێڕامەوە. بەڵام بە خۆی سەرکۆنەی دەکردم. هەستم دەکرد ناتوانێ بەو شێوەیە بمدینێ‌و هیچ شتێك نەڵێت.

گوتم (سەرکۆنە)ی دەکردم. بەڵام دڵنیات دەکەم کە هەرگیز وشەی ڕەقی بەکارنەدەبرد. بەدەگمەن کارێکی وەهای دەکرد کە لێی توڕە بم. زیاد لە جارێ داوای لێکردم کە بزانێ ئاخۆ ئەو هیچ خەتایەکی هەیە، ئەو هۆی ئەم ڕەفتارانەمە، هەروەها دەیویست لە هەڵەکانی ئاگاداری بکەمەوە. هەندێجار داوای لێدەکردم کە لەبەر خاتری خۆم، لە پێناوی ئایندەی خۆمدا، مەی‌و شەراب تەرك بکەم. جارێکیان هاواری کرد، گوتی: "تۆ گۆڕاویت" وشەکانی دواتری بە ئێش تر بوون، کە گوتی: "ئەگەر (ك) لە ژیاندا بوایە وا نەدەگۆڕایت." وەڵامم دایەوە: "ڕەنگە هەق بە تۆ بێ." لە ناخی خۆمدا زۆر خەفەتم بۆ هاوسەرەکەم خوارد کە نەیدەزانی چەند لەسەر هەقە.

هەندێجار عوزرخواییم بۆ دێنایەوە- بە تایبەتی لە بەیانیانی ئەو شەوانەدا کە درەنگانێ بەوپەڕی سیامەستی بۆ ماڵ دەگەڕامەوە- گوێی لە عوزرو بیانووەکانم دەگرت، ئەوجا پێدەکەنی، یان بێدەنگ دەبوو، یان دەستی بە گریان دەکرد. هەر شتێکی کردبا، هەمیشە لەو کاتانەدا قێزم لە خۆ دەبووەوە. پێموایە، ئەو عوزرخواییە زیاتر لە خودی خۆم بوو تا لەو. ئەنجام، مەی‌و خواردنەوەم تەرك کرد: ڕەنگە خەڵکانێك بڵێن، قێزهاتنەوەم لەخۆ، نەك سەرکۆنەی هاوسەرەکەم، کردیە کارێك کە خواردنەوە تەرك بکەم.

دروستە من دوای ئەوە توخنی (ساکی) نەکەوتم، بەڵام حایر مابووم، لە جیاتی خواردنەوە چی بکەم. بە دەم نائومێدییەوە جارەکی دی دەستم بە موتاڵاو خوێندنەوە کردەوە. بە هەرحاڵ، بێ بەرنامەیەکی تایبەتی بەگژ خوێندنەوەدا چووم. هەرکە لە کتێبێك دەبوومەوە تورِم دەدایە لایەکەوەو دەکەوتمە سەر کتێبێکی دی. هاوسەرەکەم پتر لە جارێك لێی پرسیم مەبەستت لەم خوێندنەوە جدییە چییە. خەفەتم لەوە دەخوارد، ئەوێك کە لە هەموو کەسێکم خۆشتر دەویست‌و لە هەموو کەسێکی ئەم جیهانە زیاتر متمانەم پێی دەکرد، نەیدەتوانی لێم بگات. ئەوەی لەوەش پتر خەمباری دەکردم ئەوەبوو کە هەستم دەکرد زات ناکەم خودی خۆم کەشف بکەم. یەجگار تەنیا بووم. ئەلهەقی جاری واهەبوو هەستم دەکرد لەم دنیا بەرینەدا بە تاقی تەنیام‌و لە هەر کەسێکی دیکەی زندوو دابڕاوم.

ناو بە ناو لە خۆم دەپرسی بۆچی (ك) خۆی کوشت. هەوەڵجار وای بۆ چووم بە هۆی ناکامی ئەشقەوە خۆی کوشت. هەڵبەتە ئەوسا بیرم لە هیچ شتێك نەدەکردەوە تەنیا لە ئەشق‌و ڤیان نەبێ، هەڵبەتە زۆر ئاسایی، بێ چەندو چوون ئەو بۆچوونە سادەو روونەی یەکەمم پەسند کرد. بەڵام پاشان، کاتێ کە هەندێ بابەتیانە تر بیرم لە مەسەلەکە کردەوە، هەستم کرد تەفسیرو لێکدانەوەکەم یەجگار سادەیە. لە خۆم پرسی، "دەشێت لەبەر ئەوە خۆی کوشتبێت چونکە بیروبۆچوونە ئایدیالیەکانی دەگەڵ واقیعدا تێکیان نەکردووەتەوە؟". هەڵبەتە نەمتوانی قەناعەت

بە خۆ بێنم کە (ك) لەبەر هۆیەکی ئاوها خۆی کوشتبێ. ئەنجام بیرم بۆ ئەوە چوو کە ڕەنگە (ك)ش وەکو من زۆر تەنیا بووبێ‌و بۆ ئەوەی زوو لەو تەنیاییە رزگاربێ، خۆی کوشتبێ. جارێکی دی ترس کەوتە دڵم. ئیدی لەو کاتە بە دواوە، ترسی ئەوەی، کە منیش بە هەمان رێگەی (ك)دا دەڕۆم، وەکو کزەبایەکی زستانەی کوت‌وپڕ، ناو بە ناو پەلاماری دەدام‌و سەرمایەکی بەترەف دەگەییە ناخی ئێسقانەکانم.

*

ئەوجا خەسووم نەخۆش کەوت. دکتۆر پێی ڕاگەیاندین کە چاك نابێتەوە. هەموو توانای خۆم بۆ خزمەتی ئەو تەرخان کرد. ڕاستە ئەو کارەم لە پێناوی نەخۆشەکەو لەبەر خاتری هاوسەرە ئازیزەکەشم دەکرد، بەڵام بەخۆیشم هەستم دەکرد، بە شێوەیەك لە شێوەکان یارمەتی هەموو تیرەی بەشەر دەدەم.

هەڵبەتە، بە گوتەیەکی دی، بە خۆم چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەو جۆرە بووم تا بۆ خودی خۆمی بسەلمێنم کە بە یەکجارەکی لە کەڵك نەکەوتم. بۆیە یەکەمجار لەوەتای لە دنیا دابڕابووم، هەستم دەکرد هێشتا بایی ئەوەم پێوە ماوە بە کەڵکی خەڵکی بێم، سوودم بۆ خەڵکی ببێت. هیچ شێوازێکم شك نەدەبرد کە گوزارشتی لە حاڵەتی زەینی خۆم پێبکەم ، تەنیا ئەوە نەبێ کە بڵێم لە رێگەیەك، لە دەروویەك دەگەڕام، قەرەبووی ئەو هەڵانەی پێ بکەمەوە کە کردبوومن.

خەسووم مرد، ماینەوە من‌و ژنەکەم. ژنەکەم گوتی: "هەنووکە لە دنیادا جگە لە تۆ هیچ کەسێکم نییە پەنای بەرمێ." تەمەشایەکیم کرد، لە ناکاو چاوانم تەژی ڕوندك بوون. ماڵ لە خۆی نەبوو میوانیش ڕووی تێکرد، جا منێك کە متمانەم بە خۆ نەبوو چۆن دەمتوانی ئەو ئاسوودەییەی بۆ دابین بکەم کە پێویستی پێی بوو؟ وام دەزانی ژنێکی زۆر بەختەوەرو بە شانسە. ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوەم پێگوتبوو. پرسیم: "بۆچی وا دەڵێیت؟"نە ئەو توانی لێم بگات‌و نە من توانیم تێی بگەیەنم. دەستی بە گریان کرد. بەدەم گلەییەوە گوتی: "چونکە تۆ هەمیشە بە شێوازە خوارو خێچەکەی خۆت تەمەشام دەکەیت، بۆیە دەتوانی ئەم شتانە بڵێیت."

دوای مردنی دایکی، هەوڵمدا، بە گوێرەی توانا ناسکترین مامەڵە دەگەڵ هاوسەرەکەمدا بکەم. هەڵبەتە خۆشم دەویست، بەڵام لەلایەکی تریشەوە، تەنیا لەبەر خاتری ئەو میهرەبان نەبووم. پێموایە وەکو چۆن ئەو کاتەی دایکی نەخۆش کەوت، بەو ئاوایە دڵم پڕبوو. هاوسەرەکەم، پێدەچوو ڕازی‌و ئاسوودەبێت، بەڵام نیگەرانییەکی گۆنگ بە ڕەزامەندی‌و ئاسوودەییەکەیەوە دیار بوو کە زادەی ئەوە بوو نەیدەتوانی لە من بگات. ئەوەش بزانە، قەت بۆ تاقە ساتێکیش باوەڕم وا نەبوو کە ئەگەر کارێك بکەم لە تەبیعەتی میهرەبانییەکەم دەرهەق بە خۆی بگات، نیگەرانییەکەی کەم دەبێتەوە. بەڵکو بە پێچەوانە باوەڕم وا بوو نیگەرانییەکەی زیاد دەکات. ژن کە دەبێ بە تاقە ئامانجیی سۆز — پێدەچێ زۆر گرینگ نەبێت کە ئەم سۆزە لە هەندێ مەسەلەدا زوڵمی لە خۆ گرتبێ یان لە هەندێ مەسەلەدا زوڵمی لە خۆ نەگرتبێ— خۆشحاڵ تر دەبێت لەوەی لەبەر هەندێ شت خۆشتریان بوێ کە لەودا هەیەو لە خەڵکانی تر دا نییە. بەلای کەمەوە هەستم دەکرد ئەم مەیلە لای ژنان زیاترە تا لای پیاوان.

جارێکیان ژنەکەم لێی پرسیم: "ناکرێ دڵی ژن و پیاو یەك بگرن تا بن بە یەك دڵ؟". وەڵامێکی بنجبڕم نەدایەوە: "لەگینە ببێ، ئەگەر ژن و پیاوەکە گەنج بن."

بۆ ماوەیەکی کورت بە بێدەنگی دانیشت. لەوە دەچوو بیر لەو ڕۆژگارانە بکاتەوە کە کچۆڵەیەکی منداڵکار بوو. ئەوسا هەناسەیەکی کورتی هەڵکێشا. لەو کاتە بە دواوە، ناو بە ناو ترسێکی نادیار پەلاماری دەدام. لە سەرەتاوە کوتوپڕ، بێ هیچ هۆشدارییەك، لە تارمایی و سێبەرانی دەوروبەرمەوە دەهات و بە سەریا دەدام. زیڕەی مەرگی پێدەکردم. پاشان، بە هەرحاڵ، کە دەگەڵ ئەزموونەکەدا ڕاهاتم، دڵم یەکسەر، ڕادەستی دەبوو- یان پێشوازی دەکرد-و لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی ئەم ترسە، لە ڕۆژی لە دایکبوونمەوە، بە بەردەوامی لە سووچێکی پەنهانی دڵمدا نەبووبێت. هەنگێ لە خۆم دەپرسی تۆ بڵێی تێك نەچووبم. بەڵام حەزم نەدەکرد بچم بۆ لای دکتۆر یان هەر کەسێکی دی تا ڕێیەکم پێ نیشان بدات.

لە کانگای دڵەوە هەستم بە خەتاو گوناهکاری مرۆڤ دەکرد. ئەو هەستەی هانی دەدام هەموو مانگێك بچمە سەر گۆڕی (ك) وای لێکردم خزمەتی خەسووم لە نەخۆشییەکەیدا بکەم و بە میهرو دلۆڤانی ڕەفتار دەگەڵ هاوسەرەکەم بکەم. دیارە ئەم هەستی گوناهبارییە، وای لێکردم هەندێجار حەزبکەم کە تەنانەت لەلایەن خەڵکانی غەوارەو بێگانەشەوە بە شەلاقان پێشوازی بکرێم. سزا بدرێم، کاتێ ئەم حەزەم تەواو سەری کرد، هەستم دەکرد، دەبێ فەرمانی ئەم سزایە لە خۆمەوە دەربچێ نەك لە خەڵکانی دییەوە. ئەوسا کەوتمە بیرکردنەوە لە مردن. هەستم دەکرد ڕەواترین سزا بۆ هەڵەو گوناهەکانم خۆ کوژییە. ئەنجام لێبڕام وەکو مردوویەك درێژە بە ژیان بدەم. لە خۆ دەپرسم لەوەتای ئەو قەرارەم داوە چەند ساڵ تێپەڕیوە، دەگەڵ هاوسەرەکەمدا بە تەبایی درێژەمان بە ژیان دا. دڵنیات دەکەم کە ژن و مێردێکی تەواو شادمان بووین. بەڵام هەمیشە ئەو سێبەرەمان لە نێواندا بوو کە جیای دەکردینەوە. هەرگیز نەمتوانی ئەو سێبەرە دوور بخەمەوە، هەڵبەتە ئەمە کارێکی خراپی لە هاوسەرەکەم کردبوو، پەڵەیەکی ڕەش بوو بە ئاسمانی شادمانی و خۆشنوودی ئەوەوە، ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە خەفەتی بۆ دەخۆم.

*

وێڕای ئەوەی لێبڕا بووم وەکو مردوویەك بژیم، لێ دڵم هەندێجار بۆ زندوویەتی دنیای دەرەکی لێی دەداو لەوە دەچوو بە وزەیەکی حەپسکراوەوە بڕەقسێت. بەڵام کە هەوڵم دەدا بە تۆبزی ڕێگای خۆم لە نێو ئەو تەم و مژو هەورو هەڵایەی دەوروبەرمدا بکەمەوە، هێزێکی بێ ڕەزا، بە شێوەیەکی ترسناك لە شوێنێکی نادیارەوە، تاوی دەدامی و توند دڵی دەگرتم و جوڵەم لەبەر دەبڕا. دەنگێك پێی دەگوتم، "هەقی ئەوەت نییە هیچ شتێك بکەیت. بە دەقی خۆتەوە دانیشە.". چەند حەزم چووبایە سەر کار، لە ناکاوداو خێرا دادەمرکایەوە. دوای تۆزێك دیسان ئارەزووی کارم دەبزواو هەوڵمدەدا جارێکی دی ملی ڕێگا بگرم. جارێکی دی سارد دەبوومەوە. بە تووڕەیی و خەمینی هاوارم دەکرد، "بۆ ڕێم نادرێ؟" دەنگەکە بە ژارخەنێکەوە وەڵامی دەدایەوە: "بەخۆت چاك دەزانی بۆ." هەنگێ بە نائومێدییەوە سەرم شۆڕدەکرد.

حەزدەکەم ئەوە بزانی، هەرچەندە پێدەچێ ژیانێکی ئاسایی‌و سادەم هەبووبێ، بەڵام کێشماکێشێکی بە ژانی بێ کۆتایی لە ناخما لوولی دەخوارد. هەڵبەتە لەگینە هاوسەرەکەم هەندێجار لێم بێزار بووبێ، تاقەتی چووبێ، بەڵام تۆ نازانی خۆم چەند لە خۆم بێزار و وەڕز بووم. لە ئەنجامدا کە بۆم دەرکەوت، نە دەتوانم لەوەی پتر لەو زندانەدا وەمێنم‌و نە دەتوانم هەڵێم، گەییمە ئەو ئەنجامەی کە ئاسانترین کار بۆ من ئەوەیە خۆم بکوژم.. رەنگەی بپرسیت چۆن‌و بۆ گەییتە ئەو ئەنجامگیرییە. بەڵام وەکو گوتم ئەو هێزە بێ ڕەزاو ترسناکەی دەستی بەسەر دڵمدا گرتبوو، چوار دەوری تەنی بووم، هیچ مەفەڕێکی بۆ نەهێشتبوومەوە کە لە ژیان هەڵێم، تەنیا مەفەڕی مەرگ نەبێ. بۆیە ئەگەر بمویستبا بجوڵێم، تەنیا بەرەو کوتایی خۆم ،دەمتوانی بجوڵێم.

دوو سێ جاران هەوڵم دا، ئەو تاقە مەفەڕەی کە قەدەر لە بەردەمما والای کردبوو، تاقی بکەمەوە. بەڵام هەموو جارێ خەمی هاوسەرەکەم ژێوانی دەکردمەوە. هەڵبەتە حەوجە بە گۆتن نییە کە زاتی ئەوەم نەدەکرد ئەویش دەگەڵ خۆدا بەرم. وەکو دەزانیت، منێ کە نەمتوانی خۆم ناچار بکەم هەموو ئیعترافێکی بۆ بکەم. ئیدی چۆن دەمتوانی ژیان‌و قەدەری ئەو بدزم‌و ناچاری بکەم ببێ بە شەریکی چارەنووسم؟ پیاو ڕاست بڵێ تەنانەت بیرکردنەوەی ڕوتیش لە کاری وا دژوار، ترسناک‌و مایەی ترس بوو. خۆ قەدەری ئەو زۆر لە قەدەری من باشتر نەبوو، تا بە تۆبزی بیخەمە هەمان ئاگرو دۆزەخەوە کە بۆ من ئامادە کرابوو، کارێکی نا ئاسایی‌و زۆر بەژان بوو. لە هەمان کاتدا، کە بیرم لە تەنیایی ژینی ژنەکەم ،لە دوای خۆم دەکردەوە، بەزەییم پێدا دەهاتەوە. چۆن دەمتوانی ئەو قسانەی لەبیر بکەم کە دوای مردنی دایکی کردنی؟

"لەم دنیایەدا جگە لە تۆ کەسی ترم نییە پەنای بەرمێ."

بەو جۆرە سارد بوومەوە. پاشان تەمەشای هاوسەرەکەمم دەکردو لە دڵی خۆدا دەمگوت، "باش بوو سارد بوومەوە." دەی جارێکی دی بە نائومێدی‌و نامرادی دەست بە ژیان بکەوە، کە هاوسەرەکەم بە چاوانی خەمبارەوە تەمەشای دەکردم، هەستم بەوپەڕی بێ ئومێدی دەکرد.

ئەو رۆژگارانە وەبیرخۆت بێنەوە کە منت تیادا ناسی: ئەوسا ژیانم دەقاو دەق بەو شێوەیە بوو کە بۆم باس کردیت. حاڵەتی زەینیم هەر ئەو حاڵەتە بوو کە لە کاماکورادا یەکمان بینی، یان کە بە قەراخ شارا پیاسەمان دەکرد. پێدەچوو،تارمایی و سێبەرێکی ڕەش هەمیشە بە دوامەوە بوو. هیچم بۆ نەمابووەوە ئەوە نەبێ لە ژێر باری ژیاندا بناڵێنم... باری دەروونیم لەو شەوەدا کە تۆ تەخەڕوجت کرد جیاواز نەبوو. باوەڕم پێبکە کە پێم گوتی جارێکی دی لە ئەیلولدا یەك دەبینینەوە، بە درۆم نەبوو. بەڕاستی بەنیاز بووم دوای تەواو بوونی پایزو تەنانەت پاش هاتن‌و بەسەر چوونی زستانیش بت بینمەوە.

دوای ئەوەو لە جەرگەی هاویندا، قەڕاڵ (میجی) کۆچی دوایی کرد. هەستم دەکرد کە رۆحی سەردەمی میجی لەگەڵ قەڕاڵدا دەستی پێکردو دەگەڵ ویدا کۆتایی هات. هەستێکم لا دروست بوو کە من‌و ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا پەروەردە بووین، دواکەوتووین، لە زەمانێکا دەژین کە زەمانی دروستی خۆمان نییە. ئەمەم بۆ هاوسەرەکەم گێڕایەوە. پێکەنی، هەڵبەتە قسەکەی

بەجددی نەگرتم. پاشان، هەرچەندە بە شۆخی بوو، شتێکی سەیری گوت، " کەواتە، چارەسەری کێشەکەی تۆ جونشی*یە"

تەقریبەن وشەی (جونشی)م هەر لە بیر چووبووەوە. ئەمە یەکێکە لەو وشەو زاراوانەی زۆر بەکار نابرێت، پێموایە کەوتبووە سووچێکی دووری یادگەمەوە. هاوسەرەکەم ئەو وشەیەی بیرم هێنایەوە، ئاوڕێکم لێی دایەوەو گوتم، "ئەگەر حەز دەکەیت، جنشی دەکەم، بەلام بەش بە حالی من، دەکاتە دلسۆزی بۆ ڕوحی سەردەمی میجی،" من زیاتر مەبەستم سوعبەتو نوکتە بوو، بەلام هەستم کرد ئەو وشە کۆنە، بۆ من مانایەکی تازەی هەلگرتبوو.

هەیڤێك بوری. لە شەوی شکۆی پرسەی ئیمپراتۆریەتدا، لە ژوورەکەی خۆم دانیشتمو گوێم لە دەنگی تۆپ گرت. وام تەسەور دەکرد ئەمە دوا شین سەردولکەی بە ڕێکردنی سەردەمێکە. پاشان بۆم دەرکەوت کە ڕەنگە ڕێزو سلاو بێت بۆ جەنەڕال (نوگی). لە کاتێکدا چاپی دووەمی رۆژنامەکەم بە دەستەوە بوو، بێ هیچ بیرکردنەوەیەك بە هاوسەرەکەمم گوت: جونشی. جونشی."

بەدەم خوێندنەوەی ئەو وتارەوە کە جەنەڕال (نوگی) لە رۆژنامەکەدا بلاوی کردبووەوە، بۆم دەرکەوت تومەز لەوەتای یاخیبوونەکەی (ساتسوما)وە، کە لە هەنبەر دژمندا شکستی هێنا بوو، لە خەمی ئەوەدا بووە کە لە ڕێگەی مردنەوە ئابڕووی خۆی بکڕێتەوە. خۆ بەخۆ کەوتمە ژماردنی ئەو سالانەی کە جەنەڕال هەمیشە خولیای مردن بووە، هەمیشە مردنی لە بیردا بووە. هەلبەتە بەخۆت دەزانی کە ئەم یاخیبوونە لە سالی دەیەمی حوکمڕانی (میجی)دا ڕوویدا. بەم پێیە سیو پێنج سالێك بەدەم چاوەڕوانی کاتی گونجاوەوە بۆ مردن، ژیاوە. لە دلی خۆدا پرسیم: "کەی عەزابی زیاتری چەشتووە، لە ماوەی ئەو سیو پێنج سالەدا یان لە ماوەی ئەو ساتەدا کە شمشێرەکە هەناوی بڕیوە؟"

دوای ئەوە بە دوو یان سێ رۆژان بڕیاری خۆ کوشتنم دا. رەنگە تۆ بە باشی لەوە نەگەی بۆچی من دەمەوێ خۆم بکوژم، ڕێك وەکو چون من ناتوانم لەوە بگەم بۆچی جەنەڕال (نوگی) خۆی کوشت. منو تۆ، وابەستەی دوو سەردەمی جیاوازین، بۆیە بیرکردنەوەمان جیاوازە. ئەم بۆشاییەی نێوانمان بە هیچ شتێك پڕناکرێتەوە. هەلبەتە دەشێت بگوترێ ئێمە بۆیە لێکدی جیاوازین، چونکە دوو مرۆڤی لێك جیاین. بە هەرحال، لەم گێڕانەوەیەی خۆدا ئەوپەڕی توانای خۆم بەکار بردووە تا کارێکی وەها بکەم تۆ لەم کەسە غەریبە، لەم کەسە سەیرە کە منم بگەیت.

من هاوسەرەکەم لە دوای خۆم بەجێ دێلم. خۆشبەختانە ئەوەندەی هەیە کە لە دوای من پێی بژی. حەزناکەم تووشی شۆکی بکەم، شۆکێ کە بەرگەی نەگرێت. دەمەوێ بە شێوەیەك بمرم، کە خوێنی رژاوی من نەبینێ. کاتێ کە ئەو لە مال دەچێتە دەرێ، سەر سووكو دلڕەحەت لەم دنیایە، لەم جیهانە دەڕۆم. دەمەوێ وا بزانێ لە خۆڕاو بە مەرگی موفاجا مردووم. ڕەنگە وا بزانیت تێك چووم، شێت بووم: ئەمە شتێکی باشە.

ئەوە دە رۆژە کە بڕیاری خۆ کوشتنم داوە. حەزدەکەم ئەوە بزانیت کە زۆربەی کاتەکەم بە نووسینی ئەم نامەیەوە دەربارەی خۆم، بەسەر بردووە. لە سەرەتادا دەمویست بەدەمی باسی

ژیانی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، بەڵام هەنووکە کە خەریکە لە نووسینەکەم دەبمەوە، هەست دەکەم، نەمدەتوانی بە زارەکی وەسفێکی ئاوها ڕوونو ڕەوانت پێشکەش بکەم، ئەمەم پێ خۆشە. تکایە وا نەزانی من ئەم نامەیەم تەنیا بۆ کات بەسەربردن نووسیوە. ژیانی ڕابردووم، کە رۆژی منی گەیاندووە بەم رۆژە، بەشێکە لە ئەزموونی تیرەی بەشەر. تاقە جیاوازی ئەوەیە کە من دەتوانم بیگێڕمەوە. باوەڕناکەم ئەو هەوڵەی لەم کارەدا دڵسۆزانە سەرفم کردووە، هەوڵێکی تەواو بێهودە وبێ ئامانج بووبێت. ئەگەر سەربهووردو چیرۆکەکەم یارمەتییەکی تۆو خەڵکانێکی دیکەی دابێت کە لە بەشێکی تەنانەت بچووکی ماهیەتو جەوهەرمان بگەن، مەمنوونی بەختی خۆم دەبم. چەند رۆژێك لەمەو بەر بیستم کە (واتا نابی کازان) بۆ یەك هەفتە مەرگی خۆی دواخستووە تا تابلۆیەکەی (کانتان*) تەواو بکات. رەنگە هەندێ کەس بڵێن ئەم جۆرە کارانە شتێکی بێهودەیە. بەڵام کێ بۆی هەیە لە جیاتی کێ بیربکاتەوە یان بڕیاربدات، ئێمە دەکەینە کێ تا حوکم لەسەر خواستی مرۆڤێکی دی بدەین؟ من ئەم نامەیەم تەنیا لەبەر ئەوە بۆ نووسیوویت، چونکە بەڵێنم پێ دابوویت، لە بەڵێنەکەش زیاتر، لەبەر ئەوە بوو لە ناخی خۆمدا هەستم بە زەرورەتی نووسینی ئەم چیرۆکە دەکرد.

ئێستا ئەم زەرورەتەم جێبەجێکردووە. هیچ شتێکی دیکەم نەماوە بیکەم. جا ئەو کاتەی ئەم نامەیەت دەگاتێ، ڕەنگە ئەم دنیایەم بەجێ هێشتبێ، بە هەموو حاڵو حیسابێك دەبێ مردبم. بەر لە نزیکەی دە ڕۆژێك هاوسەرەکەم چوو بۆ لای پوری لە (ئیشیگایا). پوری نەخۆش کەوتووە، کە بیستم پێویستی بە یارمەتییە، هاوسەرەکەمم بۆ لای نارد. زۆربەی بەشەکانی ئەم دیکۆمێنتە دوورو درێژەم لە غیابی ئەودا، لەو ماوەیەدا کە ئەو لای پوری بوو، نووسیوە. هەرجارێ کە دەگەڕایەوە، لێیم دەشاردەوە.

حەزدەکەم لایەنە چاكو خراپەکانی ژیانی ڕابردووم ببن بە پەندو نموونەو خەڵکی سوودیان لێوەربگرن. بەڵام ئەمە بە خۆزیا بۆ ژنەکەی ناخوازم، ئەو لەم خۆزیایە دەپەڕێنم... حەزناکەم هیچ شتێك لەم بارەیەوە بزانێت. تاقە ئومێدم ئەوەیە یادی بەخێرم بکاتەوە، یادگارییەکانی لەمەڕ من بە پاکی بمێنێتەوە.

داوام لە تۆش ئەوەیە تا هاوسەرەکەم لە ژیاندا بێ، هەموو ئەو شتانەی کە بە نهێنی پێم گوتوویت... تەنانەت لە دوای مردنیشم، بپارێزیت.

پەراوێز:

*- کوتو: جۆرە گیتارێکی ژاپۆنییە

*- تای:سوورە ماسییەکە لە تیرەی شەبووت، لە ژاپۆندا رەمزی خەتی خۆشە

*- نیتشیریت: (۱۲۲-۱۲۸۲) یەکێکە لە گەورە پیاوانی مێژووی بووزییەت لە ژاپۆندا

*- تانگوگی: پەرستگەی لە دایك بوون

*- شینشۆ: تایفەیەکی پرۆتستانتییە، دەگەڵ زوگورتیاتیدا نییە

***- جونشی: وشەیەکی کۆنە، دەکاتە ئەوەی مرۆڤ دەگەڵ مردنی ئاغاکەیدا، دەەڵیا بچێتە گۆڕەوە.**
***- کانتان: خەیاڵ، وەهم**

***رۆژی ٢٠١٢/٧/١٦، لە سلێمانی، گەڕەکی رزگاری، سەعات و حەوت و نیوی ئێوارە لە پاچڤەی ئەم رۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە کراوە بە کوردی:***

کو کورو، رواية يابانية
تأليف: نا تسومي سوسكي
ترجمة عبدالواحد محمد
دار المأمون للترجمة والنشر / بغداد – ١٩٨٨.

# فەرهەنگۆك

## ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاّ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا : دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ ڕێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوکەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، ھاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەکید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووک و بێ ئابڕوو، خوێڕی

## ب:

باوەژن: زڕدایک، هوّی دایک، باجی

باب: باوك

بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان

بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج

بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب

بلوور: شووشە

بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو

بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی

به روحم : به بەزەیی ، دلۆڤان

برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)

بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان

بەرۆك: یاخە، یەخە

بەکاوەخۆ: بە هێواشی

بەرسڤ: وەڵام

بەڕك: گیرفان، باخەڵ

بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە

بوری: تێپەڕی

بیلبتون: بە تەواوەتی

بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە

باریە: لۆسە

بەستێن: رۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم

بێشە: دارستان، لێر

بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە

بن پیاڵە: ژێر پیاڵە

بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو

بوێر : ئازا، دلێر

بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت

باڕ : بێچووە مەلی بەهارە

بێزوو: بێزگ، مەگیرانی

بێزگەوان: بێزووکەر

بەڵانس: هاوسەنگی

بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر

باجەوان: باجگر

بەسویٚ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتاڵ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: رووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

## پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

پەسیو: پەسیڤ، هەلامەت

پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی

پێل: شەپۆل

پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا

پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.

پاتۆق: شوێنی کۆبووەوە

پۆڕ: قژ

پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە

پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی

## ت:

تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر

تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا

تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ

تا: لا، لایەن

تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی

تالووکە: مەترسی، خەتەر

تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ

تەژەو ناقۆلا: گەورەو ناشیرین

تاین: یارۆ، فلاَن، ناڤبری

تاژی: سەگی ڕاو، تانجی

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆک:تووڕەو دڵناسک

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسک

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : ڕێگر ، چەتە

تووله‌ك: وه‌رینی مووی له‌ش

تۆسن: سه‌رکێش، نا ڕام

ته‌ڤگه‌ر: نه‌سره‌وت، بزووتنه‌وه

ته‌مراندن: کوژاندنه‌وه

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

ته‌شبریق : هه‌وره تریشقه‌، بروسکه

تووك: نزای خراپ ، دوعای شه‌ڕ

تاخ: گه‌ڕه‌ك

## ج:

جه‌گه‌ن: گیایه‌که لاسکی سێ سووچه له زه‌ڵکاودا ده‌ڕوێ

جنگن: شه‌ڕانی، دڕ، نه‌گونجاو

جه‌لۆ: هه‌رزه پیاو، سه‌رسه‌ری

جنده‌خانه: سۆزانی خانه‌، قه‌حپه‌خانه

جه‌ڕباندن:تاقی کردنه‌وه‌، ته‌جره‌به کردن

جوڕنه: حه‌وزۆکه‌ی گه‌رماو

جما: جولاً، بزوا

جڤاکی: کۆمه‌لاًیه‌تی

جوابی کرد : ده‌ری کرد ، ئیزنی دا

جمکانه : دووانه‌، جمك، لفانه

## چ:

چه‌له‌نگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شه‌نگ

چینی: جۆرێ سواڵه‌تی هه‌ره‌باشه‌، وه‌کو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چه‌نگ: ئامێرێکی موسیقایه‌، هارپ

چه‌کمه: جه‌زمه‌، پووت

چه‌مه‌نزار: مێرگ، مێرغوزار، سه‌وزه‌زار

چما: بۆچی، ئه‌ڕا، له‌به‌رچی

چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی

چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش

چوغورد: چوغور، چغر، چڕ

چمك: سووچ، گۆشە

چوارنكال: هەرچوارلا

چێبوو: دروست بوو

چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقەهاوێژو گازگر

چەرموو: سپی

چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش

چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ

# ح:

حایرمان: سەرسام بوون

حەسار: حەوش

حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ

حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش

حەژمەت: مەینەت، خەفەت، كەسەر، داخ، خەم

حەجامات: خوێن بەردان

حەوجە : پێویست

# خ:

خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان

خشكۆك: دەلال، جوانكیلە، جوان، قەشەنگ

خەنەقاندن: خنكاندن ، لە سێدارەدان

خوبزە: خولاّم، نۆكەر، خزمەتكار، خزمەتچی

خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج

خا: خات، خاتوون، خانم ، یا

خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خوڵق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بێ كەم و زیاد

خاکی: بێ هەوا، بێ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

## د :

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جێ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بێ فڕو فێڵ، بێ گزی

دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا

دەهری : زۆر توڕە

داگەڕان: هاتنە خوارەوە

دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی

دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان

هاژۆتن: لێخوڕین

دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەڵات و بورجان)

داپیرە: دایە گەورە، نەنك

دەلیڤە: دەرفەت ، هەل

درەخت: دار

دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی

دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی

دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی

دامە: مۆر

دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك كوتان

دەڵەکدان: پاڵنان

دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان

دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی

دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی

دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ

دیرۆکنووس: مێژوو نووس

دەرەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد

دەرۆزە: گەدایی، سواڵ

داشۆ: کاکە، براگەورە

دەهری : زۆر تورە

دەخەبتن : خەبات دەکەن

دۆغری : راست ، دروست

داغان : رووخان، وێرانکردن

دوئێل: مبارەزە

دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)

دەسەنە: بەخشین،

دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست

دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە

دەست قڵپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

## ڕ:

رەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

رۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو

ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك

ڕمووده: ئالووده، هۆگر

رادەست: خۆ بە دەستەوەدان

رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە

رەقیب: نەیار، خەنیم

ریسك: مغامەرە

ریوەڵە: بچکۆلەی لاواز، بێ نموود

ڕۆنیشت: دانیشت

رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی

راموسان: ماچ

رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ

رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب

رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەرکە دنیا، ڕەبەنی ژن

## ز:

زڕکیژ: کچی مێرد بۆ باوەژن، یان کچی ژن بۆ باوەپیاڕە

زێدە: زیادە

زەلام: گەورە، ناقۆڵاو تەژە

زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخالْ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دلْ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

## ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

## س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەک، بێ وەفا، نمەک حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوک

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار

سەمت: لا، ئالی، رەخ

سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد

سەرگوروشتە: سەربوردە،

سخێف: جنێو

سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت

سیوات: خوێنەواری

سائەقڵ: شێتۆکە

سەربۆز: سەر ماش و برنج

سیاناو: قوڕاو

سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب

سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن

سونگی: قەمە

سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی

سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،

سابرێن: نێری، تەگە

سەرۆ: ئیلهام، سرووش

سازڤان: مۆزیکوان

سەرناڤ: ناونیشان

ستان: شار، پارێزگا

ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف

ساردخانە: مەیتخانە

سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل

سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا

ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە

سەلبەند: ڕێگەی بە بەرد فەرشکراو

سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن

سویَ: ئازار، ژان

سیخار: زوقم

## ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بیَ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتیَ زوو بشکیَ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگولَ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

شەم: مۆم، شەمالك

شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم

شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێکدەر، جاسووس

شوو: مێرد ، هاوسەری ژن

شەکەت: ماندوو. هیلاك

شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك

شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری

شیرەتکار: راوێژکار

شادەتنامە: کارنامەی خوێندن

شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە

**شيڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێواره**

**شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەکە**

## ع:

**عاسا: دار عاسا، داردەست**

**عەیار: زیتەڵ، زۆرزان**

**عەبەنووس: دارێکی رەش و رەق و بەنرخە**

**عەیان: دیار، ئاشکرا، لەبەرچاو**

**عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر**

## غ:

**غاڕ: ئەشکەوت**

**غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس**

**غەوارە: غەریبە، بێگانە**

## ف:

**فەرمایشت: فەرموودە، قسە**

**فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران**

**فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بیٚ تام**

**فراڤین: نیوەرۆژە، خواردنی نێوەرۆ**

**فەرسەخ: فەرسەق**

**فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل**

**فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك**

**ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە**

**فەڕەنگی: ئەوروپایی**

## ق:

**قالیچە: مافووری بچووك**

**قرمز: سوور**

**قەڕاڵ: پاشا**

**قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت**

**قورباقە: بۆق**

**قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون**

**قووچانی: هەڵهات**

**قشتیلە: بچووکی جوانکیلە**

قالۆر: قاوغ

قاپ: قاچ

قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە

قوشقی: توورە، وەرەز، سڵ ، رەوەك

قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی

قۆپی: زەڵكاوی قامیشەڵان

قەڵەمرەو: سنوور و كەوشەنی ژێر دەسەڵاتی كەسێك یان دەوڵەتێك

قوو: باڵندەیەكە لە قاز سپی ترو زلترە

قەڵایی:كانزایەكی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەكەنەوە

قژاوڵە: تاق تاقكەرە

قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە كۆمەڵ

قەساس: سزا، تۆڵە

قەرەبەخت: بەخت رەش، بەدبەخت، نەگبەت

قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، كلك

قامبێژ: گۆرانی بێژ

قەساو: قەساب

قەلەزراو: ترسنۆك

قەتاندن: بەسەربردن

قاقڕ:زەوی رووتەن كە گیای لێ نەڕوێ

قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان

قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان

قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن

قەموور: كووڕ، پشت كۆم

قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر

قەبە : گەورە

قۆشەن: لەشكر

قرێر: بڕیار، قەرار

قەوماو: بویەر، رووداو

قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی

# ك:

كوت ومت: ەقاودەق

كوانگە: كوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکە ئاسک

کودەڵە: بێچووە بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکە: موو، توک

کولۆ: کوللە

کەچڕەوی: لە ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوە: بۆ کوێ

کەپەک: سۆس

کۆمەک: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگە: کوڕی بچووک

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسک: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاَوخود: کلاَوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینە

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤر: بەرد

کەندەکار: کەسێک کە لە دار نەخش دەکەنێ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

**کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش**

**کەودەن: گەوج**

**کاژستان: بێشەی دارکاژان**

**کرێت: ناشیرین، کاری خراپ**

**کەتواری: ریالیستی، واقیعی**

**کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب**

**کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە**

**کسۆک: سەگ**

**کەستەک:سندە گڵ، کلۆ قوڕی وشکەوە بوو**

**کۆشیار: چالاک، پڕکۆشش**

**کینەکێش: ڕک هەڵگر، ڕکونی**

## گ:

**گۆساخ: چاوقایم، رووقایم**

**گەدا: پارسەک، سواڵکەر، دەرۆزەکەر**

**گورزە: باقەی گەورە**

**گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم**

**گەمە: یاری، وازی، کایە**

**گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا**

**گەردنبەند: ملوانکە**

**گازکردن: بانگکردن**

**گۆرین: یارۆ، ناڤبری**

**گوند: دێ، ئاوایی**

**گومناو: ناوبزر، نەناسراو**

**گۆزینگ : قولەپێ**

**گەڵۆز: ناولینگ**

**گول: گەڕ و گول**

**گاگۆز: پۆلکە**

**گارد: پاسەوانی تایبەت**

**گۆنگ : ئاڵۆز**

**گەنگەشە: موناقەشە**

**گووراو : مەخلووق**

**گووفەک: زبڵدان، سەرانگوێلک**

گازی: بانگکردن

گڕۆز: وڕکن

گڵکۆ: گۆڕ، ئارامگه

## ل:

له کەیفان: له خۆشیان

له بیلادەوە: له ئیجادەوە، له بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسه: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو

ڵێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسه: باریه

لاق: قاچ، لنگ

لەزکرن: خێراکردن، پەلەکردن

لایده: بێگانه

لەهەنبەر: بەرانبەر

ڵێ : بەڵام

لەیستۆك : بووکەشووشه، بووکەڵه

لەگەز : مەتەڵ

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگه، لەوەیه

لەوتاوه : پیس بووه

لەز : خێرا ،پەله

لەبڕ : یەکسەری، بەقۆنتەرات

لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دووره شەڕ

لاکەوه : لاچۆ ، برۆ کەنار

له نك: له کن، له جەم، له دەف، لەلا

لەگام: چەوره، زگ لەوەڕێن

لێژگه: لێژایی، نشێو

## م:

موغازە: فرۆشگە، دوکان

مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان

مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن

مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم

ملْ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن

مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف

مژمژە: مەساسە

میرغەزەب: جەلاد

مەزرا: کێڵگە

مقاش: ماشە

مەگیرانی: بێزوو

مەرزو بۆ: وڵات، نیشتمان

مقەوا: کارتۆن

مەنهۆڵ: زێراب

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەلاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مراك: کەوچك، کەچك

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

## ن:

نەزاکەت: ئەدەب، سەلاری

نیگابان: پاسەوان

نەیجەزار: قامیشەڵان

نسیبەت: بەڵا، موسیبەت

نەترە: ورە

ناچیز: هیچ، زۆر کەم

نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ

ناحەز: ناشیرین

نێچیرڤان : ڕاوچی

نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن

نەزاکەت : لوتف و ئەدەب

نك : کن ،لا، جەم ، دەف

ناڤبری : ناوبراو

نەژنەو :نەبیست، منجڕ

نمەد : لباد، نیوداشت: نە کۆن و نەتازە

نها : ئێستا، هەنووکە، نهوو

ناڤسالٚ : میانە سالٚ

نووکە : هەنووکە ، نهو، نها، ئیستا

نەخاسما: بە تایبەتی

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی

## و:

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمێ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جارێ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بلاْوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بلاْوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

## ه:

هانکە هانك: هەناسە برکێ

هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو

هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە

هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا

هەزاربەهەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی

هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە

هایم: سەرگەردان، وێڵ

هەنبەر: بەرانبەر

هەترەش: زەندەق، زراو

هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو

هۆشن: بەهۆش

هەتەر: مەودای حوکمی چاو

هۆڤی: کێوی، وەحشی

هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو

هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە

هەیڤ : مانگ

هەدا : سەبر ، حەوسەڵە

هەراوزەنا : هەراو هەنگامە

هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو

هاپۆ : مام

هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ

هەرەت : تاف

هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم

هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ

هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ

هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا

هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا

هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەلأیەتی

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفیر

هەیڤە شەو: مانگەشەو

هەلأویێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بلأوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵلأ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەلأژیان: ڕاکشان

## ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلأن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- كۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧

٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٤- داوەتی كۆچەرییان، كۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، كۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، كۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥

٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧

١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.

١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٢ – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦

١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦

١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك

٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەق و رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢– چینی کۆن، چ١(          )دەزگای موکریانی

٣٣– دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤– خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

٣٥– ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦– بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧– جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨– دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩– بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠– چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١– ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢– گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

٤٣– منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤– فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥– شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦– زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧– چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

٤٨– لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩– ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠– ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

٥١– گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦–٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢–چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

٥٣– چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤– چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥– ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦– جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧– گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدویّ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٤، ٢٠٠،١،دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٦ ٢٠٠،١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١
٧٥- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨
٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (ڕۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسه، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری، تقدیم و ترجمه جلال زنگابادی

٨٩-شازاده و گەدا، ڕۆمان، مارك توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە كەریم عارف

٩٢-باڵندەكەی من    ڕۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەكانی تولستۆی

٩٤- جەمیله، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ مناڵانی كورد

٩٦- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمه: جلال زنگابادی

٩٧- كۆڵوانه سوور... كۆچیرۆك بۆ منداڵان

٩٨- ئەو پیاوەی كه سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

٩٩- دكتۆر...شانۆنامه...برانسیلاڤ

١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی

١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی

١٠٢- من و نەنكم و ئیلاریون و ئیلیكۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزه

١٠٣- یادگارییەكانی خانەی مردووان/ دۆستویفسكی

١٠٤-مێژووی ڕۆمانی توركی

١٠٥- دیوار...كۆچیرۆك...............كۆمەڵێك نووسەر

١٠٦- كۆكۆرۆ..............ڕومان.........ناتسومی سوسكی

١٠٧- كانییه قارەمان....كۆچیرۆك بۆ مێرمنداڵان /حەمەكەریم عارف

١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەكەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موكریانی

١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەكی و پاچڤەی: حەمەكەریم عارف

* لە ڕاپەڕینەوە تا نەوو چالاكانه بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی كوردی دەكات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە كردن و وەرگێڕان) بڵاودەكاتەوە..

* ئەو بەرهەمانه و زۆری دیكەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپكردنەوە و هەر كەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو كردنەوەی هەبن، دەبێ پرس به نووسەر بكات...